





# سەرهەڵدانی داعش و هێرش بۆسەر کوردستان

## کۆمەڵێک: دیدو بۆچوونی نووسەرانی کوردو بیانی

### بەشی: شەشەم

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- چ لەگەڵ داعشە گەڕاوەکاندا بکرێ؟ ........................................................ و: ئاسۆ کەریم

٢- دوا وێستگەی خیلافەتەکەی داعش ................................................................. گارا هەمەوەندی

٣- چارەنووسی چەکدارە دیلەکانی داعش ........................................................................ بورهان شێخ ڕەئوف

٤- پاشماوەی داعش بەرەو کوێ؟ ..................................................................... هیوا محەمەد

٥- سوریا و قۆناغی دوای باغوز .................................................................. ئیدریس جەبار

٦- ئاخیرزەمانێکی هەنووکەییی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: .............................. مایکل ملیشتین ....... و: ئاسۆ کەریم

٧- کۆتایی خەلافەتەکەی داعش .......................................................... تەحسین تەها چۆمانی

٨- داعشی بێ جوگرافیا ................................................................................ عەتا کەریم

٩- دوای داعش چی ڕوودەدات؟ ............................................................................ ئارام عەلی عەزیز

١٠- بەغدادی لە کوێیە؟ .......................................................................... ماڵپەڕی سبەی

١١- داعش چی کرد و چۆن لەناوچوو؟ ئایا سەرهەڵدەداتەوە؟ ........................................... ماڵپەڕی پەیسەر

١٢- خەلافەتەکەی کۆتایی هات و ئەبوبەکر بەغدادی نادیارە ............................................. بەهمەن ئەحمەد

١٣- سوریا و کورد پاش شەڕی باغوز ........................................................................... فەرید ئەسەسەرد

١٤- کەرکوک و باغۆز ...................................................................................... لەتیف فاتیح فەرەج

١٥- داعش لە لانکەوە هەتا گۆڕ ...................................................................... بورهان شێخ ڕەئوف

١٦- شکستی داعش لەسەر دەستی کورد، جێی شانازییە یان لۆمە؟ .................................... جەمال ئارێز

١٧- داعشی بێ جوگرافیا ....................................................................................... عەتا کەریم

١٨- دوای داعش چی ڕوودەدات؟ ............................................................................ ئارام عەلی عەزیز

١٩- ستراتیژیی نوێی داعش و پێویستییەکانی ستراتیژیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ........................ پەرویز ڕەحیم

٢٠- داعش هەڕاج، کەس نایەوێت .................................................................... هیوا محەمەد

٢١- کەیسەکانی دوای داعش .......................................................................... عەتا کەریم

٢٢- خەلافەتەکەی داعش کۆتایی هاتووە، یان ڕوبەڕووبوونەوەی تر ماوە؟ ...................................... شاناز هیرانی

٢٣- داعش لە بێشکەوە تا گۆڕ .................................................................... بورهان شێخ ڕەئوف



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی شەشەم


٢٤- خاکی عیراق هێشتا بەپیتە بۆ چەکەرەکردنی داعش ...................................................... یونس العراف

٢٥- باڵیۆزی داعش لە تورکیا ....................... ئاردیان شایکۆڤچی ..... ئانێ سپێک هارد ........ و: پەیڕەو ئەنوەر

٢٦- دارایی، دڵی داعش ............................................................................ عەتا کەریم

٢٧- داعش پێی کەوتووە، بەڵام تێک نەشکێندراوە ........................................................ و: ئاسۆ کەریم

٢٨- داعش لە دروستبوونییەوە تا لەناوچوونی ........................................................ دانا عومەر

٢٩- چیرۆکی کوشتنی خەلیفەکەی داعش .......................................................... ماڵپەری کوردستانی نوێ

٣٠- دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی ٢١ ......................................................... مەریوان نەقشبەندی

٣١- داهاتووی داعش و تیرۆر دوای کوشتنی بەغدادی ............................................... کاردۆ عوسمان هەورامی

٣٢- چارەنووسی داعش دوای کوژرانی ئەبو بەکر بەغدادی ................................................... شاناز هیرانی

٣٣- هەڕەشەی بەردەوامی هەردوو ڕێکخراوی داعشو ئەلقاعیدە ................................. و: کوردەوان محەمەد سەعید

٣٤- داعش و قاعیدە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەفریقا .............................................. ئیدریس جەبار

٣٥- پەروەردەی داعشەکان ............................................................................ حەسەن یاسین




## هەنگاوە ساردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگەییکردنی سەرانی داعش



بڕیار شێرکۆ بابان

### بەشی یەکەم

دکتۆر بڕیار شێرکۆ بابان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر- زانکۆی سەڵاحەددین - هەولێر

دوای چوار ساڵ لە دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و ئەو هەموو تاوانانەی کە ئەنجامیان دا، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان "ئەنتۆنیۆ گۆتاریش" لە ڕۆژی ٣١ - ٥ - ٢٠١٨، بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان"ی بریتانی وەکوو ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ یارمەتیدانی هەوڵەکانی عێراق بۆ دادگەییکردنی و کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەکان لە عێراق بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٣٧٩) کە لە ڕۆژی ٢١ - ٩ - ٢٠١٧ دەرچووە. نەتەوە یەکگرتووەکان نیازیان وایە کە چەکدارانی داعش بە تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید دادگەیی بکرێن. ئەم بڕیارانەی سەرەوە لە کاتێکی زۆر درەنگ هاتوون و، هەنگاوەکانی دوای ئەم بڕیارانەیش زۆر ساردوسڕن و تا ئێستا هیوابەخش نین.

ڕێوشوێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی گەورەیی ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانە نین کە ڕێکخراوی داعش ئەنجامی داوە.

### گەورەترین تاوانی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا

کوردانی ئێزیدی، بە بەرچاوی هەموو دنیا، ڕووبەڕووی پیسترین و بەرفراوانترین شاڵاوی لەناوبردن هاتن لە سەدەی بیست

و یەکەمدا؛ لە چەرخێکدا هەواڵەکان بە کلیکێک دەگاتە هەموو جیهان. تاوانەکان ڤیزەون بوون و، بێ گومان دەگاتە ئاستی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. چەندین راپۆرتی فەرمی و رۆژنامەوانی، رووادنی ئەم کارەساتەیان پشتڕاست کردۆتەوە. هەموو پەنجەکانی تۆمەت ئاراستەی لایەنێکە، ئەویش ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییە لە عێراق و شام کە ناسراوە بە داعش. دەوڵەتی داعش لە ماوەیەکی کەمدا ژیا و تەفروتووناش کرا. بەڵام لەو ماوە کەمەی ئەم خەلافەتەدا گەورەترین کارەساتی بۆ هاونیشتمانییە ئێزیدییەکان لە ناوچەکانی مووسڵ و دەوروبەریدا خوڵقاند. تاوانەکانی داعش دەگەڕێتەوە بۆ چوار ساڵ زیاتر و ئێستا چەند مانگێکە بە سەر کۆتاییهاتنی جەنگی دژەداعشدا تێ پەڕیوە، کەچی نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نە نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوێکی ڕاستەقینەیان بۆ دادگەییکردنی ئەم تاوانە نێودەوڵەتییانە نەهاوێشتووە.

### لە عێراق، دوو جۆر گۆڕ هەیە

گۆڕ، کە چارەنووسی هەموومانە، لە عێراقدا دوو جۆری هەیە: گۆڕی بەکۆمەڵ و گۆڕی تاکەکەسی. لە هەموو جیهاندا ئەوەی باوە یەک گۆڕ جێی یەک کەسی دەبێتەوە، بەڵام کە عێراقی بوویت، دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا خۆت ببینیتەوە؛ واتا زیندەبەچاڵبوون چاوەڕوانکراوە و دوا هەناسەیشت لەوانەیە هەر لەناو خاکدا و لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەتدا بێت، نەک لە نەخۆشخانەیەک یان لەسەر خاک.

جیهان شایەتە، زۆرترین ڕێژەی گۆڕی بەکۆمەڵ لە سەدەی بیست و، بیست و یەکدا، لە عێراقە. چەندین جار گوتراوە کە عێراقێکی تر لەژێر خاکی ئەم وڵاتەدایە. مەگەرێن! "گۆڕەشار" و "گۆڕەگوند" لە عێراقە. چیرۆکی نێوان عێراق و گۆڕی بەکۆمەڵ، تەواو پێکەوەگرێدراون. لە دوای رووخانی ڕژێمی سەددام، یەکێک لە کارەساتە هەرە سەرنجڕاکێشەکان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بریتی بوو لە هەڵدانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەژێر خاکی عێراق. بە سەدان گۆڕی بێکێڵ دەدۆزرانەوە و هەڵدەدرانەوە. هەر گۆڕێک سەدان، یان هەزاران خەڵکی لەخۆ دەگرت کە ئێسکوپرووسکیان تێکەڵ ببوون؛ بە جۆرێک کە زۆر زەحمەت دەناسرانەوە. ئەم گۆڕانە، نیشاندەری چیرۆکێکی خەمناک و هەمیشەیی عێراقییەکان و گەلی کوردستانیشە.

پێکهاتەکانی عێراق بەکۆمەڵ کوژراون و بەکۆمەڵ لە گۆڕەکاندا پەستراون. بە چاوی خۆمان دیتمان، گەڕانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوانی کوردستان، چ مێژوویەکی ڕەشی تری ئەم وڵاتەیان پیشانی ئێمە دا. مێژووی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق، لە سەردەمی بەعسەوە ڕانەوەستاوە، بەڵکوو هەر بەردەوامە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی شەشەم

لە دوای ٢٠١٤ەوە تا ئەمڕۆ، گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە دەستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لێ درانەوە؛ ئەم جارەیان بۆ پێکهاتەیەکی تری کوردستان و عێراق: کوردانی ئێزیدی. نەتەوە یەکگرتووەکان، چوار ساڵ دوای ڕوودانی ئەم کارەساتانە، تازە بە تازە، بەرەو شەنگال و دەوروبەری هەنگاو دەنێت، بۆ گەڕان و هەڵدانەوەی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە.

### دادگەی ناوخۆیی، یان دادگەی نێودەوڵەتی؟

ئێستا باس لە پرسی بەدادگەییکردنی تاوانەکانی داعش دەکرێت. ئەم پرسە بە دوو ئاراستە ڕۆیشتووە: ئاراستەیەکیان نێودەوڵەتی، ئەوی دیکەیان ناوخۆیی. هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ناساندنی تاوانەکانی داعش دژی کوردانی ئێزیدی، پێشکەوتنێکی بەخۆوە دیوە، بەتایبەتی دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە چەندین ڕاپۆرتی گرنگی نێودەوڵەتیدا دەیانخوێنینەوە. هەوڵەکان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە. ئێستا قوربانییەکی دەستی داعش، خاتوو "نادیە موراد"، بە باڵیۆزی نیازپاکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا و هەڵگری خەڵاتی ئاشتیی "نۆبڵ"ە. هەنگاوی دواتر ئەوەیە کە، پێویستە دادگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕاوەدوونان و دادگەییکردنی داعشە تاوانبارەکان دابمەزرێت. "بەنێودەوڵەتیکردن"ی پرسی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، لە قازانجی پرسی ئێزیدییەکان بەتایبەتی و، کوردستان بەگشتی دەبێت. "بەناوخۆییکردن"ی ئەم پرسە، واتا بچووکردنەوەی بابەتەکە.

ئەو تاوانانەی کە دژی کوردانی ئێزیدی کراوە، تەنیا دژی ئەوان نەکراوە بەڵکوو دژی هەموو مرۆڤایەتی کراوە. کاتێک تاوانێک بۆ قڕکردن و نەهێشتنی نەتەوەیەک یان ئایینێک ئەنجام دەدەرێت، دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی پێکەوەژیانی هەموو جیهان؛ واتا پێکهاتەیەکی ئەم گۆی زەمینە نامێنێت. واتا، کاتێک ئەنفال و کیمیاباران دژی کورد ئەنجام دران، ئەم تاوانە دژی هەموو جیهان کرا. وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، تاوانی نێودەوڵەتی واتا تاوانێکی بێسنوورە، تاوانێکی جیهانییە. باشترین میکانیزم و ئامرازیش بۆ دادگەییکردنی تاوانباران ئەوەیە کە، پێویستە جیهانی و نێودەوڵەتی بێت.

زۆرمان پێ سەیرە! ئاراستەکانی بیرکردنەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە بڕیاری (٢٣٧٩)ی ٢١ - ٩ - ٢٠١٧ دەردەکەوێت ئەوەیە: چەکدارانی داعش لە لایەن دادگە عێراقییەکان بە یارمەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادگەیی بکرێن. ئەم ئاراستەیە، بچووککردنەوەی بابەتەکان لەخۆ دەگرێت و، لە بابەتێکی جیهانییەوە دەیخاتە ناو گێژاوێکی یاسایی کە خۆی عێراق لە زۆر بابەتدا چارەسەری یاسایی ئەوتۆی پێ نییە؛ جگە لەوەی دادگەکانی عێراقیش لەوانەیە بکرێن بە ئامرازێکی سیاسی بۆ مەبەستی تۆڵەکردنەوە و لەناوبردنی نەیارانی حکوومەتی عێراقی.

## كێشە یاساییەكان

**لە خوارەوە گرنگترین ئەو پرسیار و كێشانە دەخەینە ڕوو كە ڕووبەڕووی دادگەییكردنی داعش دەبێتەوە:**

**یەكەم**: ئایا دادگەی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی عێراق، بۆ دادگەییكردنی داعش سەرپشك دەكرێت؟

**دووەم**: ئەگەر دادگەی نێودەوڵەتی دەستی بە دادگەییكردنەكە كرد، ئایا چ دادگەیەكی نێودەوڵەتی دەبێت؟ دادگەی تاوانكاریی نێودەوڵەتی؟ دادگەیەكی نێودەوڵەتیی تایبەت؟ دادگەیەكی نێودەوڵەتی - ناوخۆیی هاوبەش؟

**سێیەم**: دادگەی تاوانكاریی نێودەوڵەتی، چۆن دەسەڵاتی پێ دەدرێت؟ لە ڕێگەی خودی عێراقەوە؟ یان لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە؟

**چوارەم**: ئەگەر دادگەی نێودەوڵەتیی تایبەت دامەزرا، دەسەڵاتەكانی وەك دادگەی نێودەوڵەتیی تاوانكاریی تایبەت بە یۆگسلاڤیا و ڕواندا بێت یان وەك دادگەی نێودەوڵەتیی تاوانكاریی تایبەت بە لوبنان بێت؟

**پێنجەم**: ئەگەر دادگەیەكی نێودەوڵەتی-ناوخۆیی هاوبەش دامەزرا، ئایا دادوەری عێراقی زۆرینە پێك دەهێنن یان دادوەری نێودەوڵەتی؟

**شەشەم**: ئەگەر دادگە عێراقییەكان بۆ دادگەییكردن سەرانی داعش سەرپشك كران، ئایا یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقیی لەسەر جێبەجێ دەكرێت یان یاسای تاوانكاریی نێودەوڵەتی؟ بۆ زانیاری، بەپێی یاسای بەركاری عێراقی، تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆساید تاوان نین؛ تەنیا لە دادگەی تایبەت بە دادگەییكردنی سەرانی حزبی بەعس ئەم تاوانانە سەپێنران، بەڵام نەخراونەتەوە پاڵ یاسای سزادانی عێراقی.

**حەوتەم**: ڕۆڵی نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دادگەییكردنی داعش چی دەبێت، ئەگەر دادگەكان عێراقی بن؟

**هەشتەم**: ئایا دادگەیەكی هاوشێوەی دادگەی تاوانكاریی باڵا، كە بۆ سەرانی بەعس پێك هێنرابوو، دووبارە دروست دەكرێتەوە؟

**نۆیەم**: بارەگای ئەو دادگەیە لە كوێ بێت؟ لە دەرەوەی عێراق؟ لە ناوەوەی عێراق؟ ئەگەر لە ناوەوەیە لە چ شارێكی عێراق؟

**دەیەم**: پێگەی هەرێمی كوردستان و دادوەر و دادگەكانی چۆن كاریگەرییان دەبێت؟

**یازدەیەم**: ئایا هیچ كەسێك پارێزبەندیی دەبێت؟

**دوازدەیەم**: ئایا سزای لەسێداران دەسەپێنرێت؟

## بەشی شەشەم

**سێزدەم**: ئەگەر تاوانەکانی داعش لە دەرەوەی عێراق ئەنجام درابوو، یان تاوانەکانی بە شێوەی بەردەوام لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ڕوویان دابوو، ئایا هەر دادگەکانی عێراق دەسەڵاتیان بە سەردا دەشکێت؟

**چواردەیەم**: ئەگەر تۆمەتبارەکان لە شوێنێکی دەرەوە گیرابوون، شێوازی ڕادەسکردنەوە بۆ دادگە چۆن دەبێت؟

**پازدەیەم**: تا چ ئاستێک قوربانی و شایەتەکان پارێزراو دەبن؟

**شازدەیەم**: ئایا دادگەیی کەسێک دەکرێت، کە نەگیرابێت؟

**هەڤدەیەم**: چۆن کەسێک دادگەیی دەکرێت کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی (١٨) ساڵی تەواو نەکردبێت؟

**هەژدەیەم**: چۆن قوربانیان قەرەبوو دەکرێنەوە؟ ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق لەم قەرەبووکردنەوەیە چییە؟

**نۆزدەیەم**: ئایا ئەم دادگەیە تایبەت دەکرێت بە تاوانەکانی دژی کوردانی ئێزیدی، یان هەموو ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون، دژی هەر کەس و لایەنێک بێت؟

**بیستەم**: ئەو گەرەنتییانە چین کە دادگەییکردنەکە بە ئاقارێکی سیاسی و تۆڵەکردنەوەدا نەڕوات؟ ئایا چاودێر و دادوەری نێودەوڵەتی بەشداری دەکەن؟

ئەوانەی سەرەوە چەند پرسیارێکن و چەندین پرسیاری یاسایی تر هەن کە تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان" بە هەماهەنگی لەگەڵ عێراق پێویستە وەڵامی بدەنەوە. پێویستە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەنگیان ببیسترێت و ڕۆڵیان لەم میکانیزمانەدا هەبێت. دوای ئەوەی لەم بەشەدا، هەندێک باسی تاوانەکانی داعش و پرسیارە یاساییەکانمان کرد، لە بەشی دووەمی ئەم باسەماندا هەوڵ دەدەین، ڕای خۆمان سەبارەت بە باشترین میکانیزمی دادگەییکردنی داعش دەرببڕین و، لە هەمان کاتدا بیسەلمێنین کە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرامبەر دادگەییکردنی داعش زۆر خەمساردە.

١٠ - ١ - ٢٠١٩

## بەشی دووەم

دوای بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی وتاری "هەنگاوە ساردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگەییکردنی سەرانی داعش" لە ١١ - ١١ - ٢٠١٨ لە ماڵپەڕی "پێنووس"،

**چەند پێشکەوتنێکی بەرچاو دەربارەی لێپرسینەوە لە داعش ڕوویان داوە، کە لێرەدا بەکورتی باسی لێوە دەکەین:**

١- پێشکەشکردنی یەکەم ڕاپۆرت لە ڕۆژی ١٥ - ١١ - ٢٠١٨ لە لایەن"کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان"، ڕاوێژکاری



سەرچاوە
Serchawe

تایبەتینەتەوە یەکگرتووەکان،کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەیە لە تاوانەکانی داعش لە عێراق.

٢- ڕاوێژکاری تایبەتی ناوبراو وتارێکی لە پێش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٤ پێشکەش کرد.

٣- سەرۆکی ئەمریکا "دۆناڵد ترامپ" واژووی لەسەر یاسایەک کرد بە ناوی "یاسای فریاکەوتن و بەرپرسیارێتی لە جینۆساید لە عێراق وسووریا" لە ڕۆژی ١١ - ١٢ - ٢٠١٨.

٤- خاتوو "نادیە موراد" خەڵاتی "نۆبڵی ئاشتی"ی لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ پێ بەخشرا؛ یەکەم کوردو یەکەم عێراقییە ئەم خەڵاتە بەنرخە وەربگرێت.

بەڕواڵەت هەندێک کەیسی دادگەییکردنی داعش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەنگاوە کردارییەکانی دادگەییکردنی داعش هەر ساردوسڕن، ئەو پێشکەوتنەی سەرەوە تەنیا لە ئاستی ئامادەکارییە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش کە چوار ساڵ لەمەوپێش تاوانەکان ئەنجامدراون و هەندێک لە تاوانەکان تا ئەمڕۆ بەردەوامن. ئەم پێشکەوتنانە وای کرد کە بەشی دووەمی وتارەکەمان دەربارەی "هەنگاوە ساردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگەییکردنی سەرانی داعش" دوا بکەوێت؛ هەروەها بەپێویستمان زانی کە بەشی سێیەمیش بنووسین و لە کاتێکی نزیکدا بڵاوی بکەینەوە.

### ڕاپۆرتی یەکەمی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش

لە ڕۆژی ١٦ - ١١ - ٢٠١٨، یەکەمین ڕاپۆرتی بەڕێز "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان"، ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، درا بە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەم ڕاپۆرتە لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٣٧٩) دەرچووە. ڕاپۆرتەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و بە هەر پێنج زمانە فەرمییەکەی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەستە و (٢٠) لاپەڕەیەک دەبێت.

**لە خوارەوە گرنگترین ئەو خاڵانە دەخەینە ڕوو کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون:**

١- ڕاپۆرتەکە دووپاتی دەکاتەوە کە ڕێکخراوی داعش هەڕەشەیە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی؛ ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی داوە دەگاتە ئاستی تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ.



سەرچاوە Serchawe

٢- لە ڕۆژی ١٣ - ٧ - ٢٠١٨وە تیمەکەی دەستیان بە چالاکییەکانی خۆیان کردووە و، چەندین خۆئامادەکارییان ئەنجام داوە. ئەوان مەبەستیانە کە لە حکوومەتی عێراقیدا باشترین پەیوەندی دروست بکەن و، لە ڕۆژی ٢٩ - ١٠ - ٢٠١٨ دەستیان بە کارەکانیان لە ناوخۆی عێراق کردووە.

٣- بە مەبەستی کارئاسانی بۆ تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکوومەتی عێراقیش لێژنەیەکی بۆ کارکردن لەگەڵ تیمە نێودەوڵەتییەکە داناوە.

٤- تاوانەکانی داعش یەکجار زۆرن و جۆراوجۆرن و کارەساتخوڵقێن بوون بۆ ناوچەکە؛ تا ئێستا (٢٠٠) گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە هەزاران ڕووفاتی تێدایە.

٥- مەبەستی هەرە سەرەکیی کارکردنی ئەم تیمە، لێپرسینەوەیە لە گەورە بەرپرسیارانی داعش و گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی لە دژیان، بۆ ئەوەی بناغە ئایدیۆلۆژییەکەی داعش ڕیشەکێش بکرێت.

٦- پێویستە کارەکانیان بە هاوبەشییەکی تەواو بێت لەگەڵ دامەزراوە عێراقییەکان. نیوەی ئەندامانی تیمەکەی، پێویستە پسپۆر و دادوەری عێراقی بن، بەڵام کارکردنیان دەبێت بە شێوەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ بێت.

٧- تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات کارەکانی بە شێوەی بەکۆمەڵ لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و گشت کەمایەتییە ئایینییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان ئەنجام بدات؛ هەروەها هەوڵ بۆ دروستکردنی متمانە دەدات، بەڵام ناوی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ناهێنێت.

٨- بە مەبەستی دۆزینەوەی گەورە بەرپرسانی داعش، تیمەکە پەیوەندیی لەگەڵ گشت دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان دروست کردووە.

٩- لە ساڵی ٢٠١٩ بەڤوولّی دەچنە ناو کاری تیمەکەیانەوە، بەتایبەتی دەیانەوێت سەردانی مەیدانی بکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەو تاوانانەی لێ ئەنجامدراوە و بەڵگەی پێویست کۆبکەنەوە. ڕاوێژکاری تایبەتی، مەترسیی خۆی ناشارێتەوە و دەڵێت ژینگەی کارکردن لەو ناوچانە زۆر مەترسیدار و ئاڵۆزە.



سەرچاوە
Serchawe

١٠- لە کاتی دامەزراندنی فەرمانبەرە عێراقییەکان لەناو تیمەکە، پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگیی ئایینی و زمان بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات ئەو فەرمانبەرانەی کاردەکەن، پێویستە زمانی عەرەبی بەتەواوی بزانن، کەچی زۆربەی تاوانێلکراوەکان زمانی دایکیان عەرەبی نییە.

١١- لە مانگی (٨)، شاندی تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان" سەردانی زۆر لایەنی حکوومیی عێراقییان کردووە و، چاوی کەوتووە بە ڕابەرانی ئایینیی کەمایەتییە ئایینییەکان و لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆی هەرێم کۆبوونەتەوە.

١٢- هەوڵی تەواو بدرێت بۆ پاراستنی قوربانییەکان و شایەتەکان و یارمەتیدانیان لە گشت بوارەکانی ژیان.

١٣- شوێنی کارکردنی سەرەکییان لە بەغدا دەبێت؛ ئەمەیش پرسیارێک بۆ ئێمە دروستدەکات: بۆچی تەنیا بەغدا؟ لە کاتێکدا دەبوایە لەو شوێنانە بێت کە تاوانەکانیان تێدا ئەنجامدراوە، یان هیچ نەبێت لەو ناوچانە بێت کە نزیکترین خاڵ بوونە لەو تاوانانە.بۆچی باسی بارەگایەکی سەرەکییان لە هەرێمی کوردستان نەکردووە؟ لە کاتێکدا زۆربەی زۆری قوربانییەکان و شایەتەکانیش بەئارامی لە هەرێمی کوردستاندا ژیانیان بەسەر دەبەن؛ دەکرێت ئەو هەموو خەڵکە بۆ بەغدا هاتوچۆیان پێ بکرێت؟

١٤- تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی باشە بابەتەکان بەرەو جیهانی ببرێن، ئەویش بە ڕێگەی ڕێکخستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بە بەشداریی وڵاتان و ڕێکخراوەکان.

١٥- تیمەکە لەگەڵ گشت دەستە و دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەیوەندیدارن، پەیوەندیی دەست پێ کردووە.

١٦. دوای دروستبوونی ئەم تیمە، سندووقێکی ژمێریاریی تایبەت بۆ تیمەکە دانرا و، بریتانیا یەکەم وڵاتە کە بڕە پارەیەکی گونجاوی بەخشییە ئەم سندووقە؛ دواتر هۆڵەندا و قەتەریش بڕێک پارەیان بەخشی.

### وتاری ڕاوێژکاری تایبەتی لە پێش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی ٤ - ١٢ - ٢٠١٨ و کاردانەوەکان

دوای ناردنی ڕاپۆرتەکەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتانیا هەوڵی دا کە ڕاوێژکاری تایبەتی لە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی شەشەم

پێش هەر پازدە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وتارێک پێشکەش بکات. هەوڵەکە سەرکەوت و "کەریم ئەحمەد خان"، ڕاوێژکاری تایبەتی، بانگهێشت کرا بۆ ئەم ئەنجومەنە و وتارێکی گرنگی سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی لە ڕۆژی ٤ - ١٢ - ٢٠١٨ پێشکەش کرد. گشت ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەبوون کە پێک هاتبوون لە: ئەمریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، چین، ڕووسیا، بۆلیڤیا، ئیتیۆپیا، گینیا، قەزاقستان، کوێت، هۆڵەندا، پیرو، پۆلەندا، کۆتدیڤوار و سوید و، داواکرا کە عێراقیش لەو دانیشتەدا ئامادەبێت و، چەندین کاردانەوە تۆمارکران کە بەم شێوەیەی خوارەوە پوختی دەکەینەوە:

### هەڵوێستی کەریم ئەحمەد خان، ڕاوێژکاری تایبەت

١. لە دانیشتنی ڕۆژی ٤ - ١٢ - ٢٠١٨، یەکەم کەس کە وتاری پێشکەش کرد، بەڕێز "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان" بوو، کە باسی لە ستراتیژییەتی کارەکانی و ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان داوە و پوختەیەک لە ڕاپۆرتەکەی سەرەوەی پێشکەش کرد.

٢- هەر لەسەرەتای وتارەکەی، ڕاوێژکاری تایبەت، بەڕێز "کەریم ئەحمەد خان"، جەختی لە حاڵەتی دەروونیی قوربانییەکان کردەوە و ڕێز و سۆزی تایبەتی هەبوو بۆیان و، گوتی کە هەرچەندە ئازاریان زۆرە بەڵام ڕۆحییەتیان هەر بەهێزە و، سڵاوێکی گەرمی بۆ گشت عێراقییەکان نارد کە توانییان شکست بە داعش بێنن.

٣- ڕاوێژکاری تایبەت دوو بنەمای سەرەکی ڕەچاو دەکات: کارکردن بە شێوەیەکی بێلایەن و ڕاستەوخۆ و ڕاستگۆیانە؛ دووەم بنەما، کارکردنە بە هاوکاریی حکوومەتی عێراقی وڕێزگرتنە لەسەروەریی عێراق. واتە لە ڕوانگەی ڕاوێژکاری تایبەتی، پێویستە لەسەر هەر دوو ئاست کاربکرێت: ئاستی نێودەوڵەتی و ئاستی ناوخۆیی عێراقی.

٤- ڕاوێژکاری تایبەت زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە تیمەکەی لە هەموو ئاستەکاندا بە هاوکاریی عێراقییەکان کار دەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە پێش ئەنجومەنی ئاسایش ناوی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی نەهێنا.

### هەڵوێستی بریتانیا

٥- بریتانیا دوای ڕاوێژکاری تایبەتی، یەکەم وڵات بوو ڕای خۆی لەسەر بابەتەکە دەربڕی و، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی ئەو تیمەی کرد و زۆر جەختی لە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان ئەم تیمە و حکوومەتی عێراقی کردەوە.

٦- بریتانیا گرنگی بە دادپەروەری بۆ قوربانیانی دەستی داعش دەدات. بە شێوەیەکی مەعنەوی و ماددییش پشتگیریی



سەرچاوە Serchawe

تەواوی خۆی بۆ ئەم تیمە دووپات کردەوە.

## هەڵوێستی ئەمریکا

٧- دواتر، ئەمریکا پشتگیریی خۆی بۆ تیمەکە دووپات دەکاتەوە و، هەر لەو دانیشتەدا ڕایدەگەیەنێت کە (٢) ملیۆن دۆلار دەخاتە سەر سندووقی پارەتیدانی ئەم تیمە و داوا لە وڵاتانی تریش دەکات کە هەمان هەنگاو بنێن.

٨- ئەمریکا داوا دەکات کە گشت پێکهاتەکانی عێراق لە کار و چالاکییەکانی تیمەکەدا بەشدارییان پێ بکرێت.

٩- لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەمریکادا، گرنگییەکی تەواو بە هەڵگری نۆبڵی ئاشتیی ٢٠١٨، خاتوو "نادیە موراد" دراوە و، بە یەکێک لەو کەسایەتییانە دانراوە کە لە پشتی دەرچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشەوەن بۆ دادگەییکردنی داعش. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە بەڕێز "کەریم ئەحمەد خان" لە ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە خاتوو "نادیە موراد" ئامادە بووە و، ئەمریکا پەیامەکانی خاتوو "نادیە موراد" بەهەند وەردەگرێت.

## هەڵوێستی ڕووسیا

١٠- ڕووسیا جەخت دەکاتەوە کە کارەکانی تیمەکەی "کەریم ئەحمەد خان"، نابێت لە چوارچێوەی عێراق دەربچێت. ڕووسیا بە هیچ شێوەیەک قایل نییە کە ئەم تیمە لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دژی حکوومەتی سووری هەڵسوکەوت بکات. تیمەکە دەسەڵاتی دیاریکراوە و، هەر هەنگاوێکی تر پێویستە بە ڕەزامەندیی عێراق و ئەنجومەنی ئاسایش بێت.

١١- ڕووسیا، پشتگیری لە عێراقێکی ئارام، سەربەخۆ، بەهێز و خۆشگوزەران بۆ گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکات. ڕووسیا ئاواتەخوازە کە چالاکی و هەوڵەکانی تیمەکە بەرەو ئاشتەوایی نیشتمانی باڵ بکێشێت.

## هەڵوێستی هۆڵەندا

١٢- هۆڵەندا وتارەکەیان سێ تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت: یەکەم، پشتگیریکردنی تیمی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش؛ دووەم، پاراستنی قوربانیان و ڕزگاربووانی دەستی داعش؛ سێیەم، تیشک دەخاتە سەر بەرپرسیارێتی.

١٣- هۆڵەندا لەژێر کاریگەریی بنەماکانی مافی مرۆڤ، باس لە بەرپرسیارێتی لە ئاستی تاکەکەسەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات.لە ڕوانگەی ئەم وڵاتەوە، عێراق پێویستە تاوانە نێودەوڵەتییەکان بخاتە ناو یاساکانی خۆیەوە، بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە نەبێتەوە.

## هەڵوێستی کوێت

١٤- کوێت وەکوو وڵاتێکی دراوسێی عەرەبی، پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ عێراق دووپات کردەوە لە هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی داعش. هیوایش دەخوازێت کە تیمەکەی "کەریم ئەحمەد خان" سەرکەوتوو بن؛ هەرچەندە کوێت پێی وایە کە کارەکانیان زەحمەتە.

١٥- کوێت، وەکوو چەندین وڵاتی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش، بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، پیرۆزبایی لە "نادیە موراد" دەکات. پەیامەکانی "نادیە موراد" ئازایانە و مرۆڤدۆستانەن و، سەرچاوەیەکن بۆ هیوا و گەشبینی لە ڕوانگەی کوێتەوە.

## هەڵوێستی قەزاقستان

١٦- قەزاقستان جەختی لەسەر هاوکاریی نێوان تیمەکە و دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پەیوەندیدارن بە لەناوبردنی تیرۆر بە شێوازێکی کاریگەر و داهێنراو، دەکردەوە.

## هەڵوێستی فەرەنسا

١٧- فەرەنسا، بە هەمان شێوە پیرۆزبایی و پشتگیریی خۆی بۆ سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە،"کەریم ئەحمەد خان" دووپات کردەوە. فەرەنسا جەخت لەسەر ئاشتبوونەوە دەکات بۆ گەیشتن بە ئاشتیی درێژخایەن؛ هەروەها بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت تاوانە گەورەکان بخرێنە پێش دادگە، جا هەرکەسێک ئەنجامی دابێت و هەرکەسێکیش قوربانی بێت.

١٨- فەرەنسا چەندین پرۆژەی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و پشتگیریی قوربانیان لە ڕێگەی بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە پاریس لە ساڵی ٢٠١٩.

### هەڵویستی پۆلۆنیا

١٩- پۆلۆنیا تیشکی دەخستە سەر ئافرەت و منداڵ، بەتایبەتی ئەو تاوانە سێکسییانەی کە بەرامبەریان ئەنجام دراوە. هەروەها زۆریان پێگرنگە کە لە لێکۆڵینەوە و دادگەییکردندا ڕەچاوی پێوەر و بنەما نێودەوڵەتییەکان بکرێت، لە هەمان کاتدا سزای لەسێدارەدانیش بسەپێنێرێت.

### هەڵویستی سوید

٢٠- سوید لە لای خۆیەوە زۆربەی ئەو بنەمایانەی ڕاوێژکاری تایبەتیی زۆر پێ باش بوو و، لە وتارەکەیدا زۆر گرنگیی بە قوربانییە منداڵەکان دەدا.

٢١- سوید ڕای گەیاند کە ئێستا ئەوانیش دەست بە دادگەییکردنی سەرانی داعش دەکەن لە وڵاتەکەیان بە تۆمەتی تاوانی جەنگ. هەروەها داوای لە عێراق کرد کە یاساکانی لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بگونجێنێت.

### هەڵویستی چین

٢٢- چین پێی وایە کە عێراق بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. هیوادارە کە حکوومەتی نوێی عێراق پێشکەوتنی ئابووری بەدەست بهێنێت و، باری ژیانی خەڵک خۆش بکات و دەست بە ئاوەدانکردنەوە بکات.

٢٣- چین دەستخۆشی لە گەلی عێراق دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم و، داواکارە کە بەپێی یاسا ناوخۆییەکان و بە یارمەتی ڕاوێژکاری تایبەتیدادگەیی بکرێن.

### هەڵویستی ئیتیۆپیا

٢٤- ئیتیۆپیا داوا دەکات کە داعش لە هەموو جیهاندا ڕووبەڕووی دادگە بکرێنەوە، چونکە چەندین ئیتیۆپی لە لیبیا لە پێش چاوی کامێرەکان لە لایەن داعشەوە کوژران و، پشتگیریی خۆی بۆ تیمی لێکۆڵینەوەکە لە عێراق دووپات دەکاتەوە.

### هەڵوێستی بۆلیڤیا

٢٥- بۆلیڤیا سەرەڕای ئەوەی پشتگیریی خۆی بۆ تەواوی کارەکانی تیمی لێکۆڵینەوە دووپات دەکاتەوە، هۆکاری ناسەقامگیری و دروستبوونی تیرۆریزم لە ناوچەکە، دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری گۆڕینی ڕژێمی سیاسی و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان.

### هەڵوێستی عێراق

٢٦- لە کۆتاییدا، لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتی پەیوەندیدار، بەڵام ئەندام نییە لە ئەنجومەنی ئاسایش، بانگهێشت کرا بۆ دانیشتنەکەو هەڵوێستی خۆی دەربڕی.

٢٧- عێراق، سوپاس و دەستخۆشیی خۆی ئاراستەی "کەریم ئەحمەد خان" و تیمەکەی دەکات بە بۆنەی دەستبەکاربوونیان و، لە هەمان کاتدا زۆر سوپاسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە پشتگیری لە عێراقی دوای داعش دەکەن، بەتایبەتی سوپاسی هەوڵەکانی بریتانیا دەکەن لەم بابەتەدا.

٢٨- عێراق سەرەڕای جەختکردنەوەی لەسەروەری و دەسەڵاتەکانی خۆی، لە هەمان کاتدا پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ کارکردنی ئەو تیمە دەردەبڕێت و، زۆریش ئاسانکارییان بۆ دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەڵگەکان لەسەر تاوانەکانی داعش.

٢٩- هەروەکوو لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا دیاری کراوە، کاری تیمەکە تەنیا کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان دەبێت بۆ ئەوەی بدرێت بە دادگە عێراقییەکان. ئەم دادگەییانەیش لە ڕوانگەی نوێنەری عێراقەوە لە ئەنجومەنی ئاسایش، بە شێوەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ داعشەکان دادگەییدەکات.

٣٠- سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان، نوێنەری عێراق پێی وایە پێویست ناکات قسەی لەسەر بکرێت و، عێراق بە مافی خۆی دەزانێت کە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت.

٣١- عێراق جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە تیمەکە بە شێوەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ کاربکەن و یارمەتیی تەکنیکی



سەرچاوە
Serchawe

پێشکەش بە عێراقییەکان بکەن.

چەندین دەوڵەتی ئەندامی تریش لە ئەنجومەنی ئاسایش هەڵوێستی خۆیان دەربڕی، بەڵام لەبەرئەوەی قسەکان دووبارەن بۆیە لێرەدا بەپێویستمان نەزانی هەمووی بخەینە ڕوو. بە کۆی دەنگ گشت دەوڵەتەکانی ئەندام ڕازیبوون بە کار و چالاکییەکانی تیمی لێکۆڵینەوە و، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخواست لە کارەکانیدا. دوای ئەو پشتگیرییە مەزنەی دەوڵەتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی کاری تیمی لێکۆڵینەوەو عێراقە کە پێکەوە بتوانن باشترین کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان و دواتر باشترین میکانیزم دەستنیشان بکرێت بۆ دادگەییکردنی سەرانی داعش، کە لە بەشی سێیەمدا تیشکی دەخەینە سەر.

١٥ - ١ - ٢٠١٩

## بەشی سێیەم

لە بەشی یەکەمی وتارەکەماندا دەروازەیەکمان سەبارەت بە تاوانەکانی داعش باس کرد و، بەکورتی ئەو کێشە یاساییانەی کە ڕووبەڕووی دادگەییکردنی سەرانی ئەم ڕێکخراوە دەبنەوە، تاوتوێ کرا. دواتر لە بەشی دووەمی ئەم وتارەدا، ئەو پێشکەوتنانەمان خستە پێش دیدی خوێنەران کە لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و، هەروەها ئەو چالاکییانەی لە لایەن "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان"، نوێنەری تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش ئەنجام دراون. هەروەها باسمان لە کاردانەوەی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە پێش کەمتر لە مانگێک ڕوویان داوە.

بەشی یەکەم و دووەم، زیاتر دەرخستنی هەندێک هەقیقەت و کێشەی یاسایی و باسکردنی کاردانەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون. لەم بەشەدا زیاتر تیشک دەخەینە سەر سیناریۆ یاساییەکان و، ڕای خۆمان دەربارەی ئەم میکانیزمانەی کە بۆ دادگەییکردنی داعش لەبەردەستی نەتەوە یەکگرتووەکاندان، دەردەبڕین.

لێرەدا باسی ئەو میکانیزمە بەردەستانە دەکەین کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە سەرانی داعش دادگەیی بکرێن. چەندین ڕێگە هەن و، دەکرێت ئەم وتارە وەکوو پێشنیارێک بێت بۆ دەسەڵات و ئەوناوەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی کە مەبەستیانە دادپەروەری بگەڕێنەوە بۆ قوربانیانی دەست داعش. گومانی تێدا نەماوە کە داعش تاوانی نێودەوڵەتیی ئەنجام داوە کە بریتین لە: تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید.

## بەشی شەشەم

لە کاتی دادگەییکردنی داعش، پێویستە سروشتی نێودەوڵەتیی تاوانەکان، سروشتی فرەناسنامەی چەکدارانی داعش و سنووربڕینی داعش ڕەچاو بکرێت. وەکوو لە ناوییەکەوە دیارە، تاوانی نێودەوڵەتی، واتا تاوانێکە سنوورەکەی بەرفراوانە و تاوانێکی جیهانییە. پێیشمان وایە باشترین ڕێگەیش بۆ دادگەییکردنیان، ڕێگە و ئامرازی نێودەوڵەتییە. تاوانەکان دژی هەموو جیهان ئەنجام دراوە؛ هەر بۆیە جیهان خاتوونێکی قوربانیی دەستی داعش دەکاتە خاوەنی گەورەترین خەڵاتی ئاشتی. قەبارەی کارەساتەکان لە ڕاددەبەدەر گەورەن؛ تاوانەکان نێودەوڵەتین؛ تاوانباران هەڵگری چەندین هاووڵاتینامەی جۆراوجۆرن؛ کەچی کاردانەوەکان ساردن و لە ئاستی گەورەییی ڕووداوەکاندا نین.

لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، چەندین ڕێگەمان هەیە بۆ دەرخستنی بەرپرسیارێتیی تۆمەتبارانی داعش. بێگومان ئەو ڕێگانەیش سروشت و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. هەندێکیان لەوانەیە زۆر قورس بن پیادە بکرێن و، هەندێکیشیان ئاسانترن. هەموویشی دەگەڕێنینەوە بۆ ئارەزووی عێراق و وڵاتانی زلهێز و نەتەوە یەکگرتووەکان کە کامە لەم میکانیزمانە هەڵدەبژێرن:

### ڕێگەی یەکەم: دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی

بنکەی ئەم دادگەیە لە شاری لاهایە لە هۆڵەندا و لە ساڵی ٢٠٠٢وە دەستبەکار بووە. ئەم دادگەیە، تایبەتمەندە بە دادگەییکردنی کەیسی تاوانە نێودەوڵەتییەکان (جینۆساید، تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ). کێشە یاساییەکە ئەوەیە، نە عێراق و نە ئەمریکا و ئێران کە کاریگەریی زۆریان بەسەر عێراقەوە هەیە، لەم دادگەیەدا ئەندام نین. نەک بەس ئەندام نین بەڵکوو دژی ئەم دادگەیەن. سەد و بیست و سێ دەوڵەت لە جیهان دەسەڵاتی ئەم دادگەیەیان قبووڵ کردووە؛ واتا لەسەر خاکی ئەم (١٢٣) وڵاتەدا ئەگەر تاوانە نێودەوڵەتییەکان ڕوویان دا، ئەوا دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی، دەستی بۆ لێکۆڵینەوە و دادگەییکردنی تۆمەتباران دەکرێتەوە.

تەنیا دەوڵەتان دەتوانن ببن بە ئەندام لەم دادگەیە و، هەرێمەکان ئەم مافەیان نییە. هەر بۆیە چەند بژاردەیەک لە بەردەم عێراقدان بۆ ئەوەی تۆمەتبارانی داعش ببرێن بۆ دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای.

**بژاردەکان ئەمانەی خوارەوەن:**

### بژاردەی یەکەم:

عێراق ببێت بە ئەندام لەدادگەی تاوانی نێودەوڵەتی و هەموو دەسەڵاتەکانی دادگە کە قبووڵ بکات. لێرەدا بە شێوەیەکی نیمچەئۆتۆماتیکی، دادگەکە سەیری کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەکات؛ هەروەها دادگەکە دەست دەکات بەدادگەییکردنی هەر تاوانێکی نێودەوڵەتی کە لە داهاتوودا لە عێراق ڕوو بدات (ئەگەر دادگەکانی عێراق نەیانتوانی ئەم دادگەییکردنە بکەن). ئەم ڕێگەیەیش بەپێی دەستووری عێراق، پێویستی بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەنجومەنی نوێنەرانە، لەگەڵ پەسەندکردن لە لایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە.

### بژاردەی دووەم:

عێراق نەبێت بە ئەندام، بەڵام حکوومەتی عێراق، یان پەرلەمانەکەی، داوا بکات ئەم دادگەیە تەنیا و تەنیا لێکۆڵینەوە و دادگەییکردنی تاوانکارانی داعش بگرێتە ئەستۆ. لەم حاڵەتەدا، عێراق دەتوانێت ماوەیەک دیاری بکات؛ بۆ نموونە داوا بکات کە دادگەکە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەو دادگەییکردنی بۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە لە عێراق ڕوویان داوە، هەبێت؛ بۆ نموونە لە ماوەی نێوان (١ - ٦ - ٢٠١٤ تا ١ - ١ - ٢٠١٨). ئەو ماوەیە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی دادگەکە، گرنگە. دادگە دەتوانێت لەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە، دەسەڵاتی هەبێت بۆ هەر تاوانێکی نێودەوڵەتی کە لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا ڕووی داوە.

### بژاردەی سێیەم:

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان فەرمان بدات کە دۆسیەی تاوانەکانی داعش لەسەر خاکی عێراق، بکرێتەوە. واتا ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بەندی حەوتەم لە چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک دەربکات، کە تاوانەکانی داعش دادگەیی بکرێت؛ وەک چۆن بۆ سوودان و لیبیا بڕیاری دا. بێ گومان ئەم بژاردەیە، پەیوەستە بە ڕای دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، چونکە دەبێت هەر پێنج دەوڵەتە زلهێزەکەی دنیا (بریتانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، چین، ڕووسیا)، ڕێگەی لێ نەگرن و "ڤیتۆ" بەکار نەهێنن.

### بژاردەی چوارەم:

داواکاری گشتیی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی، خۆی دۆسیەیەک بکاتەوە، دوای ئەوەی چەند ڕێکخراوێکی ناحکوومیی نێودەوڵەتی بۆ نموونە Human Rights Watch، یان Public Interest Lawyers، یان هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی دیکە و بەپشتبەستن بە بەڵگەی بەهێز داوا لە داواکاری گشتی بکات، لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بکات. ئەم



سەرچاوە
Serchawe

بژاردەیە لە ڕووی میدیاییەوە دەستکەوتێکی گەورەی دەبێت، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە سەرکەوتنی ئەم بژاردەیە پەیوەستە بە عێراقەوە، کە دەسەڵاتی دادگەکە قبووڵ بکات، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان بسەلمێنرێت کە تاوانباران هاووڵاتینامەی ئەو دەوڵەتانەیان هەیە کە ئەندامن لەم دادگەیە، کە ژمارەیان (١٢٣) دەوڵەتە. واتا ئەگەر داعشەکە هاووڵاتینامەی سویدی، یان ئەڵمانی، یان ئوردنیی هەبوو، کە ئەندامن لەم دادگەیە، دەکرێت دۆسیەکە لەم دادگەیە بکرێتەوە، ئەویش بە چەند مەرجێکی دیاریکراو کە لێرەدا ناپرژێینە سەر باسکردنیان.

زەحمەتییەکانی ئەم ڕێگەیە:

- عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە ئاستێکی هۆشیاری و دادخوازانەی ئەوتۆ کە ئەم جۆرە دادگە نێودەوڵەتییە قبووڵ بکەن؛ وا دەزانن ئەم دادگەیە داردەست و ئامرازی وڵاتانی ڕۆژاوایە بۆ چەوساندنەوەی عێراقییەکان. لە وڵاتە عەرەبییەکان تەنیا ئوردن و تونس و فەلەستین دەسەڵاتی ئەم دادگەیەیان قبووڵ کردووە؛ هیچ دەوڵەتێکی تری عەرەب و، هەروەها تورکیا و ئێرانیش قبووڵیان نەکردووە.

ئەم جۆرە دادگەیە سزای لەسێدارانی تێدا ناسەپێنرێت.

- لەوانەیە زۆر سیاسەتمەداری عێراقی وابزانن، لە داهاتوودا لەوانەیە بکەونە بەر ئەم دادگەیە و، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی هەیە، دەتوانێت هەموو ڕێگرییەک بکات بۆ قبووڵکردنی دەسەڵاتی ئەم دادگەیە.

- وەک پێشووتر باسمان کرد، هەردوو دەوڵەتی کاریگەر لەسەر عێراق (ئێران و ئەمریکا)، دژی پێکهێنانی ئەم دادگەیە بوون. هەر دوو لا ناهێڵن هاووڵاتی و سەربازییەکانیان لە لایەن ئەم دادگەیەوە دادگەیی بکرێن. مەرج نییە دادگەکە تەنیا لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش بکات؛ لەوانەیە زیاتر بڕوات و لە تاوانەکانی تریش کە لەسەر خاکی عێراق ڕوویان داوە و لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، بکۆڵێتەوە.

ڕێگەی دووەم: دادگەیەکی نێودەوڵەتیی تایبەت بۆ تاوانەکانی داعش:

ئەم جۆرە دادگە تایبەتییە نێودەوڵەتییانە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دروست دەکرێن. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی دادگە ناوخۆییەکان، دوو دادگەی تەواو نێودەوڵەتیی دروست کرد؛ هەروەک لە ساڵانی



سەرچاوە
Serchawe

نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا لە یۆگۆسلافیای پێشوو و ڕواندا دروست کرا.

**ئەم جۆرە دادگەیانە چەند خاسیەتێکیان هەیە:**

- بنیاتنانی دادگەکە، پێویستی بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە.
- ئەم جۆرە دادگەیانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، یان بۆ کێشەیەکی تایبەت دروست دەکرێن. کاتێک تاوانکاران دادگەیی دەکرێن، کار و چالاکییەکانی ئەم دادگەیانە کۆتایی دێت.

- گەورەترین کێشەی ئەم جۆرە دادگەیانە، سەرچاوەی داراییە، چونکە لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر گران دەوەستێت. بۆیە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم جۆرە دادگەیانە دروست ناکات.

- ئەگەر ئەم جۆرە دادگەیانە دروست کران، لە دەرەوەی عێراق دەبن و، عێراق هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر نابێت؛ بۆ نموونە دادگەی تایبەت بە یۆگۆسلافیای پێشوو لە لاهایە و، دادگەی تایبەت بە ڕواندا لە ئاروشاییە (شارێکی تەنزانیاییە لە ئەفریقا).

**ڕێگەی سێیەم: دادگەی تێکەڵ (دادگەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی)**

ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان پەنا ناباتە بەر ڕێگەی دووەم؛ واتە "دادگەی تەواوی نێودەوڵەتی" دروست ناکات، لەبەر ئەوەی تێچووی زۆرە. ئێستا زۆر پەنا دەباتە بەر دادگەی تێکەڵ؛ واتا دادگەیەک بەشێکی نێودەوڵەتی و، بەشەکەی تری پێکهاتووە لە پسپۆر و دادوەری ناوخۆیی. بە واتایەکی دیکە، دادگەی تێکەڵ، واتا دادگە پێک هاتووە لە دادوەری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و، بە ڕەزامەندیی دەوڵەتەکە دروست کراوە؛ بۆ نموونە دادگەی تایبەت بە سیرالیۆن، دادگەی تایبەت بە کامبۆدیا، دادگەی تایبەت بە تەیموری ڕۆژهەڵات، دادگەی تایبەت بە لوبنان (تیرۆرکردنی حەریری).

**لێرەدا هەندێک تایبەتمەندیی ئەم دادگەیە دەخەینە ڕوو:**

- ئەم جۆرە دادگەیە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناسەپێنرێت، بەڵکوو بە ڕەزامەندیی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکانی تێدا کراوە و نەتەوە یەکگرتووەکان، دروست دەکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

- دەکرێت عێراق بەتەنیا تێچووی ئەم دادگەیە بخاتە ئەستۆی خۆی و، نەتەوە یەکگرتووەکان لە کێشەی دارایی ڕزگاری دەبێت.

- لە دادگەی تایبەت و تێکەڵی تایبەت بە سیرالیۆن، دادوەرە نێودەوڵەتییەکان باڵادەستن، بەڵام لە دادگەی تایبەت بە کامبۆدیا، دادوەری ئەو وڵاتە زۆرینە پێک دەهێنن.

- دەکرێت دادگەی تێکەڵ، تەنیا یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتە بسەپێنێت؛ بۆ نموونە دادگەی تێکەڵ و تایبەت بە لوبنان یاسای سزادانی لوبنانی تایبەت بە تیرۆر دەسەپێنێ.

- ئەم جۆرە دادگایە بە ڕێکەوتن دروست دەبێت لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو وڵاتەی دەیەوێت دادگاکە دروست بکرێت. واتە عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن ڕێکەوتنێک ببەستن و دادگەیەکی لەم چەشنە بنیات بێنن بۆ دادگەییکردنی داعش.

### ڕێگەی چوارەم: دامەزراوەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان

ئەم ڕێگەیە دادگەییکردنی تێدا نییە، بەڵام دەکرێت بۆ ناساندنی ئەو کارەساتانەی کە ڕوویان داوە بەکار بێت و، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر میکانیزم و ڕێگەکانی کە خستوومانەتە ڕوو. ئەمەیش بە ڕێگەی دەزگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت، کە تایبەتمەندن بە مافی مرۆڤ. ئەم ڕێگەیە زیاتر بە شێوەی ڕاپۆرت ئامادە دەکرێت. بەهای بڕیاری دادگەی نییە لە یاسای نێودەوڵەتیدا؛ واتا کاریگەری کەمە.

**ئەمیش بریتییە لە مۆدێلی جیاواز:**

**کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان:** ئەم کۆمیتەیە ساڵی ٣ جار لە جنێڤ و نیویۆرک کۆ دەبێتەوە. دەسەڵاتیکی دادوەریی نییە، بەڵکوو بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسی و مەدەنییەکان، ساڵی ١٩٦٦، لە دژی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ڕاسپاردە دەردەکات. هەڵبەتە عێراق وەک زۆربەی میکانیزمەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی ئەم کۆمیتەیەی قبووڵ نەکردووە. هەر بۆیە کارە یاساییەکان ئاڵۆز دەکات. زۆر پێویستە کە سیاسەتی گشتیی عێراق سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری مافی مرۆڤ بگۆڕێت.

**ب. ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان:** بنکەکەی لە شاری"جنێڤ"ی وڵاتی سویسرایە. پێکهاتووە لە ٤٧ ئەندام، کە هەر یەکێکیان نوێنەرایەتیی وڵاتی خۆی دەکات لەو ئەنجومەنە. پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە خۆی لە خۆیدا

ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆتەوە هەر لە کاتی دروستبوونییەوە لە ساڵی ٢٠٠٦. گەیشتن بەم ئەنجومەنە، زیاتر لە ڕێی دەروازە دیپلۆماسییەکان، یان دەوڵەتەکان و، هەروەها بە جووڵاندنەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکانەوە دەبێت؛ لەوانە ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و هیومەن ڕایتس وۆچ. دەتواندرێت هەوڵ بدرێت ئەم تاوانانە وەک جینۆساید یان هەر تاوانێکی تری نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجومەنەکەدا تۆمار بکرێن. ئەم ئەنجومەنە تا ڕادەیەکی بەرچاو لە پرسی چەوساندنەوەی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە لایەن داعشەوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە، بەڵام هێشتا ئەم ئەنجومەنە نەیتوانیوە کاریگەریی لە دادگەییکردنی داعش هەبێت و، کاریگەریی لەسەر عێراق دروست نەکردووە.

### ڕێگەی پێنجەم: دادگە عێراقییەکان

ئەم ڕێگەیە ئاسانترین شێوەیە بۆ دادگەییکردنی داعش؛ ئاسانە چونکە دادگە و دادوەرەکان بەردەستن، لە ڕووی داراییەوە هەر عێراق تێچووەکانی بۆ دابین دەکات، گیراوەکانی داعشیش زۆربەی زۆری لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدان، بەبێ سەرئێشەیش سزای لەسێدارەدان دەسەپێنرێت و کۆتایی بە پرۆسەکەیش دێت.

**بەڵام ئەم ڕێگەیە چەندین کێشە لەخۆ دەگرێت:**

١- تا ئێستا لە یاسای سزادانی عێراقدا تاوانە نێودەوڵەتییەکان جیا نەکراوەتەوە. واتە بەپێی یاسا بەرکارەکان، ناتوانین تاوانکاران بە جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دادگەیی بکەین.

٢- بچووکردنەوەی بابەتەکەیە لە کەیسێکی گەورەی نێودەوڵەتی، کە جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، بۆ کەیسێکی لۆکاڵی عێراقی.

٣- لەوانەیە دادگە و یاسا عێراقییەکان، بۆ تۆڵەکردنەوە لە نەیارە سیاسییەکان بە کار بهێنرێن؛ واتە دادگە، بکرێت بە ئامراز بۆ قۆناغێکی نوێ لە چەوساندنەوەی پێکهاتەکانی عێراق لە لایەن زۆرینەی دەسەڵاتدارەوە.

٤- نەبوونی شارەزا و پسپۆری لەم جۆرە تاوانانە. عێراق بە خۆی داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە تیمێکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی "کەریم ئەحمەد خان" پێک بێت بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان داعش. لە بەشی دووەمدا بە درێژی باسمان کرد.



سەرچاوە
Serchawe

٥- لەوانەیە دادگەی عێراقی بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەندێک دەوڵەتی زلهێز.

٦- دووبارەکردنەوەی هەمان دادگەی باڵای تاوانی عێراقی، کە پێشتر بۆ سەددام و دارودەستەکەی پێک هێنرابوون. ئەم دادگەیە چەندین سزای سەپاندبوو. هەندێکیان هەر زوو سەپێنران و هەندێک تاوانباریش تا ئێستا، نە گیراون و نە سزاکەیان وەکوو بڕیاری دادگە لەسەر جێبەجێ کرا. هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەم دادگەیە چەندین نیشانەی پرسیاری لەسەر دروست بوو کە متمانەی گەورە یاساناسانی نێودەدەوڵەتیی لەدەست دابوو.

### کام دادگە بۆ سەرانی داعش؟

بە درێژاییی ئەم وتارەی کە لە سێ بەش پێک هاتبوو، مەبەستمان چۆنێتیی دادگەییکردنی سەرانی داعش بوو؛ دادپەروەرییەکە پێویستە لە ئاستی گەورەییی کارەساتەکەدا بێت. نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی بیرکردنەوە لەسەر چۆنێتیی دادگەییکردنی داعش (بەشی سێیەمی وتارەکەمان)، بەڵکوو هەندێک هەنگاوی بۆ چۆنێتیی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (بەشی دووەمی وتارەکەمان) ناوە. کەواتە هەنگاوەکان ساردن و لەوانەیە لە ٢٠١٩ هێشتا لێکۆڵینەوەکان هەر بەردەوام بن و لە ساڵی نوێدا دادگەییکردنەکە نەبینین.

**لە کۆتاییدا تێڕوانینێکی خۆمان بۆ دادگەییکردنی داعش بەکورتی دەخەینە ڕوو، هەروەکوو پێشنیارێکیش دەبێت بۆ بڕیاربەدەستان لە ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان:**

١- پێمان باشە دادگەییکردنی داعش لە لایەن دادگەیەکی تێکەڵەوە بێت؛ واتە دادوەرەکان نێودەوڵەتی و عێراقی بن و دادوەرە نێودەوڵەتییەکان زۆرینە پێک بهێنن؛ وەک چۆن ئێستا تیمی لێکۆڵینەوەکان بە سەرۆکایەتیی "کەریم ئەحمەد خان"، پێک هاتووە لە شارەزایانی عێراقی و نێودەوڵەتی.

٢- یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ هەموار بکرێتەوە؛ بە جۆرێک تاوانی جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەی سەرانی داعشی پێ دادگەیی بکرێت و، لە داهاتوودا ئەگەر ئەم تاوانانە ڕوویان دایەوە، ئەوا تاوانباران لە هەر پلە و پوستێک بن، دەبێت سزا بدرێن. سوودێکی تەواویش لە بنەماکانی پەیڕەوی بنەڕەتیی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی وەربگیرێت.

٣- دادگە تێکەڵەکانی کامبۆدیا نموونەیەکی زۆر باشن؛ دەکرێت بۆ ئەم جۆرە دادگەییکردنە سوودی لێ وەربگیرێت. واتە ئەم



سەرچاوە Serchawe

دادگەیە، بکرێت بە بەشێک لە دامەزراوەی دەسەڵاتی دادوەریی عێراقی، لە هەمان کاتیشدا دادوەرەکان بەشی سەرەکییان نێودەوڵەتی بن؛ دادوەرە عێراقییەکانیش، پێویستە لە هەموو پێکهاتەکان بن.

٤- ئەگەر دادگەکە تێکەڵ بێت، پێویستە ڕێککەوتنێک لە نێوان حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە چۆنێتیی بەڕێوبردنی دادگەکە مۆر بکرێت. وەزیری دەرەوەی نوێی عێراق، موحەممەد عەلی ئەلحەکیم، شارەزاییەکی تەواوی لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە و، زیاتر لە حەوت ساڵ (٢٠١٠ - ٢٠١٧) نوێنەری هەمیشەیی عێراق بووە لەم ڕێکخراوە لە جنێڤ و نیویۆرک. با نوێنەری هەرێمی کوردستانیش بەگڕوتینەوە بەشداریی دانوستاندنی دروستکردنی ئەم جۆرە دادگەیەکە بکات.

٥- تا بکرێت بنکەی دادگەییکردنەکە لە دەرەوەی عێراق بێت و، لە وڵاتێکی نزیک بەڵام دراوسێی ڕاستەوخۆی عێراق نەبێت؛ بۆ نموونە دەکرێت لە شاری دوبەی، لە قوبرس یان لە باکۆ بێت. ئەگەر لە ناوخۆی عێراقیش بوو، با تەنیا لە بەغدای پایتەخت نەبێت و، چەندین بنکەی لە شارەکان هەبێت.

٦- زمانی قسەکردنی دادگەکە بە هەموو زمانە ڕەسمی و لۆکاڵییەکانی عێراق بێت؛ لە هەمان کاتدا بۆ زمانە فەرمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگێڕدرێت.

٧- چەندین خاڵ و بنەمای تر ماون کە پێویستە لەم دادگە نوێیە باس بکرێت، بەڵام لەبەر کەمی دەرفەت، ناتوانین هەمووی لێرەدا بخەینە بەر باس.

سەرچاوە؛ ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## چ لەگەڵ داعشە گەڕاوەکاندا بکرێ؟



ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن ئەم نووسەرانەوە ئامادە کراوە:

Jörg Diehl, Julia Amalia Heyer, Martin Knobbe, Roman Lehberger, Christoph Reuter, Fidelius Schmid, Andreas Wassermann and Wolf Wiedmann-Schmidt

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم

دەیان ئەڵمانی کە شەڕیان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کردووە، لە زیندانەکانی باکووری سووریا دا حەپس کراون. لەنێو ئەوانەدا، بکوژ و جەللاد و ئەشکەنجەدەر، هەروا ژن و منداڵیشیان تێدایە. حکوومەتی ئەڵمانیا پلانێکی تۆکمە و لەباری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەدا نییە.

بازرام گی، ئیسلامییەکی نزیک شاری "بۆن"ە کە ڕایەدارانی (ئەم وشەیە لە کرمانجیدا بە مانای دەسەڵاتداران دێ) ئەڵمانی بە هەڕەشەیەکی پۆتانسیۆڵیان داناوە، لە فەیسبووکدا لە ئاسیاوێکی خۆی دەپرسێ: "تۆ دەزانی باشترین جیهادم لە پێناو خوادا کردبێ، چ بووە؟"، هەر خۆیشی وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆی دەداتەوە و دەنووسێ، سێ کەسم لە دوژمن کوشتووە کە "کافر و خوانەناس" بوون. پاشان، مۆبایلی یەکێ لەو سێ کەسە قوربانییەی دەست داوەتێ و تەلەفۆنی بۆ ئافرەتێ کردووە کە لەسەر لیستی پێوەندییەکاندا بووە و پێی ڕاگەیاندووە کە ئێستە ئەو (واتە داعشەکە) پێڵاوی لەسەر سەری قوربانییەکە داناوە، ژنەی "تایین"یش، بە قسەی داعشەکە خۆی، دەستی بە قیژە و فیغان کردووە.

ئاشکرا و ڕوون نییە کە داخوا بەڕاستی ئەو کردەوە هوڤییانەیە ڕووی داوە یان نا، یان سادە و ساکار، "گی" ویستوویەتی خۆی بە کەسێکی گرنگ نیشان بدا. لێ ئەوەی ڕوون و خویایە، ئەو پیاوە ئیسلامییە، هەنووکە بە شێوەیەکی دراماتیکی

تۆنی ئاخاوتنی گۆڕیوە.

لە نامەیەکدا بۆ خێزانەکەی لە ئەڵمانیا، ئەو داعشە دەنووسێ: "من زۆر غەریبیتان دەکەم. ڕەنگە بە گیرانی منتان زانیبێ؟" ئەم نامەیە لە ڕێگەی خاچی سوورەوە لە کامپێکی بەندکردن، نزیک لە شاری قامیشلۆی باکووری سووریا نێردراوە. لە نامەیەکی دیکەدا، نووسیویە: "دایە، زەحمەت نەبێ، خۆ دەزانن چۆن من لێرە قورتار دەکەن. ئایا ڕایەداران چ دەڵێن؟ تەنیا دەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵ و لێرە بێمە دەرەوە."

باژرام گی، هاووڵاتییەکی ئەڵمانیی تەمەن ٢٥ ساڵە و کوڕی کۆچبەرێکی خەڵکی کۆسۆڤۆیە. ئەو تەمەنی ٢٠ ساڵان و هێشتا لە قوتابخانە بووە کە لە ئەڵمانیا بزر بووە و، بە قسەی لێکۆڵەران، چووەتە ڕێزی دەوڵەتی ئیسلامییەوە. ئەو یەکێکە لەو هەزاران ئیسلامییەی کە بۆ جەنگی (هەندێ سەرچاوە دەڵێن ئەو ژمارەیە لە نێوان ٣٩٠٠ - ٤٣٠٠ کەسدایە)، ئەورووپایان جێ هێشتووە و ئێستاکە ژمارەیەکی زۆریان لەناو ئەو زیندانانەدان کە لە لایەن میلیشیا کوردەکانی یەپەگەوە بەڕێوە دەبردرێن کە ئەمریکا پشتیوانییان لێ دەکا. ئەو جەنگاوەرانەی "خەلافەت" ئێستاکە دیل و یەخسیری جەنگن (بە مەزەندە بە خۆیان و ژن و منداڵانەوە، لە ٣٠٠٠ کەس تێ پەڕیون).

حکوومەتی ئەڵمانیا دەبێ وەڵامی چەند پرسیارێکی سەخت و دژوار بداتەوە: دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دیل و یەخسیرانەی جەنگدا بکرێ؟ ئایا دەبێ کەسانێکی لە بابەتی باژرام گی بگەڕێندرێنەوە ئەڵمانیا؟ دەبێ یەکجێ چ لەگەڵ باژرامدا بکرێ، کاتێ کە دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا؟ تا ئێستا بەرلین هیچ وەڵامێکی کۆنکرێتیی بۆ ئەم پرسیارانە پێ نییە.

## یاریکردن بە کات

ڕایەداران ماوەیەکە تێ ماون کە چ لەگەڵ چەکدارەکانی ئەمدیوەی داعشدا بکەن. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، تێکشکانی ئەو گرووپە چەکدارە، بووەتە شتێکی هەستپێکراو و، ژمارەیەک چەکداری داعش خۆیان لە ڕووبەرێکی بچووکتر لە (١) کیلۆمەتر چوارگۆشە ناوە و قایم کردووە. زۆر چەکداری بیانی، چەند مانگێکە، یان چەند ساڵێکە لە زیندانەکانی باکووری سووریا و عێراقدا کەوتوون - تا ئێستا هیچ ئاسۆیەک بۆ گەڕانەوەی ئەوانە بۆ وڵاتەکانیان نابیندرێ. لەم مانگانەی دواییدا، کوردەکانی سووریا و هاوپەیمانە ئەمریکییەکەیان گوشار دەخەنە سەر ئەورووپییەکان کە هاووڵاتییەکانی خۆیان ببەنەوە و بیاندەنە دادگە. لێ تا ئێستا، ئەورووپییەکان یاری بە کات دەکەن.

بە قسەی دیپلۆماتە ئەڵمانەکان، ئەڵمانیا بڕیاری داوە کە زۆر ڕۆ نەچێتە ناو پرسی جیهادییە بەدیلگیراوەکانەوە. کاربەدەستێکی ئەڵمانی دەڵێ: "فەرمانە ڕواڵەتییەکانی ئێمە ئەوەن کە، ڕاستە ئێمە لێمان داوا کراوە و ئێمەیش پابەندین، لێ ئێمە نامانەوێ بگەڕێنەوە." ئێستاکە، بە هەر حاڵ، سەعاتی تاکتیکی خۆدزینەوە و پێچەبەدەورە، بەسەر چووە.

دوا تویتی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترامپ، ئەم پرسەی خستە پێشەوەی ئەجێنداوە: "ئەمریکا داوا لە بریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەوروپی دەکا کە زێتر لەو ٨٠٠ چەکدارە داعشەی، ئێمە لە سووریا بە دیلمان گرتوون ببەنەوە و بیاندەنە دادگە. خەلافەت هاکا کەوت. ئەڵتەرناتیڤی ئەو داوایە، ئەڵتەرناتیڤیکی باش نییە کە ناچار ببین بەرهەڵدا و ئازادیان بکەین..."

حکوومەتی ئەڵمانیا یەکجێ ئەم داخوازییەی ترامپی ڕەت کردەوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەو هەڕەشەیەی ترامپی، پێ هەڕەشەیەکی ڕووقایمانەیە. هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا گوتی: "مسۆگەر کارێکی سانا نییە وەک هەندێ کەس لە ئەمریکا پێی وایە." وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا، "هۆرست سیهۆفەر"یش گوتی: "هەر کێسێکی تایبەت، دەبێ لەجێوە ڕوون بکرێتەوە بەر لەوەی ئەو کەسە سواری فڕۆکەیەک بکرێ و بهێندرێتەوە ولات." وەزیری دادی ئەڵمانیا، کاتارینا بێرلی بە "دێر شپیگل"ی گوت: "ئێمە دەبێ پشتڕاست بین کە چەکدارەکانی پێشووی داعش نەتوانن لە ولاتی ئێمەدا بەئازادی بسووڕێنەوە. لەمێژە ژمارەیەکی کەمیان، فەرمانی گرتنیان هەبووە. ئەوانی دیکە ئەگەر پێی بنێنە ناو خاکی ئەڵمانیاوە، دەبێ بە شێوەیەکی بەردەوام چاوەدێرییان لەسەر بێ."

### بەڵگەی نادیار

وێڕای ئەم ناڕەزاییە زارەکییانە، وێدەچێ بەرلین تێگەیشتبێ کە چیدیکە ناکارێ ئەم گرفت و ئاریشەیە فەرامۆش بکا و نادیدە بگرێ. ئەڵمانیا دەبێ هەڵوێستێکی ئاشکرا و پلان و نەخشەیەکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داعشە گەڕاوەکاندا هەبێ.

بەپێچەوانەی ئەو قسانەی وەزیری دەرەوە، ماس، کە بەر لە چەند ڕۆژێ، خەڵکی بە ئاراستەیەکی دیکەدا برد، کاربەدەستانی هەواڵگریی ئەڵمانی بڕێکی زۆر زانیارییان لەبارەی زۆرینەی پشتیوانە گیراوەکانی داعش کۆ کردووەتەوە و، ئامانجیشیان ئەوەیە بەڵگەی تەواویان بۆ تاوانکردن هەبێ تا پۆلیس بتوانێ هەر ئیسلامییەک پێ بنێتە ناو خاکی ئەڵمانیاوە، بگرێ.

لێکۆڵەرە ئەڵمانەکان زانیاریی خۆیان لە هاوپەیمانان وەردەگرن، لە شایەدیی تیرۆریستە هەڵگەڕاوەکان، لە ئاخاوتنە تەلەفۆنییە تۆمارکراوەکان یان لەو وێنانەی لە ئینتەرنێت بڵاو بوونەتەوە و - لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە کە دەزگەی هەواڵگریی ئەڵمانیا (BND)، لەگەڵ چەندین گیراو و زیندانیکراودا لە باکووری سووریادا ئەنجامی داون.

بە لایەنی کەمەوە، ٦٣ ئافرەت و پیاو لە ئەڵمانیاوە چوونەتە ناوچە و نوای جەنگ و ئێستاکە لە زیندانی کوردەکاندان لە سووریا و، لەوانە ٤٢ کەسیان پەساپۆرتی ئەڵمانییان هەیە. ئەڵمانیا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ١٨ لەوانە، بە باژرامیشەوە دەرکردووە. باژرام زێتر لە ساڵێکە لە بۆسەیەکدا لە لایەن هێزەکانی کوردەوە گیراوە. پارێزەرەکەی باژرام لە بۆن، موتلو گونال دەڵێ "موەکیل"ەکەی پەشیمانە لەوەی کە بۆ سووریا چووە و "دەیەوێ بگەڕێتەوە وڵات و ڕووبەڕووی ڕێکارە یاساییەکان لە بەردەم دادگەیەکی ئەڵمانیدا، ببێتەوە."

لە چەند کێسێکی دیکەدا، داواکارەکانی ئەڵمانیا بەڵگەی خویا و ڕوونیان لەبەردەستدا نییە. زۆر جاران بەزەحمەت بۆیان ساغ دەکرێتەوە کە خەڵکێک ئەندامی داعش بووە، نەخوازە ئەگەر ئەو کەسە ئافرەتێک بێ؛ ئاخر زۆریشیان وەکوو هاوشانە پیاوەکانیان لە باری ئایدیۆلۆژییەوە لەخشتە براون. تەنیا بوونی کەسێک لە ناوچەیەکی جەنگدا، یاسا سزای بۆ دانەناوە و وەکوو دادگەی فیدراڵیی ئەڵمانی، داوەریی خۆی کردووە.

### کات بەبەرییەوە نەماوە

لێ هەندێ جار لێکۆڵەران بەختیان هەیە و، دەق و ڕاستەوڕاست ئەو بەڵگانەیان دەست دەکەوێ کە بەدوایاندا دەگەڕێن. بۆ نموونە، دانیشتووێکی دۆرتمۆند، بە ناوی لۆکاس گلاس، کە باوەڕ دەکرێ پێوەندیی بە داعشەوە هەبووبێ، ڕایەداران شۆپ و شوێنەواری دەستی وییان لەسەر فۆرمێکی ئەندامێتی لە داعش دۆزیوەتەوە کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا لە لایەن "بەڕێوەبەراتیی دەرەوە"ی ئەو گرووپە تیرۆریستییە، بۆ لۆکاس گلاس پڕ کراوەتەوە. لێ ناوەکەی بە شێوەیەکی هەڵە بە لۆکس کالاس تۆمار کراوە، لێ هیچ شک لە پابەندبوونی ئەو پیاوە بە جیهادەوەی تێدا نییە وەک بەڕێوەبەرانی داعش تێبینییان کردووە، لێ ئەمڕۆ، لۆکاس نکۆڵی دەکا کە بە هیچ شێوەیەک بەشداریی لە هیچ شەڕێکدا کردبێ.

لە کێسەکەی "مارتین لەمکە"دا، کە لەحیمچییەکی ویلایەتی ساکسۆنی - ئانهالتی ئەڵمانیایە، شایەدیی گرنگی لە ئەڵمانیا لەسەر دراوە. داعشێکی گەڕاوە دەڵێ: لەمکە لێکۆڵەرێکی دەزگەی هەواڵگریی داعش بووە. شایەدییەکی دیکە کە لە بەردەم پۆلیسی ئەڵمانیدا لەسەرە وی دراوە دەڵێ: وێنەیەکی لەمکە هەیە کە جلکێکی ڕەشی داعشانەی لەبەر بووە و سەری براکەی

پەڕاندووە. لەمکە، کە چەند ڕۆژێ لەمەو بەر بە خۆی و هاوسەرەکەیەوە، لیونۆرا، گیراوە، نکۆڵی لەوە دەکا کەسێکی کوشتبێ یان ئازار و ئەشکەنجەی کەسێکی دابێ، بەڵام دان بەوەدا دەنێ کە بەشێک بووە لە دامودەزگەی تیرۆری داعشدا. چەند کەسێکی دیکەی ئەڵمانی، کردەوە هوڤییەکانی خۆیان لە ڤیدیۆی پرۆپاگەندەئامێزدا، دۆکیومێنت کردووە. هێنانەوەی لایەنگر و پشتیوانانی داعش بۆ ئەڵمانیا، مەترسیی تێدایە. زۆر لەوان بوونەتە گەندەڵ و هەندێکیان شارەزاییی جەنگییان پەیدا کردووە و هەندێکیش دوچاری نەخۆشیی دەروونی هاتوون و لەوانەیە ئەمە بۆ ئافرەتانیش ڕاست بێ. بەزەحمەت دەکرێ بێژین داخوا ئەوانە پاش گەڕانەوە بۆ ناو شارستانێتیی ڕۆژاوایی، چۆن ڕەفتار دەکەن و دەجووڵێنەوە و هەڵدەکەن. پێویستە بە شێوەیەکی توند بخرێنە ژێر چاودێرییەوە و ئەمەیش پێویستی بە کەس و کارمەندی گرنگ و شارەزا هەیە و لە باری داراییەوە گران دەکەوێ. تا ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتکاران گەیشتوونەتە ئەو قەناعەت و تێگەیشتنە، کە ئەڵتەرناتیڤێکی کەمیان لە بەردەمدا هەیە.

وەزیری ناوخۆی ویلایەتی ڕاینی باکوور- وێستفاڵیا، هیربرت ڕیۆل دەڵێ: "ئێمە دەبێ ئەو جیهادییانەی لە دەرەوە ڕاگیراون، بهێنینەوە ئەڵمانیا، هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان نییە" و "لەوانەیە ئاسان نەبێ لە باری سیاسییەوە پێوەندییان پێوە بکرێ و یاریدەی ئەو پەڕگیر و سەرەڕۆیانە بدرێ کە جەنگیان دژی سیستەمی بەهاکانی ئێمە کردووە، بگەڕێنەوە ئەڵمانیا"، لێ ئەو وەزیرە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەگەر ئەوان هاووڵاتیی ئەڵمانیان، کەواتە ناکرێ ڕێگە لە هاتنەوەیان بگیرێ لەوما کارێکی ژیرانەیە، هەر لە ئێستاوە خۆمان ساز و ئامادە بکەین و هەم کاربەدەستانی ئاسایش و هەم گەنجان و ئەوانەی لە بواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن، وە ئاگاتر بهێنینەوە."

شارەزای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گویدۆ شتاینبێرگ، کە لە ئینیستیتۆی ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش کار دەکا و بارەگای ئەو ئینیستیتۆیە لە بەرلینە، دەڵێ: "کورد و ئەمریکا بەشدارییەکی زۆریان لە جەنگی دژ بە داعشدا کردووە. لەوما پێویستە ئەڵمانیا گوێ لە داواکارییەکانیان بگرێ و پشتیوانە ئەڵمانەکانی داعش بهێنێتەوە." تەنانەت ئەگەر ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی نامیللییانەیش بێ - ڕەنگە دەنگدەران زێتر لە هەڵبژاردنی ویلایەتەکاندا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا تەریک ببنەوە - لێ هەنگاوێکی پێویستە و کاتیش بەبەرییەوە نامینێ.

## کاتی هاتووە ئەڵمانیا هەنگاو بنێتەوە

ڕەوشی باکووری سووریا هەستیارە. ئەگەر ئەمریکا لەسەر کشانەوەی هێزەکانی خۆی، وەکوو ترامپ دەیەوێ و خواستی لەسەرە، سوور بێ، ئیدی ڕوون نییە کە داخوا کوردەکان دەتوانن کۆنترۆڵی داعشە زیندانیکراوەکان بکەن. بە قسەی "ئیرین

میهالیس"ی حزبی سەوزەکان، خەتەرێکی ڕاستەقینە هەیە کە هەندێ لەو چەکدارانە ئازاد بکرێن و "بەبێ چاودێری بگەنەوە ئەوروپا و ئەڵمانیا و دەست بە چالاکی بکەن" و، "دەبێ پێش بە سیناریۆیەکی وەسا بگیرێ."

لە دەسپێکدا، کورد بۆ بەرگریکردن لە خۆیان شەڕی جیهادییەکانیان کرد. لێ پاش سەرکەوتن لە شاری کۆبانێ لە ٢٠١٥ دا و، چەندین ناوچەی ژێردەستی داعشیان ڕزگار کرد، وەکوو هێزێکی یاریدەدەری ئەمریکا، بوون بە هێزێکی پێویست. کوردەکان (سووریا) جیاواز لە هەندێ میلیشیای عێراقی دراوسێیان کە زۆربەی جاران دوای لێکۆڵینەوەیەکی کورت و سەرپێیی داعشەکانیان کوشتووە، مامەڵەیان لە تەک دیلەکانی داعشدا کردووە. بەپێچەوانەوە کوردەکانی سووریا، داعشە پیاوەکانیان لە بەندیخانە ناون و ژن و منداڵەکانیشیان هەوەڵ جار لە هەندێ شوێنی تایبەتیی کامپەکانی پەنابەران داناوە و پاشان لە ٢٠١٨وە لە چەند سەنتەرێکی گلدانەوە و ڕاگرتنیان کۆ کردوونەتەوە لە ئەلمالکییەی باکووری سووریا.

کوردەکان بیریان کردۆتەوە بە زینداینکردنی تیرۆریستان و خاووخێزانەکانیان، چاکەیەک لەگەڵ جیهاندا دەکەن. هەروا باوەڕیان وایە کە ئەو زیندانییانە توانایەکی بەسوودی دیپلۆماتییان پێ دەدەن لە هەوڵ و تەقەڵلای نێودەوڵەتیی خۆیاندا بۆ دانان پێیاندا. لێ لە ڕاستیدا، بگرە هیچ وڵاتێک حەزی لێ نەبووە تونڕەوەکانی خۆی، وەرگرێتەوە. بەپێچەوانەوە: ئێندۆنیزیای لێ دەرچێ کە لە هاوینی ٢٠١٧ دا دیپلۆماتەکانی خۆی نارده ئەوێ بۆ بردنەوەی دوو ئافرەت و منداڵەکانیان کە لە کەمپێکی عەین عیسای نزیک شاری ڕەقە بوون، کەچی هیچ وڵاتێکی دیکە هیچ هەوڵێکی بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتییەکانی خۆی نەداوە.

وەزیری دەرەوەی کاربگێڕیی دیفاکتۆی کوردی لە سووریا، عەبدولکەریم عومەر، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ دێر شپیگل چەند مانگێک لەمەو بەر گوتی: "ئێمە بە هەزاران کەسمان لێ چووە، زۆرێکیان لە هەڵمەتی گرتنی ئەو خەڵکەدا گیانیان لەدەست داوە" و "ئێستا کاتی هاتووە ئەوروپا، ئەڵمانیا هەنگاو هەڵبێننەوە."

### گەڕاندنەوەی کارلا

هەندێ لایەنگری پێشووی "خەلافەت"، پاش ئەوەی لە ڕێزەکانی داعش هەڵاتوون، بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیوە لە کەمپەکانی نزیک سنووری تورکیا گیریان خواردووە. کەسوکاری ئەوانە لە ئەڵمانیا چەند بارە پێیان ڕاگەیەنراوە کە دەبێ چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بکەن کە ڕێگە بەو کەسانە بدا بچنە ناو خاکی تورکیاوە، لێ تا ئێستا هیچ شتێ نەبووە. وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا دەڵێ، ئێستاکە ناتوانێ "خزمەتگوزاریی خواسایی پێشکەش بە هاووڵاتییە ئەڵمانەکانی خۆی لە سووریا

بکا"، بێ ڕەچاوکردنی کە داخوا چ تۆمەتێکیان ڕووبەڕوو دەکرێتەوە. باڵیۆزخانەی ئەڵمانی چەند ساڵێکە لەو وڵاتە داخراوە. وەزارەت دەڵێ "لەگوێنە ئەمە بۆ کەسوکاری ئەوانە ناخۆش و بێئومێدی بێ"، بەڵام هەنووکە ناکرێ هیچ شتێکیان بۆ بکرێ. لەبەر ئەو هۆیە، زۆر لەو خاووخێزانانە لە خۆیانەوە، لەو کەمپانە دەرچوون.

ئەو هەواڵانەی بە ماوەیەکی کورت پێش جەژنی کریسمەس لە ڕێگەی واتسئاپەوە گەیشتنە جۆزفین شتاینهاوەر و دونیایان لێ وێک هێنایەوە. کچەکەی لە سووریاوە بۆی نووسیوە: "هەلۆ ماما، من دەزانم کە دەمەوێ چ بڵێم و دەبێ بەرگەی بگرم." زێتر لە پێش سێ ساڵ، ئەو ئافرەتە، کارلا، کە ئێستە تەمەنی ٣١ ساڵە، بە خۆی و سێ منداڵەوە چووەتە ناو داعش و، مێرد و دایکی خۆی لە شاری "ئۆبەرهاوزن"ی ئەڵمانیا جێ هێشتووە. بۆ ماوەیەکی درێژ، هیچ دەنگوباسێکی نەبووە. کارلا نووسیویە: ئەو ماڵەی کە کارلا و مێردە تازەکەی - چەکدارێکی داعش بووە - و منداڵەکانی تێدا ژیاوە، بەر لە هەفتەیەک بەبەر بۆمب کەوتووە. کوڕە تەمەن ٩ ساڵەکەی گیانی لەدەست داوە. "ئینشائەڵلا"، خودا خواستی لەسەر بووە کە مردنەکەی "خێرا و بێ ئازار و ژان بێ". کچەکانی بەر نەکەوتوون و ڕزگاریان بووە، لێ ئێستاکە پارەی پێویستە بۆ ڕاکردن و داوودەرمان.

جۆزفین شتاینهاوەر دەیەوێ یاریدەی کچەکەی بدات. دایکە لەگەڵ شووە ئەڵمانەکەی کارلا، بە فڕۆکە چوونەتە تورکیا، لە کاتێکدا کە کچەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بووە بە یارمەتیی قاچاخچییەکی سووری، لە سنوور بپەڕێتەوە، لێ لە بری ئەوەی بگاتە ناو خاکی تورکیا، لە ناوچەیەکی سەر سنووری نێوان تورکیا - سووریا خۆی و کچەکانی گیریان خواردووە و پلانەکە بۆ پەڕینەوە لە سنوور بە یارمەتیی دەزگەی هەواڵگریی نهێنیی تورکی سەری نەگرتووە و، ئێستاکە کارلا و منداڵەکانی لە خێوەتگەیەکدا لە شاری ئەعزازی سووریا کە لە لایەن تورکیاوە کۆنترۆڵ کراوە، دەژی. لەوێ کە چەند کیلۆمەترێک لە سنوور دوورە، دەبێ چاوەڕوان بن و بمێننەوە. هەرچی شووە داعشەکەی کارلایە، لە لایەن سەربازەکانی تورکیاوە، خراوەتە زیندانەوە.

هاوسەرە ئەڵمانییەکەی کارلا و باوکی کچەکان دەڵێ: "من لە بەری تورکیاوە ڕاوەستاوم و دەزانم: هەر دوو منداڵەکانم کە قورتاریان بووە، زۆرم لێ نزیکن" و "هێشتا ناتوانم لەهامێزیان بگرم." ڕۆژانە بە تەلەفۆن لەگەڵ کچە ٧ ساڵ و کچە ٩ ساڵەکەیدا، قسان دەکا.

جۆزفین شتاینهاوەر لە پێوەندیدایە لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە ئانکارا و بێئەژمار "ئیمێل"ی نووسیوە و دەڵێ: «باڵیۆزخانە هیچ یاریدەیەکی نەداوە." جۆزفین دەڵێ: دەبێ کارلا و کچەکانی بەپەلە لە سووریا بێنە قورتارکردن و

"پێویست ناکا کەس ترسی لێیان هەبێ." خۆ کارلا بە پشتێنێکی خۆکوژییەوە ناگەڕێ و ناسووڕێتەوە و، پێی گوتووم کە هەرگیز بەشداریی هیچ شەڕێکی نەکردووە. داواکارە گشتییەکان لە دویسبۆرگ لەو ئافرەتە گەنجە دەکۆڵنەوە کە گومانی تیرۆری لەسەرە. دەمێنێتەوە کە داخوا ئەو داواکارە گشتییانە دەتوانن بەڵگەی پێویستی لەسەر کۆ بکەنەوە.

چەند ڕۆژێک لەمەو بەر، کارلا ئیمێلێکی لە کامپەکەوە بۆ باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا ناردووە، کە مشک بەسەر تەختی خەوتنیان کەوتووە و، نووسیویە: کچەکانی نەخۆش کەوتوون. کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوە ڕۆژێک پاشتر وەڵامی داوەتەوە کە حکوومەت بە دوای ڕێگەچارەیەکدا بۆ دەرچوونیان لەوێ دەگەڕێ.

## خەڵکێکی هەرە خەتەر لە جیهاندا

تەنانەت پاش تویتە هەڕەشەئامێزەکەی ترامپیش، زۆر لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپی هێشتا ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە هاووڵاتییە ئەورووپییەکانی خۆیان کە چووبوونە ناو داعش، وەربگرنەوە. کەسێکی نزیک لە سەرۆکوەزیرانی دانیمارک دەڵێ: "ئێمە لەبارەی کەسانێکەوە قسە دەکەین کە خەڵکێکی هەرە خەتەرن لە جیهاندا و نامانەوێ وەریان بگرینەوە."

ئیتاڵیایش، بەپارێزە کە داخوا ڕێگەی گەڕانەوەی پشتیوانانی داعش بۆ وڵاتەکەی بدات، تەنانەت بریتانیا هەفتەی ڕۆیی، ڕەگەزنامەی لە پشتیوانێکی تەمەن ١٩ ساڵەی داعش وەرگرتەوە بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی ئەو ئافرەتە بۆ وڵاتەکەی. (ئەو ئافرەتە ناوی "شەیما بیجوم"ە، کە بریتانیای جێ هێشتووە و چۆتە ناو داعش لە سووریا، تەمەنی ١٥ ساڵان بووە و لەوێ شووی کردووە و تازە مناڵێکی بووە).

ئەلیکساندا کوتەی و ئەلشافیعی ئەلشێخ (ئەو دوو داعشە بیانییە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨وە لە لایەن کوردەکانەوە لە باکووری سووریا گیراون) کە گومانی ئەندامێتی لە گرووپێکی داعشیان لێ دەکرێ کە سەری بەبارمتەگیراوە ڕۆژاواییەکانیان بڕیوە، ڕەگەزنامەی بریتانییان لێ وەرگیرایەوە - و چاوەڕوان دەکرێ ڕادەستی ئەمریکا بکرێن. لە هەنگاوێکی بێپێشینەدا، وەزیری ناوخۆی بریتانیا، ساجید جاڤید، تەنانەت ئەمریکییەکانی دڵنیا کردۆتەوە کە بریتانیا گەرەنتیی ئەوە نادا کە ئەو دووانە لەسێدارە نەدرێن. هەردووکیان نکوڵییان لەوە کردووە هەرگیز وەکوو سەربڕ و جەللاد کاریان بۆ داعش کردبێ.

ئەڵمانیایش لە وتووێژدایە کە داخوا ڕەگەزنامە لە هاووڵاتییە داعشییەکانی خۆی وەرگرێتەوە تا ڕێگە لە گەڕانەوەیان بۆ وڵات بگرێ. بە قسەی فرانک شورکۆف، کە شارەزایەکی یاسای نێودەوڵەتییە لە گۆتنگن، ئەوە ڕێگەی تێ ناچێ و نابێ

ئەگەر کەسێک تەنیا ڕەگەزنامەی ئەڵمانیی هەبێ. واتە دەستووری ئەڵمانی ڕێگە نادا هیچ کەسێک بێ ڕەگەزنامە بێ. هەرچەند ئەوە چیرۆکێکی سەخت و دژوارە، بۆ ئەو داعشانەی هەڵگری دوو ڕەگەزنامەن، شورکۆف دەڵێ: لەوانەیە لێکدانەوەیەکی توند و بەرتەسکی یاسا، ڕێگە بە ئەڵمانیا بدات پاسەپۆرتە ئەڵمانییەکانی ئەو کەسانە هەڵبوەشێنێتەوە کە دوو ڕەگەزنامەیان هەیە. بێ لەوەیش، ئەو شارەزایە دەڵێ، کە ئەو داعشانە بە جەنگان لە پێناو ڕژێمێکی دیفاکتۆی داعشدا، نکوڵییان لە ئەڵمانیبوونی خۆیان کردووە.

پلانێکی هاوشێوە لە ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانێتیی حکوومەتی ئێستەی ئەڵمانیادا هەیە، وێڕای کە وردەکارییەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە ناکۆکییان لەسەرە. وەزیری دادی ئەڵمانیا، بێرلی، دەڵێ: "دەبێ لە ئاییندەدا بکرێ و بشێ ڕەگەزنامەی ئەڵمانی لەو کەسانە وەربگیرێتەوە کە دوو ڕەگەزنامەیان هەیە و لە کار و کردەی دوژمنکارانەی میلیشیایەکی تیرۆریستی لە دەرەوەی ئەڵمانیا گلاون." لە نۆڤەمبەری ڕابردووەوە، یاسایەک لە لایەن وەزیری ناوخۆ، هۆرست سیهۆفەرەوە خراوەتە بەردەم وەزارەتی داد بۆ چاوگێڕانەوە. "ڕوونە کە ئێمە چارەسەرگەلێکی وامان دەوێ کە لەگەڵ دەستووری ئێمە و حوکمی یاسادا بگونجێ و تەبا بێ."

لەگەڵ ئەوەیشدا، یاسا بە "اثر رجعي" جێبەجێ ناکرێ و وێدەچێ تەنیا بەسەر ئەو چەکدارانەدا جێبەجێ بکرێ کە لە ئاییندەدا دەچنە ڕیزی میلیشیا تیرۆریستەکانەوە. بەم مانایە، ئەم یاسایە چارەسەری گرفتەکانی ئێستە ناکات. لەوما ئەو تێگەیشتنە هێواش هێواش جێگەی خۆی لە بەرلین دەکاتەوە کە دەبێ ئەڵمانیا شتێ بە شتێ بکا بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە هەنووکە لە باکووری سووریادا ڕاگیراون. وەزیری ناوخۆی ساکسۆنیای ژێری، بۆریس پیستۆریۆس دەڵێ: "لە باری سیاسییەوە، کەس نایەوێ پشتیوانانی داعش وەرگرێتەوە. لەباری یاساییەوە، ئەڵمانیا پابەندە کە هاووڵاتییەکانی خۆی وەربگرێتەوە" و "ئێمەیش داوای گەڕانەوەی هاووڵاتیانی خۆمان لە دەوڵەتانی دیکەدا دەکەینەوە، کاتێ کە ئێمە هاووڵاتیانی ئەوان دەنێرینەوە وڵاتی خۆیان." دەبێ ئەوانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ، کارڕایی پێویستیان لەگەڵدا بکرێ نەک لە "سەنتەرێکی نائاسایی ڕاگرتن و بەندکردن وەک ئەوەی گوانتانامۆ."

حکوومەتی ئەڵمانیا بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ کە چۆن بتوانێ چەکدارە داعشە ئەڵمانەکان بگەڕێنێتەوە وڵات و بگوازێتەوە. ئەوان هەموو پێکەوە ناگەڕێنرێنەوە وڵات، بەڵکە دەبێ شەڕکەرەکانی داعش یەک یەکە، یان بە گرووپی بچووک بهێندرێنەوە ئەڵمانیا، وەکوو فەڕەنسییەکان. بۆ ماوەیەکی درێژ، پاریس لەگەڵ ئەوەدا بووە کە دەبێ جیهادییەکانی فەڕەنسا لە دەرەوەی فەڕەنسادا دادگەیی بکرێن، لێ ئێستاکە، بە یارمەتیی ئەمریکییەکان، دەوروبەری ٥٠ کەس لە پشتیوانانی داعش و منداڵەکانیان، لەوانەیە بە گرووپی بچووک بچووک ڕادەستی فەڕەنسا بکرێنەوە. هەڕەشەی کشانەوەی لەگوینەی هێزەکانی ئەمریکا و ئەو بێسەروبەرییەی کە لە دوای ئەو کشانەوەیەدا دێتە دی، بەسن کە فەڕەنسا بکەوێتە خۆ.

**بەشی شەشەم**

لە ڕوانگەیەکی ئەڵمانییەوە، کارێکی بەجێ و نموونەیە کە دیل و زیندانییەکان لە ڕێگەی سنوورەوە بهێنرێنە هەولێر، لە عێراقدا و لەوێ ئۆفیسەرەکانی پۆلیسی ئەڵمانی لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن. لێپرسینەوە لە لایەن دەزگەی هەواڵگریی ئەڵمانییەوە، بەگوێرەی یاسای ئەڵمانی، بەس نییە بۆ تاوانبارکردن. لە کێسی جینایەتکاریدا، بنەماگەلێکی توند دێنە پێڕەوکردن- لەوانە دەبێ کەسێکی تۆمەتپێکراو پێی ڕابگەیەندرێ کە هیچ ئیلتیزامێکیان لەسەر نییە کە ددان بە تاوانبارێتیی خۆیاندا بنێن. بەڵام گواستنەوەی زیندانییان لە ڕێگەی عێراقەوە تاقە ڕێگەیەکی شیاوە ئەگەر حکوومەتی بەغدا چەکدارە بیانییەکان نەداتە دادگەکانی عێراقی کە حوکمکردن بە لەسێدارەدان ئەگەرێکی ڕوون و ئاشکرایە.

### کاربەدەستە تەمبەڵەکان

باوکی دیرک پی. لە شتۆتگارت چەند مانگێکە داکۆکی لە گواستنەوەی کوڕەکەی بۆ ئەڵمانیا دەکا. ئەو بێئومێدیی خۆی نەشاردووەتەوە؛ تۆمەت دەخاتە پاڵ کاربەدەستانی ئەڵمانی کە تەمبەڵن. باوکی پی. کە وێنەگرێکی پێشووی بواری ڕۆژنامەگەرییە، هێشتا تێ ناگات لەبەر چ کوڕەکەی چووەتە ناو دەوڵەتی ئیسلامییەوە. بە لای ئەوەوە، تیرۆریستان "گێل و دەبەنگی ترسنۆکن." ئەو دەزانێ کە کوڕەکەی، ئەوەی بەسەرە خۆدا هێناوە، لێ هێشتا هەر چی لەدەست بێ، بۆ گەڕانەوەی کوڕەکەی بۆ ئەڵمانیا دەکا و ئاخر ئەو هێشتا کوڕی ئێمەیە. چ وای لە دیرک پی کردووە بچێتە لای داعش، خویا نییە. دیرک پی کەوشدروویێکی پرۆفیشناڵ بووە بۆ خەڵکی سەقەت و بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاندووە کە هەرگیز شەڕی نەکردووە، بەڵام دەست و پێی دەسکردی بۆ ئەو کەسانە دروست کردووە کە بریندار بوون. کوردەکان لە لایەکی دیکەوە، باوەڕیان وایە کە دیرکیش لە کار و کردەی دڕندانە گلاوە.

باوکی ئەو کوڕە توانیویە هەندێ هاریکاریی گرنگی یاسایی بکرێ و وەزیری دادی پێشوو، هێرتا داوبلەر گملین، بەکار بهێنێ. ئەو خانمەیش بڕوای وایە کە دەکرێ دیرک پی بگەڕێندرێتەوە ئەڵمانیا و دەسەڵاتی دادوەریی ئەڵمانیا چاو لە کێسەکەی بکات. لێ شتێک هەیە کە ئەو کێسە زۆرتر دەئاڵۆزکێنێ: دیرک پی کاتێ لە ناوچەکانی بندەستی داعش بووە هاوسەرگیریی کردووە و منداڵێکی هەیە. چ لەو منداڵە و دایکی دەکرێ، ئەگەر دیرک ڕەوانەی ئەڵمانیا بکرێتەوە، ئەو پرسە ڕوون نییە. ژنەکە خەڵکی سووریایە و - بە پێی یاسای ئەڵمانییش هاوسەرگیریی ئەو دووانە بێبنەما و بەتاڵە.

سەرچاوە: http://www.spiegel.de

سەرچاوە: ماڵپەری پێنووس - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٩

## دوا وێستگەی خیلافەتەکەی داعش



**باغۆز...**

**گارا هەمەوەندی**

دواجار ئەو بەناو دەوڵەتو خیلافەتە ناشرین و قێزەونەی ئەبوبەکر بەغدادی ساڵی ٢٠١٤ لە موسڵ رایگەیاند، گەیشتە دوا وێستگەی.. دوایی ئەوەی هەموو ناوچەکانی خۆی لەدەستداو لەئێستادا لەپانتاییەکی کەم بەرگری مان و نەمان لەخۆی دەکات لەگوندی باغۆزی سوریا.

ئەو خیلافەتەی چەندین ساڵ دۆزەخی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دروستکرد کە کۆنترۆڵی کردبوون لەعیراقو سوریا، ئێستا لەلایەن کوردو هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە لەگوندێکی سەر رووباری فورات ئابڵوقە دراوەو ساتی کۆتایی هاتووە، ئەگەر بوونی مەدەنیو گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی ناوچەکانی شەڕ نەبووایە ئەوا هێرشی کۆتایی دەستپێیکردبوو.

دەوڵەتی دڕندەی خیلافەت، دوای ماوەیەکی کەم لەراگەیاندنی لەچەند شەڕێکی خوێناویدا بەرامبەر سوپای عیراقو سوپای سوریاو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا، ناوچەیەکی فراوانی پارێزگاکای نینەواو سەلاحەدینو ئەنبارو بەشێکی دیالەو کەرکوک لەعیراق کۆنترۆڵ کرد، لەسوریاش توانای بەشێکی گەورەی پارێزگاکانی حەلەب و رەقە و دێر زور داگیر بکات.

سەبارەت بەکوردو هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی پەیەدەو یەپەژە، ئەوا دوای ئەوەی رووبەرووی چەکدارانی ئەم خیلافەتە بوونەوە، توانییان هەم بەرگری لەزۆرێک ناوچەی کوردستانی هەردوو بەشی عیراقو سوریا بکەن، هەم توانیان بەرگری توند لەکۆبانێ بکەن و هەروەها شەنگال و جەلەولاش کە ماوەیەک داعش دەستی بەسەردا گرتبوون ئازاد بکەنو لەدەستی

ئەو چەکدارە چەپەڵانەی خیلافەت دەریان بهێنن.

بەشداری کورد و هێزی پێشمەرگە لەسەرەتاوە، لەهاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش، لەدیوی عیراق، رۆڵی هەبوو لەپارێزگاری کردن لەناوچەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچە جێ ناکۆکەکانیش، بەکەرکوکەوە، کە سوپای عیراق هەر لەسەرەتای هێرشەکانی داعش، لێیان کشایەوەو بەرگری لێ نەکردن.

لەرۆژئاوای کوردستانیش، هێزەکانی یەپەگەو یەپەژەو لەچوارچێوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات، وەکو هاوپەیمانی ئەمریکا توانیان ئەو رێکخراوە لەزۆرێک ناوچە شکست پێ بهێننو خودی پایتەختەکەشیان کە شاری رەقە بوو لەسوریا ئازاد بکەن، ئەو هێزانە بەوەشەوە نەوەستانو بەپاڵپشتی فرۆکەکانی هاوپەیمانی، کەوتنە ئازادکردنی ناوچەکانی تری سوریاش کە عەرەبنشینن هاوشێوەی پارێزگای دێرزۆرو توانیان داعش لەهەموو ئەو ناوچانە وەدەرنێن.

دیارە بەشداری کارای کورد لەشەڕی دژ بەداعش لەهەردوو دیوی عیراقو سوریا، تەواو ئەو رێکخراوەی لاوازکرد، ئەوەش بێگومان بەخوێنو قوربانی پێشمەرگەو هێزەکانی سوریای دیموکرات بوو، تەنهاش لەشەڕەکانی پێشمەرگە لەگەڵ ئەو رێکخراوە ١٧٢٠ پێشمەرگە شەهیدبوون، لەپاڵ هەزاران بریندار، ئەمەش بۆ هێزەکانی یەپەگەو یەپەژەش راستەو ئەو هێزانەش شەهیدێکی زۆریان دا لەشەڕ دژ بەو تاریکپەرستانە.

داعش دوای بەردەوامی شەڕ، کەمە کەمە لاوازبوو، بەهۆی هێرشی بەرفراوانی هێزە ئەمنیەکانی عیراق، توانرا شاری موسڵ ئازادبکرێتو حکومەتی عیراق لە ١٠ یۆلیۆی ساڵی ٢٠١٧ کۆتایی خیلافەتەکەی داعشی لەعیراق راگەیاند.

لەودیوی سنوریش لەسوریا، هێزەکانی سوریای دیموکرات لەئێستادا چەکداران و سەرکردەکانی ئەو رێکخراوەیان لەپانتاییەکی تەسکی گوندی باغۆز ئابلوقە داوەو بەگرتنی ئەو ناوچەیە، کۆتایی یەکجارەکی بەو خیلافەتە مەزعومە دێت، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ماڵوێرانی و کشتوبڕی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٩

## چارەنووسی چەکدارە دیلەکانی داعش



**بورهان شێخ ڕەئوف**

ئەوەی بۆتە بابەتی رۆژەڤو رووبەرێکی زۆری میدیاکانی جیهانو ناوچەکەشی داگیرکردووە، چارەنووسی چەکدارە دیلەکانی دەوڵەتی ئیسلامییە لەعیراقو شام، چونکە پێکهاتەی ئەو هێزە رەشپۆشە فرە رەگەزە کە لەهەموو کونو قوژبنێکی ئەم جیهانەوە هاتبوون بۆ عیراقو سوریا ئێستا لە دوای تێکشکانی ئەفسانەکەیان، بوونەتە بارێکی قورس بۆ وڵاتەکانیانو کەس خۆی ناکات بە خاوەنیانو مرۆڤایەتیی شەرمەزارە لە ئاست تاوانەکانی ئەو تاقمو باندە توند ئاژۆو خوێنڕێژە.

ئێستا ئیتر وڵاتە ئەوروپییەکان دەبێت هەڵوێستی خۆیان یەکلایی بکەنەوە لەمەڕ چارەنووسی ئەو سەدان چەکدارەی کە لەڕیزەکانی داعشدا بوونو توندوتیژییان ئەنجامداوە، هاووڵاتی ئەوروپینو ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانەیان پێیەو لەزیندانەکانی هەسەدە-دان لەباکوورو رۆژهەڵاتی سوریا یان هەندێکیشیان لەعیراقو هەرێمی کوردستانن، یان لەلایەن هەسەدەوە رادەستی حکومەتی عیراق کراونەتەوە.
لەکاتێکدا ئەمریکا فشار دەکات لەوڵاتە ئەوروپییەکان کە ئەو هاووڵاتییانەیان تێوەگلاون بەکاری توندوتیژی لەڕیزەکانی داعش، وەربگرنەوەو رێکاری یاساییان لەبەرامبەر بگرنەبەر، لەهەمانکاتدا وڵاتانی ئەوروپی وەکو ئەڵمانیاو فەرەنساو بەریتانیا لەهەوڵی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکدان کە ئەو چەکدارانە نەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، لەبەر چەند فاکتەرێک کە بە پلەی یەکەم سیاسییە.

هەموو ئەمانە لەکاتێکدا دێن کە هێزەکانی سوریای دیموکرات گەمارۆی تەواویان خستۆتە سەر چەکدارەکانی داعش لەناوچەی باغۆز، کە پێدەچێت لە هەرئانو ساتێکدا تەواوی بنکەو بارەگاکانیان ئازاد بکەن. هەرچەندە شەڕەکە زۆر

بەشی شەشەم

سەختەو هیچ مەودایەک لەنێوانیاندا نەماوەو تێکەڵ بە یەک بوون، تەنانەت رۆڵی هێزی ئاسمانیو رۆکێتو تەکنۆلۆجیاش نەماوەو هەموو پاشماوەی چەکدارە تاوانبارەکان خۆیان بۆمبڕێژ کردووەو لەتونێلەکانیاندا خۆیان حەشارداوە، بەڵام گەمارۆدراونو هیچ کۆمەکو ئیمدادێکیان پێناگات، بۆیە لەکۆتاییدا هەر دەبێت خۆیان بدەن بەدەستەوە یان بجەنگن تا دەکوژرێن.

بۆیە لەئێستادا چارەنووسی ئەو چەکدارانە بەگەرمی کەوتۆتەوە بەر باس بەتایبەتی چارەنووسی ژنو منداڵەکانیان، چ ئەوانەی رەگەزنامەی ئەوروپیو بیانیو ئەوانەی رەگەزنامەی عیراقییان هەیە، لەنێو ئەو وڵاتانەدا فەرەنسا خۆی یەکلاییکردۆتەوە کە لەعیراقو بەگوێرەی یاسای عیراقی هەموو ئەو هاوڵاتییە فەرەنسییانەی لەریزەکانی لەشکری رەشپۆشی داعشدا بوون، دادگایی بکرێن. بەڵام وڵاتانی تری وەکو بەریتانیاو ئەڵمانیا لەنیوەی رێگادا وەستاونو خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە کە ئایا وەریانبگرنەوەو رووبەڕووی یاسایان بکەنەوە، یان رەگەزنامەکانیان لێ بسەننەوەو بێبەرییان بکەن لەمافی هاووڵاتیبوون؟

لەساڵی ٢٠١٤ و لەراگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەی ئیسلامی داعشەوە، رێژەیەکی زۆری هاووڵاتی ئەوروپی بەتایبەتی ژن، پەیوەست بوون بەو رێکخراوە تیرۆریستییە کە رێژەکەی ١٦ - ١٧% لەو شەش هەزار کەسەی کە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپاوە کۆچیان کردووە، ژنن.

لەلایەکی تریشەوە، روسیاش هەمان کێشەی هەیە کە ئەوانیش نزیکەی ٤٠٠٠ ژن پەیوەست بوون بە ریزەکانی داعشەوە لەسەر زاری سەرۆک پوتین خۆیەوە، بێجگە لەوەی ٥٠٠٠ ژنی تر لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشووەوە پەیوەندییان کردووە بە داعشەوە، جگە لەوەی باس لەوەش دەکرێت ١١٠٠ منداڵیشیان لەگەڵدایە.

لەکۆتاییدا ئەوەی دەبینرێت هەموو حزبو تاقمە پۆپۆلیستەکانی ئەوروپا کە تازە هەڵکشاون، دژ بەوەن ئەو تیرۆریستانە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، هەر ئەوەش وای لەو وڵاتانە کردووە بیر لەوە بکەنەوە کە رەگەزنامە لەو هاووڵاتییانەیان بکشێننەوە. لەلایەکی تریشەوە فشارەکانی ئەمریکاش لەو وڵاتانە کە هاووڵاتییەکانیان وەربگرنەوە، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر وەریان نەگرنەوە، ئەوا هەسەدە ئازادیان دەکات، ئەوەش هەڕەشەیەکی جددییە کە ئەوانە بە رێگەیەک لەرێگەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیانو ئاسایشو ئارامی ئەو وڵاتانە دەخەنە مەترسییەوەو دوور نییە چەندین کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، لەکاتێکدا هەمووان دەزانین کە داعش سیاسەتو تاکتیکەکانی گۆڕیوە بۆ گورگی تاک کە بە تەنیا لە هەر شوێنو رێیەکدا بۆیان لووا، گورزی خۆیان بووەشێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پاشماوەی داعش بەرەو کوێ؟



**هیوا محەمەد**

به بەرچاوی هەمو جیهانەوە داعش لە سوریادا وەک هێزی چەکدار لەسەر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات کۆتایی دێت و وەک پاڵەوانی یەکەم دەناسیندرێت. فەرەنسا باجی ئەوەی دا کە بەشداری کرد لە هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعش، ئەویش بە چەند کارێکی تیروریستی لەناو فەرەنسادا، هەندێک وڵات بۆ پاراستنی ئەمنییەتی خۆیان نەهاتنە پێش و هیچ کارێکی تیروریش نەیگرتنەوە.

لە ئێستادا دەبێت کورد وەک تاک و وەک حزبیش خۆی ئامادە بکات کە باجی ئەم سەرکەوتنانە دەدات و چاوەڕوانی ئەوە بێت کە چەندین کاری تیروریستی لە دژی ئەنجام بدرێت، ئەمەش تەنها لەو روانگەوە نا کە باسمان کرد بەڵکو هۆکارێکی تر تورکیایە، ئەمان هەوڵ دەدەن ئەو پاشماوانەی داعشییەکان رێک بخەنەوەو بیان کەن بە گژی کوردا، ئەم داعشییانەی کە خۆیان بەهەزار حاڵ کۆیان کردنەوە لە گشت گۆشەیەکی جیهانەوەو خزاندنیانە ناو سوریا(دەزانین کە سەرەتا و ئێستاش تورکیا بە دروستکەری داعش ناسێندراوە)

ئەو هەموو لیدوانە دژانەی سەرانی ئاکەپەبەرامبەر بە کورد بەخۆڕایی نیەو وای لێ چاوەڕوان دەکرێت کە پشتگیری هەر فەردێک بکات بیەوێت دژایەتی کورد بکات، لێرەوە ئەوەی کە پێویستە لەسەر کورد دەستگرتنە بەسەر پاشماوانی داعشییەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایەو ئازادیان نەکات یاخود نەیاندات بە تورکیا و رێگەشیان لێبگرێت کە فیرار نەکەن بەرەو ئەوێ.

بەشی شەشەم

هەرچی هاوپەیمانییە بست بە بستی سوریا دەگەڕا بە شوێن داعشدا کەچی ئەوەی سەیرو سەمەرەیە ئێستا ئەم هەمووە کەوتوەتە بەردەستیان و خۆیان ناکەن بە ساحێبی، ئەم گیراوانە یان تەسلیم بوانە ناکرێت چاوڕوانی تۆبە کردنیان لێ بکرێت و ببنەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی، هەموو دەزانین مەرجی کارکردن لەگەڵ داعش کوشتنی مرۆڤێک بووە، هەرکەس ویستبێتی لەگەڵیان کار بکات ئەوە بۆ تاقی کردنەوەی ئامادەییەکەی کەسێکیان پێداوە بیکوژێت، کەوابوو ئەمانە مرۆڤ کوژن کەلە ئێستادا گیراون ئەمە وێڕای هەڵگری بیری چەپەڵیان بە پیاو و ژن و منداڵەوە.

ئەمانە هیچ ئەزموونێکیان نەبوو کاتێک چونە ناو داعش، بەڵام ئێستا هەریەکەیان کادیرێکی بەتوانای کاری تیرورە، کەوایە لە ئێستادا مەترسییان زیاترە، مانەوەشیان لە زیندان و پێکەوە بوونیان وەک گروپ زیاتر خۆیان رێک دەخەن و بەهێز تر دەبن، ئەوان سەربازی سوپای وولاتێک نینتا وەک دیل مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت یان وا بۆیان بڕوانین کە لە ئەرکی سەربازیدا بوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە جگەلەوەی کە خۆیان بە خواستی خۆیان هاتوون هەریەکەشیان بەشدارە لە ئەنجامی تاوانی دژە مرۆڤی.

لەبەر ئەوە پێویستە بەپەلە هەنگاو بندرێت بۆمامەڵە لەگەڵ پاشماوەی داعش، نابێت هەروا بە ئاسانی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگاکان ، لەکاتێکدا کە هەسەدە توانای دارایی و ئەمنی داڵدەدان و خزمەت کردنیانی نیە، ئەوانە گەر زیندانیش بکرێن یان بخرێنە کەمپەوە ترسی ئەوەیان دەبێت کە بەهاوکاری تورکیا بە چالاکییەکی سەربازی ئازاد بکرێن، ئەمەش نەبێت هەسەدە ناتوانێت خەرجی بەخێوکردنی ئەوانە لە ئەستۆ بگرێت، هەرچی وولاتانێکیشە کە خاوەن رەگەزنامەی خۆیانی تیادایە ناوێرن وەریان بگرنەوە یەک لەوانە سویدە لەسەر ئاستی حکومەت و خەڵکیش ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە هیچ کام لەو داعشییانە بگەڕینەوە سوید، ئەڵمانیش دەڵێت ئەگەر پاسپۆرتیان پێیە با بگەڕێنەوەو بەریتانیش پێی وایە ئەمە پرۆسەیەکی هەروا ئاسان نیە.

خۆزگە هەسەدە بواری تەسلیم بوونی بۆ نەدەڕەخساندن و هەموویان تێکەڵی باروت دەبوون و دەکران بە ژێر خاکەوە، بەڵام کە گەیشتوە بە ئێرەش دەبێت زۆر بەگرنگی بۆی بڕوانن، لەدەست دانی ئەمانە و ئازاد کردنیان داهاتوویەکی خراپتر بۆ کورد دەخوڵقێنێ، ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئەبوبەکر بەغدادی لەدوای ئەوەی لە زیندانی بوکای لای بەسرە ئازاد کرا ئەم جار توند تر و سەخترانە کەوتە ناو جیهادەوە، لە سیاسەت و حزبایەتیشدا هەروایە ،کاتێک ئەندامی حزبێک دەگیرێت و دواتر ئازاد دەکرێت ئەوە سەر سەخت تر دەبێت بەرامبەر بەو لایەنە، دەبوا حکومەتی عێراق رێگەی نەدابایە کەسێکیان لە بن دەستی دەربچێت و تۆڵەی ئەو هەزاران شیعەیەی لێیان بکردایەتەوە کە بە ریز سەردەبڕان، کەچی هیچیان لێ نابیستی.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی شەشەم

ماوە بڵێین هەر لایەنێکی ناوچەکە جگە لە کورد ، جێگەی متمانە نین ئەم پاشماوانەیان بدرێتێ چونکە هەموویان لە دژی کورد بەکاریان دەهێننەوە، هەر بۆیە دەبێت کورد خۆی چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە بەهاوکاری ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی، خۆ دەڵێن پوتینی روسیا زۆر سەختە لەگەڵ تیروریستان بەڵکو بیان بات بۆ سیبیریا لەوێ کانێکیان پێ دەربێنێ هەتا دەمرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٩

## سوریا و قۆناغی دوای باغوز



**ئیدریس جەبار**

پاککردنەوەی دوایین ناوچەی سوریا لە چەکدارانی دەوڵەتی ڕێکخراوی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسدە)، پێناچێت لەسایەی ڕەوشی ئەمنی و سیاسی ئێستای ئەو وڵاتەدا کۆتایی تەواوەتی تەوژمی توندڕەوی بێت، لەکاتێکدا هێشتا ئیدلیب لە باکووری خۆرئاوا، پڕە لە توندڕەوەکان و بۆتە گەورەترین مۆڵگە بۆ داڵدەدانی ئەو جیهادیانەی لە قۆناغەکانی دواتردا دەبنە مایەی هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری.

ڕەنگە بە کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی باغوز لەلایەن شەڕڤانانی (هەسدە)وە، بۆ ماوەیەک کەفوکوڵی هێرش و پەلاماریی توندڕەوەکان لە خۆرهەڵات و باکووری سوریادا بنیشێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت دەستپێکردنی شێوازێکی تری ڕووبەڕووبونەوەی ئەو گروپە بێت کە لەگەڵ خۆڕادەستکردنیشی، هەڕەشەی گەڕانەوە و تۆڵەکردنەوە دەکات.

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، بەو پێیەی جیاواز لە گروپ و ڕێکخراو و حزبە ئیسلامییەکانی تر، ڕێکخراوێکی جیهانییە و شێوازی ڕێکخراوە باوە تەقلیدییەکانی تێپەڕاندووە، چاوەڕوان دەکرێت لە دوای شکستە سەربازییە گەورەکانیش، جارێکی تر لێرەو لەوێ سەرهەڵبدات و بە شێوازیی جیاجیا دەربکەوێت و مەترسی گەورە لەسەر ئاسایشی سوریا و ناوچەکە دروست بکاتەوە.

پاککردنەوەی باغوز لە داعش، خاڵی وەرچەرخان نابێت لە ڕیشەکێشکردنی توندڕەوە ئیسلامییەکان لە سوریا، بەڵام دەکرێت بە هەنگاوێکی گەورە لە شەڕی دژ بە تیرۆر دابنرێت و بکرێتە سەرەتایە بۆ کپکردنی تەوژمی توندڕەوی کە چەند ساڵێک لەمەوبەر وەک هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بۆسەر تەواوی جیهان تەماشادەکرا.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی شەشەم

شەڕی باغوز و کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەکە و کوژران و بەدیلگرتنی پاشماوەی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەو ناوچەیەدا کۆتایی دێت، ڕەنگە لەپاش ئەوە بۆماوەیەکی کورت ئارامی باڵ بەسەر سنورەکانی خۆرئاوای سوریا لەگەڵ عیراقدا بکێشێت، ماوەیەک کە هاوشێوەی بێدەنگی و ئارامی پێش گەردەلول و باوبۆرانێکی بەهێز دەبێت.

قۆناغی دواتر کە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە و پشووی شوێنکەوتوانی بە ناو خەلەفەتەکەی ئەبو بەکر بەغدادی دەبێت، هاوشێوەی عیراق، لە ناوچە دوورەدەستەکان و بیابانییەکانەوە پیلان بۆ هێرش و پەلامارەکان دادەنێن و لەسەر بنەمای لێدان و هەڵاتن کاردەکەن، بوونی گەمەگەرە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانیش لە سوریادا، جارێکی تر فاکتەرێکی یاریدەدەر دەبێت بۆ چەکەرەکردنەوەی ڕێکخراوەکە و دەرکەوتنەوەی لەژێر ناوێکی تردا.

سوریای دوای قۆناغی باغوز، لەگەڵ ئەوەی کۆتایی توندڕەوی ناگەیەنێت لە وڵاتەکەدا، چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەی تر دەهێنێتەئارا، گرنگترین ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەش خۆیان لە: چارەسەرکردنی ڕەوشی نائاسایی ئیدلیب، پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمریکا، بوونی هێزە ئێرانییەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ کورد،و چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تردا دەبینەنەوە کە ڕەنگە دیمەشق و ڕوسیای هاوپەیمانی بەشێوەیەکی ورد کاری لەسەر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٩

## ئاخیرزەمانێکی هەنووکەییی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: داعش وەکوو دیاردەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی



**مایکل ملیشتین***

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم**

لەم مانگانەی ڕابردن، زۆر کاربەدەستی پلە باڵای کاربگێڕیی سەرۆک دۆناڵد ترامپ، لافی ئەوەیان لێ داوە کە "خەلافەت چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە و هاکا داڕووخا". بەم دوا دواییەیش، ترامپ خۆی (بەپەلە و پێشوەختە) گوتی ئەو ناوچە و دەڤەرانەی کە سەروەختێ لەبندەستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا بوون، کۆنترۆڵ کراون. ئەم گەشبینییە ئەمریکییە، لە زنجیرەیەک تێکشکان و دۆڕانی یەک لە دوای یەکی داعش لە عێراق و سووریادا سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە حاڵی حازر تەنیا چەند پۆرگ و لان و کاشانەی بچووک بچووکی لەسەر سنووری نێوان سووریا - عێراقدا بەدەستەوە ماوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم گەشبینییە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە و، هەروابێتەوە ڕاڤەکردنێکی ڕەگ و ڕیشەکانی دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بە ناوچەکەدا بڵاو بووەوە.

دەوڵەتی ئیسلامی لە هەوڵدا بووە کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی دوو سەد ساڵی کارلێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاوادا، هاتوونەتە دی، سەرەوژێر و قلێپ بکاتەوە. داعش ئەو دەوڵەتە - نەتەوانەی لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە پێک هاتوون و ئەو سنوورانەی لە لایەن هێزە سەرکەوتووە ڕۆژاواییەکانەوە کێشراون؛ ئەو بەهایانەی کە بە هۆی یاسای ڕۆژاوایی شێوە و شکڵیان گرتووە و کاریگەریی کەلتووری ڕۆژاوایی لەسەر جلوبەرگ و بنەما و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان؛ ئەو سیستەمی بەهایانەی بایەخ بە مافەکانی تاک، ئازادیی ئاخاوتن و کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێزگرتن لە کەمینە ئیتنی و ئایینییەکان دەدەن، ڕەت دەکاتەوە. داعش، هەر هەموو ئەوانە بە بەرجەستەبوونێکی ئەو جیهانە کەچ و خوار کە ڕۆژاوا

شێوە و شکڵی پێ داوە و بەسەر ناوچەکەیدا سەپاندووە، چاو لێ دەکا. لە جێگەی ئەوانەدا، داعش دەیەوێ سیستەمێکی ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دابمەزرێنێ و سەد دەر سەدی شەریعەتی ئیسلامی تێدا جێبەجێ بکا کە تەنیا و تەنیا لەسەر یەک لێکدانەوە و شرۆڤەکردن ڕۆ نرابێ، تەنانەت بە بێ ئەوەی داعش هیچ پاساوێکیشی بۆ لەڕێلادانی ڕادیکاڵانەی خۆی لە نۆرم و بنەما پەسندکراوەکانی شەریعەت هەبێ.

سەرهەڵدانی داعش، بەرجەستەی ئاراستەگەلێکی بەقووڵداچووی ناو کۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتی و ناو نەوە گەنجەکان بەتایبەتی دەکا. وێدەچێ داعش، تا ڕادەیەکی زۆر، تەعبیرێکی توندڕەوانە بێ لە دەنگی نەوەی گەنجی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە لە نەوەدەکانەوە سەری هەڵداوە و، پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێوەندی و کەلتوورییەکان کە سەرانسەری جیهانیان داگرتووە، زاتیان لەبەر ئەو نەوەیە نابێ. لە ڕاستیدا تەمەنی ئەندامەکانی داعش نیشانی دەدەن کە ڕێکخراوی داعش لەسەر نەوە نوێیەکانی ناوچەکە بنیات نراوە. داعش توانیویە خەڵکێکی گەنج، بە منداڵ و هەرزەکارانیشەوە، بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. گەنجان، تا ڕادەیەکی زۆر، بەرجەستەی قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەکەن کە وەکوو ئاکامێکی لەباریەکچوون و هەڵوەشانەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانی وەکوو نەوەیەکی نوێ، لێ پێک هاتووە.

ژیانی گەنجان، لە جۆش و خرۆشێکدا بۆ هێنانەدیی نیزامیکی نوێ کە ڕابردووی ناخۆش و ناسازی ئەوان بسڕێتەوە، کورت بووەتەوە. کۆمەڵانی خەڵکی گەنج لە باکووری ئەفریقا، لە عێراق، لە سووریا، لە ئوردن، لە غەززە، لە عەرەبستانی سعوودی و تەنانەت لە ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای ڕۆژهەلاتیشدا بە هۆی پرسگەلێکی هاوشێوەوە خۆیان لەناو داعشدا بینیوەتەوە؛ بەو پێیەی ئەوان وەکوو گەنج بەشدارییان لە شۆڕشگەلێکی گەورەی سەدەی بیستەمدا کردووە. ئەو خەڵکە گەنجانە هیچ سەروکارێکیان بە فەزای کەلتووریی ترادیسیۆناڵی یان خێزانییەوە نییە و هاتوونەتە ناو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕەوە کە دەیەوێ نیزامی کۆن لەنێو ببا و، نیزامێکی نوێ لە جێگەیدا ڕاست بکاتەوە. گەنج و خورتێکی زۆر وەکوو پێشەنگی ئەو بزاڤە سەیری خۆیان دەکەن و داعشیان پێ وەکوو خێزان وماڵباتێکی نوێیە؛ هاوشێوەی ڕۆڵی ستالین لە یەکێتیی سۆڤیەت، یان نیزامی نوێی بنەماڵەییی پۆل پۆت لە کامبۆدیا، وەکوو جەنگاوەرە موسڵمانەکان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەفغانستان، یان چیچانییەکان لە نەوەدەکاندا، هاتوونەتە ڕێزی بزووتنەیەکی شۆڕشگێڕانەوە کە مانا و واتایەک بە ژیانیان دەبەخشێ و ئاسۆیەکی ئایدیۆلۆژیک و کەسایەتییان لەبەردەمدا دەکاتەوە کە لەو ناوچە و دەڤەرە هەژارنشینانەی ئەوان (واتە گەنجەکان) لێیانەوە هاتوون، دەست ناکەوێ و دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ خۆپێگەیاندنی گەنجان تێدا نییە.



سەرچاوە
Serchawe

دەكرێ پرۆفایلی ئەو خەڵكە گەنجانەی دەچنە ڕیزەكانی داعشەوە، بە پرۆفایلێكی زیواڵ زیواڵ، نامۆ و گۆشەگیر پێناسە بكرێ. لە جیهانی ڕۆژاوادا، دەرفەتی سەرنجڕاكێش لە بەردەم گەنجاندا هەیە و، لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن و مۆبایلەكانەوە، سەرنجی ئەو نەوە نوێیە نائومێدەی موسڵمانانیان ڕاكێشاوە. فەزای "تۆڕ"ە كۆمەڵایەتییەكان كە لە ژیانی گەنجانی عەرەب و موسڵماندا باوە، زەوینەیەكی بەپیتیشی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی پێك هێناوە. داعش و جیهانی دیجیتاڵی كاتڕابواردن، هەمان سەرچاوەی ئیلهامن بۆ گەنجان كە بەئاسانی لە ڕێگەی كلیكێكی خێرای كیبۆردی كۆمپیوتەرێك یان سمارتفۆنێكەوە بەئاسانی دەستیان هەم بە داعش و هەم بەو جیهانە دیجیتاڵییە ڕادەگا. وەكوو هەر نمایشێكی دیكەی واقع، ڤیدیۆكلیپ یان یاری و گەمەی ئۆنلاین، داعشیش لە ڕێگەی جیهانی دیجیتاڵییەوە، وەڵامگەلێكی ڕوون، كورت و دیاریكراو و لە سەرووی هەموویشیانەوە بە مانای خەڵكی گەنج دەداتەوە. سەلاحەددین بەرەكات، كە لە بنەڕەتدا پێشنوێژێكی خەڵكی لوبنان و ئێستا لە شاری "مالمۆ"ی سوید دادەنیشێ، بە شێوەیەكی ڕوون و خویا، باس لە بانگەواز و گوتاری داعش دەكا: "ئەو گەنج و لاوانەی چوونەتە سووریا لە كایەی خوێندنی قورئاندا پێ نەگەیشتوون و گەورە نەبوون، بەڵكە لەناو یاری و گەمەكانی ڤیدیۆ، هۆلیوود و MTV دا، لەناو كەلتوورێكی تژی توندوتیژیدا گەورە بوون و، كاتێ سەیری ڤیدیۆكانی داعش بكەیت، دەبینی ئەو خەڵكە گەنجە بانگ بۆ جیهانی ئایین ناكەن، ئەوان بانگ بۆ گەمەكانی كۆمپیوتەر و كتێبەكانی ڕادەهێڵن." (١)

"دیاردەی داعش" شان بە شانی ئاراستەیەكی هاوتەریب سەری هەڵداوە كە ژمارەیەكی بێوێنەی خەڵكی گەنج لە جیهانی عەرەبیدا توخمەكانی كەلتووری ڕۆژاواییان وەرگرتووە و پێڕەوییان لێ دەكەن. ئەم ئاراستەیە بەشداریی لە ئاوات و خەونە تاكەكەسی و بەكۆمەڵەكاندا كردووە بە ڕۆحی خۆسەلماندن و خۆپێگەیاندن، بەرەوپێشچوونی وەزیفی و پیشەیی و خوێندن، لە تەك ڕەشبینی و بێمتمانەیی و گومانكاری و هەندێ جار بێزكردنەوە لە سەرچاوە نەریتییەكانی دەسەڵات (حكوومەتان و سەركردایەتیی جڤاكی) و، ئارەزووی خۆڕاپسكاندن و خۆڕزگاركردن لە كۆت و زنجیرەكانی تراديسيۆن؛ ئەم ئاراستەیە بەتایبەتی لەنێو ئافرەتاندا دەبینرێ. ئەم دوو ئاراستەیە، وەكوو دەبیندرێ لە فەزای تۆڕی دیجیتاڵ و ئۆنلایندا، سەریان هێناوەتە دەرێ، لەوما پێوەندی و ڕایەڵەیەكی سیمولێك لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە. چەندە بێئومێدیی خەڵكی گەنج زۆرتر ببێ، وەكوو ئەنجامێكی ناتوانایی لە بەدیهێنانی خەون و ئاواتە تاكەكەسییەكانی خۆیان كە لە ڕێگەی كەلتووری ڕۆژاواییەوە ئاشنای ئەو ئاوات و خەونانەیان بوون، ئەوا دیسان وەكوو ئەنجامێكی ئەو بێئومێدی و وەڕسبوونە، هەندێكیان ڕوو لە داعش دەكەن.

داعش نەك هەر جۆرێ لە مانا بە هەرزەكاران لە هەر دوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەدا، بەڵكە ئەو مانایە بە خەڵكێكی زۆر عەرەب و موسڵمانانیش دەدا كە لە ڕۆژاوادا دەژین. بە لای ئەوانەوە، داعش نوا و پەنایەكە بۆ ڕاكردن لەو بێئومێدییە كەڵەكەبووەی كە لە ئەنجامی گرفتەكانی تێكەڵی لەگەڵ كۆمەڵگە ڕۆژاواییی و ئەو فەزا كەلتوورییانە دروست

بوون، لەو ساتەوەی کە دایک و باوکیان لەو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییيانەدا جێگیر بوون. داعش وەکوو ئامرازێک بۆ ڕزگاربوون لە نائومێدی، بۆ "قەرەبووکردنەوە"ی نامۆبوونی منداڵێتیی خۆیان دێتە بەکارهێنان. لەم ساڵانەی دواییدا، بە هەزاران موسڵمان کە لە ئەڵمانیا، بریتانیا، فەرەنسا و بەلژیکاوە هاتوونەتە ناو ڕیزەکانی داعش، ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی قووڵی کەلتووری کۆڕ و کۆمەڵە موسڵمانەکانی ڕۆژئاوایە، کە گرفتێکی جددی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دروست دەکەن. ڕق و کەربی هەندێ گەنجی موسڵمان دەرهەق بەو شوێن و جێیانەی لێی هاتوونەتە دنیا و گەورە بوون و خوێندوویانە، لەناو گوتاری داعشدا وەکوو چارەسەرێکی بەهێز ڕەنگی داوەتەوە. بە هەمان مانا، ئەو بێزاری و کەرب و کینەیە نیشانی دەدا کە سیستەمی خوێندن و پەروەردەی ڕۆژئاوایی، کاریگەرییەکی سنووردیان بۆ سەر گەنجانی موسڵمان هەیە.

نووسەری تونسی، "هادی یەحمەد" لە کتێبە پڕفرۆشەکەی خۆیدا "كنت في الرقة... ذكريات هارب من داعش" (من لە ڕەققە بووم... بیرەوەرییەکانی ڕاکردووێکی داعش)، بە شێوەیەکی کۆنکرێت ئەو ناکۆکی و دژبەرانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی گەنجێکی عەرەب دەبنەوە، دەردەبڕێ. هەر ئەو ناکۆکییانەیش وا دەکەن گەنجێ بچێتە ناو ڕیزەکانی داعشەوە. کاراکتەری ئەم کتێبە، موحەممەد فاهیم ناوێکە، کە کوڕێکی گەنج و ساڵی ١٩٩٠ لە دۆرتمۆند - ئەڵمانیا لە خێزانێکی کۆچبەری تونسیدا لەدایک بووە. ئەو ماڵباتە لە سەرینی داتەپینی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییيەوە، لە وەختێکدا کە فاهیم منداڵ بووە، گەڕاونەتەوە تونس. لەوان ساڵاندا، زەین ئەلعابدین بن عەلی حوکمڕانیی تونسی کردووە و زەوینەیەکی بەپیت بۆ بوونی فاهیم بە چالاکوانێکی ڕادیکاڵی سەلەفی لە ئارادا هەبووە- ئەویش هەستکردن بووە بە نەبوونی هیچ ئاسۆ و دەرەتانێک لە بەردەم زۆرینەی نەوەی گەنجی تونسدا؛ دابڕان و نامۆبوونێکی قووڵ لە ڕژێمێکی گەندەڵ؛ ماوەیەک مانەوە لەناو زیندانی دەوڵەتدا کە لەوێ موحەممەد فاهیم تێکەڵاوی ڕادیکاڵەکان بووە. ئەو کتێبە ساڵی ٢٠١٧ بڵاو کراوەتەوە و باس لەو ڕێچکە پێچاوپێچەی فاهیم دەکا بە ئاراستەی داعش: دەرچوونی فاهیم لە زیندانی تونس، گەیشتنە سووریا، شەڕکردن لە پێناوی داعش، بێئومێدبوون لەو ڕێکخراوە و لە کۆتادا وازهێنان و ڕاکردن لە داعش (٢).

عەبدولباری عەتوان، سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی قودسی ئەلعەرەبی و، حسام شاکری چاودێری فەڵەستینیش لە نووسینەکانی خۆیاندا، باسیان لە ڕەگ و ڕیشە کەلتوورییەکانی داعش کردووە. ل گۆڕ ئەو دووانە، داعش ئەنجامی فەشەلی بەربڵاوی جیهانی عەرەبی بووە کە تا سەر ئێستا نەوەی نوێی سەغڵەت کردووە. ڕژێمگەلی عەرەبی بەو ملهوڕی، بەو گەندەڵی و سیستەمە خراپەی پەروەردە و بەو سەرکردایەتییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی خۆیانەوە، فەشەلیان هێناوە و نەیانتوانیوە هەژاری و نەداری، بێکاری و نامۆبوون لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا چارە بکەن. بەپێی لێکدانەوەی ئەو دوو نووسەرە، داعش بەشێکی بەرچاوی تینوگوڕ و بڕستی خۆی لە نائومێدییەکی وجوودیی قووڵ وەردەگرێ کە لەنێو گەنجانی عەرەبدا ڕەگی داکوتاوە؛ واتە نامۆبوون لە هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵات کە دەوری لاوانیان داوە و هەروابێتەوە

نامۆبوون لە ئایدیۆلۆژییە عەلمانییەکان کە دەبوایە ڕێنوێنی ژیانی گەنجان بوونایە. (٣)

داعش تێکەڵەیەکی کۆن و نوێیە. لە سەرێکەوە، ئەم دیاردەیە ڕەهەندگەلێکی داهێنانەی هەیە بۆ تێکوپێکدانی نیشانە و ئاماژە کۆنە سیاسی، کەلتووری و گشتییەکانی جیهان (ئیسلامی) و، دامەزراندنی نیزامێکی نوێ لە جێگەیدا بە: سیستەمێکی یاسایی نوێ، دراو، ئاڵا، دەوڵەت و ساڵنامە، سیستەمێکی جیای سیاسی و، لە هەموویشیان گرنگتر، سەرچاوەگەلێکی نوێی ناسنامە، چ بۆ تاک و چ بۆ کۆ، کە بەتەواوی جیا بێ لە سەرچاوەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و، لەو چەمک و دەستەواژە ئەورووپییانەی وەکوو نەتەوە و دەوڵەت، کەوتووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، داعش "تەواو نوێ"یش نییە. وێڕای دژمنایەتی دەگەڵ پێشکەوتن و گەشەی ڕۆژاوایی، داعش پێڕەوی لە چەندین سیما و بیچمی مۆدێرنیتە دەکا، بەتایبەتی چۆنچۆنی نزیککەوتنەوە لە کۆمیونیکەیشن و بەکارهێنانیدا: بەکارهێنانی بەربڵاوی سۆسیال میدیا؛ دامەزراندنی پێوەندیی بازرگانی (نارەسمی) لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا و؛ دابەشکردنی بەلاڤۆکی ناو بە ناو بە چەندین زمانی جیاجیا و ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێ کە داعش وەکوو خوانەناس سەیریان دەکا، یان ئاراستەی ئەو موسڵمانانەی ڕۆژاوا دەکرێ کە بە زمانەکانی جیهانی ئیسلامی قسە ناکەن.

بێ لەوەیش، داعش گەلێ نموونەی سیاسی، کەلتووری و ئایدیۆلۆژیی دەیان ساڵە و بگرە سەدان ساڵەی دوایی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پێ دەناسرێتەوە بە شێوەیەکی زۆر توند و بێوێنە دێنێتەوە گۆڕێ. دوا بە دوای ڕاپەڕینەکانی "بەهاری عەرەبی" و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، جەوهەری سیاسی و کەلتووری و ئایدیۆلۆژیی ئەو نموونانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون، کەوتەوە ڕوو: دوژمنایەتیکردنێکی بەهێزی ڕۆژاوا؛ گرژیی بەقووڵی ڕۆچووی نێوان گرووپە ئیتنی و ئایینییەکان و؛ لێکدانەوەی ڕادیکاڵانەی شەریعەتی ئیسلام. ئەو تۆوەی کە لە ڕابردوودا وەشێنراوە، ئەمڕۆ هەلومەرج و دەرفەتی شینبوون و بلەز بڵاوبوونەوەی بۆ هەڵکەوتووە و لە نموونەی داعشدا دەرکەوتووە کە کارەساتی نایەوە.

هەم لە ڕۆژاوا و هەم لە جیهانی عەرەبیدا، هۆشداری دەدرێ کە هەق نییە پێشوەختە و زوو جاڕی تێکشانی داعش بدرێ. عەبدولستار ئەلخادیمی، کە ڕۆژنامەنووسێکی تونسییە، هۆشداری دەدا کە هەق نییە پێشوەختە ئاهەنگ بۆ کۆتاییهێنان بە داعش بگێڕدرێ و دەڵێ: مەترسی و قەڵای بەهێزی داعش لەناو هۆش و بیر و مێشکی گەنجاندایە. (٤) لەوەیش پتر، جەنەراڵ جۆن ئالین، کە نێردەی تایبەتیی سەرۆکی ئەمریکایە لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش ڕای دەگەیەنێ، کە "تا ئێمە ئەو فیکرەیەی لە پشت پێکهاتنی داعشەوەیە تێک نەشکێنین، ئەو ڕێکخراوە بەڕاستی و بەکردەوە ناهێتە تێکشکاندن." (٥) تەنانەت ئەگەر داعش بەردەوام زەبر دوای زەبری سەربازییشی پێ بکەوێ و، هەموو نوا

و لانە و کاشانەکانی خۆی لەدەست بدات، هێشتا ئەو ئایدیایەی کە داعش نوێنەرایەتیی دەکا، لەنێو هزر و بیری خەڵکێکی زۆری نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە و، ڕێکخراوی داعشیش هێز و توان و بڕست لە گرفتە جەوهەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچەکە وەردەگرێ کە وێدەچێ ئەو ئاریشە و گرفتانە خراتر و خراتریش ببن. ڕامالین و سڕینەوەی ڕاستەقینەی دیاردەی داعش تەنیا بە هێز و توانای سەربازی لە جیهانی عەرەب و کۆمەکی سەربازیی بیانی بەدی نایەت. بەڵکە دەبێ هەق و حیسابێکی جددی بۆ ئەو ئالینگارییە کەلتوورییانەی ئێستای ناو جیهانی ئیسلامی بکرێ، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە دەرگەوانی جیهانی ئیسلامی دەزانن و کۆنترۆڵیان بەسەر میدیا، سیستەمی پەروەردە و دامەزراوەی ئایینیدا هەیە و هەروا دەستەبژێرە کەلتووری و کۆمەڵگەیییەکان، ئەو ئالینگارییانە بەجددی وەربگرن.

* مایکل میلیشتین، سەرۆکی کۆڕبەندی فەڵەستینییە لە سەنتەری مۆشێ دایان بۆ دیراساتی ئەفریقی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زانکۆی تەل ئەبیب.

** ئەم وتارە کە لە بنەڕەتدا لە ٢١ی شوباتی ٢٠١٩ دا لە MDC's Tzomet HaMizrach HaTichon دا بە زمانی عیبری بڵاو کراوەتەوە، بنیامین جویل کردوویە بە ئینگلیزی.

**سەرچاوە:**

https://dayan.org

[1] David Stavrou, “Is the Muslim Community in Sweden a New Front in the Culture War or an Opening for Coexistence?,” Ha’aretz, February 18, 2015.

[2]Hadi Yahmed, I Was in Raqqa: The Fugitive from the Islamic State [Arabic] (Tunis: Editions Arabesques, 2017.(

[3] ʿAbdel Bari Atwan, The Islamic State (Beirut: Al Saqi, 2015), pp.15-16; Hossam Shaker, “The ISIS phenomenon and discussion that has not yet begun ,” Al Jazeera, August 26, 2014.

[4] ʿAbd al-Sattar al-Khademi, “ISIS: A phenomenon capable of reproduction [Arabic],” al-Arab (London), July 19, 2017.

[5] An interview by Attila Shomfalvi and Alexandra Lukash with American General, John Allen: “ISIS has not been defeated, this is a war on ideas [Hebrew],” Ynet, January 30, 2019.

سەرچاوە: ماڵپەری پێنووس - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کۆتایی خەلافەتەکەی داعش



تەحسین تەها چۆمانی

بەشی یەکەم

ئالڤین تالفێرو هایدی تالفێر، لە کتێبی جەنگ و دژە جەنگ باس لەوە دەکەن،» هەر سەردەمێک هۆکاری پەیدابوونی شێوەیەکی تایبەت بە بەرپاکردنی جەنگی خۆی دەبێت».

چەند رۆژێک لەمەوبەر لە «یۆتوب» سەیری چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسێکم دەکرد لەگەڵ دیلەکانی داعش، ئەوانەی کە خۆیان رادەستی هێزەکانی هەسەدە کردبوو، دەیانوت «ئێمە کە خۆمان بەدەستەوەدا ٤ هەزار دۆلارمان داوە بەو چەکدارانەی کە هێشتا لە باغۆز ماون و بەرگریی دەکەن».

لەم رستەیەوە دەتوانین بەر لەهەرشتێک لەوە تێبگەین داعش ئێستا پرۆژەی خەلافەتەکەی خاڵی بۆتەوە لە هەر رەهەندێکی فیکریی و پێکهاتەیی، خاڵی بوونەوەیەک کە نەک هەر لە سەر ئاستی کرداری، بەڵکو لەلایەنی بیروباوەڕیشەوە کۆتایی بە بوونی خۆی هێناوە.

کاتێک داعش لەساڵی ٢٠١٤ دا لە عیراق خەلافەتەکەی راگەیاند، باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا رایگەیاند: «بە روانین لە پێکهاتەی داعش، دەبێت ئەوە بڵێین کە رووبەڕووبوونەوە و کۆتایی هاتنی ئەو گرووپە کاتێکی زیاتری دەوێت».
ئێستا ئەوکاتەیە کە داعش دوایین ئیمزای کۆتایی هاتنی خۆی لە رووی سەربازییەوە لە باغۆزی سوریا دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

خەونی خەلافەت یان دەوڵەتی ئیسلامی، پرۆژەیەکە و یارانی ئەو خەلافەتە چیتر نایانەوێت لە پێناویدا بەرگریی بکەن، داعش ئێستا هیچ دنیابینییەکی نە بۆ پێکهاتە سەربازییەکەی و نە بیروباوەڕەکەی هەیە، بەتایبەتی کە «ئەبوبەکر بەغدادی» روون نییە لە کوێدا خۆی حەشارداوە و چ پەیوەندییەکی نهێنی بە دەرەوەی خۆیەوە هەیە. بەڵام لێشاوی خۆبەدەستەوەدانی چەکدارانی داعش ئەوەمان پێدەڵێت کە بەغدادی هیچ نەخشێکی لە روبەڕوبوونەوەکانی ئەم دواییەی باغۆز نییەو پێدەچێت تەنها لە رێی هەواڵەکانەوە داویین دیمەنەکانی شکستی خەلافەتەکەی ببینێت.

تا نووسینی ئەم بابەتە هێزەکانی هەسەدە هێرشەکانیان بۆ سەر دوا حەشارگەکانی ناو باغۆز لەبەر بوونی قەڵغانی مرۆیی ئەو ناوچەیە راگرتووە. بەڵام بەهەر حاڵ باغۆز دوایین جوگرافیای شکست لە مێژووی ئەو گرووپە توندڕەوە تۆمار دەکات.

ناچاربوونی شکستی داعش شتێکی روونەو دوور لە چاوەڕوانی نییە، بەڵام ئەوەی ئێستا جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە داعش وەک فیکری توندڕەویی هێشتا دەتوانێت لەسەر ئاستی ناوچەکەدا مەترسی بێت، بەڵام چەند شتێک هەیە کە پێمان دەڵێن:

**«داعش ناتوانێت وەک فیکری توندڕەویی مەترسی بێت ئەگەر:**

**یەکەم**: روون نەبێت خەلیفەکەی لە دوای ئەم شکستەوە چارەنووسی بە کوێ دەگات و هەموو ئەو لێپرسراوە باڵایانەشی کە بەشێوەیەکی پەنهان ماونەتەوە و دەستگیر نەکراون، بزانرێت پرۆژەی داهاتوویان چییە و چی دەبێت؟

**دووەم**: داعش بۆ قۆناغی دوای شکستە سەربازییەکەی دەبێت لە رووی فیکرییەوە خۆی دووبارە پێناسە بکاتەوە، چونکە هاتنەوەکایەی داعش بەم رەوتە فیکرییەی کە لەسەری دامەزرا، ناتوانێت هیچ هەناسەیەک بەبەر ئایندەی ئەو گرووپەوە بهێنێتەوە.

**سێیەم**: روون نییە کێ لە دواوە داعش هیدایەت دەدات، بەهەرحاڵ بەغدادی ئێستا نادیارە و چەکدارەکانی لە مەیدانی روبەڕوبوونەوەکاندا بەتەنها جێهێشتووە، کە نادیاریشە و روون نییە چ پرۆژەیەکی بۆ داهاتووی داعش دەبێت، بۆیە تا روون نەبێتەوە کێیە ئەو سەرکردەیەی هیدایەتی داعش دەدات بۆ داهاتوو، ئەو گرووپە تیرۆرستییە رۆژ بە رۆژ بەرەو لاوازیی و لەبەریەک هەڵوەشانەوە دەچێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا نموونەی رەوتی دیکەی فیکریی تیرۆری هەن، کە بە نەمانی سەرکردەکەیان خۆشیان لە رووی فیکرییەوە

## بەشی شەشەم

لە ناوچوون، قاعیدەی عیراق، کە ئەبو مەسعەب زەرقاوی رابەرایەتی دەکرد، لەگەڵ کوژرانی بە دەست هێزەکانی ئەمریکا، رەوتەکە لە رووی سەربازیی و فیکرییەوە بەرەو رووخان رۆیشت و شوێنی بۆ رێکخراوێکی نوێتر بە ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریاو عیراق» فەراهەم کرد. ئێستا کە بەغدادی دیارنییە، ئایندەی داعشەکەشی ناکرێت بەو رادەیە بە مەترسی ببینرێت.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە نەریتی گروپە تیرۆرستییەکان وایە لەدوای هەر شکستێک بە رەوتی فیکریی باڵی جیاوازەوە بەدیار دەکەونەوە، داعش ئەگەر لە رووی رێکخراوەییشەوە بمێنێتەوە، ناتوانێت خۆی لە ئینشیقاقی ناوخۆیی بپارێزێت. وەک ئاماژەمان پێدا خۆپێناسە کردنەوەی داعش لەمەدا رۆڵی بەرچاو دەگێرێت.

## بەشی دووەم

جێمس جێفری، نێردەی ئەمریکا بۆ کاروباری سوریا، شتێکی نوێ لە بارەی کۆتایی داعش لە عیراق و سوریا دەڵێت، ئەو پێیوایە کە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ هەزار کەس لە هەردوو وڵات هاوسۆزییان بۆ داعش هەیە. ئەمە لە سادەترین لێکدانەوەدا بە مانای دەستپێکی قۆناغێکی نوێی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دێت لە ناوچەکەدا، کە دەتوانین بە قۆناغی دووەمی شەڕی تیرۆر و شانە نووستووەکان ناوی بنێین. بەڵام مەرج نییە لەم قۆناغەدا تیرۆر لە ژێر هەمان ناسنامەدا خۆی مانیفێست بکاتەوە، بەتایبەت کە لە قۆناغی یەکەمدا چەندین کارتی دەستی داعش سووتان، بۆیە دەرکەوتنەوەی تیرۆر بە ناسنامە و بانگەشەی ترەوە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو دەبێت.

نموونەیەک ئەمە روونتر دەکاتەوە، رووخانی رژێمی بەعس لە عیراق لەلایەن ئەمریکاوە بارقورسییەکی زۆری لەسەر واشنتۆن و هاوپەیمانانی دروست نەکرد، بەتایبەتی لە روبەڕوبوونەوەکاندا و سوپای عیراق لە بەریەک هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەوەی دواتر بووە مایەی سەرئێشە بۆ ئەمریکا و عیراقی نوێ، ئەو لێپرسراوو سەربازانە بوون کە لە رێی رێکخراوە پەرتەوازەکانییەوە لە عیراق بەدوای تۆڵە سەندنەوە بوون.

سەردەمی زێرینی ئەوان بەتایبەتی لەناو داعشدا زیاتر بەدەرکەوت و داعشیش لە رووی سەربازیی و تەکنیکییەوە بێگومان سوودێکی زۆری لێ بینین.

ئەمەش پێمان دەڵێت: ئێستا کە باس لەو هاوسۆزانەی داعش لە عیراق و سوریا دەکرێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس



سەرچاوە
Serchawe

لە بەردەوامیی شەڕەكە دەكرێت، بەڵام بە سیاسەت و ڕەنگ و ناوی ترەوە.

ئەمەش لە خۆیدا ئەو پرسیارە دروست دەكات كە ناسنامەی تیرۆری داهاتوو چی دەبێت و چی وادەكات تیرۆر هەمیشە بە بیرو بەرگێكی نوێوە لە كونجێكی دیكەی ئەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەدا سەرهەڵبداتەوە؟. گروپە تیرۆرستییەكان ئەگەر لە شكڵ و پێكهاتەی دامەزراوەییەوە تائاستێك لەیەكتر بچن و تەعبیر لە ناوێكی هاوبەشی وەكتیرۆر بكەن، ئەوا لەڕووی باوەڕو عەقیدەوە لەیەكتر جیاوازن (جیاوازیی فیكری داعش و قاعیدە نموونەیەكە لەو بابەتە)، بۆیە فاسیلەی هەموو گروپێك لەیەكتر ستراتیژو بەرنامەی كاركردنیانە.

هەموو گروپێكی تیرۆریستی كە دادەمەزرێت و سەرهەڵدەدات، كاری ڕێكخراوەیی خۆی بەیان دەكات و یەك ئامانجیان هەیە، لەوەشدا گرووپە تیرۆرستییەكان لەیەكەوە دوور نین، بەڵكو هاوبەشییەكی تر لەنێوانیاندا دروست دەبێت، كە ئەویش پەیامە سیاسییەكەیانە، بەجۆرێك هەر گروپێكی تیرۆرستی تەنها بەدوای یەك ئامانجدا دەچن، ئەویش ئامانجە سیاسییەكەیە، بەڵام مامەڵەی هەر یەكێكیان لەو ئامانجە تا ئاستێكی زۆر جیاوازە.

لویس ریچاردسۆن، لەكتێبی تیرۆرستان چیان دەوێت، لەسەر ئەو خاڵە دەوەستێت و ئاماژە بە ڕووداوەكەی ١١ی سێپتەمبەر دەدات و دەڵێت: ڕووداوەكە بەر لەهەر شتێك هەڵگری پەیامێكی سیاسی بوو، كە تەعبیری لە گەڕانەوەی ئیسلام بۆ خۆرائاوا دەكرد.

دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش لە عیراق و شام، دەكرێت لە هەمان چوارچێوەدا سەیر بكرێت، كە هەڵگری ئامانجێكی سیاسی بوو، بۆیە ئەگەر داعش لە سوریاش لە قۆناغی كۆتایی خۆیەتی، لە ڕووی سەربازییەوە، ئەوا لەقۆناغی داهاتوودا یان قۆناغی دووەمدا وەك «جیفری» باسی دەكات. هەزاران كەس هەن، كە هێشتا دەیانەوێت ئەو ڕێچكە سیاسییە بەردەوامی پێ بدەن.

١٩ - ٣ - ٢٠١٩

## بەشی سێیەم و كۆتایی

لیوس ریچادسن لە كتێبی «تیرۆرستەكان چیان دەوێت» باس لەوە دەكات، تیرۆرستەكان هەمیشە بە سێ شت بەردەوامی بە مانەوەی خۆیان دەدەن و یارمەتیان دەدات لە خۆڕێكخستنەوەیان، ئەوانیش»تۆڵەسەندنەوە، هەوڵویست نواندن و ناوبانگ

پەیداکردن». ئەمە لەو ڕێکەوتەوە دەکرێت ئاماژەی پێ بکرێت کە داعش چیتر جوگرافیایەکی بۆ خۆ نمایشکردن لە بەردەستدا نەماوە.

ڕێکەوتی ٢٣ی مارسی ٢٠١٩، ڕێکەوتێکە لە مێژوودا لە دوای ڕووخانی ئیماراتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، دەکرێت وەک یەکێک لە گرنگترین ڕۆژەکانی سەرەتای سەدەی ٢١ سەیر بکرێت، کە گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆرستی شکستی پێهێنرا. بەڵام ئەم ڕێکەوتە لە خۆیدا شتێکی تر دروست دەکات کە دیسان بەهەمان شێوە ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە مێژوودا ئەویش قۆناغی دووەمی ڕووبەڕووبوونەوەکانە لەگەڵ نەوەی دووەمی داعش و مەترسیدارتر لەوەش فیکرە جیهادییەکەیەتی.

بە لەناوچوونی داعش و گێڕانی مەراسیمی سەرکەوتن لە باغۆز، شەڕو ململانێکان لە نێو گروپە جیهادییەکان پەرە دەستێنێت، بە تایبەتی لە نێوان پاشماوەکانی داعش و قاعیدە، چونکە بۆ قاعیدە داعش چیتر نە لەسەر ئاستی هێزو نە لەسەر ئاستی فیکری جیهادییەوە پەیوەندیی بەو دەوڵەتەوە نەماوە کە لەساڵی ٢٠١٤ دا خۆی ڕاگەیاند. هیچ نەبێت نوێنەرەکەی بەنی القریشی» ئەبوبەکر بەغدادی» چیتر ناتوانێت لە دوای لە دەستدانی دەوڵەتەکەی ململانێ بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی خەلیفە وەک پۆست و ڕابەر بکات. بۆیە بوون و نەبوونی ئەو ناتوانێت بە ئەندازەی دەورانی ساڵی ٢٠٠٦ تا ڕزگارکردنەوەی موسڵ لەنێو داهاتووی داعش و تەنانەت گروپە جیهادییەکانی دیکەی ناوچەکەش بەتایبەت قاعیدە بەو ئاستە کاریگەر بێت.

قاعیدە لە دوای شکستی داعش، پارادامێکی جیهادی دەبێت، کە پێدەچێت بەزوویی خۆی لە مەغریبی عەرەبی رابگەینێت، بەو پێیەی قاعیدە ئێستا چ لە ڕووی پێکهاتەییەوە چ لە ڕووی فیکرو بیروباوەڕە نەگۆڕەکەیەوە لە داعش ڕێکخراوترە. بەوپێیەی ڕەنگ بێت هێشتا قاعیدە لەسەر فەلسەفەو سیاسەتی کاری ڕێکخراوەیی خۆی ماوەتەوە، کە سیاسەت و فەلسەفەی «بن لادنیزمە» کە کار لەسەر بەئامانج گرتنی دوژمنی دوور وەک هێزە دەرەکییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە ئامانجی خۆی. بەمەش قاعیدە لەو ململانێیە فیکرییە جیهادییە براوە دەبێت، کە پێش چەند ساڵێک لە بەرامبەر فەلسەفە و فیکری دەوڵەتی ئیسلامیدا مەیدانەکەی بەجێهێشت.

بە وتەی «بن والاس» وەزیری دەرەوەی ئاسایشی ئیتاڵیا، قاعیدە لە ئێستادا بە دوای دووبارەکردنەوەی سەرکەوتنێکی تری هاوشێوەی هێرشەکەی ١١ی سێپتەمبەرەوەیە. ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی کە ئەو بێدەنگەییەی قاعیدە نیشانەی دەرکەوتنەوەیەکی مەترسیدارە، بەڵام لە کوێ و بە چ شێوەیەک ئەمە داهاتوو ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە.

## بەشی شەشەم

داعش لە ئێستادا وەک لیوس ریچادسن ئاماژەی پێدەکات، تەنها دەتوانێت بە دوای تۆڵە سەندنەوەو هەڵوێست وەرگرتنەوە بێت بۆ هێشتنەوەی ڕێکخراوەکەی، ئەگەرنا چیتر مەترسی ئەوەی لە ئارادا نەماوە مێژووەکەی پێنج ساڵی ڕابردوو دووبارە بکاتەوە. هەروەک چیتر لە عیراق نە مالکی لەسەر حوکم ماوەو لە سوریاش بەهاری عەرەبی پڕۆسەکەی خۆی تەواو کرد.
لە بەشی یەکەمی ئەو نووسینەدا قسەیەکی ئالڤین تالفیرو هایدی تالفیرمان، لە کتێبی جەنگ و دژە جەنگدا هێنایەوە کە

**دەڵێن: «هەر سەردەمێک هۆکاری پەیدابوونی شێوەیەکی تایبەت بە بەرپاکردنی جەنگی خۆی دەبێت». داعش لێرەدا سەردەمی جەنگەکەی کۆتایی هات.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## داعشی بێ جوگرافیا



عەتا کەریم

دوای پێنج ساڵ لە جەنگ ، تیرۆریستانی داعش لە (باغۆز - باهۆز) لە سوریا کۆتاییان راگەیەندرا، ئەویش لەسەر دەستی هێزەکانی سوپای سوریای دیموکرات (هەدەسە)، کە دەکاتە سەرکەوتنی ئیرادەی دیموکراسی و دژە تیرۆریست و شکستی بیری توندرەویی و تیرۆریستان.

سەرکەوتن بەسەر داعش لە سوریا، لەسەر دەستی شەرڤان و قارەمانێتی جەنگاوەرانی دیموکراسیی کورد بوو لە رۆژئاوا، کە سیمبولی ئازایەتییان بە ناسنامەی کوردایەتییەوە تۆخکردەوە، لەسەردەمێکدا کە تەکنۆلۆژیای سەربازیی و تەکنیکەکانی لە لوتکەدان، بەڵام ئەوە لەئاست جەنگێکی وەک تیرۆریستان بەبێ هەبوونی تایبێک لە جۆری پێشمەرگە لە باشوور و شەرڤانان لە رۆژئاوا زەحمەت بوو، بۆیە ئەم دوو هێزە خرانە نێو بازنەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژبە تیرۆریستانی داعش کە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکرد.

هەدەسە، لە تەوقیتی کۆتایی داعشی لە ٢٣ - ٣ - ٢٠١٩ دا بەیان کرد، ئەم سەرکەوتنە بۆ کورد لەرۆژئاوا بە هەزاران شەهید و بریندار بەدەستهات کە بەشی شێری لە نێو هەدەسەدا هەیە و سەرکردایەتیشی دەکات، بەڵام ئەوان خۆیان بوونە خاوەنی سەرکەوتنە مەزنەکە، نەک بە پێچەوانەی باشوور، کە عیراق بووە خاوەنی سەرکەوتنی کۆتایی داعش و رۆڵ و قوربانیدانی پێشمەرگەی خستە دەرەوەی ئەو دەستکەوتە، چونکە دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لەباشوور، کورد لە هەرێم خرایە چوارچێوەی سزادانەوە بەهۆی ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ و بۆیە سەرکەوتنەکە مۆرکی عیراقیانەی لێدرا! بەبێ رەچاوکردنی زیاتر لە ١٥٠٠ شەهیدی پێشمەرگە و ١٠ هەزار برینداری دیکە! و بەهۆیەوە کورد لە باشوور تامی

سەرکەوتنی نەکرد و تەنیا قوربانی و ماڵوێرانیی ئەو شەڕەی بۆمایەوە.

لەم سەرکەوتنەی هەدەسەدا کە پێویست دەکات وردتر بکرێتەوە، رۆڵی شەڕڤانی ژنە، لەناو یەکینەکانی پاراستنی ژن، بەڵام ئەم رۆڵە لە روبەڕوبونەوەی داعشدا لە باشوور و هەروەها لە عیراقیش ئەو رۆڵەی ژنان بەدی نەکرا.

هەرچەندە داعش لە سوریاش، تەنیا رووبەری جوگرافیای لەدەستداوە و هەروەها شکستی سەربازیی هاتووە، بەڵام وەک مەترسی فیکر و شانە نوستووەکانیان هەرماوە، بۆیە بەگوێرەی قوناغ و دۆخەکە «دەرفەت» بۆ گورز وەشاندن بەکاردەهێنن، یاخود پەنا بۆ تیرۆر و تەقاندنەوە دەبەن، کە ئەوەش جۆرێکە لە شەڕی تێکدانی ئارامی کە شێوازی باوی گروپە تیرۆریستیەکانە.

بابەتێکی گرنگ لە پرسی کۆتاییهاتنی شەڕگە و رووبەری جوگرافی داعش لە سوریا، پرسی دیل و دەستگیرکراوەکانی تیرۆریستانی داعشە، کە بەگوێرەی بەلاغی رۆژی سەرکەوتن ئاماژەی پێدرا، زیاتر لە پێنج هەزار داعش بەدیل گیراون، کە زۆربەیان تیرۆریست و داعشی بیانین!، هەرچەند هەدەسە هەوڵی ئەوە دەدات ئەم پرسە روبەڕووی دادگای نێودەوڵەتی بکاتەوە، کە ئەوەش هەنگاو و بیرۆکەیەکی شایستەیە، تا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەیسەکە بجووڵێنرێت، نەک لە دادگا لۆکاڵی و نێوخۆییەکاندا چارەسەر بکرێت.

پێنج ساڵ شەڕی ماڵوێرانی داعش لە سوریا و عیراق درێژەی کێشا، لەو رووبەرەدا، کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان بەشێک بوون لە جوگرافیای شەڕی تیرۆریستان، بۆیە کورد لەنێو جەنگەکەدا بوو، زۆترین زیانی گیانی و ماددی بەرکەوت، ژیان و گوزەرانی هەزاران خێزانی هەڵتەکاند و ئاوارەکرد، بۆیە ناکرێت لە دوای ئەم جەنگەوە، مشوری ئەوە نەخورێت کە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی کۆمەککردنی نێودەوڵەتی نەدرێت، چونکە قەبارەی زیان و لێکەوتە دوورمەوداکانی چەندین ساڵی پێویستە، بەبێ ئەم هەنگاوە، ئەرک و کاری دوای داعش تەواو نەکراو دەبێت، هاوکاتیش بەرپرسیارێتی ئەخلاقیش دەخاتە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی!، بەر لەوانیش دەبێت کورد خۆی ئەو هاوپەیمانییە بخاتە بەرباسی جدی!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## دوای داعش چی ڕوودەدات؟



**ئارام عەلی عەزیز**

لەرەوش و ژینگەیەکی جیهانی و ئیقلیمیی و ناوخۆیی پڕاوپڕ لەقەیران و ناسەقەمگیریی، کە تیایدا پێکهاتە سەرەکیەکانی سیستەمی جیهانی هەڵوەشاونەتەوەو ئاسایش لەسەر لێواری دارمان و، سنوورەکانی نێوان دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سڕاونەتەوەو، دەوڵەتەکانیشی دووچاری هەڵوەشانەوەی ستاتوو بوون کۆتایی هاتنی جەنگی بەناو داعش ڕاگەیەنرا.

لەماوەی چەند ساڵی رابردودا خاکی سوریاو عێراق لەژێرناوی جەنگی داعش و تیرۆر بوونەتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاییکردنەوەی ململانێ و کێشەو گرفتە کەڵەکەبوەکانی نێوان ئەمریکاو روسیا، ئێران و ئیسرائیل، سعودیەو تورکیا، تورکیاوکورد، سوریاوتورکیا، بەجۆرێک ئەگەر بایەخی ستراتیجی وجۆری کێشەو ئاستی توندوتیژیی ئەو کاراکتەرانە بهێننە بەرچاو ئەوە جەنگێکی بچوکی جیهانیی ڕانەگەیەنراوی تێدا دەخوێنرێتەوە.

ئەمڕۆیش دوای راگەیاندنی کۆتایی هاتنی جەنگی داعش، گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەم جەنگە بچووکە جیهانیە بەپێی پێدراوەکان لەسەر گۆڕەپانی سوریاو عێراق گەورەتردەبێت و بۆ ناو خاکی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی ناویان هاتوە بگوازرێتەوە. لەو روەوە ئەگەر سەیری ئامادەکاریی و مانۆڕەسەربازیەکانی ئەمریکاو روسیا بکەین ئاماژەیەکی حاشاهەڵنەگری گەورەبوونی ئەو جەنگە دەبینین، هەروەک چۆن لێدوان و ئامادەکاریەکانی ئیسرائیل و ئێران دژ بەیەکتر هەمان ماناو خوێندنەوە دەبەخشن، هەروەها لێدوان و ئامادەکاریە سەربازیەکانی تورکیاو یەپەگەیش دژ بەیەکتر نیشانەی گەورەبوون و پەلوپۆ هاوێشتنی ئەو جەنگەن.

ئەمانە هەموی کە روداوی چاوەڕوانکراوی قۆناغی پۆست داعش و سەردەمی دوای شکستهێنانی عەولەمەن، دەکەونە

بەشی شەشەم

چوارچێوەی پلانی جێبەجێکردنی نەخشەی سەودای سەدەوە، وادیارە لە روی پراکتیکیەوە بەدانانانی ئەمریکا بەوەی کە جۆلان خاکێکی ئیسرائیلیە دەستپێدەکات، کە مانای راگەیاندنی شەڕەو تیایدا ئەمریکاو ئیسرائیل هەوڵدەدەن دەست بەسەر عێراق و سوریادا بگرن و ئیسرائیلی گەورە لەنێوان فورات و نیلدا دامەزرێنن ئەگەر بۆیان بچێتەسەر. کۆبونەوەی وارشۆو، پێکهێنانی هاوپەیمانی ناتۆی عەرەبیی ودانانی حزبوڵای لوبنانی بەتیرۆریست لەلایەن بریتانیاوە.. لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەوەی کە خودا ترەمپی ناردوە بۆ ئەوەی ئیسرائیل لەهەڕەشەی ئێران بپارێزێت نیشانەی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی پلانی سەودای سەدەن، وەڵامەکانی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش کە دەڵێ: فارسەکان یان پاشای فارس جوولەکەکانی لەبابل رزگارکردو نەجەفیەکان (بابلیەکان یان عێراقیەکان) ئێوەیان ئیستیعباد کردوە.... کۆبوونەوەی چەند رۆژی رابردووی سەرۆک وەزیری عێراق و سەرۆکی میسرو پادشای ئوردونیش لەمیسر بۆ دوورخستنەوەی عێراقە لەبەرەی ئێرانی و سوریی.

## لەو روەوە چاوەڕواندەکرێت لەداهاتویەکی نزیکدا

* هەڵوێستەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل و حەشدی شەعبی لەگۆڕەپانی عێراق لەهەڕەشە لەیەکتر کردنەوە بۆ کردەوەی سەربازی بگوازرێنەوە، کە پێشتر چەندین گروپی حەشدیان خستبوە لیستی تیرۆرەوە.

* رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لابەلا لەنێوان بەرەی ئەمریکاو ئیسرائیل و، بەرەی ئێران و سوریا دەستپێبکات، ئینجا ئەمە چ لەجۆلان بێت یان لەغەزەو باشوری لوبنان و عێراق، یان لەگۆڕەپانەکانی دیکەدا، جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمریکا لەعێراق و ئیمزاکردنی رێککەوتنی سەربازی ئەمریکایش لەگەڵ عومان، کە نزیکی کەنداوو گەروی هورمزە، ئاماژەیەکی بەهێزی ئەمەیە.

* جەولەیەکی دیکەی شەڕی تورکیاو یەپەگە دەستپێدەکاتەوەو زۆر لەرووبەڕووبوونەوەکانی پێشوتری نێوانیان گەورەترو توندوتیژ تربێت، ئینجا ئەمە لەمینبج بێت یان لەعەفرین و کوبانێ و ناوچەکانی دیکەی خۆرئاوای کوردستان.

* ئەگەری ئەوە هەیە بەهەماهەنگی لەنێوان سوریاو عێراق و ئێران، هەوڵی لاوازکردن و نەهێشتنی نیمچەستاتوی ئیدارەی رۆژئاڤای کوردستان بدرێت، لەبەرامبەریشدا هاوکاریی و پشتیوانی خۆرئاوا بۆ رۆژئاڤا زیاتربێت.

* لەئەگەری پەلاماری تورکیا بۆ سەر خۆرئاوای کوردستان، ئەگەری ئەوەهەیە دواجار پێکدادانی بەرەی سوریاو تورکیای لێبکەوێتەوە کۆتایی هاتنی جەنگی داعش، کۆتایی جەنگ نیە لەسوریا، بەڵکو سەرەتای دەستپێکردنی جەنگێکی گەورەترە، کە جیهان لەسەر لێواریدایە، پاراستنی کەشتی کوردیش لەو دەریا شەپۆلاویەدا کارێکی ئاسان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## بەغدادی لە کوێیە؟




**ماڵپەڕی سبەی**

**دوای کۆتاییهێنان بە داعش لەلایەن شەڕڤانانی هەسەدە و کۆنترۆڵکردنەوەی دوا مۆڵگەیان لە شارۆچکەی باغۆز، ئێستا هەموان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن کە ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە کوێیە؟.**

**یەکەمجار کە ئەبوبەکر بەغدادی دەرکەوت، مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠١٤) بو، ئەوکاتە خەلافەتەکەی حوکمی ناوچەیەکی بەرفراوان و سێیەکی خاکی عێراق و سوریای دەکرد، کە زیاتر لە حەوت ملیۆن کەس لەژێر فەرمانڕەویی گروپەکەیدا دەژیان.**

**ئەبوبەکر بەغدادی، ناوی تەواوی ئیبراهیم عەواد محەمەد ئیبراهیم عەلی محەمەد بەدریی تەمەن (٤٧) ساڵە و هەڵگری رەگەزنامەی عێراقییە و لەدایکبوی سامەڕایە، داواکراوی ژمارە یەکە لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەتی لای ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی روبەڕوبونەوەی داعش.**

**رۆژنامەی لۆباریزیانی فەرەنسیی بڵاوی کردوە؛ ئیبراهیم بەدری ساڵی (٢٠٠٤) و بۆ ماوەی چەند مانگێک لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە دەستگیرکرا بە تۆمەتی دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان سەرانی رژێمی پێشوی عێراق و گروپە جیهادییەکان، دوای رزگاربونی لە زیندان سەرەتا بەغدادی بەیعەتی بە ئەبو مەسعەبی زەرقاوی سەرکردەی قاعیدە لە عێراق دا، دواتر لە ساڵی (٢٠١٠) بەغدادی لەژێر ناوی ئەبی عومەری بەغدادی سەرکردایەتی گروپە جیهادییەکانی گرتە دەست و لە ساڵی (٢٠١٤) سەرجەم گروپە جیهادییەکانی پاشماوەی قاعیدە و نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامی لە چوارچێوەی خەلافەتی ئیسلامی رێکخست و بوە سەرکردە و رابەری یەکەمیان لە عێراق و شام.**

لەگەڵ نزیکبونەوەی ئاوابونی خۆری داعش لە عێراق و سوریا، لەماوەی چەند ساڵی رابردودا ژمارەیەک راپۆرتی هەواڵگریی و رۆژنامەوانی ئاشکرایان کرد؛ بەغدادی بەهۆی بۆردومانێکی فڕۆکە جەنگییەکانەوە بە سەختی بریندار بوە و تەنانەت هەندێکیشیان باسیان لە ئەگەر مردنی دەکرد، بەڵام تائیستا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمیی ئەو زانیارییانەی پشتڕاست نەکردوەتەوە.

بە پێی نوێترین راپۆرتی هەواڵگریی، لەئێستادا بەغدادی لە ناوچە بیابانییە سەختەکان کە بە درێژایی سنورەکانی عێراق و رۆژهەڵاتی سوریا و تا ناوەڕاستی سوریا و پارێزگای حومس درێژ بوەتەوە، خۆی حەشارداوە.

راپۆرتەکان، ئەوە بە بەڵگە دەهێننەوە کە حوزەیفەی کوڕی بەغدادی مانگی تەمموزی ساڵی رابردو لە هێرشێکی موشەکی روسیادا لە بیابانەکانی رۆژهەڵاتی سوریا کوژرا، بە ئەگەری زۆر لەگەڵ باوکیدا بوە و بەغدادی بە موعجیزە لەو هێرشە رزگاری بوە، بەڵام بەجۆرێک برینداربوە کە کەوتوەتە سەر جێگا و توانای هەڵسوکەوت و جموجوڵی نەبوە.

دوای وتارەکەی لە مزگەوتی نوری لە موسڵ لە مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠١٤) و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بەغدادی چیتر دەرنەکەوتەوە و هیچ وێنە و ڤیدیۆیەکی بڵاو نەبوەوە، لەوکاتەوە ناوی (تارمایی) لێنراوە، هیچ شوێنەوارێکی لەدوای خۆی جێنەهێشت و نەبینرایەوە.

دواجار کە دەنگی بەغدادی بەر گوێی خەڵک کەوتوە لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٨) بو، ئەوکاتەی حکومەتی عێراق سەرکەوتنی بەسەر داعش و کۆتاییهاتنی شەڕی چەکداریی لەگەڵ گروپە راگەیاند، کە لە تۆمارێکی دەنگیدا داوای لە شوێنکەوتوانی کرد بەردەوامیی بدەن بە جیهاد و لەسەر رێگاکەیان بەردەوام بن.

زانیارییەکان ئاشکرای دەکەن، تیمی پاسەوانیی بەغدادی لە سێ کەس پێکهاتون، کە لە عەبدوللەتیف جبوریی شۆفێر و پاسەوانی تایبەتی کە لە منداڵییەوە هاوڕێی یەکترین، لەگەڵ سعود کوردی (تەتەری تایبەتی) و جومعەی برا گەورەی بەغدادی پێکدێن.

رۆژنامە فەڕەنسییەکە، لەسەر زاری هیشام هاشمی شارەزای کاروباری گروپە جیهادییەکانەوە بڵاوی کردەوە؛ بەغدادی نەخۆشی شەکرەی هەیە و لایەنی کەم جارێک بە سەختی برینداربوە.

**بەشی شەشەم**

مستەفا بالی، وتەبێژی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەدوریزانی بەغدادی لە ناوچەیەکی باغۆز خۆی حەشاردابێت، کە لە ڕۆژی نەورۆزدا لەلایەن شـەڕڤانان و بە پاڵپشـتی هاوپەیمـانی نێـودەوڵەتی وەک دوا مـۆڵگەی داعـش لەسـەر زەوی کۆنترۆڵکرایەوە.

پێشتر ئەمەریکا بڕی (٢٥) ملیۆن دۆلاری وەک خەڵات و بەخشین بۆ ئەو کەسە دیاری کردبو کە شوێنی بەغدادی ئاشکرا بکات، یان هەر سەرەداو و زانیارییەک ئاشکرا بکات و بیانگەیەنێتە بەغدادی، هاوشێوەی ئەو بەخشینەی بۆ ئاشکراکردنی شوێنی ئوسامە بن لادن و دواتر ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی قاعیدە دیاری کردبو.

خۆری داعش لە ڕۆژهەڵاتی فورات لەسەر دەستی شەڕڤانانی کورد ئاوابو، ئەوەی ماوەتەوە چارەنوسی ئەمیرەکەیانە کە نزیکەی پێنج ساڵە وەک تارمایی لێهاتوە و کەس زانیاریی لەبارەیەوە نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٩

## داعش چی کرد و چۆن لەناوچوو؟ ئایا سەرهەڵدەداتەوە؟




**ماڵپەڕی پەیسەر**

دوای پێنج ساڵ لە کوشت و بڕ و داگیرکردنی یەک لەسەر سێی خاکی سوریا و عێراق و دروستکردنی خەلافەتێک کە پێگەی جوگرافیەکەی هێندەی وڵاتی بەریتانیا دەبوو، هێزەکانی هەسەدە کۆتایی ئەو گروپە تیرۆریستییەیان ڕاگەیاند، داعش لە ماوەی حکومیدا نزیکەی ١٠ ملیۆن هاوڵاتی لەژێر دەستیدا بوو هەروەها بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٤٠ هەزار چەکدار لە وڵاتانی بیانییەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئەو ناوچەیەی کە بە خەلافەتەکەی داعش ناودەبرا.

### هەوێنی دروستبوونی داعش چی بوو؟ چۆن سەری هەڵدا؟

**٢٠٠٤**

لەدوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیەوە، ئەبو موسعەب زەرقاوی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لە عێراق دامەزراند. ئەلقاعیدەی عێراق لەناوچە زۆرینە شیعەنشینەکاندا هێرشی تیرۆریستی ئەنجامدەدا بەهیوای ئەوەی کە پێکدادانی نەژادی لەعێراقدا هەڵگیرسێنێت.

ساڵێک بەرلە دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە، زەرقاوی لەگەڵ هەزاران چەکدار و خۆبەخشی توندڕەودا هات بۆ عێراق، بەمەبەستی ئەوەی لەدژی ئەمریکی و بەریتانییەکان و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانی ئەو دوو وڵاتە بجەنگێت.

ئەو ئوردونیە بووە کەسێکی زۆر ناسراو لەسەر ئاستی جیهان لەدوای ئەوەی کۆلن پاوڵ، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا،

بەشی شەشەم

لە وتارێکدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ ناوی زەرقاوی هێنا.

### حوزەیران؛ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦

لە ٧ی حوزەیراندا زەرقاوی لە هێرشێکی ئاسمانی هێزەکانی ئەمریکادا کوژرا، و ئەبو ئەیوب ئەلمەصری جێگەی گرتەوە. مەصری ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقی دروستکرد، و ئەبو عومەر ئەلبەغدادی وەکو سەرکردەی نوێی ئەو ڕێکخراوە دەستنیشانکرد.

### نیسانی؛ ٢٠١٠

ئەبو عومەر ئەلبەغدادی و مەصری لەهێرشێکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا و عێراقدا کوژران و ئەبوبەکر ئەلبەغدادی بوویە سەرۆکی نوێی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق.

### نیسانی؛ ٢٠١٣

بەغدادی ڕایگەیاند گروپەکەی گۆڕیوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام(داعش)، ئەوەش لەدوای ئەوە هات کە جەبهەتولنوسرەی لەخۆگرت، کە بە بەرەی نوسرە ناسراوە و سەربە قاعیدە بوون.

### کانوونی یەکەمی؛ ٢٠١٤

داعش کۆنترۆڵی ڕەقەی سوریای کرد و وەکو پایتەختی دەوڵەتەکەی ڕایگەیاند.

### شوباتی؛ ٢٠١٤

ئەلقاعیدە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ داعش پچڕاند لەدوای ئەوەی پێکدادانی ناوخۆیی لەنێوان بەرەی نوسرە و داعش ڕوویدا.

## حوزەیرانی؛ ٢٠١٤

لەیەکێک لە هێرشە گەورەکانی داعشدا، ئەو ڕێکخراوە کۆنترۆڵی موسڵ و تکریتی کرد.

هێزەکانی عێراق دواتر توانیان کە تکریت کۆنترۆڵ بکەنەوە بەڵام هەر لەوکاتەدا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە زیاتر لە یەک ملیۆن عێراقی بەهۆی ئەو هێرشانەوە بێماڵ و حاڵ و ئاوارە بوون. داعش بەردەوام بوو لە هێرشەکانی و سنووری دێر ئەلزوری کۆنترۆڵکرد کە دەکەوێتە سنووری عێراق - سوریا. لەدوای ئەوەی عێراق کۆنترۆڵی موسڵی لەدەستدا، عێراق داوای لە ئەمریکا کرد هاوکاریان بکات بۆ هێرشکردنەسەر ئەو گروپە چەکدارییە.

## ٢٩ی حوزەیرانی؛ ٢٠١٤

بەغدادی دامەزراندنی خەلافەتەکەی ڕایگەیاند لە مزگەوتی گەورەی نوری لە موسڵ، و ڕێکخراوەکەی ناونا بە "دەوڵەتی ئیسلامیی".

## ئابی؛ ٢٠١٤

داعش کۆنترۆڵی شنگال و زوماری عێراقی کرد و هەزاران ئێزدی کۆمەڵکوژ و ئاوارە کرد. بڕوا وایە کە نزیکەی پێنج هەزار پیاوی ئێزدی کوژراون و نزیکەی حەوت هەزار ئافرەتی ئێزدی وەکو کۆیلەی سێکسی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە. لەدواتردا نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشی بۆسەر ئێزدییەکان وەکو جینۆساید ناساند. سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا باراک ئۆباما لەوماوەیەدا دەستپێکی هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ عێراق ڕاگەیاند.

داعش دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک تۆماری ڤیدیۆیی کوشتنی بیانییەکان بەشێوەی مەترسیدار، لەوانەش ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جەیمس فۆلی و دەیڤد هاینس کە چالاکێکی ڕێکخراوەیی بوو.

## ئەیلولی؛ ٢٠١٤

ئەمریکا دەستیکرد بە هێرسی ئاسمانی لە سوریا. لەماوەی یەک ساڵدا هەشت هەزار هێرشی ئاسمانی لە عێراق و سوریا



سەرچاوە
Serchawe

ئەنجامدا.

**تشرینی یەکەمی؛ ٢٠١٤**

پنتاگۆن کەمپینی دژ بە داعش و هاوشێوەکانی ناوزەدکرد بە ئۆپەراسیۆنی چارەسەری ڕیشەیی.

**کانوونی یەکەمی؛ ٢٠١٥**

تۆڕی داعش فراوان بوو و بەوتەی خۆیان ڕایانگەیاند کە لە زیاتر لە ٨ وڵاتی دیکە هاوسۆز و لقیان هەیە. بەپشتیوانیی هێزەکانی ئەمریکا چەکدارانی هەسەدە توانیان لەدوای چوار مانگ لە بەرخودان، داعش لە کۆبانی دەربکەن.

**شوباتی؛ ٢٠١٥**

داعش ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە فڕۆکەوانی ئوردنی موعاز ئەلکەساسبەی نیشاندەدا کە بەزیندوویی سوتێندرا، و بوویەمایەی تورەیی و ڕقێکی زۆر لە ئوردن و زۆرێک لە وڵاتانی دیکە و لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەنگدانەوەی هەبوو.

**ئازاری؛ ٢٠١٥**

گروپی چەکداری پەیوەست بە داعشەوە لە دوو مزگەوتی سەنعای یەمەن تەقینەوەیان ئەنجامدا کە بەهۆیەوە ١٣٧ کەس کوژران.

**نیسانی؛ ٢٠١٥**

داعش ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا دەرکەوتبوو لقی لیبیای ڕێکخراوەکە دەیان کریستیانی ئیسیۆپی سەردەبڕن.

### ئایاری؛ ٢٠١٥

داعش کۆنترۆڵی رومادی لە عێراق و پالمیرای سوریا دەکات. هەروەها لقی ڕێکخراوەکە لە لیبیا سرت کۆنترۆڵ دەکەن.

### حوزەیرانی؛ ٢٠١٥

داعش بەرپرسیارێتی خۆی ڕادەگەیەنێت لە هێرشێک بۆسەر ناوچەی گەشتیاری سۆسێ لە تونس، کە ٣٨ گەشتیار کوژران، کە ٣٠ لەوان بەریتانی بوون.

### ئەیلولی؛ ٢٠١٥

ڕووسیا دەستیکرد بە هێرشی ئاسمانی لە سوریا، بەپێی ڕاگەیاندنی خۆیان بۆ تێکشکاندنی داعش بوو. بەڵام ئەمریکا ڕووسیای بەوە تۆمەتبارکرد کە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان و هاوڵاتییانی مەدەنی بەئامانج دەگرێت.

### تشرینی دووەمی؛ ٢٠١٥

داعش ژمارەیەک هێرشی لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا ئەنجامدا، کە بەهۆیەوە زیاتر لە ١٣٠ کەس کوژران. فەڕەنسا هێرشە ئاسمانییەکانی خۆی لە سوریا دژ بە داعش فراوانتر کرد. هێزەکانی پێشمەرگە لە عێراق توانیان کۆنترۆڵی شنگال بکەنەوە.

### ئەیلولی؛ ٢٠١٥

هێزەکانی عێراق کۆنترۆڵی رومادیان کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی شەشەم**

**حوزەیرانی؛ ٢٠١٦**

هێزەکانی عێراق بەپشتیوانی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، توانیان کۆنترۆڵی فەلوجە بکەنەوە کە ناوچەیەکی ستراتیژی بوو بۆ تێکشکاندنی داعش و ئۆپەراسیۆنەکە نزیکەی مانگێکی خایاند. ئەو شارە لە ٢٠١٤ـەوە لەژێر دەستی داعشدا بوو.

**تەموزی؛ ٢٠١٦**

داعش تەقینەوەیەکی لە یەکێک لە شەقامە گرنگەکانی ناوبازاڕی بەغدا ئەنجامدا کە بەهۆیەوە زیاتر لە ٢٠٠ کەس کوژران.
ئەو هێرشەی داعش کە لەماوەی مانگی ڕەمەزاندا ئەنجامدرا، یەکێک بوو لە گەورەترین هێرشەکانی ئەو گروپە دژ بە هاوڵاتییانی مەدەنی.

**ئابی؛ ٢٠١٦**

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و هەسەدە بەپشتیوانی ئەمریکا لە سوریا توانیان کۆنترۆڵی مەنبج بکەنەوە.

**تشرینی یەکەمی؛ ٢٠١٦**

عێراق و ئەمریکا بەسەرکردایەتی هاوپەیمانێتییەک ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵیان دەستپێکرد.

**کانوونی یەکەمی؛ ٢٠١٦**

هێزەکانی لیبیا بەپشتیوانی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا شاری سرتیان کۆنترۆڵکرد.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی شەشەم

## کانوونی یەکەمی؛ ٢٠١٦

داعش توانی کۆنترۆڵی پالمیرا بکاتەوە، سەرەڕای بۆمبارانێکی چڕ لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیاوە.

سەرەڕای ئەوەی داعش لە عێراق و سوریا خاکی لەدەستدا، کەچی زیاتر لە ١٤٠٠ هێرشی لە ٢٠١٦دا ئەنجامدا کە بەهۆیەوە ٧٠٠٠ کەس کوژران، واتە ڕێژەکە بەراورد بە ٢٠١٥ لەسەدا ٢٠ زیادیکردبوو، ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتێکی زانکۆی ماریلاندەوە.

## کانوونی دووەمی؛ ٢٠١٧

داعش بەرپرسیارێتی خۆی ڕاگەیاند لە هێرشێک بۆسەر یانەی شەوانەی ڕێینا لە ئیستانبوڵ، کە چەکدارێک تەقەی بەسەر ئەو کەسانەدا کرد کە ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە و ٣٩ کەس کوژران.

هێزەکانی عێراق چوونە ناو موسڵەوە ئەوەش لەدوای ١٠٠ ڕۆژ لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی.

## شوباتی؛ ٢٠١٧

هێرشێکی خۆکوژی لە نزرگەیەکی سۆفیەکان لە باشووری پاکستان ڕوویدا کە بەهۆیەوە زیاتر لە ٧٠ کەس کوژران، کە ٣٠ کەسیان منداڵ بوون، و دەیانی دیکەش بریندار بوو. داعش بەرپرسیارێتی خۆی ڕاگەیاند لەو هێرشە.

هێزەکانی عێراق موسڵیان بەتەواوی کۆنترۆڵکرد. ئەوەش لەدوای ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی بەفەرمی شکستی داعشی ڕاگەیاند لەدوای ئەوەی داعش مزگەوتی گەورەی نوری و منارەی حەدبای تەقاندەوە، کە هەر ئەو شوێنەبوو بەغدادی خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند.

## ئایاری؛ ٢٠١٧

داعش بەرپرسیارێتی خۆی ڕاگەیاند لە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە کۆنسێرتی ئاریانا گراندێ لە مانچستەر ئارێنا، کە بەهۆیەوە ٢٢ کەس کوژران، کە منداڵیشیان تێدا بوو، و ٥٩ی دیکە بریندار بوون.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی شەشەم

### ئەیلولی؛ ٢٠١٧

بۆمبێک لە شەمەندەفەرێکدا تەقیەوە لە وێستگەی پارسۆنس گرین لە لەندەن. داعش بەرپرسیارێتی خۆی ڕاگەیاند بەڵام دواتر سەرچاوەکانی بەریتانیا و ئەمریکا ڕەتیانکردەوە کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان داعش و ئەو هێرشەدا هەبووبێت.

### تشرینی یەکەمی؛ ٢٠١٧

هێزەکانی سوریای دیموکرات هەسەدە توانیان کۆنترۆڵی ڕەقە بکەن، کە پایتەختی پێشووی داعش بوو، ئەمەش لەدوای چوار مانگ لە کەمپینی سەربازی.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاند: شکستی داعش لە ڕەقە قۆناغێکی زۆر گرنگ بوو لە کەمپەینی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی داعش و ئایدۆلۆژیا شەڕانگێزەکەیان.

بەرپرسانی ئەمریکا ڕایانگەیاند لە ساڵی ٢٠١٤ەوە زیاتر لە ٦٠ هەزار چەکداری داعش کوژراون.

### کانوونی یەکەمی؛ ٢٠١٧

عەبادی ڕایگەیاند داعش لە عێراق تێکشکێندراوە.

هاوپەیمانان ڕایانگەیاند کە کەمتر لە هەزار چەکدارێکی داعش لە عێراق و سوریا بوونیان ماوە، لەکاتێکدا سێ هەفتەیەک بەرلەو ڕایگەیاندنەی هاوپەیمانان هەرخۆیان ئاماژەیان بەوەدا بوو کە زیاتر لە سێ هەزار چەکداری داعش لە عێراق و سوریا ماون. لەوکاتەدا داعش لەسەدا ٩٥ی خاکی خۆی لەدەستدابوو.

### تەموزی؛ ٢٠١٨

زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەهۆی هێرشێکی خۆکوژی و هێرشی دیکەوە لە سوێیدا لە سوریا کوژران. داعش بەرپرسیارێتی خۆی



سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیاند.

### ئابی؛ ٢٠١٨

داعش تۆمارێکی دەنگی ٥٥ خولەکی بڵاوکردەوە کە بەوتەی ئەوان دەنگی بەغدادیە. لەو تۆمارەدا بەغدادی دانی بەوەدانـاوە کە چەکدارانی داعش شکستیان هێناوە و داوای لە شوێنکەوتووانی کرد بەردەوام بن لە جەنگ.

### کانوونی یەکەمی؛ ٢٠١٨

لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا، ترەمپ ڕایگەیاند هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەکشێنەوە و شکستی داعشی ڕاگەیاند.

### شوباتی؛ ٢٠١٩

هەسەدە "دواهەمین شەڕی" دژ بە داعش ڕاگەیاند.

### ئازاری؛ ٢٠١٩

حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند تەنها یەک هاووڵاتیی مەدەنی بەهۆی هێرشەکانی بەریتانیاوە زیانی پێگەیشتووە، لەکاتێکدا بەهۆی ئەو هێرشانەوە ٤ هەزار چەکداری دوژمن لە عێراق و سوریا کوژراون.

دۆناڵـد ترەمـپ ڕێوشـوێنێکی ئەمنـی ڕەتکـردەوە کە لەسـەردەمی ئۆبـامـادا بڕیـاری لێـدرابوو بـۆ بڵاوکـردنەوەی ئامـاری ئەو هاوڵاتیە مەدەنیانەی بەهۆی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە دەکوژرێن.

**لە سێیەم ڕۆژی نەورۆزدا هەسەدە سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی داعشی ڕاگەیاند.**



سەرچاوە
Serchawe

بەشی شەشەم

## ئایا داعش سەرهەڵدەداتەوە؟

سەرەڕای ئەوەی داعش لەسەر ئەرزی واقع کۆتایی هاتووە بەڵام توێژەران لەوبڕوایەدان کە ئەو ئایدۆلۆژیایە هەر بوونی دەمێنێت.

کۆلەمب ستراک، توێژەری باڵا لە ناوەندی ئای ئێچ ئێس مارکیت، دەڵێت: داعش ناوچەیەکی ئارامی لە ناوچە سوننە نشینەکانی عێراق دروستکردووە کە بەزەحمەت هێزە ئەمنییەکان دەستیان پێدەگات، ئەوەش لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندی لەناوچە سوننە نشینەکان و ئەوانەی کە هاوسۆزیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا هەیە.

هەمان بارودۆخ بۆ سوریا پێشبینی دەکرێت بەتایبەت دوای ئەوەی ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەکشێنێتەوە.

توێژەران، لەوانەش بێسمە مۆمانی، پرۆفیسۆر لەزانکۆی واتەرلوو، لەوبڕوایەدان کە گەڕانەوەی چەکدارانی داعش بۆ وڵاتانی خۆیان بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێگردەبێت لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو ڕێکخراوە.

وتەبێژێک لە هێزە کوردییەکان لە سوریا بە ئەلجەزیرەی ڕاگەیاندووە، سەدان لەو چەکدارانەی کە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوو لە باغۆز خۆیان تەسلیم بە هەسەدە کردووە چەکدارانی بیانین.

بەڵام زۆرێک لە وڵاتان ئامادەییان نیە کە ئەو چەکدارانە لەخۆیان بگرنەوە.

مانگی ڕابردوو ترەمپ داوای لە ئەوروپا کرد کە ئەو ٨٠٠ چەکدارەی داعش لەخۆیان بگرن کە لەسوریا دەستبەسەرکراون و دادگایان بکەن، بەڵام فەڕەنسا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە.

سەرچاوەکان: ئیندپێندنت و ئەلجەزیرە ئینگلیزی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٩

## خەلافەتەکەی کۆتایی هات و ئەبوبەکر بەغدادی نادیارە



بەهمەن ئەحمەد

هەمان ئەو پرسیارەی کەلە سەروبەندی تێکشاندنی رێکخراوی قاعیدەدا لەبارەی ئوسامە بن لادنی سەرکردەی دیاری رێکخراوەکە دەکرا.

ئێستاش پاش تێکشکاندنی تەواوەتی داعش و سڕینەوەیان لەمەیدانی روبەروبونەوەی سەربازیدا، پرسیاری ئایا ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی خەلافەتەکەی داعش لەکوێیە و چی دەکات لەگەڵ چەندین پرسیاری دیکە پەیوەندیدار بەئاینندە و چارەنوسی ئەو رێکخراوە لەناخی هەمو کەسێکدایە.

ئەبو بەکر بەغدادی کە ناوە راستەقینەکەی ئیبراهیم عەواد محمد ئیبراهیم عەلی محمد ئەل بەدرییە ماوەی چەند ساڵێکە لەمیدیاکان نابینرێت و بۆ دواین جاریش لەساڵی ٢٠١٤ پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی فراوان لەسوریا و عێراق دەرکەوتوە.

بەغدادی ئێستا لە سەرەوەی لیستی داواکراوترین فیگەرە سیاسی و ئاینییەکانی جیهاندایە، بەتایبەتیش لەلایەن ئەمریکاوە کە پاش راگەیاندنی خەلافەتەکەی لەموسڵ هاوپەیمانێتییەکی بۆ لەناوبردنی ئەو خەلافەتە راگەیاند.

بە پێی راپۆرتێکی ئاژانسی ئاسۆشیتێدپرێس، کورد، ئەمریکی، روسیی، عێراقیی و سورییەکان بەدوای ئەبوبەکر بەغدادی ئەمیری داعشدا دەگەڕێن، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە شوێنی نیشتەجێبونی سەرکردەی مەترسیدارترین گروپی تیرۆریستی بزانن.



سەرچاوە
Serchawe

لەماوەی رابردودا چەندین قسەوباس لەبارەی چارەنوسی بەغدادییەوە کراوە، لەوانە وتراوە گوایا لەکاتی بۆمبارانکردنی پێگەکانیان لەعێراق و سوریا بریندارکراوە و تەنانەت وتراویشە کە کوژراوە. بەڵام هیچکام لەو زانیارییانە پشتڕاست نەکراونەتەوە.

ئەم دەنگۆیانە ئەگەر لەسەروبەندی شەڕدا کە داعش ململانێی لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەکرد رەنگە وەک پروپاگەندەی راگەیاندن سودی لێوەرگیرابێت، ئەوا لەئێستادا پرسیارێکی جدییەو پێویستە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی فەرمی و لەسەر بنەمای زانیاری دروست وەڵامی بدەنەوە.

بەپێی راپۆرتەکە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، زۆرینەی سەرکردەکانی داعش کوژراون، بەڵام هێشتا سەرکردەکەی داعش شوێنی نەزانراوە و ئەمریکا ٢٥ ملیۆن دۆلار خەڵاتی بۆ دۆزینەوەی داناوە.

شان ڕایان وتەبێژی هاوپەیمانان رایگەیاندوە:"هاوپەیمانان نە ئەبوبەکر بەغدادی-یان دەستگیر کردوە و نە ئاگایان لە شوێنی خۆحەشاردانی هەیە".

راپۆرتەکە لە زاری بەرپرسانی هەواڵگریی عێراق ئەوەشی خستۆتەرو کە سەرکردەکەی داعش لە بیابانەکانی نێوان عێراق و سوریا لە تونێلەکاندا ژیان بەسەردەبات.

هاوسەری دو کەسی نزیکی بەغدادی لەلایەن ئەمریکاوە دەستگیرکراون

بەرپرسێکی باڵای عێراقی بەبێ ناوهێنانی رایگەیاندوە، "ئەمریکییەکان دو کەس لە نزیکترینەکانی بەغدادییان کوشتوە و هاوسەرەکانیانی دەستگیر کردوە، ئەمریکا بەنیازە لە ڕێگای ئەم دو کەسەوە زانیاری لەسەر شوێنی بەغدادی بەدەستبهێنێت.

ئاماژە بەوەشکراوە کە دواین دەرکەوتنی بەغدادی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ بو، لە کاتی نوێژدا لە مزگەوتی نوری لە رۆژئاوای موسڵ، دوای ئەوەش "دەوڵەتی خیلافەتی" راگەیاند و لەو کاتەشەوە بەهیچ شێوەیەک دەرنەکەوتۆتەوە و تەنها لە رێگەی ئاژانسی فەرمی رێکخراوەکەوە، تۆمارە دەنگییەکانی بڵاو کراوەتەوە.

ئاژانسەکە باسی لەوەشکردوە کە فەرماندە باڵاکانی کوردی سوریا هێشتا ڕای خۆیان لەبارەی چارەنوسی بەغدادی و شوێنی



سەرچاوە
Serchawe

خۆحەشاردانی ڕانەگەیاندوە.

لەئێستادا بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکان، پێدەچێت ئەبوبەکر بەغدادی تەمەن ٤٧ ساڵ لەبیابانە سەختەکانی سوریا خۆی حەشاردابێت کە لە بەشی رۆژهەڵات و سنورەکانی عێراقەوە دەستپێدەکات تا ناوچەکانی ناوەڕاست لەحومس.

ئەوەی پالپشتی ئەمرایە دەکات ئەوەیە کە مانگی تەموزی ساڵی رابردو کوڕەکەی بەناوی (حوزەیفە) لەو بیابانە و لەهێرشێکی ئاسمانی فرۆکەکانی روسیادا کوژراو پێدەچێت باوکیشی هاوسەفەری بوبێت.

بەغدادی کە بە تارماییە ترسناکەکەش بەناوبانگە کۆتاجار پاش پێشکەشکردنی وتارێک لەمزگەوتی ئەلنوری موسڵ لەساڵی ٢٠١٤ دەرکەوتوە

باوەڕوایە بەغدادی لەگەڵ سێ کەس هاتوچۆ بکات ئەوانیش براگەورەکەی کە ناوی جومعەیە لەگەڵ شۆفێرەکەی و بۆدی گاردی تایبەتی و هاوڕێی منالی کە ناوی عەبدول لەتیف ئەل جبورییە لەگەڵ کەسێکی دیکە سوعاد کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٩

## سوریا و کورد پاش شەڕی باغوز




**فەرید ئەسەسەرد**

پاش سەرکەوتنی کورد لە شەڕی باغوز و گرتنی دوایین بنکەی داعش لە سوریا، داعش بێ زەوی مایەوە و بووە گروپێکی پەراگەندە و پەرت و بڵاوی راونراوی روو لە فەوتان و لەناوچوون. کورد سوریایان گواستەوە بۆ قۆناغی پاش داعش. ئەو ئەرکەی کە بۆ ئەسەد ماوە ئەوەیە کە سوریا بگوازێتەوە بۆ قۆناغی پاش ئیدلب. ئەگەر پاککردنەوەی ئیدلب تەگەرەی نەیەتە پێش، هێزەکانی ئەسەد دەتوانن، بە یارمەتی روسیا، لە ماوەیەکی پێوانەییدا ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئیتر پاش ئەوە، دەبێ بناغەی سوریایەکی نوێ دابندرێ چونکە سوریای پێش ٢٠١١ هەرگیز ناگەڕێتەوە و رەوشەکە پێویستی بەوەیە کە پرۆسەیەکی سیاسی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیزەکردنی وڵات دەست پێ بکا، هەروەک هەڵمەتێکی جیهانی بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات زۆر پێویستە. ئەزموون دەریخست کە ئاشتی لە ناوچەکەدا لە سوریاوە دەست پێ دەکا و هەرکات سوریا بشێوێ، هەموو ناوچەکە لە سۆنگەی هەڵکەوتی جوگرافی و پێگەی جیۆسیاسی سوریاوە، دەشێوێ. بۆیە بەرژەوەندیی ناوچەکە و جیهان لەوەدایە کە دەستەبەری سوریایەکی سەقامگیر بکرێ تاکو بەشدار بێ لە دابین کردنی ئاسایشی ناوچەکە.

شەڕی سوریا لە کۆتایی نزیک بۆتەوە و لە ئێستاوە دەبێ ئامادەکاری بۆ سوریای پاش جەنگ بکرێ.
لە ناوخۆی سوریا، داعش بەبێ دلێری و ئازایەتیی سوپای سوریا و کورد، لەناو نەدەچوو. بەڵام لە هەمان کاتدا سوریا بەبێ هاوکاریی دەرەکی نەدەپارێزرا.

دەستێوەردانی هێزەکانی ئێران و حزبوڵڵای لوبنان و هەندێ لە هێزە شیعییەکانی عیراق لە سەرەتای جەنگەکەدا رۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی سوریادا هەبوو. هەروەها دەستێوەردانی روسیا لە ساڵی ٢٠١٥ بەدواوە، رۆڵێکی گەورەی لە


سەرچاوە
Serchawe

هێشتنەوەی رژێم و پاراستنی یەکپارچەیی سوریادا هەبوو. تا ساڵی دووەمی شەڕ، پێشبینی مانەوەی رژێمی سوریا نەدەکرا. ئەسەد تەنها ٢٥%ی رووبەری سوریای بە دەستەوە مابوو کە لە دیمەشقەوە بە درێژایی سنووری نێودەوڵەتیی لوبنان دەستی پێ دەکرد و تا لازقیە درێژ دەبۆوە. لە ناوچەکانی تردا داعش ٤٠%ی زەویی کۆنترۆڵ کردبوو، کورد ١٥% و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ٢٠% دواتر وردە وردە تەرازووی هێز گۆڕانی بەسەردا هات و داعش گورزی کاریگەری تێسرەوێنرا و هەموو زەویی لێ سەنرایەوە.

سوریای ئاییندە پێویستی بە دەستوورێکی تازەیە کە تێیدا دان بە فرەییدا بنرێ و مافەکانی کوردی تێدا بچەسپێنرێ. کورد بە درێژایی هەشت ساڵی رابردوو سوریایان پاراست و بەشدارییەکی کارایان لە جەنگی دژی داعشدا کرد. لەسەر دەستی ئەوان رەققەی پایتەختی داعش، بە هاوکاریی هێزەکانی ئەمریکا، ئازادکرا و باغوز، بەبێ هاوکاریی هیچ هێزێکی بیانی، لە داعش پاک کرایەوە. کوردی سوریا شایستەی پاداشتن و کاتی ئەوە هاتووە مەسەلەکەیان چارەسەرێکی دیموکراتییانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

لە سەرەتای دەستپێکی قەیرانی سوریادا، کورد هاوپەیمانی ناڕاگەیەندراوی رژێمی سوریا بوون و لە زۆر گروپی تر باشتر پەیان بە مەترسیداریی رەوشەکە دەبرد. تەنانەت کاتێک هاوپەیمانییان لەگەڵ ئەمریکا دروست کرد، هاوپەیمانییەکەیان دژ بە داعش بوو. ئەزموونیش نیشانی داوە کە ئەو هاوپەیمانییە خراپ لەسەر سوریا نەشکاوەتەوە و بۆتە مایەی پاک کردنەوەی قەڵەمڕەوێکی فراوان لە هێزەکانی داعش. ئەو هۆیانەی وایان لە کورد کرد، هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا دروست بکا، هەمان ئەو هۆیانەن کە وایان لە ئەسەد کرد هاوپەیمانی لەگەڵ روسیا دروست بکا. بە کردەوە، هەموو لایەنەکان، هەرچەند ناکۆک و ناتەبا بن، بەشدارن لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر داعشدا و ئەو سەرکەوتنە موڵکی یەک لایەن نییە و هیچ لایەنێکیش نەیدەتوانی بەتەنها بەدەستی بێنێ.

هەر وڵاتێک پاش ئەوەی کە بە ئەزموونی جەنگ و پاشاگەردانیدا تێدەپەڕێ، لە وڵاتانی دیکە باشتر لە مانای سەقامگیری تێدەگات. پاش جەنگ، ئەوەی کە سوریا لە هەر شتێکی تر زیاتر پێویستی پێیەتی، سەقامگیرییە. لەسەر بنچینەی ئەو سەقامگیرییەش، پرۆسەی سەختی ئاوەدانکردنەوە دەست پێ دەکا. هەموو ئەوانەی لە نێکشکاندنی تیرۆردا هاوپەیمانی بابەتیی یەکتری بوون، دەتوانن لە قۆناغی ئاوەدانکردنەوەشدا هاوپەیمانی یەکتری بن و پێکەوە ئاسوودەیی بۆ وڵات بگێڕنەوە و ئاوەدانی بکەنەوە و پێکەوە رووبەڕووی ئاڵنگارەکانی قۆناغی پاش بڕانەوەی جەنگ ببنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# کەرکوک و باغۆز



لەتیف فاتیح فەرەج

## ١

جارێکێیان دێڕە شیعرێکم بۆ کەرکوک و کەرکوکیەکان نووسی بەو جۆرە:

هەر بژی کوردی کەرکوکم یەک دڵو گیان و ئیمانە
شاری رازاوەی وەک بوکم تەنها گوڵی کوردستانە

بیرم نیە بۆ ئەو شیعرەم نوسیوەو تەواوی شیعرەکە چۆنە، بەڵام لە زۆر بۆنەدا کەرکوکیەکانم بە یەکەوە بینیوە، لە راپەڕیندا، لە نەورۆزدا، لە دژایەتی ستەم و نادادیدا، راستی من کە مێک شێخ رەزایانە لە کەرکوک دەڕوانم، روانینەکەم لیپە لە خۆشەویستی و توڕەیی، هۆکارەکەشی رەنگە هەر ئەوە بێت ئەو شارە هەم ستەملێکراوە، هەم ستەمکار، ستەمکاربەو مانایەی هێشتا لە ناشینی دۆست و دوژمندا کۆڵەوارە، بۆیە منیش هەندێک جار لە بەر خۆمەوە دەڵێم «کەبابی گۆشتی بزن فاکیهەی بەری خڕنوک»

## ٢

زۆر گۆرانی و بەیت و شیعرو شانامە بۆ کەرکوک نوسراوە، سەرەڕای بەدبەختی شارەکە لێ شانسی ئەوەشی هەبووە، بە چەندین زمان گۆرانی بە باڵایدا بگوترێت، بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی، ئەوەش شانسێکی گەورەیە، ما داغستانەکەی حەمزا تۆفیش لە زمان و وردە زماندا ئەو شانسەی پێنەبڕابوو، حەمزا تۆف بە شانازیەوە لە

«داغستانی من» دا ئەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو هەموو شیعرو شانامەیە بۆ عفرین نەوتراوە، لە کاتێکا عفرین و لینینگراد دوو دیرۆکی گەورەی بەرگری مرۆڤایەتی دەمێننەوە، لەم ڕۆژانەدا بە یادی ڕاپەڕینی کەرکوک و کەوتنی عەفرین و سەرکەوتنی باغۆزدا تێدەپەڕین، باغۆزداستانێکی دیرۆکی تری کوردانە، ڕەنگە جێی خۆی بێت بڵێین کەوتنی باغۆز بە دەستی شەرڤانان لانی کەمی سارێژکردنی برینی ئێزدیەکانە.

٣

شەڕ هیچ خێرو بێرێکی نیە، مەگەر هەر ئەوەی هەندێک ناوی تازە و شوێنی تازە ئاشنا دەبین و دەناسین، ئەوەش خێر نیە، دەشێت دواجار گێڕانەوەی چیرۆک و داستانەکانی کوشت و بڕو کەوتن و سەرکەوتن بۆ میدیاکارانێک و نوسەرانێک خێرێک بدەنەوە، ئەوەش بۆ کوردی بەلەنگاز نا کە خۆبەخشانە شەڕ لە پێناوی دنیادا دەکات و خۆیشی پاشقول لە خۆی دەدات.

سەرکەوتن لە باغۆز یان ئەوەتا دەرگایەکی باش لە کوردی ڕۆژئاوا دەکاتەوە، یان ئەوەتا دیسان دەماندەنە دەم گورگەکانەوە، لە هەردوو باردا پێکەوەبوونی خۆمان زۆرگرنگە چونکە:

تەنها پەنجەیەک هیچی پێناکرێ
کە کردت بە پێنج کێ بەرگەی ئەگرێ
مستەکۆڵەیەو ناو دەم ئەشکێنێ....

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٩

## داعش لە لانکەوە هەتا گۆڕ



بورهان شێخ ڕەئوف

ڕۆژی ٢٣ی ئازار ٢٠١٩ وتەبێژی هەسەدە هێزەکانی سوریای دیموکرات کە لە زۆرینەی کورد پێکهاتوون و ئەمریکا پشتیوانی یان دەکات مژدەی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ڕاگەیاند کە لەدوا پێگەیان لە ڕۆژهەڵاتی فورات و بە دیاریکراوی لە شارۆچکەی باغۆز لە ڕۆژهەڵاتی دیرزۆر هەموو بنکەو بارەگاکانیان رزگارکراو تارومار کران.

بۆیە پێم باش بوو لەم کاتەدا کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش سەرەنگوم بوو، پانورامایەکی خێرای چۆنیەتی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی و فەرمانڕەوایی چوارساڵی پڕلە کارەسات وماڵوێرانی و تاوانی گەورە گەورەو هەتک کردنی حورمەتی مرۆڤ و کوشتن و لەناوبردنی هەرکەسێک کە لەگەڵیاندا نەبێت و تا جینۆسایدی ئێزیدییەکانی شەنگال و بە سەبایاو کەنیزەک کردنی کچ و ژنانەکانی یان.

### ڕاگەیانی دەوڵەتی خەلافەت

لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ تاقم و گروهە چەکدارەکانیان دەوڵەتی ئیسلامی یان لە عیراق و شام ڕاگەیاند لە هەموو ئەو ناو چانەی کە لە ژێر دەستەڵاتیاندا بوو، لە تۆمارێکی دەنگی کە بڵاویان کردەوە لە یەکەم ڕۆژی مانگی رەمەزانی ئەو ساڵەدا ناوەکەیان گۆڕی بۆ ((دەوڵەتی ئیسلامی)) بەم گۆڕانکاریەش بۆ یەکەمجار دوای نزیکەی سەد ساڵ رێککەوتنامەی سایکس - بیکۆ یان هەڵوەشانەوە قوولەکانی سنووری نێوان عیراق و سوریایان تێکداو ئەبوبەکر بەغدادیان وەکو خەلیفەی ئیسلام ڕاگەیاند داوایان لە خەڵکی کرد پەیمان و سۆز و موبایەعەی بکەن.

## بەشی شەشەم

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ١٠ی حوزەیران ٢٠١٤ دەستیانگرت بە سەر شاری موسڵ دووەم گەورە پارێزگای عیراق دوای ئەوەی سوپاو هێزە چەکدارەکانی عیراق شەڕییان نەکردو هەموو چەک و تەقەمەنی و کەرەسە سەربازییەکانیان دا بە دەست چەند سەد چەکدارێکی داعشەوە کە بەو چەک و تەقەمەنی و کەرەسانە سی یەکی خاکی عیراقیان داگیرکرد و دواتر هەرچەندە پێشتریش لەساڵی ٢٠١٣ شاری ڕەقەو دێر زور و بەشێک لە شاری حەلەب-ی سوریایان داگیرکردبوو، بەم شێوەیە هەردوو شاری موسڵ و ڕەقە بوون بە پایتەختی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی .

لە ٥ی تەمووزی ٢٠١٤ بۆ یەکەمجار ئەبوبەکر بەغدادی دەرکەوت لە تۆمارێکی ڤیدیۆیی داوای لە موسڵمانان کرد سۆزی پێ بدەن و موبایەعەی بکەن.

بۆیە ئیتر لەو کاتەوە دەستیانکرد بە جێبەجی کردنی شەریعەتی ئیسلام بە دیدو بۆچوونی خۆیان بۆ ئایین و بۆ ئیسلام کە هەزارو چوارسەد ساڵی ڕابردووی سەرهەڵدانی ئەو ئایینە ئەمە شێوازێکی نوی ی توندوتیژی و لە ناوبردن بوو چ بە جێبەجی کردنی حوکمی ئیعدام بە سەرخەڵکێکی زۆردا بە تاوانی خیانەت و بەکرێگیراوی بۆ بێگانەو زینا و بەگشتی هەموو ئەوکەسانەی کە وەکو ئەوان بیریان نەدەکردەوە مەحکوم بوون بە ئیعدام.

جگە لە بە کەنیزەکردنی ئافرەتانی یەزیدی و کڕین و فرۆشتن کردن پێ یانەوە لە بازاڕەکانی ڕقەو موسڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش تۆمەتباریان دەکەن بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ئتنیکی و جینۆساید و ئەشکەنجەدانی زیندانیان , لەمانەش مەترسیدارتر و دڕندانەتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چەندین پرۆسەی کوشتن و سەربڕین و سووتاندنی تۆمارکردو بە فیدیۆیی و لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و تۆڕکۆمەڵایەتیەکانەوە پەخشیان دەکرد هەروەها چەندین کردەوەی خۆکوژی و تەقاندنەوەی بۆمب و بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبیل و داهێنانی چەندین شێوازی نوی یان داهێنا و بەفەرمی بەرپرسیارێتی خۆیان لێی رادەگەیاند لە عیراق و سوریا کە خەڵکێکی زۆری سڤیل یان دەکردە ئامانج و دەبوونە قوربانی.

### هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ لە ناوبردنی داعش

لە دوای سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە توند ئاژۆ و تاوانبارە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ لە ناوبردنی داعش پێکهات لە حەفتا دەوڵەت بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و هەر ئەمریکا خۆی بەتەنها ٥٠٠٠ سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە کردو لە مانگی ئەیلەلی ٢٠١٤ یەکەم پەلاماری ئاسمانی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریا دەستپێکرد دوای ئەوەی پێشتر لە عێراق پەلاماری دابوون.



سەرچاوە
Serchawe

## سەرەتای تێکشکان و پاشەکشەی داعش

لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ هێزە کوردییەکانی سوریا بە پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش شاری کۆبانی یان لە داعش رزگارو پاک کردەوە.

لە ٣١ی ئازاری ٢٠١٥ سوپاو هێزە چەکدارەکانی عیراق پارێزگای سەلاحەدین کە ناوەندەکەی شاری تکریتە لە داعش پاککردەوە دواتریش شارەکانی رومادی و فەلووجە و شەنگال ڕزگارکران لە تیرۆریستانی دەوڵەتی خەلافەت.

لە ئابی ٢٠١٦ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) شاری مەنبەج یان ڕزگارکرد لە داعش و گروهەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەستیان گرت بە سەر شاری جەرابلس و باب ی سەربە پارێزگای حەلەبی سوریا لە مانگی شوباتی ٢٠١٧.

لە ١٠ی تەمووزی ٢٠١٧ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق ڕزگارکردنی تەواوی شاری موسڵی راگەیاندد دوای نۆ مانگ هێرش و شەڕو ئۆپەراسیۆنی بەردەوام بە پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش.

لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ هەسەدە شاری رەقەی پایتەختی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیشی لە بندەستیان دەرهێنا.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عیراق عەبادی سەرکەوتنی تەواوی بەسەر هێزەکانی داعش لە عیراقدا راگەیاند.

## لە گۆڕنانی داعش دوا وێستگە

لە ٢٣ی ئازاری ٢٠١٩ هەسەدەو ئەمریکاش لەلای خۆیەوە سەرکەوتنی تەواویان بەسەر سوپای جەهل و رەشپۆشی داعشدا راگەیاندد لە دوا پێگەیان لە باغۆزی لە ڕۆژهەڵاتی سوریا.

لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەوەی دوا بنکەو بارەگاو پێگەی ئەو هێزە وەحشیگەرە کۆنترۆڵ کرا لە عیراق و سوریا بەڵام ئێستاشی پێوەبێت لە بیابانەکانی عیراق و بادییەی شام خۆیان حەشارداوەو شانەی نووستوویان لە زۆر شوێن هەیە مەترسی جدییان

بەشی شەشەم

هەیە بۆ ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە، چونکە هەموو ئەو فاکتەرانەی کە زەمینەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی ئەم رەوتە توندئاژۆیە، هێشتا ماون، بۆیە ئەرکی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکەشە کە ئەو ئەرکە قورسە بگرنە ئەستۆ ئەویش چارەسەرکردنی کێشەو ئاریشە ئاڵۆزەکانی وڵاتانی ناوچەکە چ لە دابینکردنی دادپەروەریی و یەکسانی هاوسەنگی و شەفافیەت و خزمەتگوزاریی و دابینکردنی هەلی کارو ئازادیی و نان و خۆشگوزەرانی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٩

## شکستی داعش لەسەر دەستی کورد، جێی شانازییە یان لۆمە؟



جەمال ئارێز

داعش ئەو «ئەفسانە»یەی کە لە ٩ - ٦ - ٢٠١٤ دا وەک هێزێکی دڕندەو بێ نەزیر خۆی دەرخست و جیاواز لە زۆرێک لە ڕەوتە سیاسییە جیهادییەکانی پێش خۆی لەماوەیەکی کورتی تەمەنیدا موسڵ و دەشتی نەینەوای کردە خاڵی وەرچەرخانێکی مەترسیدار لە ناوچەکەدا، زۆرێک لە حکومەت و دەوڵەتانی جیهانی خستە بەردەم مەترسیی جدییەوە، لەڕووی واقیعی جوگرافییەوە بووە هێزێک کە دووەم گەورە پارێزگای عیراق کۆنترۆڵ بکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو شارە بۆخۆی شارێکی فرە نەتەوە یان بەکورتی بڵێین عیراقێکی بچووککراوە بوو، هەربۆیە شێوازی مامەڵەی لەگەڵ پێکهاتە ئینتیکی و ئاینییەکانی ئەو پارێزگایەو ئەوەندەی دەستی پێیدا ڕاگەیشت، پەیامێکی تاکتیکییانەی نارد بۆ دەوروبەر بەوەی کە دەبێتە پارێزەری سەرسەختی سوننە مەزهەبەکان، دیارە گەورەترین پێکهاتەی ئەو پارێزگایەو بەتایبەتی شاری موسڵیش لە ڕووی نەتەوەوە عەرەب بوون و لەڕووی ئایین و مەزهەبیشەوە ئیسلامی سوننە مەزهەب بوون.

ئەم تاکتیکە سیاسییەی داعش لەسەرەتاوە توانیی داعش وەک پارێزەری عەرەبە سوننەکان بناسێنێت، هەر ئەوەش وایکرد بەشی زۆری سوپاو هێزە ئەمنییەکانی ئەو سنوورەو پارێزگا عەرەبییە سوننە نشینەکانی دیکەی عیراق وەک تکریتی سەنتەری پارێزگای سەلاحەدین و ڕومادی و فەلوجە لەسنووری پارێزگای ئەنبارو ناوچە عەرەبییە سوننەنشینەکانی پارێزگای کەرکوک وەک حەویجەو ڕیاز و عەباسیە و ناوچە سوننە نشینەکانی سنووری پارێزگای دیالەش بچینە ژێر ئەو تەوەهومەوە کە بەڵێ ئەوە ئەو هێزەیە کە دەتوانێت سەروەریی ٨٠ ساڵەی لەدەستچووی ئەو پێکهاتەیە لە حوکمڕانیی سەردەمی ١٩٢١ - ٢٠٠٣ یان بۆ بگێڕێتەوە بۆیە لەسەر ئاستی میللی و لەسەر ئاستی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانیش بەئاسانی توانیان وەک ئاگر لەپووش بەربدەیت لەماوەیەکی پێوانەیی زۆر کەمدا هەموو ئەو ناوچانە بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ کۆنترۆڵ بکەن.

لەسەر ئاستی ئیقلیمیش، دەوڵەتانی عەرەبی کە زۆربەیان سوننە مەزهەبن، هەندێکیان تووشی شۆک بوون و نەیانتوانی بڕیارێکی دەستبەجێ بدەن و چاوەڕوانی ڕووداوەکان بوون، هەندێکیشیان کە لە دوای ۲۰۰۳ وە مەترسیی هەژموون و پەلکێشانی ئێرانیان بۆسەر سنوورەکانیان هەبوو، لەسەر بنەمای «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە» ئەگەر بە ڕەسمی و ڕاگەیەندراویش نەبێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێی بانک و ڕێکخراوەی جۆراوجۆری ژێر کۆنترۆڵی دەزگا هەواڵگرییەکانیانەوە پشتگیرییان دەکردن، تەنانەت داعش توانیی لەسەرەتاوە سوود لە توانا و شارەزایی بەشێک لە پاشماوەکانی بەعس و فەرماندە سەربازییە بەرکەنارکراوەکان ببینێت بۆ چۆنێتیی ئیدارەدانی سەرەتایی ئەو ناوچانە.

لەڕووی سەربازیشەوە، هێندە دڕندانە و بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی ئەوانەی ڕووبەڕوویان دەوەستانەوە لەسەربڕین و گوللەباران کردن و کۆمەڵکوژیی و کاری خۆ تەقاندنەوەو....هتد، لەلایەک و سۆزی چەکدارانی عەرەبی سوننە مەزهەب بۆیان لەناو هێزە ئەمنیی و سەربازییەکانی عیراقدا مەترسییەکی وای لەناو هێزەکانی عیراقدا دروستکرد کە بڵێسەی شەڕو کوشتار لە دەروازەکانی خۆرئاواو باکووری خۆرئاوای بەغدای پایتەخت نزیک بووەوە.

ئەوەی هەر لەسەرەتاوە لەو مەرام و تاکتیکە سیاسی و سەربازییەی داعش تێگەیشت، کوردو بەشێک لە سەرکردایەتی کورد بوو، چونکە دڵنیابوون ستراتیژەکە زۆر لەوە گەورەترە کە ئەو گروپە نوێنەرایەتی پێکهاتەیەک یان ئاینزایەک بکات، ڕۆژانی دواتریش ئەوەی دەرخست کە هیچ کەس و گروپێکی ئیتنیکی و مەزهەبی بە «عەرەبە سوننەکانیشەوە لەدەستی ئەو گرووپە بەسەلامەت دەرناچن، بۆیە هێزی پێشمەرگە بەوپەڕی توانای خۆیەوە ڕووبەڕووی وەستایەوەو هەر لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی بەرگرییەوە لە باشووری کوردستان توانیی ئەو ئەفسانەیە تێک بشکێنێت و ماددە ڕەسەنەکەی ئەو گروپە بە جیهان بناسێنێت.

هەر بەو سۆزەی کە لەناو عەرەبی سوننەدا بۆخۆی ڕاکێشابوو، توانیی بەشێکی زۆری ناوچەکانی سوریاش کۆنترۆڵ بکات، بۆیە ئەوەی لەوێش ئەفسانەو تەلیسمەکەی شکاند هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا بوو لە سەرێ کانی و کۆبانێو ناوچەکانی دیکە.

شکستی داعش چ لە عیراق و چ لەسوریاش دواجار لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە باشووری کوردستان و چ لەسەر دەستی شەڕڤانانی یەپەگەو هەسەدە لە ڕۆژئاوا تۆمارکرا.

ئەو شکستەو کۆتایی هاتنی داعش وەک هێزێکی خاوەن جوگرافیایەکی دیاریکراو لە عیراق و سوریا ئەگەر لەسەر دەستی

## بەشی شەشەم

هەر وڵاتێکی ئیقلیمی یان جیهانی بووایە، ئەوا ئەو وڵاتە ئەوەی دەکردە دەستپێکی نووسینەوەی مێژوویەکی نوێ، وەک چۆن مێـژوو نـاوی هەمـوو ئەو وڵات و هێـزانەی تۆمـارکردووە کە لە سـەدەکانی رابـردوودا شکسـتیان بە فراوانخـوازیی و ئیمپراتۆرییەتەکان و تەتارو مەغۆلەکان هێناوە، بۆیە دەبێت هەم کورد خۆی و هەم وڵاتـانی زلهێـزو هەم گەلان و پێکهـاتە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانی دیکەی ناوچەکەش ئەو سەروەرییە لە مێژوودا بـۆ هێزە کوردییەکـان تۆماربکەن کە بە باشوور و بە رۆژئاوای کوردستان زیاتر لە ١٥ هەزار کەسی لە پێناوی شکستهێنان بەو ئەفسانە فوودراوەدا شەهید بووە.

دەبێت ستراتیژ و تـاکتیکی سـەرکەوتن و سیاسـەتی فەرمانـدەییکردنی فەرمانـدە سـەرەکی و مەیـدانییەکانی ئەو جەنـگ و رووبەڕووبـوونەوانە بکـرێنە وانەی سـەربازیی لە ئەکادیمیـا سـەربازییەکانداو پاڵەوانـانی ئەو داسـتانانە وەک سـومبولی توانستی سەربازیی ناویـان بچێتە مێژووەوە، بەڵام مخـابن، هێشتا بەو پێیەی مێژوونووسـان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی سـتراتیژی و سـەربازیی لە کوردسـتاندا بە عەقڵـی حزبـی و نـاوچەییەوە دەڕوانـنە زۆرێـک لە رووداو و سـەروەریی و داستانەکان، نەک هێشتا ئەو شکستەی داعش نەبووەتە خاڵێک کە هەموو کوردێکی ئـازادیخواز شانازیی پێوەبکـات، بەڵکو لێرەو لەوێ بەهۆی ناکۆکیی حزبی و زاڵبـوونی تیـۆری ئیسلامی سیاسی بەسەر بەشێک لە پێشنوێژ و وتـاربێژی ئایینیدا، بەپاسـاوی دینـدارییەوە ئـاڵوگۆڕ بە پـێگەی قوربـانی و جەلاد دەکرێـت و هەمـوو روونـاکبیران و نووسـەران و کەناڵەکـانی راگەیاندنیش لێی بێدەنگن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## داعشی بێ جوگرافیا



عەتا کەریم

دوای پێنج ساڵ لە جەنگ ، تیرۆریستانی داعش لە (باغۆز- باهۆز) لە سوریا کۆتاییان راگەیەندرا، ئەویش لەسەر دەستی هێزەکانی سوپای سوریای دیموکرات (هەدەسە)، کە دەکاتە سەرکەوتنی ئیرادەی دیموکراسی و دژە تیرۆریست و شکستی بیری توندرەویی و تیرۆریستان.

سەرکەوتن بەسەر داعش لە سوریا، لەسەر دەستی شەرڤان و قارەمانێتی جەنگاوەرانی دیموکراسیی کورد بوو لە رۆژئاوا، کە سیمبولی ئازایەتییان بە ناسنامەی کوردایەتییەوە تۆخکردەوە، لەسەردەمێکدا کە تەکنۆلۆژیای سەربازیی و تەکنیکەکانی لە لوتکەدان، بەڵام ئەوە لەئاست جەنگێکی وەک تیرۆریستان بەبێ هەبوونی تایبێک لە جۆری پێشمەرگە لە باشوور و شەرڤانان لە رۆژئاوا زەحمەت بوو، بۆیە ئەم دوو هێزە خرانە نێو بازنەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژبە تیرۆریستانی داعش کە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکرد.

هەدەسە، لە تەوقیتی کۆتایی داعشی لە ٢٣ - ٣ - ٢٠١٩ دا بەیان کرد، ئەم سەرکەوتنە بۆ کورد لەرۆژئاوا بە هەزاران شەهید و بریندار بەدەستهات کە بەشی شێری لە نێو هەدەسەدا هەیە و سەرکردایەتیشی دەکات، بەڵام ئەوان خۆیان بوونە خاوەنی سەرکەوتنە مەزنەکە، نەک بە پێچەوانەی باشوور، کە عیراق بووە خاوەنی سەرکەوتنی کۆتایی داعش و رۆڵ و قوربانیدانی پێشمەرگەی خستە دەرەوەی ئەو دەستکەوتە، چونکە دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لەباشوور، کورد لە هەرێم خرایە چوارچێوەی سزادانەوە بەهۆی ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ و بۆیە سەرکەوتنەکە مۆرکی عیراقیانەی لێدرا! بەبێ رەچاوکردنی زیاتر لە ١٥٠٠ شەهیدی پێشمەرگە و ١٠ هەزار بریندار دیکە! و بەهۆیەوە کورد لە باشوور تامی سەرکەوتنی نەکرد و تەنیا قوربانی وماڵوێرانیی ئەو شەڕەی بۆمایەوە.

**بەشی شەشەم**

لەم سەرکەوتنەی هەدەسەدا کە پێویست دەکات وردتر بکرێتەوە، ڕۆڵی شەڕڤانی ژنە، لەناو یەکینەکانی پاراستنی ژن، بەڵام ئەم ڕۆڵە لە ڕوبەڕوبونەوەی داعشدا لە باشوور و هەروەها لە عیراقیش ئەو ڕۆڵەی ژنان بەدی نەکرا.

هەرچەندە داعش لە سوریاش، تەنیا ڕووبەری جوگرافیای لەدەستداوە و هەروەها شکستی سەربازیی هاتووە، بەڵام وەک مەترسی فیکر و شانە نوستووەکانیان هەرماوە، بۆیە بەگوێرەی قوناغ و دۆخەکە «دەرفەت» بۆ گورز وەشاندن بەکاردەهێنن، یاخود پەنا بۆ تیرۆر و تەقاندنەوە دەبەن، کە ئەوەش جۆرێکە لە شەڕی تێکدانی ئارامی کە شێوازی باوی گروپە تیرۆریستیەکانە.

بابەتێکی گرنگ لە پرسی کۆتاییهاتنی شەڕگە و ڕووبەری جوگرافی داعش لە سوریا، پرسی دیل و دەستگیرکراوەکانی تیرۆریستانی داعشە، کە بەگوێرەی بەلاغی ڕۆژی سەرکەوتن ئاماژەی پێدرا، زیاتر لە پێنج هەزار داعش بەدیل گیراون، کە زۆربەیان تیرۆریست و داعشی بیانین!، هەرچەند هەدەسە هەوڵی ئەوە دەدات ئەم پرسە ڕوبەڕووی دادگای نێودەوڵەتی بکاتەوە، کە ئەوەش هەنگاو و بیرۆکەیەکی شایستەیە، تا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەیسەکە بجووڵێنرێت، نەک لە دادگا لۆکاڵی و نێوخۆییەکاندا چارەسەر بکرێت.

پێنج ساڵ شەڕی ماڵوێرانی داعش لە سوریا و عیراق درێژەی کێشا، لەو ڕووبەرەدا، کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان بەشێک بوون لە جوگرافیای شەڕی تیرۆریستان، بۆیە کورد لەنێو جەنگەکەدا بوو، زۆترین زیانی گیانی و ماددی بەرکەوت، ژیان و گوزەرانی هەزاران خێزانی هەڵتەکاند و ئاوارەکرد، بۆیە ناکرێت لە دوای ئەم جەنگەوە، مشوری ئەوە نەخورێت کە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی کۆمەککردنی نێودەوڵەتی نەدرێت، چونکە قەبارەی زیان و لێکەوتە دوورمەوداکانی چەندین ساڵی پێویستە، بەبێ ئەم هەنگاوە، ئەرک و کاری دوای داعش تەواو نەکراو دەبێت، هاوکاتیش بەرپرسیارێتی ئەخلاقیش دەخاتە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی!، بەر لەوانیش دەبێت کورد خۆی ئەو هاوپەیمانییە بخاتە بەرباسی جدی!.

**سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## دوای داعش چی ڕوودەدات؟



ئارام عەلی عەزیز

لەرەوش و ژینگەیەکی جیهانی و ئیقلیمیی و ناوخۆیی پڕاوپڕ لەقەیران و ناسەقامگیریی، کە تیایدا پێکهاتە سەرەکیەکانی سیستەمی جیهانی هەڵوەشاونەتەوەو ئاسایش لەسەر لێواری داڕمان و، سنوورەکانی نێوان دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سڕاونەتەوەو، دەوڵەتەکانیشی دووچاری هەڵوەشانەوەی ستاتوو بوون کۆتایی هاتنی جەنگی بەناو داعش ڕاگەیەنرا.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا خاکی سوریاو عێراق لەژێرناوی جەنگی داعش و تیرۆر بوونەتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاییکردنەوەی ململانێ و کێشەو گرفتە کەڵەکەبوەکانی نێوان ئەمریکاو روسیا، ئێران و ئیسرائیل، سعودیەو تورکیا، تورکیاوکورد، سوریاوتورکیا، بەجۆرێک ئەگەر بایەخی ستراتیجی وجۆری کێشەو ئاستی توندوتیژیی ئەو کاراکتەرانە بهێننە بەرچاو ئەوە جەنگێکی بچوکی جیهانیی ڕانەگەیەنراوی تێدا دەخوێنرێتەوە.

ئەمڕۆیش دوای ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی جەنگی داعش، گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەم جەنگە بچووکە جیهانیە بەپێی پێدراوەکان لەسەر گۆڕەپانی سوریاو عێراق گەورەتردەبێت و بۆ ناو خاکی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی ناویان هاتوە بگوازرێتەوە. لەو ڕووەوە ئەگەر سەیری ئامادەکاریی و مانۆڕەسەربازیەکانی ئەمریکاو روسیا بکەین ئاماژەیەکی حاشاهەڵنەگری گەورەبوونی ئەو جەنگە دەبینین، هەروەک چۆن لێدوان و ئامادەکاریەکانی ئیسرائیل و ئێران دژ بەیەکتر هەمان ماناو خوێندنەوە دەبەخشن، هەروەها لێدوان و ئامادەکاریە سەربازیەکانی تورکیاو یەپەگەیش دژ بەیەکتر نیشانەی گەورەبوون و پەلوپۆ هاوێشتنی ئەو جەنگەن.

ئەمانە هەموی کە ڕوداوی چاوەڕوانکراوی قۆناغی پۆست داعش و سەردەمی دوای شکستهێنانی عەولەمەن، دەکەونە



سەرچاوە
Serchawe

چوارچێوەی پلانی جێبەجێکردنی نەخشەی سەودای سەدەوە، وادیارە لە روی پراکتیکیەوە بەدانانانی ئەمریکا بەوەی کە جۆلانخاکێکی ئیسرائیلیە دەستپێدەکات، کە مانای راگەیاندنی شەڕەو تیایدا ئەمریکاو ئیسرائیل هەوڵدەدەن دەست بەسەر عێراق و سوریادا بگرن و ئیسرائیلی گەورە لەنێوان فورات و نیلدا دامەزرێنن ئەگەر بۆیان بچێتەسەر. کۆبونەوەی وارشۆو، پێکهێنانی هاوپەیمانی ناتۆی عەرەبیی ودانانی حزبوڵای لوبنانی بەتیرۆریست لەلایەن بریتانیاوە.. لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەوەی کە خودا ترەمپی ناردوە بۆ ئەوەی ئیسرائیل لەهەڕەشەی ئێران بپارێزێت نیشانەی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی پلانی سەودای سەدەن، وەڵامەکانی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش کە دەڵێ: فارسەکان یان پاشای فارس جوولەکەکانی لەبابل رزگارکردو نەجەفیەکان (بابلیەکان یان عێراقیەکان) ئێوەیان ئیستیعباد کردوە.... کۆبوونەوەی چەند رۆژی رابردووی سەرۆک وەزیری عێراق و سەرۆکی میسرو پادشای ئوردونیش لەمیسر بۆ دوورخستنەوەی عێراقە لەبەرەی ئێرانی و سوریی.

## لەو روەوە چاوەڕواندەکرێت لەداهاتویەکی نزیکدا

* هەڵوێستەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل و حەشدی شەعبی لەگۆڕەپانی عێراق لەهەڕەشە لەیەکتر کردنەوە بۆ کردەوەی سەربازی بگوازرێنەوە، کە پێشتر چەندین گروپی حەشدیان خستبوە لیستی تیرۆرەوە.
* رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لابەلا لەنێوان بەرەی ئەمریکاو ئیسرائیل و، بەرەی ئێران و سوریا دەستپێبکات، ئینجا ئەمە چ لەجۆلان بێت یان لەغەزەو باشوری لوبنان و عێراق، یان لەگۆڕەپانەکانی دیکەدا، جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمریکا لەعێراق و ئیمزاکردنی رێککەوتنی سەربازی ئەمریکایش لەگەڵ عومان، کە نزیکی کەنداوو گەروی هورمزە، ئاماژەیەکی بەهێزی ئەمەیە.
* جەولەیەکی دیکەی شەڕی تورکیاو یەپەگە دەستپێدەکاتەوەو زۆر لەرووبەڕووبونەوەکانی پێشوتری نێوانیان گەورەترو توندوتیژ تربێت، ئینجا ئەمە لەمینبج بێت یان لەعەفرین و کوبانێ و ناوچەکانی دیکەی خۆرئاوای کوردستان.
* ئەگەری ئەوە هەیە بەهەماهەنگی لەنێوان سوریاو عێراق و ئێران، هەوڵی لاوازکردن و نەهێشتنی نیمچەستاتوی ئیدارەی رۆژئاڤای کوردستان بدرێت، لەبەرامبەریشدا هاوکاریی و پشتیوانی خۆرئاوا بۆ رۆژئاڤا زیاتربێت.
* لەئەگەری پەلاماری تورکیا بۆ سەر خۆرئاوای کوردستان، ئەگەری ئەوەهەیە دواجار پێکدادانی بەرەی سوریاو تورکیای لێبکەوێتەوە کۆتایی هاتنی جەنگی داعش، کۆتایی جەنگ نیە لەسوریا، بەڵکو سەرەتای دەستپێکردنی جەنگێکی گەورەترە، کە جیهان لەسەر لێواریدایە، پاراستنی کەشتی کوردیش لەو دەریا شەپۆلاویەدا کارێکی ئاسان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ستراتیژیی نوێی داعش و پێویستییەکانی ستراتیژیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان



پەرویز ڕەحیم

پەرویز ڕەحیم قادر؛ مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین

## پێشەکی

سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش"، چەندین هۆکاری ئاشکرا و شاراوە یاخود نهێنیی هەبووە. بەڵام لە ڕاستیدا گرنگترینیان، دەگەڕێتەوە بۆ بۆشاییی دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و پاشان بوومەلەرزەکەی بەهاری عەرەبی و، هەروەها شکستی سیاسی و سەربازی و ئاسایشی و... لە وڵاتانی ناوچەکە و دەستێوەردانی وڵاتان لە کاروباری وڵاتانی لاوازتر وەکوو عێراق و سووریا و یەمەن و... بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایش و، لەمەیش گرنگتر جەنگی بەوەکالەتی دوو بەرەی شیعی و سوننە لە ناوچەکەدا. ئەوەی کە پەیوەندیی بە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کۆی ئەم هۆکارانە لە پاڵ خراپ بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە بەغدا و جیاکاری و هەڵاواردنی مەزهەبی و ناکۆکی و ململانێی توندی سیاسی و ڕوانگەی مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی بۆ پێکهاتە و هاووڵاتیان لەگەڵ بوونی گەندەڵیی فرەئاست و فرەجۆر و، هەروەها جیاکاریی بەرفراوان لە ناوچە جیاجیاکان و، هەروەها شکستی عێراق وەکوو دەوڵەت لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەن. بەڵام شاراوە نییە بۆ هەرێمی کوردستان سەرەڕای خوڵقاندنی تراژیدیای جینۆسایدی ئێزدییەکان و هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشی و سەربازییەکانی، هەڵگری چەندین دەرفەتی جۆراوجۆری هەرێمی و نێودەوڵەتییش بوو. پاش گۆڕانی هاوسەنگی لە عێراق و سووریا و لاوازبوونی ئەم ڕێکخراوە و ڕۆڵی گەورەی هێزەکانی پێشمەرگە لە جەنگی دژی داعش و لەدەستدانی زۆرینەی ڕووبەری جوگرافیای ژێر کۆنترۆڵی داعش و تەنانەت ڕاگەیاندنی کۆتاییی جەنگی دژی داعش و سەرکەوتن بەسەر ئەو ڕێکخراوە لە لایەن عێراق و وڵاتانی هەرێمی

وەکوو ئێران، دووبارە سەرنجەکان بۆ چۆنێتیی چالاکیی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە و هەڕەشە و مەترسییەکانی چووە - دەچێت.

بە واتایەکی دیکە، بەگشتی پرسی ئاسایشی بۆ وڵاتانی هەرێمی و سەرووهەرێمی لە ئێستادا ئەوەیە، کە داعش بە چ شێوەیەک لە کارە تیرۆریستییەکانی بەردەوام دەبێت و، بەتایبەتی هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکانی چین بۆ هەرێمی کوردستان؟ هەروەها بەپێی ئەو مەترسییانە هەرێمی کوردستان پێویستە/دەبێت چ ستراتیژی و سیاسەت و ڕێوشوێنێکی ئاسایشی و سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە، بگرێتە بەر و پەیڕەو بکات؟ لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی ئەم پرسە تاوتوێ بکەین.

## مەترسییە ئاسایشییەکانی داعش

١- لە گرنگترین مەترسییە ئاسایشییەکانی داعش، هێرش بووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان؛ بەو واتایەی کە لە لایەک هەوڵی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستانی داوە و، لە لایەکی تریشەوە ئەو ناوچانەی کە بە ناوچە سوننەنشینەکان ناسراوە، لە لایەن داعش کۆنترۆڵ کرا و ئەمەیش بوو بە مەترسیی بەردەوام بۆ هەرێمی کوردستان. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، هەرێمی کوردستان پاش ساڵی ٢٠٠٣ بۆ مانەوەی و پاراستنی ئاسایشی خۆی، پێویستیی بە قووڵاییی ستراتیژی هەبووە؛ ئەم قووڵاییەیش ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق بووە. بەڵام سەرهەڵدانی داعش ئەم قووڵاییەی لەناو برد و هەر بۆیەیش مەترسی کەوتە سەر خودی هەرێمی کوردستان. بێجگە لەمەیش، لە ڕووی سیاسییەوە هاوسەنگیی هێزی لە عێراق لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد و سوننە و شیعە) تێک دا. بۆیە دەبینین کە دەرکەوتنی داعش و گوشارەکانی بەغدا لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە تا ڕاددەیەک هاوکات بوونە. بۆیە هیچ کیانێکی سیاسی بەبێ بوونی قووڵاییی ستراتیژی، ناتوانێت بەردەوام بێت و مەترسییەکان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەم پێیە، ناوچە سوننییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی ژیانیی هەیە. بۆیە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەبێ بوونی نفووز لەو قووڵاییە ستراتیژییە، ناپارێزرێت.

٢- مەترسیی دووەم، کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بووە - دەبێت. داعش بێجگە لەوەی لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆی بە ڕێگەی دزەکردنەوە، هەوڵی داوە کار و کردەوەی جۆراوجۆری تیرۆریستی بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و... لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات، لە ئێستایشدا کە خاک و دەسەڵاتی لەدەست داوە، زیاتر هەوڵ دەدات مانەوەی خۆی بەم ڕێگەیەوە دەستەبەر بکات. هەر بۆیە دەبینین بەردەوام لە

هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق، شانەی نووستوو یاخود ئەندامانی داعش قۆڵبەست دەکرێن و ئۆپەراسیۆن و پلانەکانیان پووچەوڵ دەکرێتەوە. ڕێگەگرتن لە داعش لەم بوارە زۆر گرنگ و لە هەمان کاتیشدا بە هۆی نهێنیبوونی چالاکییەکانیان تاکوو پێش ڕوودانی زۆر ئەستەمە؛ چونکە ئەم گرووپە کەڵک لە خاڵی لاوازی ئاسایشی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئایینی و مەزهەبیی هەرێمی کوردستان وەردەگرن.

٣- مەترسیی سێیەم کە گرێدراوی مەترسیی دووەمە، دەتوانێت ئەوە بێت کە داعش هەوڵ بدات پاش نەمانی دەسەڵاتەکەی لە هەر ناوچەیەک، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی ئەو ناوچەیە لق و تۆڕی تایبەت پێک بێنێت. بەم واتایە کە داعش بۆ چالاکی و کردەوە تیرۆریستییەکان کەڵک لە تۆڕی ڕێکخراو و ئەندامانی خودی ئەو ناوچەیە وەربگرێت. لێرەوە ئەو ڕێکخراوە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر مەترسیدار دەبێت. لە ڕابردوویشدا داعش هەوڵی دابوو/ داوە کە لەم میتۆدە بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و نیشاندانی نفووزی خۆی کەڵک وەربگرێت. بەڵام لە ئێستادا ئەم ئەگەرە زۆرتر بەهێز دەبێتەوە، چونکە ئەو کاتە بەپێی ستراتیژیی نوێی داعش، خودی تاکەکان و، هەروەها تۆڕەکانی هەر ناوچەیەک، سەربەخۆ دەبن لە ئەنجامدانی کردەوە و چالاکییە تیرۆریستییەکان. بەم پێیەیش بە هۆی ئەوەی کە چیتر وەکوو پێشووتر لە سەردەمی جەنگی دژی داعش هەڕەشەکان ڕاستەوخۆ و سەربازی و دەرەکی نین، ڕووبەڕووبوونەوەیان زۆر ئەستەمتر دەبێت. هەر ئەوەیش وا دەکات کە لەمەو بەدواوە داعش لە ناوچە جیاجیاکان لەژێر ناونیشانی "گورگی تەنیا" چالاکییەکانی ڕێک بخات. بەم واتایە کە چیتر داعش پێویستی بە فەرمان و ڕیزبەندە فەرماندەییەکان بۆ ڕێکخستنی "ستوونی" نییە و زیاتر لە چوارچێوەی بڕیاری خودی تاک و ئەندامەکان و، هەروەها ڕێکخستنی "ئاسۆیی" کار و چالاکی بکات.

٤- مەترسیی چوارەم کە چ پێش لەناوچوونی دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سووریا و چ پاش ئەوە بەردەوام لە ئارادا بووە و پێشبینی دەکرێت چڕتر بکرێتەوە، بریتییە لە کاری هزری و ئایدیۆلۆژیی ئەم گرووپە تیرۆریستییە. ئەزموونی ڕابردووی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە دەری خست، کە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی داعش لە ئەندامگیریی بەربڵاو و بەرفراوان لە هەموو ناوچەکانی جیهان، بوونی تۆڕێکی ڕاگەیاندن و بانگەشەی بەهێز و گوتارسازی (دیسکۆرس)ی ئەم ڕێکخراوە بووە. بە واتایەکی تر، داعش بێجگە لە بواری چەک و تەقەمەنی و ستراتیژی و پلان و کەلوپەلی سەربازی و...، هەوڵی داوە کەڵک لە هەموو ئامرازە مۆدێرنەکانی ڕاگەیاندن بۆ کاریگەریخستنە سەر ڕای گشتی و کەڵکوەرگرتن لە بۆشایی و لێکترازانە جۆراوجۆرەکان نەک لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵکوو لە وڵاتانی ئەورووپی و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و... وەربگرێت. ئەمەیش بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنیکەکانی ئەم بوارە و کەسانی شارەزا کراوە. بۆیە هێزی "نەرم" لە ڕابردوو و بەتایبەتی لە ئێستا و داهاتووی ئەم ڕێکخراوەدا گرنگیی زیاتری

لە هێزە ڕەق و سەربازییەکەی هەیە. بەم پێیە، هەم بەهێزبوونی داعش و هەم مانەوە و بەردەوامی لە پاش لەدەستدانی ناوچەکانی لە عێراق و سووریا، پەیوەندیی بەم فاکتەرەوە هەیە. لەم ڕووەوە، ئەم مەترسییەی داعش ڕووبەڕووبوونەوە یاخود بەرەنگاربوونەوەی، زۆر ئەستەم و مەترسیدارتر و هەڕەشەکانی زۆر بەردەوامتر و جێگیرترە. بەگشتی یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرنجراکێشی "داعش" لە هەموو جیهان، میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکیی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیی پەیوەندی بووە. ئەمەیش بۆتە هۆکارێک بۆ بەهێزیی ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی نفووز و هێزی نەرمەوە. بەم پێیە، پلان و ڕێوشوێنە سەربازییەکانیش و تەنانەت لەدەستدانی دەسەڵات لەسەر زەوی لە عێراق و سووریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش ولامدەر نین، چونکە بەستێنی سەرهەڵدان و چالاکی و ڕێکخستنی تیرۆریزمی ناسراو بە تیرۆریزمی پۆست - مۆدێرن زیاتر ناسنامەیی - ئایینی و مەجازییە.

### پێویستییەکانی ستراتیژیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هەمبەر داعش

داڕشتنی هەر ستراتیژییەکی ئاسایشی بێجگە لە خوێندنەوە و شرۆڤە و ناسینی دروستی هەڕەشەکان و دیاردە و مەترسییە ئاسایشییەکان، پێویستی بە چەندین هەنگاو و ڕێوشوێن لە هەموو ئاست و بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و ئابووری و سەربازی و... هەیە. لەم پەیوەندییەدا، پێویستە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی تۆکمەی ئاسایشی لە هەمبەر ئەو مەترسییانەی سەردەمی پۆست-داعش بگرێتە بەر.

### یەکەم: پێویستیی داڕشتنی ستراتیژی

پێویستە لە یەکەم هەنگاودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دامودەزگە هەواڵگری و ئاسایشییەکانەوە میکانیزمێکی تۆکمەی ئاسایشی بۆ ڕێگەگرتن لە چالاکیی ئەو گرووپانە لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی بەغدا و، هەروەها هێزە هاوپەیمانەکان دابڕێژێت. بەم واتایە لە چوارچێوەی جەنگی دژەتیرۆر کە لە ئەولەوییەتی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەندایە و تەنانەت بە هاوکاریی هێزە هەرێمییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکاریی چڕی هەواڵگری، بەتایبەتی لە عێراق و دراوسێیەکان، ئەم ستراتیژییە دابڕێژێت.

بۆ ڕووبەڕووبنەوەی داعش، پێوستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی توندوتۆڵی سیاسیی لەگەڵ بەغدا و دراوسێیەکان و لەمەیش گرنگتر ئەمریکا هەبێت. بەم واتایە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بەردەوام لە ڕووی مەیدانی و پاشان دیپلۆماسییەوە مەترسی و هەڕەشە جۆراجۆرەکانی داعش لە ناوچەکە و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و پاشان خودی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بەرجەستە بکاتەوە. ئەمەیش لە

ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانی پەیوەندی و، هەروەها دەزگە میدیایی و هەواڵگرییەکانەوە دەبێت. تەنانەت ناوەندە ئەکادیمییەکانی تایبەت بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا، دەتوانن بەشێک بن لەم ستراتیژییە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، نابێت جەنگی دژی داعش کەمڕەنگ بکرێتەوە و بچێتە ژێر کاریگەریی لەدەستدانی ناوچەی جوگرافی لە ڕووی سەربازییەوە. هەروەها کارکردن لەسەر جۆری هەڕەشە و مەترسییە نوێیەکانی ئەم ڕێکخراوە و، هەروەها گۆڕان لە تاکتیکی داعش، بەشێکە لەم ستراتیژییە ئاسایشییە.

### دووەم: لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش

لە ڕاستیدا هیچ ستراتیژییەتێکی ئاسایشی، بەبێ ڕەچاوکردن یاخود گەڕانەوە بۆ هۆکار و ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆر و بەتایبەتی لێرەدا "داعش"، سەرکەوتوو نابێت. بەم واتایە کە پێویستە لە ئاستی ناوخۆیی و پاشان هەرێمی و سەرووهەرێمی، کارێکی بەکۆمەڵ لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی داعش، بکرێت. ئەم بنەما ئاسایشییە دەربارەی داعش،

دەبێت چەندین ئاست و بوار بگرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت، بۆ نموونە:

١- کارکردن لەسەر وشککردن و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سیاسی و سەربازی و ئاسایشیی ئەو وڵاتانەی - سووریا و عێراق - کە تیایدا داعش توانی گەشە بکات و تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کاتییش بووبێت، ڕەوایەتی وەربگرێت. ئەمەیش دەتوانێت چارەسەرییەکان بۆ دوورمەودا و درێژخایەن بخاتە ڕوو و ئەم ستراتیژییە تەنیا سەربازی نەبێت.

٢- هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پشتیوانیی بەشێک لە خەڵکی لەو ناوچانەی کە سوننەنشین بوون، بەتایبەتی لە عێراق؛ کە ئەمەیش دەبڕی سیاسەتی هەڵەی حکوومەتی ناوەندیی بەغدایە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ و پەراوێزخستنی سوننەکان لە دەسەڵات و پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی مەزهەبی. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، شکستی دەوڵەت لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان و، هەروەها سیاسەتی جیاکاری و پەیڕەونەکردنی دیموکراسیی تەوافوقی و کارکردن بە بنەمای "زۆرینەی شیعە و کەمینەی سوننە و کورد" لە عێراقی فرەپێکهاتە، بە هۆکارێکی سەرەکیی سەرهەڵدانی داعش دادەندرێت.

٣- وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی کە بۆشاییی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە لایەن

ئەمریکاوە و پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی لە عێراق، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بووە؛ بەم پێیە گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان لەم بارەیەوە.

٤- پێداگری لەسەر ئەوەی کە دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، هۆکاریکی دیکەیە بۆ سەرهەڵدانی داعش. بەم پێیە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و هەم هەرێمی، پێویستە ئەم ستراتیژییە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان بەتایبەتی عێراق ڕادەوەستێت.

### سێیەم: ئامادەکاری بۆ تەکتیک و ستراتیژیی داهاتوو و نوێی داعش

بەشێکی سەرەکی لەم ستراتیژییە، دەبێت لە دەرەوەی ڕێوشوێنە سەربازییەکان بێت. بەم واتایە کە پێویستە ستراتیژیی ئاسایشی لە هەمبەر داعش، تەنیا بەشێکی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بێت، بەڵکوو پێویستە پاش لەدەستدانی دەسەڵات لەسەر زەوی و شکستی داعش لە ڕووی سەربازییەوە، بیر لە سیناریۆ و ئەگەرەکانی پەیڕەوکردنی میتۆد و میکانیزمی نوێی تیرۆریستی لە لایەن داعشەوە بکرێت.

چونکە داعش نەک هەر جۆرێ لە مانا بە هەرزەکاران لە هەر دوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەدا، بەڵکوو ئەو مانایە بە خەڵکێکی زۆر عەرەب و موسڵمانانیش دەدا کە لە ڕۆژاوادا دەژین. بە لای ئەوانەوە، داعش نوا و پەنایەکە بۆ ڕاکردن لەو بێئومێدییە کەڵەکەبووەی کە لە ئەنجامی گرفتەکانی تێکەڵی لەگەڵ کۆمەڵگە ڕۆژاوایی و ئەو فەزا کەلتوورییانە دروست بوون، لەو ساتەوەی کە دایک و باوکیان لەو کۆمەڵگە ڕۆژاواییانەدا جێگیر بوون. داعش، وەکوو ئامرازێک بۆ ڕزگاربوون لە نائومێدی، بۆ "قەرەبووکردنەوە"ی نامۆبوونی منداڵێتیی خۆیان دێتە بەکارهێنان. لەم ساڵانەی دوایی، بە هەزاران موسڵمان کە لە ئەڵمانیا، بریتانیا، فەڕەنسا و بەلژیکاوە هاتوونەتە ناو ڕیزەکانی داعش، ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی قووڵی کەلتووری کوڕ و کۆمەڵە موسڵمانەکانی ڕۆژاوایە، کە گرفتێکی جددی بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی دروست دەکەن. ڕق و کینەی هەندێ گەنجی موسڵمان دەرهەق بەو شوێن و جێیانەی لێی هاتوونەتە دنیا و گەورە بوون و خوێندوویانە، لەناو گوتاری داعشدا وەکوو چارەسەرێکی بەهێز ڕەنگی داوەتەوە. بە هەمان مانا، ئەو بێزاری و کینەیە نیشانی دەدا کە سیستەمی خوێندن و پەروەردەی ڕۆژاوایی، کاریگەرییەکی سنووردرایان بۆ سەر گەنجانی موسڵمان هەیە.

بۆیە پێویستە لەم ستراتیژییەدا هەموو ئەو ڕێکارە سیاسی، ئیداری، دارایی، ئابووری، هەواڵگری، سەربازی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و تەنانەت ئایدیۆلۆژی و ئایینی و مەزهەبییەی کە داعش لە ڕێگەوە دزە دەکات و هێز کۆ دەکاتەوە، دەستنیشان

بکرێت. بۆیە پێویستە خوێندنەوە بۆ سیناریۆکان چالاکی و چارەنووسی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بکرێت.

**بۆ نموونە:**

١- کۆتاییهاتن و نەمانی داعش وەکوو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام: ئەمە بەو مانایە دێت کە پاش لەدەستدانی ناوچە و هەرێمی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە سووریا و عێراق، کۆتایی بەم ڕێکخستنە تیرۆریستییە بێت، بەڵام ئەندامانی لە چوارچێوە و فۆرم و ڕێکخراویکی نوێدا چالاکی بکەنەوە.

٢- لێکهەڵوەشانەوەی داعش وەکوو دەوڵەت - ڕێکخراو: لەم سیناریۆیەدا ئەندامانی داعش بە بڵاوبوونەوە لە هەموو ناوچەکانی جیهان کردەوەی تیرۆریستیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، بەبێ ئەوەی کە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە چیتر ئەندامی فەرمیی ئەم ڕێکخراوە بن.

٣- گواستنەوەی چەکدارانی داعش بۆ ناوچەی تر: لەم سیناریۆیەدا، پاش شکستی داعش لە سووریا و عێراق، ئەم ڕێکخراوە دەچێتە شوێنی جوگرافیی دیکە کە پڕ لە کێشە و پشێوین و دەوڵەتی بەهێز بوونی نییە، وەکوو وڵاتانی ئیسلامی لە ئەفریقا، بەتایبەت باکووری ئەفریقا یاخود وڵاتانی تری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئەفغانستان و پاکستان و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست.

٤- چالاکیی پچڕپچڕ و پارتیزانی: یەکێک لە سیناریۆکان ئەوەیە کە داعش لەم ناوچانەی ئێستای سووریا و عێراق بمێنێت، بەڵام لەناو شار و دەرەوەی شارەکان بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی بەڵام پچڕپچڕ کاری ڕفاندن، کوشتن، تەقاندنەوە و هێرشکردن و...، ئەنجام بدات.

٥- چوونە ناو جیهانی مەجازی و پێکهێنانی دەوڵەت- خەلافەتی ئۆنلاین: بە هۆی شارەزایی و ئەزموونی داعش لە بەکارهێنانی نوێترین تەکنیک و ئامرازەکانی تەکنەلۆژی و پەیوەندی، ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی و ئامرازە نوێیەکانەوە خەلافەتەکەی بۆ جیهانی مەجازی بگوازێتەوە و لە هەموو شوێنێکی جیهان ڕاهێنان و ڕێکخستنی خۆی درێژە پێ دەدات.

٦- کارکردن بە شێوەی تۆڕەکی: لەم سیناریۆیەدا داعش بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی شکستی سەربازی لە ناوچەکەدا و،



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها بۆ تۆڵەکردنەوە، بە شێوەی "تۆڕ" کار دەکات و میتۆدی چالاکیی "ئەلقاعیدە" بەکار دێنێت. بۆیە لەم ئەگەرەدا تۆڕە ناوچەیییەکانی داعش لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و... چالاک دەبێت.

**بەم پێیە دەکرێت هەرێمی کوردستان ڕەهەندەکانی ستراتیژیە ئاسایشییەکەی لە سەردەمی پۆست – داعش بەم شێوەیە بێت:**

١- لە ڕووی میدیاییەوە بەرنامەیەکی ورد و زانستی و بەرفراوانی هەبێت. هەروەها کۆنترۆڵی گوتاری میدیا و ڕاگەیاندنەکان بکات لە بڵاوکردنەوەی هەر هزرێکی توندوتیژ و ڕێگە لە خۆڕێکخستنەوەی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری کوردستان بگرێت. لە بەرامبەریشدا چەندین بەرنامەی میدیایی و ڕاگەیاندنی بۆ پووچەڵکردنەوەی گوتاری داعش و هاوشێوەیەکانی هەبێت.

٢- لە ڕووی سیاسییەوە پێویستە لە ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و، هەروەها لەگەڵ عێراق، سەرچاوە سیاسییەکانی داعش بپووکێنێتەوە. لە لایەکی تریشەوە لە عێراق هەوڵ بدات بۆ ڕێگەگرتن لەو جیاکارییە بە لێکتێگەیشتن و دەستەبەرکردنی میکانیزمی سیاسی بۆ بەشداریی یەکسان و گونجاو لە عێراق، ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکان بگرێت. بێجگە لەمەیش، پێویستە هەماهەنگی و تێگەیشتنی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژیی ئاسایشی پێک بێت. توێژینەوەکان دەریان خستووە کە ناسەقامگیریی سیاسی و پشێوی و بۆشایی سیاسی-سەربازی، بەستێنی سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکانە، بۆیە لە کۆتاییدا ستراتیژیی سیاسیی دیموکراتیک و فرەڕەهەند لە پاڵ ستراتیژیی سەربازی و هەواڵگری بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، گرنگترین خاڵی ستراتیژیی ئاسایشییە لە هەمبەر داعش.

٣- لە ڕووی کاروباری کەلتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مەزهەبی و ئایینییەوە، پێویستە هەرێمی کوردستان پەرە بە سیاسەتی پێکەوەهەڵکردن و لێبووردەیی لە نێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان بدات. هەروەها لە ئاستی گوتاری ئایینی، هزری توندڕەوەی ڕەت بکرێتەوە و گوتاری ئایینیی فەرمی بەشێک بێت لەم ستراتیژییە و، بەم پێیە سەرچاوە هزرییەکانی سەرهەڵدان و ڕەوایەتیی داعش وشک بکرێت. بۆیە پێویستە لەم ستراتیژییەدا ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هزری و ئایدیۆلۆژیی داعش دەکرێتە ئامانج.

٤- لە ڕووی ئاسایشی و سەربازییەوە، پێویستە هەرێمی کوردستان هێزێکی تۆکمە و یەکگرتوو و ڕێکخراوی سەربازی و

هەواڵگری و ئاسایشی پێک بێنێت. هەروەها لەم بوارەدا لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە و هێزە هاوپەیمانەکان هەماهەنگیی توندوتۆڵی هەبێت. بێجگە لەمەیش ئاشناکردن و ڕاهێنانی هێزە سەربازی و ئاسایشییەکان بە میتۆدە نوێیەکانی تیرۆریستان و بەتایبەتی داعش و، هەروەها پڕچەککردنیان گرنگییەکی ژیانیی هەیە. بۆیە دەکرێت لەم بارەیەوە سوود لە هەستیاریی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا لە هەمبەر تیرۆر و داعش وەربگیرێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕەهەندە لە ستراتیژییە ئاسایشییەکەی هەرێمی کوردستان.

٥- لە ڕووی پەروەردەییەوە، پێویستە لە وانەکانی سەرەتایی تا دواناوەندی و تەنانەت زانکۆکان ئەم پرسە بە شێوەیەکی گونجاو دابڕێژرێت و بخرێتە ڕوو. هەروەها لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە، پێویستە ئەم پرسە بە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی و کۆنفرانس و کۆڕبەند و... لە ئاستی ناوخۆیی و بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و سەرووهەرێمی، تاوتوێ بکرێت. هەروەها لەم ڕێگەیەوە هۆکارەکان بەوردی دەستنیشان بکرێت و ڕێوشوێنی ئاسایشی و سیاسی و سەربازی و ئابووری و کەلتووری و... پێشنیار بکرێت.

٦- پێویستە لە ناوخۆی کوردستان و، هەروەها لە ئاستی عێراق و ناوچەکە سەرچاوە دارایی و ئابوورییەکانی داعش بکرێتە ئامانج. بەم واتایە کە بە هاوکاریی بەغدا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان ئەو سەرچاوانە وشک بکرێت و، ئەمەیش دەتوانێت تا ئاستێکی بەرز چالاکییەکانی داعش بوەستێنێت.

## کۆبەند

پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی پۆست - داعش لە ڕێگەی دارشتنی ستراتیژییەکی نوێ و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان لە عێراق و ناوچەکە لە لایەک و، گۆڕانی ستراتیژی و تاکتیکیی ئەم ڕێکخراوە لە لایەکی ترەوە، پێویستییەکی ژیانییە. بۆ ئەمەیش پێویستە ناوەندە لێکۆڵینەوە ستراتیژی و ئاسایشییەکان هاوکاری دامودەزگەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بن. بێجگە لەمانەیش ئامادەکاری بۆ ڕووداوە ئاسایشییەکان لە عێراق و ناوچەکە لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ دەزگە سەربازی و هەواڵگرییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان، بە ڕێگەی دیپلۆماسییەکی کارا و چالاک دەکرێت. ئەوەی لەم نێوەندا پێویستە فەرامۆش نەکرێت، بەردەوامییە لە هەوڵە ئەکادیمی و زانیاری و هەواڵگری و دیپلۆماسییەکان لە پێویستی و وەبیرهێنانەوەی گرێدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و پاشان بەتایبەتی وڵاتانی ئەورووپا. ئەمەیش بە هۆی مەترسی و هەڕەشەی بەردەوام و سنووربەزێنی داعشە، کە پێشبینی دەکرێت لە پاش لەدەستدانی مۆڵگە و پێگەکان لە سووریا و عێراق هەموو وڵاتان بکەنە ئامانج، بەڵام بە ستراتیژیی نوێتر و

مەترسیدارتر. بۆیە لە ڕۆژاوا و هەم لە جیهانی عەرەبیدا، هۆشداری دەدرێ کە هەق نییە پێشوەختە و زوو جارِی تێکشانی داعش بدرێ. تەنانەت ئەگەر داعش بەردەوام زەبر دوای زەبری سەربازییشی پێ بکەوێ و، هەموو نوا و لانە و کاشانەکانی خۆی لەدەست بدات، هێشتا ئەو ئایدیایەی کە داعش نوێنەرایەتیی دەکا، لەنێو هزر و بیری خەڵکێکی زۆری نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە و، ڕێکخراوی داعشیش هێز و توان و بڕست لە گرفتە جەوهەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچەکە وەردەگرێ، کە وێدەچێ ئەو ئاریشە و گرفتانە خراتر و خراتریش ببن. ڕامالێن و سڕینەوەی ڕاستەقینەی دیاردەی داعش، تەنیا بە هێز و توانای سەربازی لە جیهانی عەرەب و کۆمەکی سەربازیی بیانی بەدی نایەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## داعش هەڕاج، کەس نایەوێت



هیوا محەمەد

سەرهەڵدانی شتێک بە ناوی داعش کە بە داگیرکردنی موسڵ دەستی پێکرد بوە جێی مشتومڕو لێکدانەوەی زۆری خەڵک و سیاسییەکان و میدیاکاران، زۆرێک دەمان ووت کە ئەمە دروستکراوی تورکیاو قەتەرە بە پلەی ئەکەم و مایەی خۆشحاڵی سعودیەو هەندێ ووڵاتی دیکەشە لەوانەی لە دژی شیعەو ئیرانن، هۆکاری ئەم گومانەشمان دەگەڕاندەوە بۆ کردنەوەی تورکیا بەروویانداو گەیشتنی هەموو ئەوانەی کە پەیوەندی پێیانەوە دەکرد لەڕێگەی ئەنقەرەوە بۆ ڕەقە، ئەمڕۆش ئەمە وەک ڕاستییەک باشتر دەرکەوتوە.

ڕووداوی ١١ی سیپتەمبەر کە لە نیویورکی ناوجەرگەی حکومەتی ئەمریکادا بوو، قوربانییەکان و زیانەکان بەر خۆیان کەوتبوو، خێرا هەستان بە وەرگرتنی ئیجرائاتی فەوری و لێدانی ئەفغانستان و تیروریستانی قاعیدە و گەڕان بە شوێن بنلادنی کۆنە حەلیفی خۆیاندا، ئەمان کە پێشتر بن لادنیان پێگەیان بۆ گیانی سوڤیەتی پێشوو، پێیان وا نەبوو ئەژدیهای قاعیدە هێندە زەبەلاح دەبێت و پەلاماری خۆیان بەو خەستی و گرنگییە دەدات، هەربۆیەش تا لەناویان برد زۆر قوربانی دیکەیان بۆدا.

دەکرێت کەسانی مافیا هەبن و کۆمپانیبیایەک یان لایەنێکی سیاسی، حکومەتێک بیان کڕێت و بەکاریان بهێنێت بۆ ئەنجام دانی کاری تیرور، بەڵام ناکرێت سوپایەک لە قاعیدە یان داعش هەبێت و دەسەڵاتیان بەسەر چەندین ناوچەدا هەبێت ئەگەر دەوڵەتێکی گەورە پشتگیرییان نەکات.

پێشمەرگە لەسەرەتای هەشتاکان دەیان ووت ئێمە دەتوانین بەشەوێک شارێک لەژێر دەستی دوژمن دەربێنین و ڕزگاری بکەین

بەڵام ناتوانین بۆ درێژ خایەن تیایدا بمێنینەوەو داکۆکی لە خەڵکەکەی بکەین لەبەرامبەر تواناو هێزی دوژمن، هەر لەبەر ئەمەش بوو شێوازی پارتیزانیمان بەکار دەهێنا، داعش ئەگەر بتوانێت بە دەیان هەزار چەکدارەوە بڕژێتە ناو سوریا و عێراق و لەماوەی پێنج ساڵی رابردووەوە دەیان فرۆکەی جەنگی بۆردومانیان بکات و دەیان هەزار لە هێزی هاوپەیمانی و عیراقی و کوردستانی لەبەرامبەریان بوەستێتەوە، دەبێت چی بێت و لە کوێوە دەعم کرابێت و بکرێت؟

لەئەمرۆدا داعش لەسەر دەستی هیزەکانی سوریای دیموکرات لەو ناوچەیەدا (رۆژهەڵاتی فورات) تێک شاکنێکی قورسیان بەسەردا هات، تورکیا بەمە نیگەران و کوڵەوارە، قەتەر کەوتە نێوەند گیری لەمەسەلەی ڕزگارکردنی باغوز بۆ ئەوەی رێگەیان پێ بدرێت خێزانەکانیان شارەکە چۆڵ بکەن و گیانیان بپارێزرێت، هەر لەو چەند مانگی رابروەشدا هەزاران کەسیان خۆیان تەسلیم کردووەو ئێستا بە عنوانی ئەسیرن لای هێزەکانی سوریای دیموکرات.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کەس خۆی لەقەرەی ئەم گیراوانە یان ئەسیرانە نادات، تەنانەت ئەو وڵاتانەش کە هەڵگرانی رەگەزنامەیان هەیە لەناو گیراوەکاندا نایانەوێت ئەو توخمە پیسانە بگەڕێنەوە ناویان، ئەمریکا دەیەوێت وڵاتان بێن هەر کەس بەشی خۆی بباتەوەو دادگاییان بکات (تا بەرپرسیارێتییەکە دابەش ببێت نەبادا ڕوبەڕوی هیرشی گەورەی شانە نووستوەکانی تیروریستانی ئیسلامی ببنەوە) روسیا دەڵێت بە پێی یاساو شەرعیەتی دوەلی دەبێت ئەوانە لە سوریادا دادگایی بکرێن، رەنگە ئەمەیان باشتر بێت چونکە بوتینی سەرۆکی ئەو وڵاتە بۆچونێکی هەیە دەڵێ لە تیروریستان خۆش نابم بەڵکو دەیانکوژم و دەیان نێرم بۆ جەهەندەمی خودا.

باشترین چارەسەر بۆ ئەو گیراوانە(ئەسیرانە) ئەوەیە کە بە جەماعی حوکم بدرێن و لەکەمپی زۆرە ملێدا بهێڵدرێنەوەو ئەوانەش بەپێی پلەی تاوانەکانیان ناسراون و دەستیان هەیە لە خوێن ڕشتندا لەسێدارە بدرێن، هەرکەسێکیشیان مایەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی بهێڵدرێتەوە چونکە ئازاد کردنیان و بوونیان لەهەر گەرەک و کۆڵانێکدا میکروبی کۆلێرایە، دەبێت منداڵەکانیان بخرێنە کەمپی تایبەت و بخرێنە بەر خوێندن و شتنەوەی مێشکیان ئەوجار وورده وورده و لەسەر خۆ لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بخزێندرێنە ناو کۆمەڵگاکانەوە، ئەو ژنانەی لەگەڵ ئەوان بوون سیفەتی ژنێتیان نیەو هەموویان سوزانی میکروب هەڵگرن، ئەوان ئەگەر سوزانی نەبن لەماوەی ٥ ساڵدا چەند پیاوێک ناگۆڕن و لەهەمووشیان منداڵ بخەنەوە، ژنێک چوار پیاوی گۆڕی بێت بەعیللەتی ئەوەی ئەوانی کە بەحساب شووی پێیان کردوە شەهادەتیان وەرگرتووە لە هەر چواریشیان منداڵی هەبێت، ئێستا لەناو کۆمەڵگادا چ سوودێک دەخاتەوە؟

شەرمە بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان خۆیان لەم مەسەلەیە بەدوور دەگرن، دەبوا هەر بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەردەن داوای

بەشی شەشەم

سەدان کەسیانی بکردایە لە تۆڵەی فرۆکەوانە سووتێندراوەکەیان، دەبوا حەشدی شەعبی داوای دوو هەزاریان بکات تا لە بری قووتابییەکانی مەعەسکەری سپایکەر دادگاییان بکات و سزایان بدات، دەبوا هەموو وڵاتان داوای ژمارەیەک بکەن و وەک پرۆسەیەکی جیهانی دژی تیرور بەشدار بن پێکەوە لە دادگاییکردنیان و سزادانیان و بکرێتە رۆژی جیهانی نەهێشتنی تیرور.

جیاوازی ئەمانە لەگەڵ ئەوانەی لە گوانتانامۆدان چیە؟ بۆچی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەوان دەکرێت و ئەمانیش وێڵ کراون کەس نایەوێن؟ لە زیندانی نەقەب کە پڕیەتی لە ئەسیری فەلەستینی چی دەگوزەرێت؟ خۆتیایاندایە رەنگە لە ژیانیدا فیشەکێکی نەتەقاندبێت؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کەیسەکانی دوای داعش



**عەتا کەریم**

گروپی تیرۆریستی داعش، ئەو مۆتەکە ترسناکەی مرۆڤایەتی لە جیهان، لەسەر دەستی پێشمەرگەی کورد هەم لە باشوور و هەم شەرڤانانی کورد لە رۆژئاوا، تێکشکا و ئەفسانەکەیان بەتاڵکرایەوە.

کورد، لە سوریا و عیراق، زیانی گیانی و ماددی زۆری لەسەر دەستی ئەم گروپە تیرۆریستییە بەرکەوت، بەجۆرێک لەماوەی جەنگی تیرۆر لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوو، زیاتر لە ١٨٠٠ پێشمەرگە شەهید و ١٠ هەزاری دیکەش برینداارن، لە رۆژئاواش زیاتر لە ١١ هەزار شەرڤانی کورد و ٢١ هەزار بریندار زیانە گیانییەکانیەتی، بەڵام سەرکەوتن بەسەر ئەم گروپە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەستکەوتێکی مەعنەوییە، لەکاتێکدا ئەندامانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کە زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتی جیهانن، شاهیدی ئەو نەبەردییە بۆ پێشمەرگە و شەرڤانان دەدەن.

هەرچەند کەوتنی داعش تائێستا لەرووی سەربازیی و نەبوونی شەڕگە و جوگرافیاوە کەوتووە و مەترسی سەرهەڵدانەوە و بزواندنی شانەنوستووەکان و یەکگرتنەوەی پەڕاگەندەییان هەرماوە، وەکچۆن پاڵنەرەسەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گروپە لەسارئاستی ناوخۆی عیراق و سوریا وەکخۆیانن!.

کەوتنی داعش بەوجۆرە قۆناغێکە، بەڵام ئەوەی پێویستە هەردوو دەوڵەتی سوریا و عیراق کە گۆڕەپانی شەڕی داعش بوون، قسە و کاری جدییان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ پرسی قۆناغی دوای ئەو کەوتنە و چەند پرسێکی گرنگ هەن، کە ناکرێت بە فەرامۆشی نێودەوڵەتی پسپێردرێن، ئەوانیش پرسی (پشتیوانانی فکری و دارایی داعش، خاوەندارێتی داعش، بەپرسیارێتی دەوڵەتانی ئیسلامی، قەرەبوونی زیانە گیانییەکان، ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکان، بێسەروشوێن و

ئاروارەکان، بازرگانیکردن لەگەڵ داعش، دیلەکانی داعش، پرسی داداگاییکردنی نێودەوڵەتی، جینوسایدی ئێزدییەکان) ئەم کەیسانە ئەگەر نەجوڵێنرین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوا بەجێهێشتنی ئەم دوو دەوڵەتەیە و سپاردنیەتی بەرەهەند و لێکەوتەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، وەکچۆن شەڕی سەربازیی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بەو قەبارە کاریگەر و گەورەیە کردیان، ئەوا بۆ ئەو کەیسانەش هەمان قەبارە و کاریگەریی هاوپەیمانێتی دەوێت.

وەک عیراق، ئەم پرسە لە ئەستۆی د.بەرهەم دەبێت کە سەرۆک کۆماریی عیراقە، کە ئەم کەیسانە بخاتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەک و دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی و کۆمکارەکەیان، تابچنە ژێرباری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و مرۆییەوە، یاخود لانیکەم کۆنگرەیەکی فراوانی نێودەوڵەتی بۆ ئەو کەیسانە ببەسترێت.

دیوێکی دیکەی پرسی کورد - داعشە، بەو پێیەی کورد لە هەرێم و لە رۆژئاواش، زۆرترین زیانی گیانی و ماددی بەرکەوتووە، کە ئەویش پێویستی بەوەیە لەسەر ئەو کەیسانە، جموجۆڵی سیاسیی و دیپلۆماسی دەستپێبکات، پشتیوانی دوای کەوتنی داعش مسۆگەر بکەن، کە شیاوترە کورد بە پێکەوەیی ئەم جوڵەیە دەستپێبکەن، نەک تەنیا لەدوای کەوتنی سەربازی داعش، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاپەیمانی نێودەوڵەتی دژبەداعش، خۆیان لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دوای ئەو شەڕە بدزنەوە، چونکە ئەرکی دوای داعش لەرووی (ئاوەدانی و ئابووری و دارایی و ئاشتەوایی و لێکەوتەی تاوانەکان) لە شەڕی سەربازی داعش قورسترە و بەتەنیا ناکرێت، بەوپێیەی ئەم کارەیان هێزی دارایی و ئابووریی دەوێت، کە نەکورد هەیەتی و نە عیراق و سوریاش هەیانە.

هێشتا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جگە لەستایشی سەرکەوتنی هەسەدە بەسەر داعش دا، هیچ ئەوتۆ ناخوێنرێتەوە بۆ لە ئەستۆگرتن و بەرپرسیارێتی ئەو کەیسانە، وەکچۆن لە کەوتنی داعش لە عیراقیش تائێستا ئەو مەلەفانە داخراون لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٧ەوە داعش لە عیراق کەوت و لە بەهاری ٢٠١٩یش لە سوریا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## خەلافەتەکەی داعش کۆتایی هاتووە. یان روبەڕووبوونەوەی تر ماوە؟



**شاناز هیرانی**

هێزەکانی سوریا دیموکرات ڕۆژی ٢٣ی ئازاری ٢٠١٩ ڕایگەیاند کە (ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش) بە یەکجاری کۆتایی پێهاتووە لە باغۆز لە ڕۆژهەلاتی سوریا.

ئەو هەواڵە سەرجەم ڕۆژنامە و ماڵپەرە هەواڵەییەکانی جیهانی بە شێوەیەکی چڕو پڕ تەنی. بەلام لێرەدا پرسیارێکی گرنگ خۆی قوت دەکاتەوە: ئایا بەڕاستی داعش کۆتایی پێهات لە خاکی سوریا؟ یان ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی تر خۆی ڕێک دەخاتەوە و شانەی نوستو و گورگەکانی لێرەو لەوێدا هەن و خۆیان ئامادە دەکەن و بۆ نێچیری تر خۆیان مەلاس داوە؟ ئەو پرسیارە جەوهەرییە پێویستە وەلامێکی دروستی بدرێتەوە، چونکە بە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە، پرسیارێکی تریش دێتە ئاراوە، ئایا لە ڕووی فکر و ئایدیۆلۆژیاوە داعش کۆتای هات؟

کاتێک بەدوای وەلامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە دەگەڕێن، دەبینین بە گوێرەی هەواڵەکان بێت، جەخت لەسەر کۆتایی هاتنی داعش دەکرێتەوە لە ڕووی کردەیەوە، بەلام هێزەکانی (قسد) پێیان وایە داعش شانەی نوستوی هەیە و هەر کاتێک بێت دەست دەکەنەوە بە کردەوەکانی خۆیان.

لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵی داعش هەن، کە لەداهاتودا دەبنە پرۆژەی تیرۆریستی. گەر بێت و سوریا لە ڕووی سیاسی و ئیداری سەقامگیر نەبێت، دووبارە بەئاسانی سەر هەڵدەدەنەوە. بۆیە سەربەری کۆتایی پێهانانیان لە باغۆز و نەهێشتنی دەسەلاتیان لەو خاکە پان و بەرینەی کۆنترۆڵیان کردبوو لە ٢٠١٤ەوە، بەلام تا ئێستاش ڕێکخراوی داعش



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوەی هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سوریا و ناوچەکەش بە گشتی.

تا ئێستا چەکدارانیان لە رۆژئاوای ڕووباری فورات دەبینرێن. لیژنەی چاودێری ناوخۆییش لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن) لە راپۆرتێکیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە چەند گروپێکی چەکداری داعش چالاکن و سەرقاڵی خۆ رێکخستنەوەن لە عێراق و سوریاش.

لە لایەکی تریشەوە، تا ئێستا چارەنوسی رابەری ڕێکخراوەکە (ئەبو بەکر بەغدادی) نادیارە. بە پێی سەرچاوەکانی ئەمەریکا بێت، ئەبو بەکر بەغدادی لەژیاندایە و ڕەنگە لە عێراق خۆی حەشار دابێت.

بۆیە کەوتنی داعش لە سوریا و عێراق مانای کۆتایی هاتنی ڕێکخراوەکە نییە. بە پێی بەڵگەنامەکانی دەست ڕۆژنامەی (صندای تایمز)ی بەریتانی کەوتوە، ڕێکخراوەکە پلانی هەیە لە داهاتوو چالاکیەکانی بگوازێتەوە وڵاتانی ئەورووپا و خۆی ئامادە دەکات بۆ پڕ چەک کردن و تەمویل کردنی توندڕەوان و شانە نوستوەکانی لە وڵاتانی ئەورووپا.

گەورە تیرۆریست ئەبوبەکر بەغدادی لە پەیامە دەنگیکەیدا داوای لەلایەنگرانی کرد لە رۆژئاواو ئەوروپا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، ئاماژەی بەوەش کردبوو ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە ئەوروپا یەکسانە بە هەزار هێرش لەعێراق و سوریا.

هەروەک بەغدادی داواشی کردبوو کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی ترو وڵاتێکی تر بکەنە جێگرەوەی عێراق و سوریا.

لەکۆتاییدا بونی کێشەو قەیرانی سیاسی و سەربازی لەعێراق یاخود سوریا ڕێگە بۆ بەهێزبونەوەی داعش خۆش دەکات بەناوی داعشەوە یاخود هەرناوێکی ترەوە بێت، ئەمەش بەرژەوەندی ئەمەریکاو ئێران و تورکیاو ڕوسیاو سعودیە..هتد، دەرئەنجامی داعش دیاریدەکەن لەهەریەک لەو دوو وڵاتە جا ناوی داعش بێت یاخود لەژێر هەر ناوێکی تردا بێت.

**لێرەدا پرسیارە گرنگەکەی تر ئەوەیە: ئایا رێکخراوی داعش لەسەر ئاستی فیکری کۆتایان پێهاتوە؟**

بە داخەوە تا ئێستا رووبەڕووبونەوەیەکی فیکری و ڕێکخراوەیی ئاراستەی ڕێکخراوەکە نەکراوە. تا ئێستا دامەزراوە ئایینیە گەوەرکان نەیانتوانیوە ستراتیژیەتێکی تەواو بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو رێکخراوە توندڕەوە پێشکەش بکەن. چونکە شکست

پێهێنانی سەربازی پێویستە هاوکات بێت لەگەڵ شکستی فیکریان، بۆ ئەوەی گرەنتی نەگەڕانەوەیان هەبێت دووبارە.

بۆیە دامەزراوە ئایینەکان بە تایبەت لەبەردەم ئالنگاریەکی یەکجار سەخت دان، کە بریتیە لە ڕووبەڕوبونەوەی فیکری و ئایدیۆلۆژی ئەو ڕێکخراوە هەرە توندڕەوەیە. بە تایبەتی پاش گێڕانەوە و کۆنترۆڵکردنەوەی سەرجەم خاکەکانی ناوچەکانی لەژێر دەستیان دابوو.

بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو فیکر و ئایدیۆلۆژەیەتەش پێویستە نەخشە ڕێگایەک و بەرنامەیەکی تۆکمە هەبێت بۆ شکست پێهێنانیان لە چوارچێوەیەکی فراوان و لەسەرجەم روکن و کەلەبەرەکانی ئەو ڕیکخراوە کاریان لەناودا دەکات. وەک لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی فیکر و دروشمە مەزنەکانیان، ئاشکراکردنی سەرجەم کارە قێزەوەن و تاوانکاریەکانیان، قایم کردن و پاراستنی کۆمەڵگەکان. چەسپاندنی بیروباوەڕی خۆشەویستنی نیشتمان. پارێزگاریکردن لەخاک و دەوڵەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## خاکی عیراق هێشتا بەپیتە بۆ چەکەرەکردنی داعش



**یونس العراف**

وەک ئەوەی لە سوریا رووی داو راگەیەنرا کە خەلافەتەکەی داعش بە تەواوی لەناو براوە، لە عیراقیش یەک ساڵ لەمەوبەر راگەینرابوو کە بەسەر جیهادییەکاندا سەرکەوتنی تەواو بەدەست هاتووە، بەڵام خۆ هەر بە قسە نابێت، لە عیراق تا ئێستاش پاشماوەکانی رێکخراوی داعش توانای کوشتنو ئەنجامدانی تەقینەوەیان هەیە، بەو واتایەی عیراق تا ئێستاش خاکێکی بەپیتو لەبارە بۆ چەکەرەکردنی داعش.

کێشەکە بە تەنها لایەنی سەربازیو ئەمەنی نییە، بەڵکو عیراق ساڵانێکە بە دەست دەیان قەیرانو کارەساتەوە دەناڵێنێت، لە پێش هەمووشیانەوە گەڕانەوەی ئاوارەکانە کە ژمارەیان ملیۆنێکو ٨٠٠ هەزار کەس دەبێت لە ئۆردوگاکاندا دەژین، هەروەها کێشەی تەواو کردنی سەدان دادگایی کردنی بەپەلەو نەهامەتیو کوێرەوەری کۆمەڵایەتیو ئەو هەموو دەردو پەتاو نەخۆشییە دەروونییەی بەهۆی شەڕو ململانێو دووبەرەکیو پەرتەوازەبوونی پێکهاتە ناوخۆییەکانەوە تووشی خەڵکی عیراقو بە تایبەتیش ناوچەکانی شەڕ بووە. ئەمەش ئەوەیە کە لایەنگرانو بەرگریکاران لە مافی مرۆڤ لێی دەترسن، چونکە ئەوان نیگەرانن ئەو بارودۆخە ببێتە هۆی ئاسانکاری بۆ پەڕگیرو توندەڕەوەکان تا ئەو خەڵکە بەشمەینەتە بۆ لای خۆیان رابکێشنو بەکاریان بهێنن.

رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤ دا سێیەکی خاکی عیراقی بەدەستەوە بوو، بەڵام ساڵی رابردوو تێک شکێنراو رووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆوە، لە سوریاش پانتاییو رووبەرێکی فراوانی بەدەستەوە بوو، بەڵام ئێستا هیچ ناوچەیەکی ئاوەدانی بە دەستەوە نەماوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا بەو رادەیە لەناو نەچووە کە توانای هێرشو پەلاماردانی نەمابێت، ئەویش لە وڵاتێکی وێرانو خاپووردا کە چاوەڕێی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، ئەو پرۆسەیەی کە مەزەندە دەکرێت

نزیكەی ٨٨ ملیار دۆلاری تێبچێت.

### ناوچە دوورە دەستەكان

جیهادییەكان تا ئێستاش لەو ناوچانەدا خۆیان شاردۆتەوە كە دوورە دەستنو حكومەت دەستی پێیان ناگات، وەك ناوچە شاخاوییەكانو بیابانەكان، ئەوان لەو شوێنانە حەشارگەی ئەوتۆیان هەیە كە دوای پێنج ساڵ لە دەستپێكی هێرشەكانیان، هێزەكانی ئاسایشو هێزی حكومەت دەستیان پێیان ناگات. لیوا نەجم ئەلجبوری فەرماندەی پرۆسە سەربازییەكانی پارێزگای نەینەوا لەو بارەیەوە بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند، ئێمە بەردەوامین لە هەڵمەتو گەڕانو پشكنینەكانمان بە دوای پاشماوەكانی رێكخراوی داعشو شانە نووستووەكانیدا.

لە عیراق هێزی هاوپەیمانان بە سەركردایەتی ئەمریكا بەردەوامە لە هێرشو پەلامارەكانی بۆ سەر پاشماوەكانی داعش، لەبەر ئەوەی هێشتا مەترسی گەورەیان هەیەو زۆر گرنگو پێویستە ناوچەكانی سەر سنووری نێوان سوریاو عیراق لە رووی سەربازیو ئەمنییەوە بە تەواوی كۆنترۆڵ بكرێت، ئەو سنوورەش لە مەودای ٦٠٠ كیلۆمەتردا بە ناوچە بیابانەكاندا درێژ دەبێتەوە، هەروەها پێویستە لەگەڵ كوردەكاندا ناوچە شاخاوییەكانیش بە تەواوی كۆنترۆڵ بكرێتو رێگە لە دزەكردنی ئەندامانی داعش بگیرێت، بە تایبەت لەو شوێنانەوە كە بە درێژایی مێژوو شوێنی قاچاخچیو دزەكردن بوون.

لەسەروبەندی كۆنترۆڵ كردنەوەی شاری موسڵو وەدەرنانی تەواوی داعشدا، مانگی تەمووزی ٢٠١٧ هێزەكانی سوپای عیراق وەك لیوا نەجم دەڵێ، دوو هەزارو ٥٠٠ چەكداری سەر بە داعشیان دەستگیر كرد، بەڵام تا ئێستاش سوپای عیراق ناوبەناو رایدەگەیەنێت كە هێرشی كردۆتە سەر كۆمەڵێك چەكداری داعشو ژمارەیەك جیهادیی لێ كوشتوون، لەبەرامبەردا سوپای عیراقیش كوژراوی هەیە، ئەمەش بەو واتایە دێت كە هێشتا داعش بە تەواوی لەناو نەچووە.

لیوا شاكر كوین لە هێزەكانی پۆلیسی فیدراڵی عیراق بە فرانس پرێسی راگەیاند، رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بە بۆمب و تەقەمەنی ٥٥ هێرشی كردۆتە سەر هێزەكانی پۆلیسو چەند جارێكیش هێرشیان كردۆتە سەر وێستگەكانی كارەباو تێكیان داوە. بەرپرسانی خۆجێیش دەڵێن: لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا جیهادییەكان لە پارێزگای كەركوك كە سنووری بە سنووری نەینەواو هەرێمی كوردستانەوەیە ١٠ موختاریان كوشتووە. بە درێژایی سنووری نێوان عیراقو سوریاش چەكدارەكانی رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی كە لە هەردوو دیوی سنوورەوە گەمارۆ دراون بەردەوام هەوڵ دەدەن دزە بكەنەوە ناو عیراقەوە.

سەرچاوەکانی ئاسایش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هێزەکانیان زۆربەی جار توانیویانە رێگە لەو دزەکردنانە بگرن، بەڵام لە هەندێک شوێنی دوورە دەست لە بیابانەکانو ناچە شاخاوییەکان کە بە ئاسانی دەستمان پێیان ناگات ئەوان بە ئاسانی بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکەن. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە، کە هەندێک ناوچە تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە هەر دوورەدەست بووەو دەستی هێزەکانی عیراقی پێ نەگەیشتووە، بە تایبەتیش کە لە دوای ۲۰۰۳وە رێکخراوی ئەلقاعیدەو هەندێک لەو چەکدارانەی دژی هاتنەناوەوەی هێزەکانی ئەمریکابوون بۆ عیراق، لەو ناوچە دوورەدەستانە تونێلیان لێداوەو حەشارگەیان دروست کردووە بۆ پاراستنی چەکدارەکانیان لە هێرشی ئاسمانیو شاردنەوەی چەکو تەقەمەنی. هەندێک ناوچەش هەن کە لەبەر ئەوەی گروپی چەکداری لێیە، خەڵکی مەدەنی ناوچەکە ناوێرن بگەڕێنەوە لەبەر ئەوەی دەترسن بەوە تۆمەتباریان بکەن کە سەر بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامین.

### تۆڵەسەندنەوە تەشەنەی کردووە

بەشێک لەو خێزانانەی لە ناوخۆی وڵاتدا ئاوارە بوون تا ئێستاش لە ئۆردوگاکاندا دەژین، ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ حکومەت کە دەیەوێ بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵام ئەوان ناوێرن بگەڕێنەوە لەبەر ئەوەی ئەگەری هەیە تۆڵەیان لێ بکرێتەوە. رازاو ساڵحی بەرپرسی دۆسیێ عیراق لە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە بە فرانس پرێس راگەیاند، تۆڵەسەندنەوە لە هەموو شوێنێک هەیەو ئەوەش ئەو خێزانانەی نیگەران کردووە. ئەوان تەنانەت متمانە بە خێزانو کەسو کاری خۆیشیان ناکەن، چونکە مەسەلەی سەر بە داعش بوون بووە بە کارتی جۆکەر بۆ هەر ناکۆکییەکی ناو خێزان یان دەرودراوسێ دەتوانرێ بەکار بهێنرێت. لە کاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات لەو تاوانەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بکۆڵێتەوە، وەک تاوانی جەنگو کۆمەڵکوژی، رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئیدانەی کردەوەی بەکارهێنانی سێکسی کرد بەرامبەر ئەو ژنانەی لە ئۆردوگاکاندا دەژینو گومانیان لێ دەکرێ پەیوەندییان بە رێکخراوی داعش هەبێ. رازاو ساڵحی لەو بارەیەوە دەڵێ: منداڵەکان ئەوەیان لەبیر ناچێتەوە کە دایکیان سوکایەتی پێکراوە، لەبەر ئەوە ئەم نەوەیە کە پێ دەگات وەک بۆمبێکی میزان کراو وایە. جگەلەوە مافپەروەران دەڵێن: سەدان دادگایی کردنی خێراو بەپەلە، لە دوای دانپێدانانی بەزۆر بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە، سەرباری ئەو هەموو کێشەو قەیرانەی عیراق هەیەتی، لەسەرو هەمووشیانەوە گەندەڵیی.

بۆ ئەو خێزانە ئاوارانەش کە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان وەک ئەولۆ راشۆی تەمەن 45 ساڵ کە هاووڵاتییەکی ئێزدییە، هەروا بە ئاسانی ژیانیان ئاسایی نابێتەوە. راشۆ لەبەردەمی دووکانە چۆڵکراوەکەیدا لە باکووری عیراق دەڵێ: بێگومان ئازاد کراوین، بەڵام تا ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکمان نییە، نە نەخۆشخانە هەیەو نە هیچ چالاکییەک، ژیان وەستاوە.

بەشی شەشەم

رازاو ساڵحی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بۆڵەبۆڵی خەڵکی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی هەندێک کەس دەڵێن: لە سەردەمی داعشدا لانیکەم شتێک هەبوو بیخۆین.

فرانس پرێس

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٩

## باڵیۆزی داعش لە تورکیا



ئاردیان شایکۆڤچی        نانێ سپێک هارد

سازدانی دیمانە:

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پەیڕەو ئەنوەر

لە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان حکوومەتی تورکیا و داعشدا، ئەوەی ڕوون و ئاشکرا نییە ئەوەیە کە چەند لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆ و فەرمی بوونە و چەندیش دژی ئەو پاڵپشتی و هاوکارییانە وەستاونەتەوە کە داعش لە کەس و لایەنەکانی ناو تورکیای وەرگرتووە یان لە بەرامبەردا، داعش ناچار بووە بڕە پارەیەکی زۆر خەرج بکات و بیدات بەو تۆڕەی کە لە تورکیادا پێشوازیی لە چەکدارەکان کردووە و چەک و تفاق و پێداویستیی پزیشکیی بۆ داعش ڕەوانە کردووە. بە هەر حاڵ، ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو دەوڵەتێک پێویستی بە دیپلۆمات و دانوستانی سیاسی و ڕێککەوتنی سیاسییە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نزیک لێیەوە. پێدەچێت داعشیش لەو ڕێسایە بەدەر نەبێت. توێژەرانی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی و توندوئاژۆیی، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر هەڤپەیڤینێکیان لەگەڵ ئەمیرێکی داعش کردووە بە ناوی "ئەبومەنسوور ئەل - مەغریبی" کە وەک باڵیۆزی داعش لە تورکیا ڕۆڵی بینیوە.

"کاری من لە ڕەققە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ کەیسە نێودەوڵەتییەکان." ئەبو مەنسوور مەغریبی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە، لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنی لەگەڵ داعشدا. "ئەرکی من پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام - داعش بوو لەگەڵ دەزگەی هەواڵگریی تورکیا. لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندییە کاتێک دەستی پێ کرد، کە من لەسەر سنوور کارم دەکرد." مەنسوور زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "کارەکەی زۆر سەرنجی داعش ڕادەکێشێت و زۆر بەوردییەوە ئەنجامی دەدات، بەر لەوەی ببێت بە ئەمیری داعش یان ڕاستتر بڵێین ببێت بە باڵیۆزی داعش لە تورکیا."

**ئەبو مەنسوور ئەندازیاری کارەبایە لە مەغریب،** لە ٢٠١٣وە هاتووە بۆ سووریا. وەکوو زۆرێک لە داعشەکانی تر چاوپێکەوتنمان لەگەڵی ئەنجام دا و گوتی کە ئەو هاتووە بە ئومێدی ئەوەی موسڵمانان لە دەستی ڕژێمی دیکتاتۆری سووریا ڕزگار بکات و خەلافەتی ئیسلامی لەژێر چەتر و حوکمی شەریعەتدا بونیاد بنێت. لە کازابلانکاوە سەفەری کردووە بۆ ئیستانبۆڵ و دواتر لە ڕێگەی سنوورەکانی باشووری تورکیاوە خۆی گەیاندۆتە سووریا. یەکەمین شوێن کە لێی گیرسابێتەوە لە سووریا، "ئیدلیب" بووە، لەو کاتەی کە ململانێ و پێکدادانی نێوان نوسرە و داعش دەستی پێ کردووە. ئەبومەنسوور کۆتاییی بەو ململانێ و دژایەتییە هێناوە لە بەری داعشدا و، بەمەیش وەک بەرپرسی وەرگرتن لە بەری سووریای نزیک لە سنووری تورکیا دیاری دەکرێت. کارەکەی بریتی بوو لە پێشوازیکردن لەو چەکدارە بیانییە بێشومارەی کە لە ڕێگەی تورکیاوە دەهاتنە نێو داعشەوە. زۆرینەی ئەو چەکدارانە هەمان خەونی ئەبومەنسووریان هەبوو.

**ئەبومەنسوور بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت:** "کاری من ڕاستەوخۆ پێشوازیکردن بوو لەو چەکدارە بیانییانەی کە لە تورکیاوە دەهاتن." ئاماژە بەوەیش دەکات کە تۆڕێک لە خەڵکی داعش ئاسانکارییان بۆ چەکدارەکان دەکرد کە لە ئیستانبۆڵ سەفەریان دەکرد بۆ غازی عەنتاب، کە شارۆچکەیەکە دەکەوێتە سەر سنوور یان ئەنتاکیا، ئورفا و ...؛ زۆرینەیان داعش پشتیوانیی دەکردن، بەڵام لە نێوان ئەندامانی داعشدا، بە هۆی ویست و ئارەزووی نا- ئایدیۆلۆژییانەوە، جیاوازییش هەبوو. زۆرینەی ئەوانەی کە لە بەری سنووری تورکیاوە کاریان دەکرد، ئامانجیان تەنیا پارە پەیداکردن بوو. هەرچەند کاتێک داوای ڕێکخستن و چالاکیمان لێ دەکردن بۆ داعش لەناو تورکیادا، قبووڵیان دەکرد. زۆرینەیان لە تورکیا باوەڕیان بە داعش هەبوو و بەیعەتیان پێ دەدا. داعش هەبوو لە تورکیا دەژیا، هەم تاک و هەمیش گرووپ هەبوون، بەڵام هیچ گرووپێکی چەکدارمان لەناو خودی تورکیادا نەبوو. ئەبومەنسوور سەبارەت بە چەکدارە بیانییەکان دەڵێت: "ئەوان لە شوێنی جیاوازەوە هاتبوون؛ زۆرینەیان لە باکووری ئەفریقاوە هاتبوون. ژمارەی ئەوروپییەکان زۆر نەبوون، سەرجەمیان ٤٠٠٠ چەکدار بوون."

١٣ هەزار تونسی بوون، ٤ هەزار مەغریبی. چەکداری لیبیای کەم تێدا بوو و، کەمتر بوو لە ١٠٠٠ چەکدار، لەبەر ئەوەی خۆیان لە لیبیا بەرەیەکی شەڕیان هەبوو؛ من تەنیا باسی ساڵی ٢٠١٥ دەکەم. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە داتاکانی ئەبومەنسوور، هاوتایە لەگەڵ داتا کۆکراوە ڕاست و دروست و ژمارەی چەکدارە بیانییەکان کە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و زۆرینەیشیان لە تونسەوە هاتوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە، چۆن توانیویەتی وەک خۆی داتاکان بڵێت و هەڵەی تێدا نەکات.

ئێوە هەر بەتەنیا نووسەرێکی ئاسایی نەبوون کە لەناوەندێکی پێشوازیکردن و ناوتۆمارکردنی ناوی چەکدارە تازە



سەرچاوە
Serchawe

هاتووەکانی داعشدا کار بکەن؟ گومان دەکەین زۆر لەوە گرنگتر بووبن، بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کە لەبارەی داعشەوە باست کردوونە؟

کاری من لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا بوو و پێشوازیکردن بوو لە چەکدارەکان. (زەردەخەنەیەکی کرد بۆ پیشاندانی ئەوەی کە زۆر بەهێزترە لەوەی کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد) من چاودێریی بەشی پێشوازیی تەل ئەبیەد، حەلەب، ئیدلیب و هەموو سنوورەکانیانم دەکرد.

کەواتە تۆ ئەمیری داعش بوویت؟ (پێدەچوو دڵخۆش بێت بە دەستگیرکردن و ناساندنی بەوەی کە پێشتر چ بووە) سەرەتا من ناوی خەڵکم تۆمار دەکرد، دواتر بوومە سەرپەرشتیار. بەڵێ من ئەمیر بووم.

### چەکدارە بیانییەکانی ناو داعش

**گفتوگۆ لەبارەی ئەو ژنانەوە دەکەین کە لە ڕێگەی تورکیاوە هاتوونەتە سووریاوە. ئەبومەنسوور بەم شێوەیە دوا:** "ئافرەتە بێهاوسەرەکان، ڕاستەوخۆ دەچوونە ڕەقەقە بۆ ناوەندی بێهاوسەران. ژنە هاوسەردارەکان لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەڕۆیشتن. ژنەکان لە ماڵی هاوڕێ ژنەکانیان دەمانەوە. هەر کە هاوسەرگیرییشیان بکردبایە، شوێنی حەوانەوە و ماڵیان پێ دەدرا تاوەکوو هاوسەرەکانیان ڕاهێنانە سەربازییەکانیان تەواو دەکرد، چونکە ڕاهێنانی چەک و سەربازی لەناو داعش زۆرملێ بوو و ئەوانەی تازە ناویان تۆمار دەکرد، دەبوو فێری ئایدیۆلۆژیی تەفکیری داعش بکرێن؛ ئایدیۆلۆژییەک کە پاساوی بەکارهێنانی توندوتیژیی لە دژی هەموو ئەوانەدا هەبوو کە بە بێباوەڕ لە دژی موسڵمانەکان هەژمار دەکران."

**ئەبو مەنسوور لەبارەی شێوە و سروشتی فۆڕمی تۆمارکردنەکە کە لە ناوەندی پێشوازییەکە پڕ دەکرایەوە دەدوێت و دەڵێت:** "فۆڕمێک بوو لەبارەی شارەزاییی ئەو وڵاتەی کە سەردانت کردووە و...؛ زۆر بەباشی بەبیرم نایەت بەڵام ناوەڕۆکەکەی زۆر بوو. خەڵکانێکی زۆر هەبوون کە هەڵگری بڕوانامەی باڵا بوون. ئێمە بواری خوێندن و پسپۆڕییەکەمان دەنووسی، زمانەکەی. ئەو زانیارییانە لە فۆڕمەکە تۆمار دەکران. لە دوای ڕاهێنان لە کەمپەکان، دواتر کار و ئەرکەکان بۆ چەکدارەکان دادەنران. خەڵکی زۆر جێگەی بڕوا و متمانە بۆ بەڕێوەبردنی ناوەندی ناوتۆمارکردنی داعش دادەنران، بۆیە ئەگەر بتگوتبا من ئەندازیارم، ئەوا تۆیان لە شوێنێکی نزیک لە پسپۆڕییەکەت دادەنا، چونکە ئۆفیسێک هەبوو بە ناوی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان. بەڵام جیاوازییش هەبوو و خەڵکی تریشیان لێ دادەنا، چونکە هەبوو دەیویست شەهید بێت.



سەرچاوە
Serchawe

## شەهیدەکان و ئەوانەی دەگەڕێنەوە و دەبن بە شانەی نووستوو

داوا لە ئەبومەنسوور کرا ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە ئەوانەی دەڵێن دەمانەوێت شەهید بین چییان بەسەر دەهات؟ لە وەڵامدا دەڵێت: "چەندین ناوەندی تایبەت هەبوون کە گرنگییان بەم بوارە دەدا." بەر لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ژمارەیەکی زۆر هەبوون کە دەیانویست شەهید ببن. لە سەرەتادا ئەوانەی کە هاتبوون گیانی خۆیان لە پێناو خەلافەتی ئیسلامیدا بەخت بکەن، ژمارەیان ئێجگار زۆر بوو. ٥ هەزاریان شەهید بوون. من کەسم نەنارد بۆ ئەو ناوەندە کە کەسی خۆکوژی تایبەتی لێ بوو و گۆشەگیر و هان درابوو بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت. من تەنیا ناویانم تۆمار دەکرد و ڕەوانەی کەمپی ڕاهێنانم دەکردن. ناوەندێکیش هەبوو لە ڕەققە. بەڕێوەبردن و کارگێڕییەکە ناوەندی بوو و، ئەوان بڕیاریان دەدا کێ ناوی تۆمار بکرێت و لە کوێش ڕاهێنان بکات. ئەوە کاری من نەبوو.

بەگوێرەی وتەکانی ئەبومەنسوور ژمارەی ئەوانەی کە دەیانویست شەهید بن لە سەرەتای دامەزراندنی خەلافەتدا، لە نزمبوونەوەدا بوو. ژمارەکە نزمتر بۆتەوە کاتێک ڕەققە سەقامگیر بوو و دواتر چەکدارەکان زۆرینەیان هاتوونە ژیانێکی سادە بژین نەک شەهید بن و، تەنیا ڕێژەیەکی زۆر بچووک هەبوو کە دەیانویست شەهید بن. بەر لە ٢٠١٤، ٥٠%ی ئەوانەی دەهاتن، دەیانویست شەهید بن، دواتر بووە بە ٢٠%. لە ماوەی نێوان ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥ نزیکەی ٣٥ هەزار چەکداری بیانیمان هەبوو و دوای ئەوە نازانم ژمارەکە بۆتە چەند، بەڵام ساڵ دوای ساڵ کەم بۆتەوە. ئەم ژمارەیەی ئەبومەنسوور، نزیکە لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەی کە شارەزایان کردوویانە کە بە لایەنی کەمەوە چەکدارانی داعشیان بە ٤٠ هەزار چەکدار داناوە و کە دواتر زۆرینەیان لەناو داعش لەناو چوون.

سەبارەت بەوانەی کە لە لایەن خودی داعشەوە داوەت کرابوون و هێنرا بوون بۆ ڕاهێنان، دواتر گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان بۆ ئەنجامدانی هێرش، هەروەک "هاری سارفۆ" ئاشکرای دەکات کە داعشێکی گەڕاوەی دەستبەسەرکراو لە وڵاتەکەی کە ئەڵمانیایە، لەگەڵ قاچاخچییەکی داعش چەند ئۆپەراسیۆنێکیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەبومەنسوور دەڵێت: "ئێمە تەنیا لە خاڵی پێشوازی بووین و، کاری ئێمە نەبوو پرسیاری ئەوەیان لێ بکەین کە ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ هێرشکردن یان نا!"

هەرچەندە ئەبومەنسوور ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەندێک جار ئەم حاڵەتی گەڕانەوە و هێرشکردنە ڕووی داوە و، دەبێژێت کە هەندێک کەس هەبوون کە خەڵکی تریان دەهێنا و دواتر ڕەوانەیان دەکردنەوە بۆ ئەنجامدانی کردەی خۆکوژی، بەڵام ئەوە کاری ئێمە نەبوو؛ ئێمە تەنیا بەشی پێشوازی بووین. ئەبومەنسوور دووبارەی دەکاتەوە کە ئەم حاڵەتانە

هەبوون، بەڵام هەموو ئەوانەی کە دەگەڕانەوە، شانەی نووستووی ئێمە نەبوون. زۆرێک وازیان لە کارەکە دەهێنا و زۆرێکیش حەزیان لە بارودۆخەکە نەبوو و ڕۆیشتن. دانانی هەندێک ئەفسانە لە بڵاوکراوە و بەیاننامەیەک کە لە لایەن بەشێک لە داعشە گەڕاوەکانی ئەوروپا ئامادە کراوە، ڕەنگە بەشێک بێت لە خودی شانە خەوتووەکان. ئەبومەنسوور دەڵێت: "کارگێڕییەکی ناوەندی لە حەلەب و ڕەققە هەبوو و من پاسپۆرتەکانم دەگواستەوە و ئەوانیش ئەرشیفیان دەکرد."

## بوون بە باڵیۆزی داعش

چوومە ڕەققە دوای ئەوەی هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر سنوور. ڕەققە سەقامگیر بوو؛ ئەمە ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ بوو. کاتێک پرسیار لە ئەبومەنسوور دەکەین کە ئەگەر چەکدارێکی بریندارى داعش ڕێگەی پێ بدرابایە بۆ پەڕینەوە لە سنوور و وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی لە تورکیا، شتەکان لەناکاو بەرەو ئاڕاستەیەکی تر دەڕوات و هەستمان بەوە کرد کە ئەبومەنسوور تەنیا ئەمیرێک نەبووە بەڵکوو دیپلۆماتێکی داعش بووە.

ئەبومەنسوور بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: "ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئێمە و هەواڵگریی تورکیادا سەبارەت بە خاڵە سنوورییەکان و بۆ ئەو کەسانەی کە بریندار دەبوون، هەبوو. من چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆم لەگەڵ میت/دەزگەی هەواڵگریی تورکیادا هەبووە. چەندین دیدارم لەگەڵ ئەواندا هەبووە."

کاتێک پرسیارمان لێ کرد کە کێ بەدیاریکراوی لە حکوومەتی تورکیا چاوی بە ئەندامانی داعش دەکەوت؟ ئەو بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: "تیمێک بوون، هەندێکیان نوێنەرایەتیی دەزگەی هەواڵگریی ئەو وڵاتەیان دەکرد، هەندێکیان نوێنەرایەتیی سوپای تورکیا. تیمەکان لە ٣ تاوەکوو ٥ گرووپ پێک هاتبوون. زۆربەی چاوپێکەوتنەکان لە ئۆفیسی فەرماندە سەربازییە تورکەکان بوون و بەپێی پرسی گفتوگۆکەیش تیمەکان دەگۆڕدران. هەندێک جار هەموو هەفتەیەک یەکترمان دەدیت و دەکەوتە سەر ئەوەی کە چی لە سووریا ڕووی دەدا. زۆربەی چاوپێککەوتنەکان لە نزیک سنوور بوون؛ هەندێکیان لە ئانکارا و هەندێکی تریشیان لە غازی عەنتاب بوون.

کاتێک باسی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی تورکیای کرد لە ئانکارا کە پایتەختی تورکیایە. ئێمە لەناکاو ئەومان (ئەبو مەنسوور) لە هزری خۆمان وەک باڵیۆزی داعش هاتە پێش چاو و بە باڵیۆزی داعشمان دانا کە ئەرکەکانی خۆی لەو وڵاتەدا جێبەجێ دەکرد. ئەبومەنسوور دەڵێت: "سنوورم بڕی و ئەوانیش ڕێگەیان دام بپەڕمەوە بۆ تورکیا و تورکەکان هەمیشە ئۆتۆمبێلیان بۆ دەناردم و هەمیشەیش پارێزراو بووم. دوو تاوەکوو سێ کەس لە تیمەکەی من لەگەڵم بوون. لە زۆربەی کاتەکاندا من بەرپرسی تیمەکە بووم."



سەرچاوە
Serchawe

پێدەچێت ئەبومەنسوور چاوی بە بەرپرسی پلە باڵای دەزگە ئەمنییەکانی تورکیا کەوتبێت و دانوستانی لەگەڵیان کردبێت. ئەبومەنسوور بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "بابەتی بەرژەوەندیی هاوبەش، بابەتێکی گەورە بوو لە نێوانماندا"، "شتێکی گەورەیە کاتێک تۆ دەتەوێت دەوڵەتێک دروست بکەیت یان لە جیهانی دەرەوە جیای بکەیتەوە؛ دانوستانەکان ئاسان نەبوون. کاتی زۆری ویست. هەندێک جار سەخت بوو."

"من ئەو کەسە گرنگە نیم کە تۆ باسی دەکەیت. باڵیۆز دەستەواژەیەک نەبوو کە ئێمە لەناو دەوڵەتی خەلافەتدا بەکارمان هێنابێت." کاتێک ئەبومەنسوور لە قسەکانی بەردوام بوو، ئێمە هەستمان کرد کە دیپلۆماسییەتی داعش ئەوەندە درێژ بۆتەوە، خەریک بووە بگات بە خودی سەرۆکی تورکیا، بەتایبەت کاتێک ئەبومەنسوور گوتی: "خەریک بوو سەرۆکی تورکیا، ئەردۆغان ببینم بەڵام نەمدیت. یەکێک لە ئەفسەرەکانی دەزگەی هەواڵگری گوتی، ئەردۆغان دەیەوێت بەتەنیا بتبینێت، بەڵام دواتر ئەوە ڕووی نەدا و نەمدیت."

"من فەرمانەکانم لە ئەنجومەنی شووراوە وەردەگرت؛ لە موحەمەد هوداد کە عێراقی بوو. ئەندامانی ئەم شوورایە گەورەترین دەسەڵاتیان هەبوو؛ ئەوان لیژنەی دانوستان و شاندەکانیان پێک دەهێنا. سەبارەت بە ئەبوبەکر بەغدادی جارێکیان بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بینیم."

## سوودی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ تورکیا

پرسیاری ئەوەمان لە ئەبومەنسوور کرد کە پەیوەندیی دارایی لە نێوان داعش و تورکیادا هەبووە؟ ئەو لە وەڵامدا دەڵێت: "هیچ ئاڵوگۆڕێکی پارە لە نێوانماندا نەبوو، تەنیا هەماهەنگی دیپلۆماسی هەبوو؛ بە جۆرێک کە هەر دوو لا لێی سوودمەند بوون." سوودی تورکیا ئەوە بوو کە ئێمە لەسەر سنوور بووین و تورکیایش دەیویست لە سنوورەکانی خۆیەوە تاکوو باکووری سووریا هەمووی کۆنترۆڵ بکات. لە ڕاستیدا ئەوان بەتەنیا خواستی کۆنترۆڵکردنی کوردەکانیان نەبوو بەڵکوو مەبەستیان بوو هەموو باکووری سووریا تا دەگاتە مووسڵ کۆنترۆڵ بکەن."

ئەبو مەنسوور زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەمە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامیستی ئەردۆغانە، ئەوان داوای هەموو باکووری سووریایان کرد؛ ئەمە لایەنی تورکی بوو کە دەیگوت هەموومان دەوێت بۆ ئەوەی باکووری سووریا کۆنترۆڵ بکەین، چونکە ئەوان خواستی ڕاستەقینەیان هەبوو. لە ڕاستیدا ئێمە گفتوگۆمان لەبارەی ئەوە کرد کە ئەردۆغان بەئاشکرا داوای دەکرد. ئەم بەشەی سووریا بەشێکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو. بەر لە ڕێککەوتننامەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، حەلەب و مووسڵ بەشێک بوون لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. لە ڕێککەوتننامەی "سایکس-پیکۆ"دا ئەوان ئەو هەرێمانەیان

لەدەست دا کە سەد ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە واژوو کرا. لە کۆبوونەوەکانی ئێمەدا باس لە دووبارە دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەکرا؛ ئەمە زیاتر دیدگەی تورکیا بوو.

ئەبو مەنسوور باسی ئەوەیش دەکات کە ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ تورکەکاندا پێی دەگوترا، ڕاستەوخۆ دید و ڕوانینی ئەردۆغانیش بوو بەڵام پێویست نەبوو هەموو بیزانن و باسی بکەن. ناتوانم بڵێم کە ئەمە دیدی تەواوی حکوومەتی تورکیا بوو. زۆرێک دژی دەستوەردان و جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بوون. ئەوان دەیانگوت ئێمە هەوڵ دەدەین پەکەکە و کورد لەناو ببەین و ئێمە لە یەکگرتنی کوردەکان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەترسین، بەڵام لە ڕاستیدا تورکەکان دەیانویست تاکوو حەلەب دەسەڵات و هێزیان هەبێت.

ئەبو مەنسوور بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "لەبەر ئەوەی تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بۆیە ناتوانێت کارێک بکات ناتۆ تووڕە بکات؛ بۆیە ناتوانن ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن بەڵام دەیانویست نەتەوەی کورد تێک بشکێنن؛ بۆیە مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆخەکە لە ڕێگەی داعشەوە بوو و بەم ڕێگەیە سوودیان لە دەوڵەتی ئیسلامی دەبینی.لە بەرامبەریشدا سوودی بۆ داعشیش هەبوو و پاڵپشتیی ئێمەیان دەکرد. نزیکەی ٣٠٠ کم سنووری هاوبەشمان لەگەڵیاندا هەبوو. تورکیا دەرچە و ڕێگەی خۆراک، کەرەستەی پزیشکی و چارەسەکردنی برینداراني ئێمە بوو. چەندین شتی تر بە ناوی هاریکارییەوە بۆ ئێمە دەهات. دەرگەکە هەمیشە کراوە بوو.

هەرچەندە سەبارەت بە بابەتی بەدەستهێنانی چەک لە تورکیاوە ئەبومەنسوور دەڵێت: "هیچ کەس ناتوانێت حکوومەتی تورکیا بە پێدانی چەک بە ئێمە تاوانبار بکات، چونکە ئێمە چەکمان لە سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگرتووە. لە ڕاستیدا پێویستمان بەوە نەبوو چەک لە تورکیا وەربگرین. سەربازانی هێزەکانی سووریای ئازاد بازرگانییان بە چەکەکانیان دەکرد لە بەرامبەر جگەرەدا. خەڵکی دژ بە حکوومەتی سووریا چەکی بە ئێمە دەدا. چەندین گرووپ و مافیا بازرگانیی چەکی لەگەڵ ئێمەدا دەکرد."

لە سووریا نەوت بەس بوو بۆ ئەوەی چەک و هەموو شتێکی پێویستت دەست کەوێت. ئەبومەنسوور دەڵێت: "داهاتی نەوتی ئێمە زیاتر لە ١٤ ملیۆن دۆلار بوو بۆ هەر مانگێک؛ نیوەی ئەو بڕە پارەیە بەشی کڕینی چەکی تەواوی ئێمەی دەکرد. کاتێک باسی ئەو بڕە پارە زۆرەم کرد کە ٧ ملیۆن دۆلار بوو بۆ کڕینی چەکی مانگانە، ئەبومەنسوور گوتی: "لە ڕاستیدا ئەو بڕە پارەیە کەم بوو. تورکیا هەندێک جار کە ئۆپەراسیۆنی ئەنجام دەدا، ١٠ ملیۆن دۆلار تێچووی بەڕێوەبردنی شەڕەکە بوو.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک پرسیاری بوودجەی تەواوی داعشمان لە ئەبومەنسوور کرد، بەتەواوی لەبیری نەمابوو، چونکە ساڵ و نیوێک بوو دەستگیر کرابوو بەڵام پێدەچوو هێشتا بەتەواوی بەباشی بڕ و ناوەڕۆکی بوودجەکە بزانێت."

### دانوستان بۆ پەڕینەوە لە سنوورەکانی تورکیاوە

دانوستانمان کرد برینداەکانمان بنێرین بۆ نەخۆشخانەکانی تورکیا. ئاسانکارییەک هەبوو و ئەوان سەیری پاسەپۆرت - تێپەڕنامەی ئەوانەیان نەدەکرد کە بۆ مەبەستی چارەسەر دەپەڕینەوە تورکیا. هەمیشە دەرگەکە کراوە بوو. ئەگەر ئەمبوڵانسمان پێ بوایە، ئەوا بەبێ پرسیار دەپەڕینەوە. لە کۆمەڵێک شوێنەوە دەمانتوانی بپەڕینەوە تورکیا. پرسیاریان لە ناسنامەی بەرپرسەکانمان نەدەکرد، تەنیا ئاگادارمان دەکردنەوە.

**کاتێک پرسیاری ئەوەمان لە ئەبومەنسوور کرد کە ئەمە چۆن ڕووی دەدا؟ بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:** "کاتێک یەکێک بریندار دەبوو، نەخۆشخانە هەبوو لە سووریا و نەخۆشخانەکەیش بە ئۆتۆمبێل دەینارده سنوور و ئەمبوڵانسیش لە بەری تورکیا هەبوو کە چاوەڕوانی برینداەکەی دەکرد. دکتۆری لێ بوو کە ڕقیان لە بەشار ئەسەد بوو و ئێمەیان چارەسەر دەکرد. میت ئاگاداری هەموو دۆخێکی سەختی ئێمە بوو و ئەمبولانسی بۆمان دەنارده سەر سنوور. چەندین نەخۆشخانە لە نزیک سنوورەوە هەبوون. ئەوانەی کە چاودێریی چڕیان وەردەگرت هەر لەوێیش چارەسەر دەکران و، ئەوانی تریش ڕەوانەی شوێنەکانی تری تورکیا دەکران بەگوێرەی پێداویستییان. پزیشکی زۆر گرنگی لێ بوو؛ سووری و تورکی بوون و یارمەتیی ئێمەیان دەدا. بۆیە ئەگەر ئاسانکارییەکی ئەوتۆ لەسەر سنوور نەبوایە، ئەوا بۆ ناو تورکیایان دەناردن."

**پرسیاری ئەوەمان کرد کە کێ پارەی چارەسەرییەکانی دەدا. ئەبومەنسوور دەڵێت:** "دەوڵەتی ئیسلامی پارەی چارەسەرکردنەکانی دەدا، بەڵام هەندێک نەخۆشخانەی گشتیی تورکی، بەبێ بەرامبەر چارەسەرەکانیان پێشکەش دەکرد. نەک تەنیا بۆ چەکدارانی ئێمە بەڵکوو بۆ قوربانییەکانی تەقینەوەکانیش. نازانم چەند چەکدار لە تورکیا چارەسەر کراوە، بەڵام زۆر بوو و ببووە ڕۆتینی ڕۆژانە. تەنیا ئەوە دەزانم کە ڕێککەوتنی کردنەوەی دەروازەکان بۆ برینداەکان و ئەمبوڵانس و ناردنیان بۆ شارەکان بوو. ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەت و دەوڵەت بوو لەبارەی برینداەکان. من دانوستانی ئەو ڕێککەوتننامەیەم کرد بۆ برینداەکان، چارەسەری پزیشکی و هەندێک کەرەستەی تر بۆ پەڕینەوە و دانوستان لەبارەی ئاوی فوڕاتەوەیش."

### دانوستان لەبارەی ئاو

پرسی ئاو بە لای داعشەوە گرنگ بوو؛ لە ڕاستیدا داعش ڕێگەی پێ درابوو بۆ بەکارهێنانی ئاو بۆ کشتوکاڵ و کارەبا لە ڕێگەی بەنداوەکانییەوە. پێشتر ڕێککەوتنێک لە نێوان سووریا و تورکیا هەبوو کە ٤٠٠ مەتر سێجا ئاو لە هەر چرکەیەکدا بدات بە سووریا. لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، تورکیا ئەو بڕە ئاوەی کەم کردبووە بۆ ١٥٠ مەتر سێجا لە هەر چرکەیەکدا. لە دوای دانوستانی ئێمەوە لە ٢٠١٤، ئەم بڕە دووبارە بوو بە ٤٠٠ مەتر سێجا لە هەر چرکەیەکدا. ئێمە پێویستمان بەو بڕە ئاوە بوو بۆ وزەی کارەبا وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی ژیان. تەنانەت بەبێ ئاو نەماندەتوانی بەردەوام بین و ئاوەکە بۆ عێراقیش دەڕۆیشت. گرنگیی ئاو، ناکرێت بە بچووک و کەم ببینرێت. ئێمە پێویستمان بەوە نەبوو لە ڕێگەی بەنداوەوە کارەبا بەرهەم بێنین، بەڵکوو سەرچاوەی ترمان هەبوو و لە ڕێگەی نەوتەوە بەرهەممان دەهێنا، بەڵام ئاومان بۆ کشتوکاڵ پێویست بوو. بەنداوەکان زۆر بوون بەڵام لە هەموویان گەورەتر بەنداوی "تەبقە" بوو. لە ڕاستیدا کاتێک بڕی ئاوەکە ١٥٠ مەتر سێجا بوو کارەبامان لێ بەرهەم دەهێنا، بەڵام کە ئاستی ئاوی دەریاچەکە گەیشتە ٥ مەتر، نەماندەتوانی کارەبا بەرهەم بهێنین.

ئەبو مەنسوور ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە کە "دانوستانەکان کاتی زۆری ویستووە." کاتێک پرسیاری ئەوەمان لێ کرد کە داعش لە بەرامبەر ئەو بڕە ئاوەدا چیی بە لایەنی بەرامبەر بەخشی؟ بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "گرنگترین سوود بۆ وڵاتی بەرامبەر، ئارامی و سەقامگیری بوو." جارێکی تر پرسیارمان لێی کرد کە داعش ڕێککەوتنی لەگەڵ تورکیادا هەبوو کە هێرش نەکاتە سەر ناوخۆی تورکیا؟ ئەبومەنسوور دەڵێت: "لە دانوستانەکاندا نەمانگوت هێرش دەکەینە سەر تورکیا، ئەمە زمانی شەقاوەکانە، بەڵام گوتوومانە هەوڵ دەدەین تورکیا لە شەڕ و پێکدادان بپارێزین؛ ئێمە تورکیامان وەک دوژمن نەدەبینی. ئەوان تێ گەیشتن ئێمە گفتوگۆ لەبارەی چییەوە دەکەین. چەندین جار گوتوومانە ئێوە [تورکیا] نە دۆستمانن و نە دوژمنیشمانن."

ئەبو مەنسوور باسی ئەوەیش دەکات کە ئەوان وەک داعش مامەڵەیان لەگەڵ هەر یەک لە ڕژێمی ئەسەد و تورکیا کردووە بۆ بەڕێوەبردنی بەنداوی "تەبقە" و سەرچاوەکانی تری ژێردەسەڵاتیان. لە کۆتاییدا لە کاتێکدا ڕەققە گەمارۆ درابوو، هێزەکانی هاوپەیمانان هەوڵیان دا دەست بەسەر ژوورەکانی بەنداوەکەدا بگرن. هیچ کۆنترۆڵێک نەمابوو، هەموو دەرگەکان داخرابوون و ئاستی ئاوەکەیش هەڵکشابوو. دەنگۆکان باسی تێکشکانی بەنداوەکەیان دەکرد بەڵام لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕاست نەبوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، داعش تیمی خۆی نارد بۆ ئەندازیارەکانی ئەسەد، تاوەکوو بەدەست

دەرگەکانی بەنداوەکە بکەنەوە. سەبارەت بە تیمی ئەندازیارییەکەیش، کۆمپانیایەکی سەر بە ڕژێمی ئەسەد بوو. کاتێک هەوڵیان دا دەرگەکانی بەنداوەکە بکەنەوە، لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە هێرشیان کرایە سەر و هەر لە ڕەققە مردن.

### فرۆشتنی نەوت

سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت ئەبومەنسوور دان بەوەدا دەنێت کە زۆربەی نەوتی سووریا بۆ تورکیا دەڕۆیشت و بڕێکی کەمیش بۆ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەچوو. ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە کە پێویستی نەکردووە ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا بکەن بۆ فرۆشتنی نەوتەکە و ئەمە بەدەگمەن ڕووی داوە.

چەندین بازرگان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەبوون و تورکیایش تاکە بازاڕ بوو بۆ ساغکردنەوەی نەوتەکە. بازرگانە تورکەکان پارەی نەوتەکەیان پێ دەدان کاتێک دەچوونە تورکیا. ئەبومەنسوور ئەوەیش ئاشکرا دەکات کە کوڕەکەی ئەردۆغانیش لە ڕێگەی نەوتی داعشەوە دەوڵەمەند بوو و ئەو تێکەوڵێکەیەیش لە ڕێگەی دەڵاڵەکانەوە ئەنجام دەدران. ئەو نەوتەی کە بۆ سووریایش دەنێردرا، هەندێکی لە ڕێگەی بۆڕی و هەندێکی لە ڕێگەی تانکەرەوە بوو. ئەو نەوتەی کە لە لایەن داعشەوە بۆ تورکیا دەنێردرا، لە لایەن بازرگانانی تورکیاوە ڕێک دەخران کە بە مۆڵەتی ئێمە بۆ گواستنەوەی نەوتەکە دەهاتن. بازرگانەکان لە بەری ڕژێمەوەیش بە هەمان شێوە دەهاتن.

#### دانوستان بۆ ئازادکردنی دیپلۆماتە تورکییەکان، سەرباز و هاووڵاتیان

ئەبو مەنسوور لە وەڵامی پرسیاری ئازادکردنی ئەو دیپلۆمات و کرێکارانەی کە لە دوای گرتنی مووسڵەوە دەستگیر کرابوون دەڵێت: "دانوستانەکان لە سووریا بەڕێوە چوون، لە ڕاستیدا چوونی داعش بۆ نێو مووسڵ سورپرایز نەبوو و لە ڕۆژێکیشدا نەبوو، بەڵکوو چەندین ڕۆژی خایاند؛ بەڵام پێم وایە حکوومەتی تورکیا بە کونسوڵەکانی ڕاگەیاندبوو کە مووسڵ جێ نەهێڵن. زۆرێک لە شوفێری تانکەرە تورکییەکان هاوکات لە مووسڵ بوون. ئەوان ژیانیان لە مەترسیدا نەبوو بەڵام دانوستان هەبوو بۆ ئازادکردنیان. داعشیش داواکاریی خۆی هەبوو، بۆیە کاتی ویست و درێژەی خایاند."

ئێمە لە بەرامبەر ئازاکردنی کارمەندانی کونسوڵخانەدا داوای هیچ بڕە پارەیەکمان نەکرد، تەنیا داوای زیندانیانی خۆمانمان کرد کە لە لای تورکیا بوون و میت ناوەکانی دەزانین. لە بەرامبەر کارمەندانی کونسوڵخانەدا نزیکەی ٥٠٠ زیندانی لە تورکیا ئازاد کران و گەڕانەوە بۆ نێو داعش.

سەبارەت بەو سەربازانەی کە پاسەوانی مەزارگەی "شا سولەیمان"یان دەکرد کە سەربازی تورکی بوون و مۆڵەتیان هەبوو بۆ پاسەوانیکردن لە مەزارگەکە لە ناوخۆی سووریادا کە دواتر لە ٢٠١٤دا لە لایەن داعشەوە دەستگیر کران. ئەبومەنسوور دەڵێت: "سەربازەکانیان ئازاد نەکران. ئەوان ٤٥ سەربازیان هەبوو کە هەر شەش مانگ جارێک ستافەکە ئاڵوگۆڕ دەکرا. ئەوان لە سەردەمی "سوپای سووریای ئازاد" ستاف و ئەرکیان ئاڵوگۆڕ کرا و ٤٥ سەربازی تر شوێنیان گرتنەوە. تورکیا وای دادەنا کە سەربازەکانیان ئازاد کراون کاتێک داعش دەستی بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرتبوو کە مەزارگەکەی لێ بوو، بەڵام ئەمە تەنیا گۆڕینی سەربازەکان بوو. بە پێچەوانەوە، لەو کاتدا نەماندەویست کێشەمان لەگەڵ تورکیادا هەبێت چونکە بەربەستی بۆ کارەکەمان دروست دەکرد، بۆیە سەربازەکانمان بۆ ڕەوانە کردنەوە."

### دووڕوویی تورکیا لە بەرامبەر ڕۆژاوادا

**بەگوێرەی وتەکانی ئەبومەنسوور،** تورکیا لە ٢٠١٤دا هەوڵی دەدا یارییەکی دووڕووانە لە بەرامبەر ڕۆژاوادا بکات بە کردنەوەی دەرگەی وڵاتەکەی بەسەر چەکدارانی بیانی بۆ چوونە نێو سووریا، بەڵام وایان پیشان دەدا کە ڕێگری لە چەکدارانی بیانی دەکەن بۆ چوونە نێو خاکی سووریا. ئەبومەنسوور دەڵێت: "تورکیا دەیویست ئاسانکاری بۆ چەکدارە بیانییەکان بکات تاوەکوو سنوور ببڕن و بڕۆنە نێو خاکی سووریا." تورکیا تەنیا دەیویست سنوورەکە کۆنترۆڵ بکات، چەکدارەکانیش دەبوو بناسێنرابان و چۆنێتیی هاتنەژوورەوەیشیان بۆ ڕوون کرابایەوە، بۆیە پرسیاریان لە من دەکرد کە کێ هاتووە و لە کوێیشەوە هاتووە. لە ڕاستیدا لە بەری تورکیاوە دەیانگوت دەبێت ڕێژەی هاتووەکان کەم بکەیتەوە، ڕێگەکە بگۆڕە؛ ئەو ڕێگەیەی کە تۆ پێی دێیتە ژوورەوە. بۆ نموونە دەیانگوت: لەگەڵ گرووپ مەیە بۆ دەربازبوون لە سنوور، چونکە ئاشکرا دەبێت و خەڵکانێکی زۆر لە ڕێگەی تورکیاوە دەچنە نێو سووریا. تەنیا لە دەرگەیەکی دیاریکراوەوە بۆ نێو خاکی سووریا تێ پەڕن. بەبێ چەک وەرە. بە ڕیشی درێژەوە مەیە. هاتنت لە باکوور بۆ باشوور، دەبێت زۆر بەنهێنی بێت."

**بۆ نموونە:** هاووڵاتیانی ئەورووپی بە ڕێگەی ڕیشەکانیانەوە زوو دەناسرانەوە، بۆیە دەبوو لە شەودا بڕۆنە نێو خاکی سووریاوە و دەبوو وەک جارانی پێشتر بە شێوەی گرووپ نەیەن و، دەبوو خۆیان بشارنەوە. هەرچەند بۆ ئەورووپییەکان، زیاتر دەگەڕایەوە سەر کەسەکە. ئەگەر خۆی لەگەڵ سوورییەکان تێکەڵاو بکردبایە، دەیتوانی بەبێ ئاگادارکردنەوە بچێتە سووریا؛ عەرەبەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەهاتنە نێو سووریا. ئێمە پرسیاری ئەوەمان لە ئەبومەنسوور نەکرد کە ئەو عەرەبانەی کە لە ئەورووپاوە هاتبوون و پاسەپۆرتی سووریی ساختەیان پێ درابوو بۆ هاتنە نێو خاکی سووریا یان نا؟ بەڵام پێشتر لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی تری داعشەوە زانیبوومان، کە پاسەپۆرتی ساختەی سووری لە لایەن داعشەوە بۆ ئەورووپییەکان دابین کرابوو و، ئەوانەی کە ئێستایش لە ئیستانبوڵ دەژیان. ئەبو مەنسوور سەبارەت بەو کەسانە دەڵێت، پێدەچێت ئەو کەسانە بووبن کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکانەوە توانیویانە لە



سەرچاوە
Serchawe

تورکیاوە بێنە نێو خاکی سووریاوە.

لە ٢٠١٤دا هەندێک دەروازەی یاسایی لەژێر چاودێریی دەزگەی هەواڵگریی تورکیا بۆ هاتووچۆی چەکدارانی ئێمە کرابووەوە، بەڵام هاتنە نێو خاکی سووریا، ئاسانتر بوو لە گەڕانەوە بۆ تورکیا. تورکیا جموجۆڵەکانی کۆنترۆڵ کردبوو.

بۆ ئەوانەی کە نەیاندەتوانی بە شێوەیەکی ئاسایی بێنە نێو خاکی سووریاوە. ئەبومەنسوور دەڵێت:" لە ڕێگەی قاچاخچییەوە بە ڕێگەیەکی تایبەت و دیاریکراودا دەهاتن و بێ گومان داعش پارەی پێ دەدان. قاچاخچییەکان چەندین ساڵ بوو ئەو کارەیان دەکرد و بێ گومان ناویان لە دەزگە ئەمنییەکانی تورکیا تۆمار کرابوو. ئەو کەسانە هەرگیز لە لایەن داعشەوە بەتەواوی متمانەیان پێ نەدەکرا و تەنیا بۆ پارە کارەکانی خۆیان دەکرد. قاچاخچی وەک بازرگان و تاکسی وایە؛ تۆ پارەی پێ دەدەی بەڵام متمانەی پێ ناکەیت، پێویستیش ناکات دڵسۆزت بێت و ڕەنگە تەنیا هەندێک سۆزیان بۆ سوورییەکان هەبووبێت و تەواو."

### باڵیۆزێکی داعش لە ئانکارا

دانوستانەکانمان جاری یەکەم لە سووریا بەڕێوە چوو، جاری دووەم لە تورکیا بوو و چەندین جاری تریشی خایاند. زۆربەی جار لە نزیک سنوور بوو، نزیک لە دەروازە فەرمییەکان. هەرچەند لە ٢٠١٦دا ئەبومەنسوور داوای لێ کرا کە لە ئانکارا ئامادە بێت و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکیش بمێنێتەوە. ئەبومەنسوور دان بەوەدا دەنێت کە داوایان لێ کردم بۆ ماوەیەک لە ئانکارا بمێنمەوە؛ پێدەچوو بۆ بینینی سەرۆک ئەردۆغان بووبێت. ئەوکات بەر لە هێرشی سەربازی بوو بۆ سەر مەنبج؛ لە نێوان مانگی حوزەیران بۆ ئەیلوول بوو؛ تورکیا هەوڵی دەدا لەنێو خاکی ئێمە بکشێتەوە، ئەوکات من چوومە تورکیا و لە ئانکارا مامەوە.

لەناکاو ترسێک ڕای چڵەکاندم و ئەوە هاتە مێشکم کە لە ماوەی ئەو هەموو سەردانەی من بۆ ئەو شارە، بۆ دەبوو ئێمە لە یەک هۆتێل بین لە ئانکارا. بە دەنگێکی پڕ لە ترسەوە پرسیارم کرد کە ئەو لە کوێ ماوەتەوە؟ ئەبومەنسوور بەم شێوەیە هاتە وەڵام: "هوتێلێکی تایبەت بوو بە میوانان؛ وەک خانوویەکی دەزگەی هەواڵگری وابوو. پێم وایە من لە شوێنێکی تایبەت بووم لە بارەگاکەیان، یان دەکرێت شوێنی نهێنیی ئەوان بووبێت. یەک هەفتە مامەوە، هێشتا سەرنجم لەسەر ئەو دەرفەتە بوو کە دەبوو بەبێ ویستی خۆم ئەو ڕێگەیە ببڕم و، لە ڕێگەی نوێنەرێکی داعشەوە لە تورکیا ئەو ئەرکە ئەنجام بدەم.

**پرسیاری ئەوەیشم لێ کرد کە ئەگەر بە ڕۆژ یان بە شەو چووبایەتە دەرەوە، ڕێگەی پێ دەدرا؟**

ئەبو مەنسوور دەڵێت: "ئەوان ڕێگرییـان نەدەکرد ئەگەر داوای چوونەدەرەوەم بکردبـا. ئەوان منیـان دەپاراست و پێشنیاری ئەوەیشیان بۆ کردم کە ئەگەر بمەوێت دەتوانم یەک هەفتە پشوو وەربگرم؛ لە ڕاستیدا ئێمە دەبوو ڕێگەکە ببڕین و دووبـارە بپەڕینەوە بۆ سووریا."

### دانوستان لەسەر ناوچەی پارێزراو (بەفە زۆن)

ئەبو مەنسوور دەڵێت: "پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا لە هەڵبەز و دابەزدا بوو"، بە هەمان شێوە لە نـاوخۆی داعشیشدا چەند باڵێک هەبـوون کە لەگەڵ یەکتردا کۆک و تەبـا نەبـوون. لە دوای ڕووداوی مەنبجەوە چەنـدین گۆڕانکـاری هەبـوون و هەمیشـەیش ململانـێ لە نـاوخۆی داعشیشـدا هەبـوو. تورکیـا چەنـدین جـار داوای لە ئـێمە کـرد بـۆ دابـڕین و جیـاکردنەوەی ناوچەکان لە نێوان سووریا و تورکیـا وەک نـاوچەی ئـارام. ئەوان ١٠ کیلۆمەتریـان دەویسـت بـۆ سوورییەکـان تـاکوو لەناویـدا بژین، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی تورکیادا.

جێگەی سەرنجە باسی ئەوەیش بکرێت کە داعش وەک نـاوچەیەکی مەترسیدار بـۆ تورکەکـان ڕەچـاو دەکـرا، هەروەک چۆن ئێسـتا کوردەکـانی سـووریا بە مەترسـیدار بـۆ سـەر تورکەکـان دادەنـرێن. تورکیـا دەیویسـت ئـێمە ١٠ کیلـۆمەتر لە سـنوور بکشێینەوە بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر تورکیا نەمێنێت. ئەوان دەیانویست ناوچەکە لەژێر چاودێریی تورکیادا بێت و هیچ فڕۆکەیەکی لێ نەفڕێت. دەبوو ئەم ڕووبەرە ٦٠ کیلۆمەتر درێژی و ١٠ کیلۆمەتریش پانی بێت.

### هێرشەکانی داعش لە تورکیا

پرسیاری ئەوەمان کرد کە چۆن نێوانیان لەگەڵ تورکیادا تێک چووە کاتێک داعش هێرشی کردۆتە سەر فڕۆکەخانە و یانەی شەوانەی "ڕێینا" و شەقامەکانی ئیستانبۆڵ و ئانکارا. ئەبومەنسوور لە وەڵامدا دەڵێت: "تەقینەوەکـانی تورکیـا سیاسی نەبوون. من لە تورکیا بووم و ئەوان وایان دادەنا کە من پەیوەندیم بەو بابەتـانەوە هەبێت کە ڕوو دەدەن. لە غـازی عەنتاب بووم کاتێک فڕۆکەخانەی ئیستانبۆڵ هێرشی کرایە سەر. کاتێک ئەم ڕووداوانە ڕوویان دا، تورکیا وا هەستی دەکرد کە ڕووداوەکە لە لایەن بـاڵی سیاسیی داعشـەوە ئامادەکـاریی بـۆ کـراوە، بەڵام لـۆژیکییش نییە کە ئـێمە لەو وڵاتە بـین و هێرشیشی بکەینە سەر!

ئەبو مەنسوور ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: "داعشەکانی دەرەوەی خەلافەت فەرمانیان کردبوو بۆ ئەنجامدانی هێـرش و، پێم وایە ئەندامی دەزگەی هەواڵگریی تورکیشی لەنـاو ئەو گـرووپە دەرەکییەی داعشدا بـووە. گومـانم هەبـووە لەوەی کە

هێرشکردنە سەر فڕۆکەخانە بەرژەوەندیی داعشی تێدا بووبێت، بەڵام گرووپە تورکەکانی ناو داعش بوون، ویستیان هێرش بکەنە سەر تورکیا یان لە لایەن دەزگەی ترەوە بەکار هێنراون، بەتایبەت ئەوانەی کە نەیاندەویست داعش و تورکیا پەیوەندییان هەبێت. ئەم هێرشە هیچ مانایەکی نەبوو چونکە زۆرینەی ئەندامانی ئێمە لە ڕێگەی ئەو فڕۆکەخانەوە دەهاتن. بۆیە فەرمانی ئەو جۆرە هێرشانە لە لایەن ئەندامانی دەزگەی هەواڵگریی تورکیا/میتەوە بوو کە لەناو داعش بوون، بەڵام گوزارشتی لە سیاسەتی ئێمە وەک دەوڵەتی ئیسلامی/داعش نەدەکرد. ئەوان نەیانویست ئەردۆغان بڕووخێنن بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوە بوو، ڕێگەکەی خۆی لە بەرامبەر پرسی سووریادا بگۆڕێت. ئەوان دەیانویست ئەردۆغان سوپاکەی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر سووریا و دواتریش بۆ سەر داعش بەکار بهێنێت. هێرشکردنە سەر فڕۆکەخانە پاساوێکی باش بوو بۆ ئەردۆغان بۆ ئەوەی بێتە سووریاوە.

ئەبو مەنسوور سووورە لەسەر ئەوەی کە ئەمە "تیۆریی موئامەرە نییە" و پێمان دەڵێت کاتێک کە لە لایەن یەپەگەوە زیندانی بووە بەر لەوەی بگوازرێتەوە بۆ عێراق، گوێبیستی ئەوە بووە کە حکوومەتی تورکیا دوای ئەوەی لە ڕەققە بووە، ٤٠ کەسی ئازاد کردووە کە سەر بە دەزگە ئەمنییەکانی تورکیا بوونە.

دەکرێت ئەمەی ئەبومەنسوور گوێی لێ بووە ڕاست بێت و، مەرجیش نییە ئەم ئەکتەرانەی دەزگەی هەواڵگری، لەگەڵ داعش کاریان کردبێت. لەوانەیە ئەمانە لە لایەن دەزگەی هەواڵگریی تورکیاوە لەناو ڕێکخراوەکەدا دانرابووبن وەک چەکێک بۆ بەکارهێنانی لە کاتی تەنگانەدا. ئەگەرچی ئەبومەنسوور، سوورە لەسەر ئەوەی کە تورکیا و ئەردۆغان لەگەڵ دونیابینییە ئیسلامگەراییەکەیدا پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ داعشدا هەبوو و ئەمەیش ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەردۆغان و بۆ ساڵانی نێوان ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٧ کە لە ئەفغانستان جەنگاوەر بووە، باشتر لە ئەردۆغان تێ دەگەین. (ۆر گەڕام بەڵام زانیارییەکی لەو شێوەیەم نەدۆزییەوە. وەرگێڕ)

### توانەوەی خەونەکانی داعش

گەشتەکەی ئەبو مەنسوور لە مەغریبەوە دەستی پێ کرد، کاتێک کە گەنج بوو و بۆ یەکەمین جار لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری کردووە و لەناکاو هەستی بەوە کردووە کە ئەو بەشێک نییە لە ڕۆژاوا، لەو کاتەی کە جۆرج بۆش سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا ڕای گەیاندووە کە ئێمە لە دژی تیرۆر و وڵاتانی پاڵپشتی تیرۆرین. ئەبومەنسوور دەڵێت کاتێک موسڵمانان لە جیهان یەکیان گرتووە بۆ بەرگریکردن لە دیکتاتۆر و هێزە جیهانییەکانی وەکوو ئەمریکا و هێزی هاوپەیمانان کە وڵاتانی تریان داگیر کردووە و، دوای ئەوەی گوێم لە گوتەکانی جۆرج بۆش بوو کە دەیگوت ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵمان بێت دۆستمانە و ئەوەیشی لەگەڵمان نەبێت دوژمنمانە و، کاتێک بینیم عێراقیان داگیر کرد ئەوجا تێ گەیشتم کێ لەگەڵ موسڵمانانە.

**ئەبو مەنسوور شوێنکەوتەی کردەوەکانی ئەبوموسعەب زەرقاوی، سەرکردەی قاعیدە بووە لە عێراق و، لە ڕێگەی ئینترنێتەوە خۆی فێری ڕاهێنانی جیهادی و چەکداری کردووە. ئەبومەنسوور دەڵێت:** "داگیرکردنی عێراق قووڵتر کاریگەریی لەسەر دڵی موسڵمانان هەبوو، وەک لە ئەفغانستان. ئێمە لەو کاتەوە دەستمان کرد بە خۆبونیادنان. ئێمە دەمانزانی کە لەگەڵ خەڵکێکی زۆر زیرەک دەجەنگین و دەبێت خۆمان باش ئامادە بکەین. ئەو گرووپەی کە دەیانویست لە مەغریب جیهاد بکەن، دەبوو دەست پێ بکەن، بەڵام دواتر دەستگیر کران و کە ئەمەیش زەنگێکی مەترسیداری بۆ لێ دام و زۆر بە پەرۆش بووم بۆ دەستکردن بە جیهاد."

ئەبو مەنسوور تاوەکوو ساڵی ٢٠١٣ چاوەڕێی کرد و دواتر هەستی بەوە کرد کە کاتی ئەوە هاتووە کە دەبێت دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سووریا دروست بکرێت و پێشتریش بەتەواوی پەرۆشی ئەوە بووە کە شتێک بکات تاوەکوو ئەو دەوڵەتە بێتە دی. بۆیە ئەبومەنسوور بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ئێمە بە دوای ناسنامەی موسڵمانان دەگەڕاین بۆ پاراستنی موسڵمانان و ئازادکردنیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئیسلامییەکانیان. ئێمە هیچ خواستێکی جەنگمان نەبوو، مەیلی کوشتن و تۆڵەکردنەوەمان نەبوو، تەنیا دەمانویست خۆمان لە دیکتاتۆرەکان ڕزگار بکەین. من چەکم بەکار دەهێنا بۆ ڕێگریکردن لە ئازاردانم لە لایەن ئەوانی ترەوە، کە زۆربەی کاتەکان ڕووبەڕووی هێز دەبووینەوە و دەبوو بە هێزیش ئەو ئازادییەی خۆمان بەدەست بهێنینەوە. هەموو ئەو ڕژێم و حکوومەتانە ناچاریان دەکردین بەدوایانەوە بکەوین؛ ئێمە ئەوانمان نەدەویست."

ئێستا ئەبومەنسوور زیندانییە و کاتی ئەوەی هەیە ڕەنگدانەوەی ئەوەی پێوە دیار بێت کە نەک تەنیا خەونی دادپەروەری و دەوڵەتێکی باشی ئیسلامی تاکە چارەسەرە، بەڵکوو داعش ئەگەر هەر دەرفەتێکی هەبێت ئەم خەونانە دەکات بە ڕاستی!

**ئەبو مەنسوور دانی پێدا دەنێت و دەڵێت:** "ئەمڕۆ زۆر هەست بە ماندووبوون دەکەم. بابەتەکە ئەوە نییە کە تۆ دەیبینیت، زۆرینەی خەڵکی ناو داعش خوێندەوار نەبوون. زۆرینەیان هۆکارێکیان هەبوو بۆ پەیوەندیکردن بە داعشەوە؛ چۆن ئەوانە کۆ دەکەیتەوە و دەوڵەتەکە دروست دەکەیت؟ کێ کۆیان دەکاتەوە؟ کێشەکە زۆر ئاڵۆز و نامۆیە." خەمباری لە چاوەکانی ئەبومەنسوور بەدی دەکرێت و دەڵێت: "ئێمە هاتبووین بۆ ڕزگارکردنی موسڵمانان لە چنگ ڕژێمی سووریای دەسەڵاتخواز و بونیادنانی ئەو شتانەی کە خەونی داعش بوون، بەڵام تووشی شۆک بووین کاتێک ڕووبەڕووی هەمان دۆخ بووینەوە. زۆرێک لەو خەڵکانەی کە دەسەڵاتیان لەناو دەوڵەتی ئیسلامی/داعشدا هەبوو، دیکتاتۆر بوون. هەندێک جار وام

هەست دەکرد ئێمە تەنیا وەک کاغەزێکی سووتاو و دڕاو بەکار دەهێنرێین. ئێمە هەوڵمان دەدا ئەسەد لا بەرین و دیکتاتۆرێکی خراپتر لە ئەسەد لە شوێنیدا دابنێینەوە."

ئەوەی بەرامبەر سوورییەکان دەکرا، هەمووی توندوتیژی بوو. خەڵک لەژێر دەسەڵاتی داعشدا سیستەمی پەروەردەیان بەلاوە گرنگ نەبوو. تەنیا دەیانویست نەوت دەربهێنن. گرنگی بە خەڵکی هەژار نەدەدرا بۆ بەرزکردنەوەی بژێوی ژیانیان. بە هەمان شێوەی دەسەڵاتی بەشار و ڕژێمی بەعس، داعش کە دەزگەیەکی گەورەی ئاسایشی هەبوو، بەڵام ئەوەی داعش زۆر خراپتر بوو. خەڵکیان لە نێوان چەکدار و ناچەکداردا دابەش کردبوو. چەکدارەکان سزا نەدەدران، وەک ئەو سزایانەی کە بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنران.

لە ڕەقتە جەستە و لاشەی مرۆڤ لەسەر ڕێگەکان و لە شوێنی جیاوازدا کەوتبوون؛ لە ڕاستیدا کاتێک تۆ بە گۆڕەپانەکاندا تێپەڕ دەبوویت، جەستەی هەڵواسیوت دەبینی. چەندین جەستەی هەڵواسراو کە بە کارەباوە ئازار درابوون، دەبینران. ئەوان خەڵکی باش نەبوون. هەوڵیان دەدا سوود لە شوێن و پێگەکانیان وەربگرن. هەر یەک لەوانە خواستی دەسەڵاتی زیاتری هەبوو.

**ئەبو مەنسوور لە کۆتاییدا دەڵێت:** "خواستی من بۆ هێز و دەسەڵات و فەرمانکردن نەبوو." ڕەنگە ئەبومەنسوور بەڕاستگۆییەوە قسە بکات کاتێک کە نوێنەرایەتیی داعشی کردووە وەک باڵیۆزێک؛ نوێنەرایەتییەکی ماوەکورت بەڵام بۆ دەوڵەتێکی بەهێز. ئێستا ئەبومەنسوور بێدەسەڵاتە و لە زیندانێکی عێراقدا لەسەر کورسی دانیشتووە و ڕووبەڕووی سزای مردن دەبێتەوە و خەونەکانیشی هەمووی بەباچوونە و بوونە بە هەڵم.

*** ئانێ سپێک هارد**

هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە و بەڕێوەبەری ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی و توندئاژۆییە و پرۆفیسۆری بواری دەروونشیکارییە لە زانکۆی جۆرج تاون - سکوڵی پزیشکی. ناوبراو چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە ٦٠٠ تیرۆریست و ئەندامانی خێزانەکانیان و پاڵپشتیکەرانیان لە چەندین شوێنی جۆراوجۆری جیهاندا لەوانە ڕۆژاوای ئەوروپا، بەلکان، ئاسیای ناوەڕاست، یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام داوە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا ناوبراو و ستافی ناوەندەکەی، ئەو چاوپێکەوتنانە کۆ دەکەنەوە کە لەگەڵ ئەندامانی داعش، ئەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکانیان و ئەوانەی لە زیندانەکاندان، ئەنجام داوە و لە هۆکاری چوونە نێو ڕێکخراوەکە و هاتنەدەرەوەیان، ئەزموونیان لەناو

## بەشی شەشەم

داعش، گەشەپێدان و گەورەبوونی ڕێکخراوەکەیان کۆڵیوەتەوە. هەروەها "ئانێ سپێک هارد" ڕاهێنانی لە بوارەکانی جێبەجێکردنی یاسا، هەواڵگری، پەروەردە و چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و توندئاژۆیی بە هاوکاریی ناوەندەکەیەوە پێشکەش کردووە و، سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی منداڵ وەک ئەکتەرێکی توندوتیژ لە لایەن گرووپی وەک داعش و چۆنێتیی دووبارە شیاندنەوە و پەروەردەکردنەوەیان.

ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بەرپرسی داڕشتنی بەرنامەی دەروونی و هەڕەشە ئیسلامییەکان بووە لە بەرنامەی تایبەت بە شیاندنەوەی ڕاگیراوەکان لە عێراقدا کە ٢٠ هەزار دەستبەسەر و ٨٠٠ هەرزەکار لێی سوودمەند بوون. ناوبراو وەک پسپۆڕێکی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ڕۆڵ دەبینێت و، ڕاوێژی پێشکەش بە ناتۆ، حکوومەتەکانی جیهان، ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، ئەنجومەنی نوێنەران، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەرگری، داد، ئاسایشی نیشتمانی، تەندروستی و خزمەتگوزاریی مرۆیی لە ئەمریکا، دەزگەی هەواڵگریی ئەمریکا - سیا، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، واشنتۆن پۆست، لەندەن تایمز و چەندین بڵاوکراوەی تر کردووە. زۆر جاریش لەسەر بابەتی پەڕگیری و تیرۆریزم لە ڕووی دەروونییەوە قسە دەکات و بابەت بڵاو دەکاتەوە. نووسەری چەندین کتێبە، لەوانە: "گفتوگۆ لەگەڵ تیرۆریستان"، "بووکی داعش"، "ڕوومالکردنی جیهادییەکان"، "تاوانبارانی داعش: چیرۆکەکانی ناوەوەی خەلافەتی تیرۆر".

سەرچاوە: https://www.hstoday.us

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## دارایی، دڵی داعش



**عەتا کەریم**

**بەشی یەکەم**

ڤێرژنی تیرۆریستی داعش، لە رووی دارایی و بازرگانی، پیشتیوانی گەورەی دەوڵەتی شاراوەوە، شوێنی جوگرافیا و میدیا و تۆقاندنەکەی زۆر لەوانی تر جیاوازبوو، بۆیە ڤۆناغی داعش «مەترسیدارو کاولکار و تۆقێنەر» گوزەری کرد، بۆیە هێشتا پرسی بودجە و دارایی و سەرچاوەکانی نهێنی و پەنهانی زۆری تێدایە.

هاورێ و هاوپیشەم فەرمان عەبدولڕەحمان، راپۆرتێکی بنکۆڵکاری پڕ لە نهێنی و زانیاریی و داتای لەبارەی سەرچاوەی دارایی و قەبارەی بوجەی ئەم گروپە تیرۆریستیە ملیاردێرەی دۆلارو دینار بڵاوکردەوە، وەک ئەو دەڵێت: «نزیکەی سێ ساڵە لەو گروپە دەکۆڵێتەوە»، بۆیە ئەو بەبیر و دیقەتی رۆژنامەنووسییانە بەشوێن (دڵی داعش)دا گەڕاوە کە داراییەکەیەتی، ئەویش کلیلێکی گرنگە بۆ کردنەوەی دەرگای نهێنی لەبارەی (بازرگانانی نەوت و ئەوانی تر، پشتیوانانی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ بەهێزبوونی سەرچاوەی دارایی داعش، تالانی شوێنەوار، فرۆشتنی ژن و کچانی ئێزدیی).

ئەم بنکۆڵکارییە رۆژنامەنووسییە، پڕۆژەی زۆر گەورەی لەسەر بونیاد دەنرێت، جیا لەوەی کارێکی سەنگینە، ئەوا دەکرێت وەبەرهێنانی مرۆیی و دۆزینەوەی سەرەداوی زۆریشی تێدا بکرێت، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق، هەمیش وەک کورد، چونکە لە هەر لینک و شوێنێکەوە باسی داعش بکرێت، نەماهەتی و کارەسات و جینوساید خۆی بە کوردەوە دەبەستێتەوە، بۆیە ئەرکی دەسەڵات و حوکمڕانی کورد و ناوەندە مرۆییەکانیشە بەشوێن ئەم زانیاریی و سەرە داوانەوە بچن و ونیان نەکەن، رێ لە ونبوونیشیان بگرن.

مادام دارایی و بودجەی قەبە کە (دڵی داعش)ە، دوای کەوتنیشی لە عیراق و سوریا، مەسەلەی دارایی و سەرچاوەکانی نادیار و نهێنی ماوتەوە و بێ سۆراغە، کەواتە هێشتا دڵی داعش لێدەدات، داتا و زانیاری ئەو بنکۆڵکارییەی فەرمانی رۆژنامەنووس، زەنگێکی ئاشکرایە لەسەر داهات و دارایی دڵی داعش،

که هەندێکی بەمجۆرەیە:

- بەپێی راپۆرتە هەواڵگرییەکان داعش لە ترۆپکی دەسەڵاتی خۆیدا لەساڵی (٢٠١٥) دا سەرمایەکەی بە زیاتر لە (٦) ملیار دۆلار خەملێنراوە.

- داعش لە (٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٦) دەستی بەسەر دەیان شارو شارۆچکەدا گرت ، تەنها لە عیراق دا سێ پارێزگاو(٢٧) قەزاو (٦٣) شارۆچکە و سەدان گوندی داگیرکرد ، بەپێی راپۆرتێکی بانکی ناوەندی عیراقی، دەستی بەسەر (١٢١) بانکی حکومی و ئەهلیدا گرتووە و (٨٥٦) ملیار دینارو (١٠١) ملیۆن دۆلاری تالانکردووە. تەنها لە بانکی رافیدەین لە موسڵ داعش (٤٥٠) ملیۆن دۆلار و (٢٥٠) کیلۆگرام ئاڵتونی بردووە.

- (١٢%)ی داهاتی داعش لەرێی تالان و برینی بانکەکانەوە بووە.

- (٣٨%)ی داهاتی داعش لە فرۆشتنی نەوتی (٣٦٠) بیرەوە بووە کە ساڵی (٢٠١٥) لە سوریا و عیراق کۆنترۆڵی کردن و رۆژانە (١)ملیۆن و (٤٠٠) هەزار دۆلار داهاتی هەبووە.

- (١٧%)ی داهاتیشی لە فرۆشتنی گازی سروشتییەوە بووە کە (٤٨٩) ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە و زانیارییەکانیش لە کتێبی (سەرمایەی تیرۆر)ی فابیان پیلیۆ و دینیس پۆلار - ەوە بڵاوکراونەتەوە.

- (٢٢%)ی داهاتی داعش لە رێی (٨) کارگەی چیمەنتۆی کۆنترۆڵکراوەوە بووە، لەگەڵ چەند کارگەیەکی فۆسفات کە نزیکەی (٥٩٢) ملیۆن دۆلار داهاتیان هەبووە.

- (٧%)ی داهاتیشی لە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بووە کە بە (٢٠٠) ملیۆن دۆلار خەملێندراوە. *داعش نزیکەی (٣٠٠٠ - ٤٠٠٠) پارچە شوێنەواری گرنگی لە سوریا و عیراق فرۆشتووە کە بە (٣٣) ملیۆن دۆلار خەملێندراوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی شەشەم

- بە پێی زانیاریی فەرماندەیەکی سەربازیی هاوپەیمانان بڕی(٤٠٠ - ٨٠٠) ملیۆن دۆلاری داعش لە بۆردومانی فڕۆکەکانیاندا سووتێنراون یان لە ناوبراون.

٩ - ٤ - ٢٠١٩

## بەشی دووەم

دوای خستنەڕووی ئەم ژمارانەی لەبارەی توانای دارایی و سەرچاوە ئابوورییەکانی دەوڵەمەندکردنی داعش ئاشکراکراون کە بە چەندین ملیار دۆلار خەملێنراوە، لەگەڵ هاوتەریبی دۆزینەوەی نهێنی پشتیوانە ناوخۆیی و کۆمەککارە شاراوە دەرەکییەکانی داعش، بەدەستهێنانی کلیلە ئەفسوناوییەکەیە، کە دەتوانرێت کارتی کاریگەری هەمەجۆری سیاسیی، ئەمنی، گوشار بخاتە دەستی بەرامبەر کە زیانلێکەوتوانی شەپۆلی تۆقاندنی داعش بوون لە عیراق و سوریا، هەروەها ئەو ناوچە و دەوڵەتانەش کە لەناکاو دەکەونە بەر پەلاماری تیرۆریستی لە ئەوروپا و ئەمریکا.

ئەم کلیلەش، کاتێک گرنکە لەو دەستە خەمخۆرە دابێت کە بەشوێن دیاریکردنی چارەنووسی راستەقینەی داعشەوە بێت، لەلایەک بۆ گێڕانەوەی ئەو سامانە تالانکراوە، لەلایەکی دیکەشەوە وانە وەرگرتن لەو هەڵە گەورەیەی کە بەئاسانی رێگەدرا گرووپێکی تیرۆریستی دەستی بە سەرچاوەی جۆراوجۆری دارایی بگات، کە هێزی بەرەنگاریی و توندڕەویی و تۆقاندنی پێدا. هاوکاتیش، کلیلە ئەفسوناوییەکە دەرگای ئەو ژوورە نهێنییە پڕ بەڵگەو دۆکیۆمێنتانە دەکاتەوە کە لە پشت بەهێزکردنی دارایی و قەبەکردنی بودجەی داعشەوە بوون لەسەر ئاستی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی، بەڵام بەبێ تێگەیشتن لە بایەخ و بەکارهێنانی «کلیلە ئەفسوناوییەکە»، وەک ئەوە وایە دەرگا لەسەر هەمان مەترسی لەسەر پشت بێت.

دارایی، ترساندن ، میدیا، ئەو سێ هێزە سەرەکییە بوون کە تەکانی بە گرووپی تیرۆریستی داعش لە عیراق و سوریادا، بەچەشنێک دەوڵەتی خەلافەت لە نەینەوای عیراق راگەیاند و سکەی لێدا و دراوی ئاڵتوونی بە شوێنکەوتووانی دەدا!.

ئەوەی داعشی بەهێزکرد و لەماوەیەکی کەمدا گەشەیکرد و فراوان بوو، پەیوەستبوو بە هێزە نادیارە داراییەکەی، کە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم گرووپە توندڕەوە چەکدارییە بوو، لە گرووپەکانی پێش خۆی بەتایبەتی رێکخراوی ئەلقاعیدە.

پەردەلادان لەسەر نهێنییەکان و هەروەها خستنەڕووی سەرچاوەی هێزی داعش بەتایبەت کە لە بەهێزیی بودجە و

داراییەکەیەوە بووە، دەرفەتی ئەوە بەهیچ دەسەڵات و حکومەتێک نادات، بێ پرۆژەو پلانی جددی بێت، تاوەکو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە فەرامۆش بکات، هەم بۆ دۆزینەوەی داهاتی تاڵانکراوی ئەم دوو دەوڵەتە، هەمیش هانیان بدات بەشە شاراوەکەی دیکە بدۆزرێتەوە، بەو پێیەی داعش زۆر لەوە دەوڵەمەندتری دارایی بووە و تائێستا نەدۆزراونەتەوە، بەتایبەتی لە بانکەکانی دەرەوە.

بابەتێکی دیکەیش ئەوەیە چۆن بتوانرێت لایەنی دووەم، کە کڕیار و مامەڵەکارانی نەوت و بازرگانییە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بدۆزرێنەوە، چونکە ئەوە دەچێتە خانەی هاوکاریکردنی داعش و بەهێزکردنی دارایی ئەم گرووپە تیرۆریستییە. بۆ ئەوەش هێزی دەوڵەتی پێویستە بەتایبەت سوریا و عیراق و هەرێمیش ئەم مەلەفە لە ئەنجومەنی ئاسایش، نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بکەنەوە، تا رێچکەی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ بدۆزرێتەوە.

سێرچکردنی بەڵگە و دۆکیۆمێنت لەسەر ئەم بابەتە رێخۆشکەرە بۆ دەستیشانکردنی پشتیوانانی دارایی داعش و هەرووەها دادگاییکردن، کە هاندەر دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافی قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوەی لەسەر کارەسات و تاڵانی داعش لە سوریا و عیراق.

لایەنی هەرە گرنگی ئەم بابەتەش پەیوەستە بەوەی هەم دڵی داعش لێدەدات، هەمیش شێوازەکەی دەبێتە چاولێکەری بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی و توندڕەوی هاوشێوەی ئەلقاعیدە و داعش، بەتایبەت لە چنگکەوتنی سەرچاوەی دارایی و بودجە بۆ هەڵتۆقین و دروستبوونەوە لەبار بن، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە هەمیشە ژینگەی لەباریان هەیە بۆ توندوتیژی و بەریەککەوتنی ئیتنی و مەزهەبی، کە رێکە بۆ گێمی دیکە خۆش دەکەن، سەرباری ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی ناجێگر، بوونیان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٩

بەشی شەشەم

## داعش پێی کەوتووە، بەڵام تێک نەشکێندراوە



بەشی یەکەم

### دەوڵەتی ئیسلامی، پاش لەدەستدانی خەلافەت، پلان بۆ هەنگاوی دواتر دادەنێ

لە بیابان و چۆڵ و بەرپای نێوان عێراق و سووریادا، زێتر هێزەکانی کورد بوون کە دوا پۆرگ و نـوای دەوڵـەتی ئیسلامییان کۆنترۆڵ کرد. لێ لە دەمێکدا کە تیرۆریستان سەری خۆیان کز کردووە، زۆرێکیـان خۆیـان شاردۆتەوە و پلان بـۆ قۆنـاغێکی کوشندە دادەڕێژن.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم

عەبایـەکی ئاودامـان درێـژی قـاوەیی، قیافـەتێکی زەمـانی دەقتـانووسی بـە پیاوەکـە داوە. سـەروقژێکی تێکئـاڵاو و ڕدێنێکـی نـارێکی هەڵنـە پاچراو شێوەیەکیان بـە سەروسـەکوتی داوە. لەسـەرەخۆ خـۆی بـە باریکەڕێیـەکی شـاخاویدا دەکـا، کـاتێ بە یارمەتیی هەر دوو دارشەقەکەیەوە، هەنگاوێک دەنێ و پێی چەپەی دەهاوێ، ڕان و سمتی ڕاستەیشی بە هـەمان سەمت و ئاراستەدا دەجووڵێ. ئەو پیـاوە ئـا ئـاوا بە ڕێگـەدا دەڕوا تـا چـاوی بە ڕێچکەیـەکی سەرهەوراز و ڕک دەکەوێ کە دەبوایە پێیدا هەڵگەڕێ.

پیاوەکە بـۆ دەمێک ڕادەوستێ و پشوویەک دەدا و دارشـەقەکانی دادەنـێ و خۆیشی چەنـد دەقیقەیـەک لـەناو خـۆڵ و تـۆزی ڕێگەکە دادەنیشێ و دەستە دەستە ژن و ئـافرەت بە خۆیـان و کۆڵەپشت و جانتـاوە، بریـندار و منـداڵان لێـی ڕەت دەبـن و ئەویش هێز دەداتەوە بەر خۆی و ڕاست دەبێتەوە و دارشەقەکانی هەڵدەگرێتەوە و دەکەوێتە ڕێ، تا لەناو ئاپۆرای خەڵکدا

كە لە بناری كەڤرەكە وەستابوون، بزر دەبێ.

ئەگەر كۆتاییی داعش لە یەک دیمەن و لە تاقە كەسێكدا و بۆ ماوەی چەند خولەكێك چڕ بكرێتەوە، بەو پیاوە یەک لاقە دەچێ كە هێشتا خەڵک لە دوا ڕۆژەكانی مانگی ئاداردا دەیانتوانی باغوز وەكوو دوا سەنگەری داعش، جێ بهێڵن. ئەو پیاوە هیچ شنگ و هێزێكی تێدا نەماوە، لێ هێشتاكە حەزی لێ نەبووە "شەهید" ببێ. ئا لەو چركەساتەدا، وێناچێ هیچ شتێ لەو هێز و توانا هوڤییانە و ئامبازی مردن بوونەوە مابێ، كە بۆ ماوەیەكی درێژ ئاكار و كاراكتەری كەسە هەرە نزیک و دڵسۆزەكانی داعش بووە و "خەلافەت"ی پێ دەناسرایەوە. هەموو هەوڵێكی بۆ مانەوە و حەوڵەڕۆح بووە.

"كەمپی باغوز " بەشێكی ئەو گوندەیە كە دەكەوێتە كەرخی ڕۆژهەڵاتی سووریا و دەیان هەزار توندڕۆ خۆیان تێدا قایم كردبوو، جەهەنەمێک بوو بۆ خۆی. هەر ماوەیەک، هێزەكانی سووریای دیموكرات كە لە لایەن ڕۆژاواوە پشتیوانییان لێ دەكرێ، دەیانەویست كەمێ پێشڕەوی بكەن و، شەڕوبنار بۆ دەمێكی كەم ڕادەوەستا و كەم دەبووەوە، میلیشیا كوردییەكان ڕێگەیان بە چەند ڕۆژنامەنووسێک دەدا بێنە پێشەوە و ڕەوشەكە بە چاوی خۆیان ببینن. لەوێ خەڵكێكی زۆری لێ نەبوو، لێ هێشتاكە بۆن لەو سەنگەر و كون و كەلەبەرانە دەهات كە چەند مانگێ بوو خۆیان تێدا شاردبووەوە. پەڕۆ و پاتاڵ، كەلوپەلی چێشتلێنان و مریشک و پەڵەوەڕی حەشاندی كە لەنێو گۆڤاری ماوەبەسەرچوو، دەفتەری ڕێنووس و نووسینەوەی منداڵان و پشتێنبەندی خۆتەقاندنەوەی بێكەڵک و فڕێدراو، لێرە و لەوێ كەوتبوون. جاروباریش بۆنی تەرمێكی نەشاردراوە و فەرامۆشكراو ئەو ناوەی تژی دەكرد.

## سەركەوتنێكی مێژوویی، تێكشكانێكی مێژوویی

هەفتە و نیوێک پاش ئەوەی ئەو پیاوە یەک لاقە بەسەر ئەو كەڤرە ڕک و عاسییەدا سەر كەوت، خەلافەتی داعش هەرەسی هێنا. لە ٢٣ی ئاداردا، هێزەكانی سووریای دیموكرات كە كوردەكان سەركردایەتییان دەكەن و بە شێوەیەكی سەرەكی فڕۆكە شەڕكەرەكانی ئەمریكا و هێزە تایبەتەكانی بریتانیا و فەڕەنسا پشتیوانییان لێ دەكەن، ئەو چەند سەد مەترە چوارگۆشەیشیان گرت كە لە گوندی باغوز، لەو گۆشە چەپەكەی ڕۆژهەڵاتی سووریادا، بەدەست داعش مابووەوە.

لە ڕاستیدا چەكدارەكانی داعش لە تونێلەكانیانەوە لە نزیک كۆمەڵە كەڤرێكی سەختدا بەردەوام تەقەیان دەكرد كە ڕزگاركەران سێرمۆنیای چەقاندن و بەرزكردنەوەی ئاڵایان بەڕێوە دەبرد و لە ڕاستیدا كاربەدەستە كوردەكانی چاپەمەنی لە سەرەتای مانگی شوباتدا بەڵێنیان دابوو كە سەركەوتن بەسەر داعشدا "چەند ڕۆژێكی كەم"ی ماوە؛ ئا ئەوە وای كرد بایەخی مێژووییی ئەو شتەی لەبەر چاوی ئێمەدا ڕووی دا، بەئاسانی فەرامۆش بكەین.

## بەشی شەشەم

نەک لەوەتەی سوارەکانی سوپای ئیبن سعوودی سەرۆکخێڵ، بەر لە نزیکەی ١٠٠ ساڵێ ئەو وڵاتە بگرن کە ئێستا عەرەبستانی سعوودیی پێ دەگوترێ، گرووپێکی جیهادی هەبوو کە توانی ڕووبەڕوو ناوچەیەکی بەرفرە بگرن و بەڕێوە ببەن. بەکورتی: حوکم بکەن. لێ داعش ئەو شتەی کە قاعیدە و خەڵکی دیکە خەونیان پێوە دەبینی، بەکردەوە هێنایە دی.

لێ داعشی جانۆس - ڕوو، هەقایەتێکی جیاوازی هەبووە؛ بە شێوەیەکی هوشیبیانە لە پڕۆپاگەندەی خۆیدا وەکوو جێبەجێکەرێکی دڵسۆزی خواست و ویستی خودا خۆی وێنا کرد و نیشان دا. لە کاتێکدا، داعش لە لایەن ئەندازیارانی دەسەڵاتەوە ئاراستە کراوە کە متمانەیەکی کەمیان بە خوداوەندی باڵا هەبووە و لە بری ئەوە پشتیان بە نەخشە و پلانی زۆر زیرەکانە بەستووە و ئیلهامیان لە پێچاوپێچیی تونێلان وەکوو ڤێتکۆنگ وەرگرتووە و لەشکرێکیان وەکوو ئیسرائیلییە زایۆنیستەکان دامەزراند کە خەڵکیان لە سەرانسەری دنیادا هێنا و شەڕیان پێ کردن.

ئەو فەزڵەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزاییی ئەفسەرەکانی سوپا و هەواڵگیری - نزیکەی هەموو فەرماندە پلە باڵاکانی داعش، بەم یان بەو شێوەیە پێش ٢٠٠٣ لە عێراقی "سەددام حوسێن"دا شت بوون - هەروا هەندێ داهێنانی سەرسوڕهێنەرانەی دیکە مایەی ئەوە بوون کە داعش لە هاوینی ٢٠١٤ بتوانێ ڕووبەرێکی بەرفرەی ڕۆژهەڵاتی سووریا بگرن و لە هێرش و پەلاماری کتوپڕیشدا شارەکانی مووسڵ، تکریت و ناوچەیەکی پانوپۆڕی ڕۆژاوای عێراق کۆنترۆڵ بکەن.

### وازهێنان لە خەلافەت

لە تەمووزی ٢٠١٤ دا، ئەبوبەکری بەغدادی، ڕابەری داعش، چووە سەر مینبەری مزگەفتی گەورەی ئەلنووری لە مووسڵ و خەلافەتی ڕاگەیاند. بەڤا و متمانە بەم سەرکەوتنە نەدەکرا و بە سەرکەوتنێکی بێبنەما و باوەڕپێنەکراو چاوی لێ دەکرا، ئاخر داعش خێرا گەیشتە ئەوپەڕی هێز و توانای خۆی و دەستی بەسەر پانتایەکدا گرت بە قەبارەی ئوردن و ملیۆنان ڕەعیەتی کەوتە بن دەست. هەنووکە، پاش نزیکەی پێنج ساڵان، پاش نەبەردگەلێکی بێئەژمار و گرتنەوەی ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوون، وێدەچێ داعش تەواو بووبێ.

لێ کۆتاییی داعش، چ جۆرە کۆتاییهاتنێکە؟ دوا ڕۆژەکانی خەلافەت، چیمان لەبارەی شێلگیریی ئەفسانەی داعشەوە پێ دەڵێن؟ تۆ بڵێی خواست و ئیرادەی ڕەهای مانەوە، دیماهییەکەی بەسەر ئایدیۆلۆژیدا سەر کەوتبێ؟ ئایا داعش هیچ نەخشە و پلانێکی هەیە بۆ خۆشاردنەوە و بەنهێنی خۆسازدانەوە بۆ هێرش و پەلامارێکی نوێ؟

زۆر کەس چاوەڕوان بوون کە شەڕی باغوز دواجار ببێتە شەڕێکی دەستەویەخەی خۆکوژی. بەڵام شوێنکەوتووانی داعش بهەڤڕا پشتێنی خۆکوژییان لەخۆ نەبەستا و خۆیان بە هێڵ و قۆڵەکانی دوژمندا دانەدا و نەتەقاندەوە و لەنێو دەریایەک ئاگردا ڕێگەی چوونە بەهەشتیان بۆ خۆ نەکردەوە. بەپێچەوانەوە، بەدەیان هەزار داعش، لە سەنگەر و مەتەرێزەکانیانەوە هاتنە دەرێ و ڕێگەیان بە خۆدا، بە دیل بگیرێن.

هیچ کەسێ، تەمەت (وەکوو) پیاوە یەک لاقەکە، تا ناوەڕاستی مانگی ئاداری چاوەڕوانی نەکرد تا وەک خەڵکێکی مەدەنیی بێگوناح لە باغوز ڕا بکا و بەبارمتە بگیرێ. لە سەرەتای کانوونی یەکەمەوە، شوێنکەوتووانی خەلیفایەتیی ئابلۆوقەدراو و داڕماو، چیدیکە ڕێگەیان لە خەڵک نەدەگرت کە باغوز بەجێ بهێڵن.

لوکاس گلاس، کە خەڵکی دۆرتمۆند و ئایینی خۆی لە کریستیانییەوە بۆ ئیسلام گۆڕیوە، لە ئاخیروئۆخری ٢٠١٤ دا بۆ چوونە ناو داعش، چووە بۆ سووریا و، لە سەرەتای کانوونی دووەمی ئەمساڵدا خۆی ڕادەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات کردووە. لە بینایەکی تایبەت بە ئاژانسی ئاسایشی کوردیدا، گلاس بە "دێرشپیگل"ی گوت کە چۆن ئاوا خێرا داعش ناوچە دەڤەرێکی زۆری لەدەست دا. "لە کانوونی یەکەمی پارەکەوە ڕۆژانە دەمانبیست کە خەڵکێک خۆ دەدزنەوە و ڕا دەکەن. ئەودەم هێشتا هەڵوێستی فەرمی ئەوە بوو کە هەر کەس هەوڵی ڕاکردن بدا، دەگیرێ و لەوانەیە بشکوژرێ. لێ ١٠ ڕۆژ پاش پاشەکشەکردنمان بۆ باشووری هەجین، کە دوا شارۆچکەی سەرەکی بوو، گوتیان هەر کێ بیەوێ دەوڵەتی ئیسلامی جێ بهێڵێ، ئازادە و بۆ کوێ دەیەوێ بڕوا، با بڕوا. لە ٦ی کانوونی دووەمدا، بە خۆم و خێزان و هەر دوو منداڵەکەمانەوە کەوتینە ڕێ و لە دوا خاڵی پشکنیندا، تەنیا ئەوەیان پێ گوتین: ئاگاتان لەخۆ بێ! لە ڕێگەدا مینێکی زۆر هەیە."

لە کۆتاییی شوباتدا، داعش دەستی کرد بە خۆقوتارکردن لەو کەسانەی کە زێدە و بارگرانی بوون و دەبوایە نان و خۆراکیان بۆ پەیدا بکا و پێ بدا: واتە هەر کەسێک شەڕی پێ نەکرایە یان نەیویستبایە شەڕ بکا، بەڕێی کرد تا ئەو زەخیرە و تفاقەی مابووەوە، بەسەر خەڵکێکی بە ژمارە لاکەمتردا بەش بکا. ئافرەتان، منداڵان و پیر و پەککەوتە و بریندارەکان- هەموو ئەو کەسە بێکەڵکانەی کە تا ئەو وەختە نەیاندەویست بەهەشتە خەیاڵییەکەی خۆیان بەجێ بهێڵن- ئەوێیان جێ هێشت.

### توندڕۆکان هاتنە نێرە!

بە قسان لە ئاخیر ڕۆژدا کوردەکان ڕێگەیان بە چەند ڕۆژنامەنووسێکی کەم دا بچنە ژوورەوە، وەکوو ئەوە دەهاتە بەرچاو

کە دەرگـەکانی جەهەننـەم کرابنـەوە. بـۆ چەنـد سـەعاتێ، خـەڵکێکی زۆری ڕاکـردوو، مـات و پـیس و چڵکـن بەپەلـە بە ڕێچکەیەکی تەسکدا سەر کەوتنە سەر گرد و ساکە گۆڕێکی نزم و، لەوێ بە ئامێرێک پشکندران کە هەر کێ میتاڵ و کـانزای پـێ بـا، نیشـانی دەدا و پاشـان لـە چەنـد جێگـە و خـاڵێکی گردبوونـەوە ڕادەگیـران و دواتـر بـۆ شـوێنی دیکـە دەگوێزرانەوە.

دیمەنێکی سریالی بوو. ڕۆژنامەنووسان بـە خۆیـان و کـامێرای تەلـەڤزیۆنی و "عەدەسە" (لێنز)ی تەلـەفۆتۆوە لەسەر بـان و دیوارەکان ڕاوەستابوون، لە کاتێکدا ۲۰ تا ۳۰ مەتر دوور لەوان، حەشاماتێکی خەڵکی خۆڕادەستکردوو، بە حاڵ دەیـانتوانی پێ هەڵێننەوە، دەرکەوتن. ژنان بـە خۆیـان و پریاسکە و شڕەوپڕە و جانتـای پلاستیکییەوە ڕەتیـان دەبرد و بەسەر دار و بەرددا دەکەوتن. پیاوە یەک لاقەکە تێ پەڕی و خەڵکی دیکەی بریندار و بەرکەوتەیش، کە باندێگەکانیان خوێنیـان پێـوە بوو، بە یارمەتیی خەڵکی دیکە ڕێگەی خۆیـان بـەناو ئاپۆراکەدا دەکردەوە. دوو پیـاو کـۆتێکی بـەخوێنیان هـەڵگرتبوو کـە مرۆڤێکی بەسەرەوە بوو. کچێک کە لەوانەیە تەمەنی هەر ۱۳ ساڵێ بێ، قژ و دەموچاوی تۆزاوی کە وێدەچوو لـە نزیکییـەوە بۆمبێک تەقیبێتـەوە، هاتـە پێشـەوە، وەک بڵێی هۆشی لـە خۆی نەمابێ و لـە ئاسمان ڕا دەمـا. ئـەو کچـە بـۆ چرکەسـاتێ ڕاوەسـتا و و چەنـد هـەنگاوێ بـۆ دواوە گەڕایـەوە و کـاتێ قسـەیان لەگەڵـدا دەکـرد هـیچ وەڵامێکـی نەدەدانـەوە. شـەڕڤانە کوردەکان بەنـاو حەشاماتەکەدا خۆیان گەیاندە خەتی پێشەوە و ساوا و زارۆیان لە بـاوەش و ئـامێزی ئافرەتـان وەردەگـرت و خێرا سەریان دەخستن.

پـاش پێـداگریی زۆر، ڕێگـە بـە ڕۆژنامەنووسـان درا دوو تـا سـێ مـەتر لـەو ئـاپۆرای خەڵکـە نزیـک ببنـەوە، بـەڵام هێشـتا ڕێگەیان پێ نەدەدرا لەگەڵ هیچ کەسێکی ڕاکـردوودا بکەونـە قسـان. "ئەوانـە خەتـەرن!" یـەکێ لـە فەرمانـدە مەیدانییـەکانی کورد هاواری کرد "توندڕۆکان لێرەن"! تا ئەو دەمە هیچ شتێ نەقەومابوو.

ڕۆژێ پاشتر، بەتەواوی ڕوون بووەوە کە شەڕڤانەکان لەسەر هەقن و ڕاست دەکەن. لە کاتێکدا بە سـەدان خـەڵک لـە دامێنـی کەڤرەکـەوە بـە خـاڵێکی پشـکنیندا، لـە نێـوان دارخورماکـان و داروپـەردووی بەسـەریەکداڕووخاودا، ڕەت دەبـوون، هێشـتا ڕۆژنامەنووسان نەگەیشتبوون و دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، ئافرەتێ بە خۆی و دوو منداڵەوە خۆی تەقانـدەوە. چەنـد چرکەیـەک دواتر، پیاوێک کە جلکی ژنانەی کردبووە بەر خۆی، بەرەو ئەو کەسانەی کە گوایا خەڵکی بریندار و بەرکەوتە دەگوازنـەوە، غاری دا و خۆی تەقاندەوە و پەلاماردەرێکی دیکە بەر لەوە خۆی بە پشتێنە بۆمبڕێژەکەیەوە بتەقێنێتەوە، تەقـەی لـێ کـرا و کوژرا.

## بەشی شەشەم

بریندارێکی هێزەکانی سووریای دیموکرات گوتی "ئێمە پێمان وابوو، ئەو ئافرەتەی کە دوو منداڵی پێ بوو، بێوەیە" و لەوما قورتارمان کردن. یەکێ لە منداڵەکان دەلحاز مرد و ئەوی دیکەشیان کە خراپ سووتابوو، دەربازکرد و گوێزرایەوە. لەوانەیە ئەو دوو منداڵە کوڕی ئەو ژنە بووبن، یان ئەوەتا پاش ئەوەی دایک و باوکیان مردووە، ئەو ژنە ئاگای لێیان بووبێ و سەرپەرشتیی کردبن؟ داخوا چ پاڵی بەو ژنە ناوە کە پاش ئەوەی خۆی ڕادەست کردووە، خۆی و ئەو دوو منداڵە بچووکە و خەڵکێکی زۆری دیکە بکوژێ وەکوو دوا هەڵوێست؟

١٤ - ٤ - ٢٠١٩

## بەشی دووەم



### خائینان لە بەرانبەر توندڕۆکاندا

دێر شپیگل، شپیا لەگەڵ ژمارەیەک لەو خەڵکانەی کە لەو چەند هەفتەی دواییدا لە باغوز هەڵاتبوون، قسان بکا. چیرۆک و هەقایەتی ئەوانە وێنەیەکی تەواو شێتانەت بۆ دەنەخشێنێ- یان، زۆر ورد و باریکتر، باس لە خەبات و ململانێیەکی کوشندە لە نێوان دوو کامپدا دەکا؛ "خائینان و توندڕۆیان؛ ئەوانەی کە بەتەما بوون پاش خۆڕادەستکردن و گرتنیان خۆیان بتەقێننەوە و زۆری دیکەیش کە پشتبەندە خۆکوژییەکانیان فڕێ داوە و لێرە و لەوێ کەوتبوون. ئەم کێشەیە تەنانەت لەناو زیندان و کامپەکانی گلدانەوە و بەندکردنیشدا بەردەوامە و هەر لەم سۆنگە و سەرینەیشەوەیە هەر کەسێ لەگەڵ "کافران"دا بئاخێوێ، داوا دەکا ناوی نەهێنددرێ، نەبادا بەشەو پەلاماری بدەن و دوکمی بکەنە سەر.

ئافرەتێکی "خائین" باس لەوانی دیکە دەکا و دەڵێ: "کاکلەکەی ئەو فیرقەیە، بەتەواوی شێت و بێئاوەزن" و "ئێمە بە بتپەرست دادەنێن و بە خۆیشیان دەڵێن خەواریج"؛ ئەندامەکانی ئەو گرووپە تەنیا خۆیان بە ڕاست دەزانن و، هەڵبەت بەهەڵە وەکوو پێڕەو و شوێنکەوتووانی پێغەمبەر موحەمەد بەگوێرەی مۆدێلە بەراییەکانی ئیسلامەتی لە خۆیان دەڕوانن.

ئەم دابەشبەندییە قووڵە لەناو هەڵگری هەموو ڕەگەزنامەکاندا هەیە؛ لەنێو ژنان و پیاواندا هەیە، لە داعشەکانی تونسەوە تا عێراق، بەڵام کەمتر لەناو ئەوانەی لە ئەوروپاوە هاتوون. ئافرەتێکی سوێدی کە بە خۆی و چەند زارۆ و منداڵێکەوە لە کامپێکی ڕاگیرکردندا دەژی دەڵێ: "بۆ زارۆ و منداڵ باشترە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا برسی بن نەک بنێردرێنەوە خاکی کافران و وەکوو هۆمۆسێکسچواڵ پەروەردە بکرێن." ئەوان لە هەموو مەنتیق و لۆژیکێک خۆیان پەنا دەدەن و دیوارێکیان بە دەوری یۆتاپیای خۆیاندا کێشاوە و لەناو یادەوەریی ڕۆژانی سەرکەوتنە خۆشەکانی ٢٠١٤ی خۆیاندا دەژین..

لەو دەمەدا، ئەوانە جەنگێکیان لە دژی تەواوی جیهان جاڕ دا- هەڵبەت، دژی کافران و هەروابێتەوە دژی ئەو مووسڵمانانەیش کە ناچار دەکران بە تافیکردنەوەی ئیمان و باوەڕدا تێ بپەڕن. هەموو شتێ بەگوێرەی پلان و نەخشە بووە؛ بەرە بەرە بڵاوبوونەوە و داگیرکردنی باکووری سووریا و هێرش و پەلامارە خێراکانی سەر ڕۆژاوای عێراق. ئەوان دەڵێن ئەوە هەر هەمووی، بە نەخشە و پلانی خودا بووە. ناوچە و دەڤەرە داگیرکراوەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی مووسڵمانی سوننەیان تێدا بووە، کە گرۆ و مەزهەبێکی ئایینییە و توندڕەوە داعشەکان لەناو ئەو مەزهەبەدا پێ گەیشتوون. لەوما، خەڵکی ئەو جێیانە هەموو هەڵنەهاتن و هەندێکیان مانەوە و، بەبێ ئەوانە ئەو دەوڵەتەی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە خۆی ڕاگەیاند، نەیدەتوانی ئەرک و فەرمانەکانی جێبەجێ بکا.

ئەم هێرش و پەلامارە جیهادییە سەربازییە تا ئەو دەمە توانیی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، کە جیهان ئەم ڕاگەیاندنی جەنگەی خستبووە لاوە و بایەخێکی پێ نەدا. پاش ئەوەی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، مووسڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا گیرا و لەم سۆنگەیەوە داعش پاش دوو مانگان کەوتە ناو حیساب و لێکدانەوەیەکی هەڵەوە و پەلاماری "شنگال"ی دا کە دەکەوێتە باکووری عێراقەوە؛ واتە جیهادییەکان پەلاماری ناوچەی ئێزدییەکانیان دا. ئێزدییەکان کوڕ و کۆمەڵێکی ئایینیی کەوناران و سەرباری خودا، ڕێز لە حەوت فریشتان بە "مەلەک تاوس"یشەوە دەگرن. لە ڕوانگەی داعشەوە، ئێزدییەکان هەموو مەرجێکی بەکۆیلەکردن و سڕینەوە و لەناوبردنیان تێدایە. ئەو کۆمەڵەیە (مەبەست ئێزدییەکانە) لە هەلومەرجێکی تاڵ و ناخۆش و ناگزووردا نزیک شاری تەلەعفەر دەژین کە بە لانی کەمەوە دوو لە ئەمیرە بەهێزەکانی داعش خەڵکی تەلەعفەرن.

## حیسابێکی هەڵەی چارەنووساز

کاتێ جیهان هیچ بایەخێکی بە مووسڵ نەدا، ئەبوبەکر بەغدادی و سەرکردەکانی دیکەی داعش لەو باوەڕەدا بوون کە لەوانەیە کەس بە هانای ئێزدییەکانیشەوە نایێ. بەڵام لەگەڵ ئەم هێرش و پەلامارەدا، داعش لە هیکرا و لەناکاو

هەرەشەی لە هەولێر کرد، پایتەختی هەرێمی کوردنشین لە باکووری عێراقدا. دیمەنی نیمچەتەوراتییانەی دەیان هەزار ئێزدی لەسەر بان و گۆڕایی چیای شنگالی ئابڵووقەدراو و مردن لە برسان، حکوومەتی ڕاڕای ئەمریکای سەردەمی سەرۆک "باراک ئۆباما"ی هێنایە سەر خەت و بە فرۆکە کەوتە زەبروەشاندن لە داعش و هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتیی پێک هێنا. هەروا کوشتنی ئەمریکی و بریتانییە بەبارمتەگیراوەکانیش کە دوو ساڵ بوو هیچ هەواڵێکیان لەبارەی ژیان و چارەنووسەوە نەدەزانرا، تا ئەمریکا و هاوپەیمانان چیدیکە لە داعش نەدەن، ئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە.

ئەمە دەسپێکی کۆتاییهێنان بە (داعش) بوو. لە ڕووبەڕووبوونەوەدا، داعش هیچ چانس و دەرفەتێکی لە بەرانبەر چاودێریی هەمەلایەنەی تەلەفۆنی، درۆنی بەچەک (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) و بۆمبی ورد-ئاراستەکراودا بۆ نەمایەوە کە دەتوانرێ بەوردی پانتاییەکی چەند مەتری، ئاگرێکی زۆری بەسەردا ببارێندرێ. جیهادییەکان شار دوای شار، ناوچە دوای ناوچەیان لەدەست دا تا بەم دواییە باغوزیش کەوت. لێرە، فەرماندەیەکی مەیدانیی کورد، شیکردنەوەیەکی گران و سەنگینی دا: "ئەوان وەکوو هێزێکی نەریتئاسا پەلاماری ئێمەیان دا. ئەوە هەڵەی ئەوان بوو. بۆ ئێمە وەکوو هێزێکی پارتیزانی، زۆر سەخت و زەحمەت بوو، لەوانەیە کارێکی کەس نەکردە و ناشیاویش بووبێ کە لێیان بدەین و تێکیان بشکێنین."

چما داعش لەو دنیایە، باغوزی هەڵبژارد کە گوندێکە دەکەوێتە سەر سنووری عێراقەوە؟ ئایا باغوز تەنیا ئەنجامێکی پاشەکشەی بەردەوامی داعش بووە بەرەو قووڵاییی باشوور، لەو پەڕی گۆشە و کەناری سووریا کە ناوچەی کۆنترۆڵی ڕژێمەکەی ئەسەد و ڕووباری فورات دەکەونە بەری ڕۆژاوای باغوز لە بەرانبەر سنووری عێراقدا؟ لە باغوز دەیان هەزار چەکداری پاشەکشەپێکراوی داعش خڕ بوونەوە و لۆری و پیکاب و ئوتۆمبێل و ڤانەکانی خۆیان و هەر چ کەلوپەلێکیان پێ بووە، لێ ڕاگرت و کەوتنە سەنگەرلێدان و خەندەکهەڵکۆڵین و، ئەو چەند کیلۆمەتر چوارگۆشەیەی خەلافەتیان کردە مەیدانێکی ڕاوەستانی بێسەروبەری ماشێنان.

یان ئەوەتا دیسان داعش پلان و نەخشەیەکی دیکەی هەبووە؟ وتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات، عەدنان عەفرین، گێڕایەوە کە چۆن جارێکیان لە ئاخیروئۆخری ئەیلوولی ڕابردوودا، هێزەکانیان لە قوڵی بیابانەوە پەلاماری باغوزیان دا و "داعش بەرەنگارییەکی توندی کرد و تەنانەت ئێمە هەندێ پانتاییشمان لەدەست دا و لەو دەم پاشەکشەمان کرد و تەنیا لە قوڵی باکوورەوە هاتینە پێش." دەستخەڵەتدان، ئەو ڤێرژنەیە کە داعش بە پشتیوانەکانی خۆی دەدا: دەگوترێ کورپژگەیەکی گچکەی عێراقی خەونی دیتووە کە خەلافەت شار لە دوای شاری لەدەست دەچێ، بەڵام هەرگیز ئەو شاخەی نزیک باغوز ناگیرێ. ئا لێرەدا داعش سەکەوتنی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بەدەست دەهێنێ، پاش ئەوەی ڕیاکار و دووڕوو و


سەرچاوە
Serchawe

گوناهكاران لە ڕێزەكانیان نەماون.

## تونێل و نۆینەكانی داعش

لێكدانەوە و شرۆڤەیەكی دیكەی شیاویش هەس. باغوز سەروەختێ هێلانەیەكی قاچخاچییان بووە. یەكجێ لەو دیوەی گرد و تەپۆلكە ڕک و لێژەكانەوە، لە ئاقار و كەناری ئەو شارەدێیە سنوور و بیابانی پارێزگەی ئەنباری عێراقە، بەگوێرەی ڕاپۆرتگەلی چەندین دامودەزگەی هەواڵگری، ڕابەری داعش، ئەبوبەكری بەغدادی، پاش ئەوەی لە سەرەتای كانوونی دووەمدا باغوزی جێ هێشتووە ڕووی لەوێ كردووە.

داعش پلانێكی دوورودرێژی هەبووە و تونێل و نۆینی لێ داوە. لە دەسپێكی ٢٠١٤ دا، جیهادییەكان دەستیان كرد بە هەڵكۆڵین و چاكردنی تۆڕێكی پێشكەوتووی ڕێڕەو لە بن عەرد و قووڵیی هەندێكیان ٥ - ٦ مەتر بووە؛ ئاخر ئەوان وایان بیركردووەتەوە كە لە هەر جێیەک بن پەلامار و هێرشیان دەكرێتە سەر. ئەوان تونێلیان لە ڕەقە و تەبەقە و دەوروبەری مووسڵ لێ داوە. لەو تونێلانەدا، وایەری كارەبا، بنكەی تەندروستی و كۆگەی زەخیرە و تفاق و مەڵبەند و ژوورەكانی فەرماندەییان لێ بووە و كونی چوونەدەرەوە و قۆرت و كون و مەتەرێزیشیان بۆ قەناسبەدەستەكانی خۆیان لێ چا كردووە. كەرەستەكانی هەڵكۆڵینیشیان لە مزگەوت و ماڵان شاردووەتەوە و لە ساڵی ٢٠١٦ دا سەربازەكانی عێراقی لە مووسڵ چەندین درێلی هەڵكۆڵینی تایبەتیان دۆزیوەتەوە: ماشێنی هەڵكۆڵینی چەند مەتر درێژ، كە سەری گەورەیان پێوە بووە و فرە ماتۆڕ بوون. لە گرد و تەپۆلكەكانی باغوزدا، پاش دوا كشانەوەیان بۆ باغوز، دیسان داعش تونێلی لێ داوە و تا ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوویش، ڕوون نەببووەوە كە داخوا هەموو تونێلەكان دۆزراونەتەوە و پشكێنراون و پاكسازی كراون.

تا ئێستا، ئەو هێزانەی پێشڕەوییان كردووە، هیچ كام لە سەركردە و ئەمیرە دیارەكانی ئەو گرووپەیان نەدۆزیوەتەوە و شوێنپێی ئەو سێ بەبارمتەگیراوە ڕۆژاواییانەیان نەبینیوەتەوە كە لە لایەن داعشەوە گیرابوون. هەروا نە زێر، نە هیچ نیشانەیەكی گەنجینەی داعش نەدۆزراوەتەوە كە مەزەندە دەكرێ لە نێوان ٥٠ ملیۆن $ تا ٣٠٠ ملیۆن $ یان تێدا بێ. بە قسەی سیخوڕێكی داعش، هەندێ پارە لەناو "بەفرگر - سەلاجە"كاندا لە بیابانی عێراقی شاردراونەتەوە.

باغوز دیارە هەر بەس سایت و پێگەی تێچوونی خەلافەت نییە، بەڵكە كۆتاییی حوكمڕانێتیی هەرێمایەتیی داعشیشە. هەروا دەروازەیەكیشە بۆ كاری ژێرزەمینی و خۆشاردنەوە، كە چیدیكە باڵادەستیی سەربازیی دوژمنەكانی داعش مانایەكی



سەرچاوە
Serchawe

نامێنێ. هێرش و پەلاماری تیرۆریستانە، کوشتوبڕ، "ئیبتیزاز": داعش هەموو ئەو شتانەی پێش کۆنترۆڵی لەناکاوی مووسڵ دەکرد- ئەو شتانە زۆر ساناترن لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەوڵەتێکدا.

### "ئیبتیزاز" لە حوکمڕانی ئاسانترە

داعش لەمێژە دەستی بە بوونی ژێرزمینیی خۆی کردووەتەوە؛ لە هەندێ ناوچەدا گەڕاوەتەوە بۆ کاری نهێنی و لە هەندێ ناوچەی دیکەیشدا هەرگیز ململانەی نهێنی و ژێرزەمینیی جێ نەهێشتووە. وەکوو ناوچەی بەپیتی حەویجە، ڕۆژاوای مووسڵ، ناوچەیەکە کە هەر دوو ڕووبارو زێ تێک دەکەنەوە و لە هەر دوو بەری زێیشدا، دارودەوەنێکی چڕوپڕ هەیە کە لە ٢٠١٧ دا پاشەکشەیان تیدا کردن. هەرگیز چەکدارەکانی داعش، لەم ناوچەیەدا، لێی نەدراوە و تێک نەشکێندراوە و لەو دەمەیشەوە دانیشتووانی ناوچەکەیشیان زەندەقبردوو کردووە و ئەمەیش یاریدەی بەرپابوونەوەی شەڕ و پێکدادان دەدا لە نێوان حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا و هێزە کوردییەکاندا، چونکە خەتی پێشەوەی ئەو کێشەیە (کێشەی نێوان بەغدا و کورد) پانتاییەک لەو نێوانەدا دروست دەکا کە هی هیچ کام لا نییە و جیهادییەکان دەکارن تێیدا هەڵبسووڕێن و دابسووڕێن بێ ئەوەی بەردێکیان بێتە ڕێ.

لە باشووری سووریادا، لە ناوچەیەکدا کە پارەکە "بەشار ئەسەد"ی دیکتاتۆر گرتییەوە، ویدەچێ چەند گرووپێکی داعش بە حەوادا چووبن و وجوودیکیان نەمابێ. بۆ ماوەی چەند ساڵێ، دەوروبەری ١٢٠٠ چەکداری داعش خۆیان لە دۆڵی یەرموک لە پارێزگەی "دەرعا نابووز" پاش گرتنەوەی درعا لە هاوینی ڕابردوودا، زێتر لە ٥٠٠ لەو چەکدارانە خۆیان ڕادەست کردەوە و بە قسەی هەندێ سەرچاوە، ٨٠ کەسێکیان لێ کراوەتە سەر لە فیرقەی ٤ی زرێداری سوپای سووری. دەزگەی هەواڵگریی سەربازیی سووری چەکدارەکانی دیکەی داعشی هێنایە بیابان؛ نزیک شارۆچکەی سویدیە لە ناوچەی دروزنشیندا.

بۆ ماوەی چەند ساڵێ، کەمینەی دروز ئامادە نەبوون ڕێگە بە کوڕەکانی خۆیان بدەن لە ڕێزی سوپای سووریادا سەربازی بکەن و لە بری ئەوە هەوڵیان دا تا بۆیان بکرێ بێلایەن بمێننەوە و ناوچە و دەڤەرەکانی خۆیان بپارێزن. لە تەمووزی ڕابردوودا، هەر ئەو چەکدارانەی داعش کە دەزگەی هەواڵگری بۆ ناوچەکەی گوێزابوونەوە، پەلامارێکی کوشندەی گوندە دروزنشینەکانیان دا و ٢٤٠ کەسێکیان لێ کوشتن؛ لە پاش ئەو پەلامارانە، سەرکردەکانی دروز چیدیکە بەرەنگاری حوکمڕانیی ئەسەد بەسەر ناوچەکەیاندا نەبوونەوە.

پاش چەندین ساڵی هاریکاریی پەنهان و دوژمنایەتی لەگەڵ دامودەزگەی هەواڵگریی ئەسەددا، داعش وەکوو دوژمنێکی

بەسوود بۆ دیکتاتۆری سووری دەمێنێتەوە. ئاخر نیزامی ئەسەد خۆی وەکوو مەتەرێزێک دژی سەربڕەکان [داعشەکان] نیشان دەدا. تا ئێستەیش، بە سەدان شەڕکەری داعش لە ناوچەی بیابانی ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی سوێدیە بێ ئەوەی تەنگاو بکرێن، دەسوورێنەوە و چەندین ئەمیری داعش لە دەرعا، پاش زیندانیکردنێکی کەم لە لایەن دەسەڵاتدارانی سوورییەوە، بەرەڵلا کران.

١٨ - ٤ - ٢٠١٩

## بەشی سێیەم و کۆتایی



لە وڵاتانی دیکە، کە داعش دان بە گرووپە تیرۆریستە وابەستە و هاوشێوەکانی خۆیدا بنێ، بە "ویلایەت"ی ئەم وڵات و ئەو وڵات ناویان دەهێنێ. ئەوە دابەشبەندییەکی کارگێڕیی خەلافەتە، نموونەیەکە کە دەکرێ سەرباری سروشتی جیاوازی بزووتنەوەکان، تەرزیکی بەجیاهەڵکەوتوویش بێ:

لە لیبیا، کە لەگوینە پرۆژەیەکی هەرە گرنگی داعش بێ لە دەرەوەی ناوچە بنەڕەت و سەرەکییەکەی خۆیدا، لەوانەیە ئەو گرووپە کۆنترۆڵی بەسەر شاری سێرتدا نەمابێ، بەڵام شتێکی کەم لەبارەی ژمارەی شانە نوستووەکانی داعش دەزانرێ کە لە شارەکانی دیکەی دەم کەناری دەریا و لە باشووری وڵاتەکەدا هەن و حکوومەت نفووزێکی کەمی تێدا هەیە.

لە سینا، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤ دا ئەو گرووپە تیرۆریستە کە بە ناوی "ئەنساری بەیت ئەلمقدەس" لەوێ هەیە، بووە هاوپەیمانی داعش. لەوانەیە هێزەکانی میسر نەیانتوانیبێ بەرگریی ئەو گرووپە تێک بشکێنن، بەڵام توانیویانە ڕاددەیەکی بۆ دابنێن. ئەمەیش یاریدەی قاهیرەی داوە کە هاوپەیمانێتیی پێشووی نێوان حەماس لە غەززە و گرووپی داعش لە سینا، ببێ بە دوژمنارییەکی ئاشکرا و، بەرژەوەندە پێکناکۆکەکانی ئەو دوو لایەنە ئەو دوژمنارییە تیرتر بکەن. هەنووکە حەماس هاریی حکوومەتی میسر دەکا، نەبادا تونێلەکانی قاچاخچێتی پێشیان پێ بگیرێ. لە کاتێکدا، داعش توانیویە

## بەشی شەشەم

نزیکەی ٢٠٠٠ لایەنگرێکی خۆی بۆ شەڕی دەوڵەتی میسر خڕ بکاتەوە، گۆتەگۆتی وەهاش بڵاو بێتەوە کە ئیسرائیل جیهادییەکان (مەبەست داعشە) وەکوو ئامرازێک دژی حەماس بەکار دەهێنێ.

لە ئەفغانستاندا، لقی داعش لە ئوستانی خوراسان، ڕۆڵێکی ڕەچاونەکراوی سیاسی دەگێڕێ و بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئوستانی نانگارهار لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا هەڵدەسووڕێ، نەک هەر شەڕی هێزەکانی ئەمریکا و سوپای ئەفغانی دەکا، بەڵکە بێوچان و بێڕەحمانەیش شەڕی تالیبان دەکا و دەیەوێ ئەو ڕکابەر و خەنیمەی خۆی پاکتاو بکا و بسڕێتەوە. چەندە تالیبان بە لای دانوستاندن و گفتوگۆوە دابشکێنێتەوە، ئەوا داعش هەندە بالکێش دەبێ، بەتایبەتی لەناو ئەو ئەندامانەی تالیباندا کە هەموو جۆرە دانوستاندن و گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەملاو ئەولادا ڕەت دەکەنەوە.

هەرچەند جیهان بەری خۆی نەداوەتێ و بەهەندی وەرنەگرتووە، لێ لە هەمووی خەتەرتر، ڕەوشی باکووری ڕۆژهەڵاتی نێجیریا و وڵاتانی هاوسێ و دەوروبەری نێجیریایە. گرووپی تیرۆریستیی بۆکۆحەرام لەژێر فەرماندەییی ئەبوبەکری شەکاوی، توانیویەتی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، بە هاریکاریی نێودەوڵەتیی ئەملاو ئەولا بجەنگێ. تەنانەت داعش ڕەخنەی لە بۆکۆحەرام گرتووە کە بێ جیاوازی قەسابخانەی بۆ خەڵکی مەدەنی لە ٢٠١٦ دا ناوەتەوە و لەم سەرینەیشەوە ئەندامێتیی بۆکۆحەرامی لەناو داعشدا هەڵوەشاندەوە. لێ لەو دەمەوە و لە هەمان ساڵدا داعش دەستی بەسەری باڵێکی بۆکۆحەرام بە سەرکردایەتیی ئەبو مەصعەبی بارناوی (ئەمە نازناوە - لەقەبی ئەبو مەصعەبە) داهێناوە کە ڕابەرایەتیی ویلایەتی ئەفریقای ڕۆژاوا دەکا. ئەم گرووپە توانیویە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو هەرێم و ناوچەیەی کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، بەرفرە بکا و وەکوو دەوڵەتێک بەڕێوەی ببا- بەبێ ئەوەی ناوی دەوڵەتێکی لێ بنێ. بەروبازاڕ و ڕێگەوبانەکانی بازرگانی بپارێزێ و باج و خەرجییان لێ بستێنێ و تەنانەت بنکە و بارەگای گەورەی سەربازییش بخاتە بەر پەلاماری خۆیەوە و حکوومەت لە ئابوجا شتێکی ئەوتۆی لە بەرانبەر ئەو گرووپەدا پێ نەکرێ کە زۆر لە بۆکۆحەرام بەدەهۆترە.

هیچ کام لەو وڵاتانە ژیانێکی بەشکۆ و بەکەرامەتیان تێدا دابین نەکراوە کە هەمووان وەکیەک سوود لە مافە بنەڕەتییەکان وەربگرن. ئەوە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ لەناوبردنی هۆیەکانی زۆربوون و بەهێزبوونی گرووپگەلێکی وەکوو داعش. لێ بە لانی کەمەوە لەو جێگەیانەی کە حکوومەتێکی سانترالیست هەیە وەکوو ئەوەی میسر، دەکرێ و دەشێ پێش بە بڵاوبوونەوەی زێتری داعش بگیرێ کە وەکوو مشەخۆرێک لەسەر نەبوونی کۆنترۆڵ، دارمان و پاشەکشە و کزی و لاوازیی دەوڵەت دەژێ و دەڵەوەڕێ. لە ڕاستیدا و وەکوو دەزانرێ، جیهادییەکان هەوەڵ جار بە شێوەیەکی نهێنی لەناو لایەنە یاخیبووەکانی سووریادا هەڵدەسووڕان و پاشان لە کۆتاییی ٢٠١٢وە بەئاشکرا کەوتنە خۆ، لە کاتێکدا کە ڕۆژاوا بایەخ و سەرنجێکی ئەوتۆی نەدەدایێ و هێشتا داعش نەببووە هەڕەشە بۆ ڕۆژاوا.



سەرچاوە Serchawe

### داعش شکستی نەهێناوە

ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وایە داعش بەتەواوی شکستی هێناوە و لەبەین چووە، ڕوانگەیەکی تەسک و کورتبینانەیە هەر لەبەر ئەوەی کە خەلافەت نەماوە. ئەم ڕوانگەیە، ڕوانگەیەکی خەتەرە: مەبەست ئەو بڕوایەیە کە پێی وایە مادام ڕواڵەتە بەرجەستە و دیارەکەی داعش، واتە خەلافەت، لە ئارادا نەماوە، ئیدی داعش تێک شکاوە و بەتەواوی هەرەسی هێناوە. لێ هەقە، ئەوە لەبەر چاو بێ کە دەیان هەزار جیهادی لە باغوز و گوندەکاندا پێش ماوەیەکی کەم گیران و خۆیان لەناو کەمپ و زیندانەکانی ژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردیدا بینیوەتەوە. بەڕێوەبەرایەتییەک کە بە هۆی ئەم ئەرکەوە باری قورس بووە. دەوروبەری ٧٠٠٠٠ ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەیش، تەنیا لە کەمپی پەنابەرانی ئەلهۆل کۆ کراونەتەوە، کەچی شەڕکەرەکانی داعش لەو زیندان و بنکە سەربازییانەدا حەپس کراون کە لە سەرانسەری ناوچەکەدان.

فەرماندەی هەرێمایەتیی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جەنەراڵ جۆزێف ڤاتیل کە پیاوێکە زۆر لە سەرۆکەکەی خۆی ڕەشبینترە، جەخت لەسەر هەڕەشەی بەردەوامی داعش تا ئێستە دەکاتەوە: "ئەوەی ئێمە لەبەرچاومانە و دەیبینین، بریتی نییە لە خۆڕادەستکردنی داعش وەکوو ڕێکخراوێک"، ڤۆتێل لە بەردەم کۆمیتەی هێزە چەکدارەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا وای گۆ، "بەڵکە ئەوە بڕیارێکی حیساب بۆ کراوی داعشە بۆ پاراستنی ئەمن و ئەمانەتی خاوو خێزانەکانیان و بۆ پاراستنی هێز و تواناکانیان و دەرفەتوەرگرتن لە کەمپەکانی ئاواران و خۆشاردنەوە لە ناوچە دوورەدەست و چەپەکەکان و چاوەڕوانیکردنی کاتێکی لەبار و گونجاو بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوە و بەدیارکەوتنەوە." هەر دوو وشەی "بقاء وتمدد"ی عەرەبی بە مانای مانەوە و بڵاوبوونەوە دێ، چەند ساڵێکە بوونەتە دروشم و هاواری ڕێکخراوی داعش - و ئێستاکە وەکوو چۆن لە کاتی سەرکەوتنەکاندا ئەم دروشمە جێبەجێ دەکرا، ئا ئەوهایش لە کاتی ژێرکەوتنیشدا جێبەجێ دەکرێ و ڕێبەدێیی دەکرێ. لایەنگر و پشتیوانانی داعش هەر زوو و بەپەلە وشەی "البقاء"یان قۆستەوە و بەکار هێنا، بەر لەوەی پاشەکشە بکەن. دوو بازنە و سێ خاڵ لە زمانی عەرەبیدا ئەم هەڕەشە دیماهییە پوخت دەکەنەوە و دەردەبڕن: گەڕانەوە وەکوو تۆڕێکی تیرۆریستیی ژێرزەمینی و وەکوو سەرچاوەیەکی بێکۆتاییی ترس و تۆقاندن.

عێراقییەکان، بەتایبەتی ئەوانەیان کە خەڵکی مووسڵ، تکریت و بەغدان، ماوەی ١٥ ساڵێکە لەگەڵ ئەم جۆرە ترس و تۆقینەدا ڕاهاتوون. ئەوان بێدیفاعن و لە تیرۆری ڕەمەکی و کوشتوبڕی بەئەنقەست و لەخۆوە ناپارێزرێن، چونکە پۆلیس خۆیان هەڕەشەیان لێ دەکرێ یان وەدەرنراون. دەمێنێتەوە با بزانین ئەنجامەکانی تێکشکانی داعش لە باغوز چ دەبن: بوونی ڕاستەقینە و بەکردەوەی خەلافەت ئێستاکە لە لایەن زۆر لەوانەی لە کەمپەکانی ڕاگیران و گلدانەوەدا دەژین،

ڕۆمانتیکییانە سەیر دەکرێ. ئێستاکە نوقلانەی ئەوتۆ لێ دەدرێ و پێشبینیی خەیاڵاویی ئەوتۆ دەکرێ کە گوایا بیرۆکەی ئەم جارەی خەلافەت تەنیا تاقیکردنەوە و جەڕباندنێک بووە، بەر لەوەی خەلافەت بە دەسەڵاتێکی گەورەترەوە بگەڕێتەوە و بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

### لۆژیکی ناسنامە (شوناس)

مێژوو ژمارەیەک تێکشکانی ماڵوێرانانەی سەربازیی بەخۆوە دیوە کە لە دیماهیدا بۆ سەدان ساڵ بوونەتە ئەفسانەگەلێکی بەهێز و بەجۆش و خرۆش: مەسعەدە بۆ جووەکانی فەلەستین، کەربەلا بۆ شیعەکان، ئەلامۆ بۆ تەکسانەکان. لۆژیکی ناسنامە (شوناس)، مەرج نییە ڕێبەدێی نموونەیەکی عەقلانیی سەرکەوتن و ژێرکەوتنە سەربازییەکان بکا. لە ڕۆژی سەرکەوتن لە باغوزدا، تەنیا چەند کاتژمێرێکی کەم پێش ئەوەی مەزاج و گێولی شەڕڤانەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات و شوفێر و وەرگێڕە کوردەکان تێک بچێ، لە دوای نیوەڕۆی ٢٣ی ئادار، مەڵبەندی بێسەروبەری میدیاییی "هاوڕێ ڕۆستەم" لە کەنار گوندی باغوز بگرە چۆڵوهۆل و کەسی تێدا نەما، کاتێ کە شوفێرێکی وێستگەی NBCی ئەمریکی چووە کۆگەیەکی ژێرزەوی و لە پڕ ئەو کۆگەیە تەقییەوە و شوفێری تاین کوژرا و تەنانەت بانی سەرەوەی ئەو ژوورەیش ڕما و ئەو مینیپیاسەی کە لە دەرەوەی ڕاگیرا بوو، بێکەڵک و پارچەپارچەکرد.

چەند هەفتە پێش ئەو هێرشە کوشندەیە، چەند سندووقە پەتاتە و تەماتە و نان لەو کۆگەیەی ژێرزەوی هەڵگیرابوون و کاربەدەستە فەرمییەکان و ئەندامانی تیمی تەلەفزیۆنی، بەردەوام دەچوونە ناوی، شتێکیان بۆ خواردن لێ دێنا. کەس باوەڕی نەدەکرد ڕێککەوتێکی وەسا بقەومێ یان شک لە بێباکی و کەمتەرخەمیی شەڕڤانان بکا. ئاخر هەمیشە جەختیان دەکردەوە کە خۆیان چاودێریی ئەو ژوورە دەکەن و لە دەسپێکی ئادارەوە ژوورێکی چۆڵ بووە: هیچ شتێکی تێدا نەبووە؛ نە وایەر، نە کانتۆر و کەلوپەلێکی دیکەی شتتێداهەڵکردن، نە پەنجەرە و تەنیا دیواری ڕووت بوون و هیچ تەڵە و داوێکی تێدا نەبووە و تەنیا عەردێکی ڕووت و قووت بووە.

شوفێر و وەرگێڕەکان گوتیان: نابێ ئێمە ئەمشەو لێرە بمێنینەوە. هەمووان باوەڕیان وا بوو کە شانە نووستووەکانی داعش بڵاو بوونەتەوە و زەبری خۆیان دەوەشێنن. لە ئێوارەی ڕۆژی سەرکەوتندا، تەنیا دوو تیمی CNN و دێر شپیگل لە گوندی سۆسە مابوونەوە کە بەتەنیشت گوندی باغوزەوەیە، چونکە لە سێ بنکەی سەربازیی شەڕڤانە کوردەکان، تەنیا دوو ئافرەت و چەند پیاوێکیان لێ مابووەوە. ماشێنلێخوڕینیش بە شەوان، کارێکی خۆکوژییە. لەوما ڕۆژنامەنووسەکان بڕیاریان دا هەر چۆن بێ لەگەڵ گەردی بەیانیدا ئەوێ بەجێ بهێڵن و تەنانەت "ئالان"ی شوفێر بە پێڵاوەوە نووستبوو.

بەشی شەشەم

بەیانی ڕۆژی پاشتر، شوفێرەکان بە دۆڵەکەدا و قەرەبەقەرەی ڕووبار و بەناو گوندە بەمینچێنراوەکاندا لێیان دەخوڕی و پاشان بەناو بیاباندا بەرەو کۆمەڵگەی کاربگێریی چاڵەنەوتی عومەر کە بنکەیەکی پارێزراو و گەورەی هێزەکانی سووریای دیموکراتی لێ بوو، کەوتنە ڕێ. "بوسەیرە"مان، کە شارۆچکەیەکە و ڕاستەوخۆ لە پاش ئەو چاڵەنەوتەیە، ئالان لەناکاو خێرا لە سەرووی ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا ماشێنەکەی لێ دەخوڕی و لە جادەکاندا بەو پەڕی هەڵەشەیییەوە دەیهاژوا و بە پێش ماشێنەکانی دیکە دەکەوت:

**بۆچی؟ ئەم ناوچەیە، ناوچەی داعشە، پڕە لە شانەی نوستوو و، توندڕۆی زۆر خەتەری لێیە.**

سەرچاوە: https://www.spiegel.de

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## داعش لە دروستبوونییەوە تا لەناوچوونی



**دانا عومەر**

**دوێنێ ٢١ی ئازار، کە یەکەم ڕۆژی نەورۆز بوو، شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، کۆتایی داعشیان لە سوریا ڕاگەیاند.**

قەسەدە لە لێدوانەکدا ڕایگەیاند، کە ئەوان داعشیان لە ڕووی سەربازییەوە تەواو کرد، بەو شێوەیە سەردەمێکی تاریک، کە بۆ مرۆڤایەتی پڕ لە ئازار و کۆمەڵکوژیی و تالآن بوو، کۆتایی هات.

ئەو چەتانەی کە بۆ ماوەی شەش ساڵ بوون بە بەڵای سەری مرۆڤایەتی، بە پێشەنگایەتی کوردەکان کۆتاییان پێهێنرا.

ناوی داعش لە ساڵی ٢٠١٣ دەرکەوت، بەڵام پێش ئەو بەرواره بناغەی هەبوو، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، درێژکراوەی گرووپی تەوحید و جیهاد بوو، کە ئەبوو موسعەبی زەرقاوی بە ڕەچەڵەک ئوردنی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە عێراق دایمەزراند، دوای کوشتنی زەرقاوی لە ئاکامی هێرشێکی ئەمریکییەکاندا، ئەبو هەمزەی موهاجری هەڵبژارد بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە و دواتریش "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق" دامەزرا و ئەبو عومەری بەغدادی بوو بە سەرکردەی ڕێکخراوەکە.

لە نیسانی ساڵی ٢٠١٠ هەریەک لە ئەبو عومەری بەغدادی و ئەبو حەمزەی موهاجری لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کوژران، دواتر، ئەبو بەکر بەغدادیی بە سەرکردەی ڕێکخراوەکە دیاری کرا و لە ساڵی ٢٠١٣ لە تۆمارێکی دەنگیدا ڕایگەیاند، بەرەی نوسرە، کە لقی ڕێکخراوەکەی بوو لە سوریا لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق-ی هەڵوەشاندووەتەوە و لەژێر ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" گرووپێکی نوێی دروست کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی شەشەم

### فراوانبوونی داعش

لە سەرەتای دروستبوونییەوە داعش لە عێراق دەرفەتی فراوانبوونی نەبوو، بۆیە پەنای بردە بەر خاکی سوریا، ئەو شێواوییەی لە دۆخی سوریا هەبوو دەرفەتی ئەوەی پێدا ناوچەیەکی فراوان لە خاکی سوریا داگیر بکات، کە داگیرکارییەکانی لەسنوری عێراق و سوریاوە دەستی پێکرد و لە ناوچەکانی دێرەزۆر رەقە بەشێک لە حەلەب و دیمەشق و حمز داگیرکاریی ئەنجامدا، هەروەها هێرشی کردە سەر رۆژئاوای کوردستان و هەوڵیدا لە ناوچەکانی هۆڵ تەلحەمیز شەدادێ ناوچەکانی باشور و رۆژئاوای حەسەکە تا گرێسپی و کۆبانێ داگیرکاریی ئەنجامبدات.

لە پاش سێ مانگ لە داگیرکردنی شاری رەقە و راگەیاندنی بە پایتەختی خەلافەتەکەیان، چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر شاری موسڵ و لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ داگیریان کرد، پاشان لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دا هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی شەنگال و داگیریان کرد، دواتر پارێزگاکانی ئەنبار، سەلاحەددین و بەشێکی کەرکوک و بەشێکی دیالە-یان داگیرکرد، بە گشتی یەک لەسەر سێی خاکی عێراقیان داگیرکرد.

### تاوانەکانی داعش

چەتەکانی داعش لە سوریا و عێراق، کۆمەڵکوژی گەورەیان پێکهێناوە، تاوانی کوشتنی مرۆڤەکانیان بە درندەترین شێوە ئەنجامدەدا و تۆماریان دەکرد و لە پێگەکانییەوە بڵاویان دەکردەوە، بۆ ئەوەی ترس و دڵەراوکێ بڵاوبکەنەوە، هەروەها لە هێرشکردنە سەر شەنگال دا کۆمەڵکوژییەکی فراوانی پێکهێنا و بە هەزاران هاوڵاتی ئێزدی یان کوشت و دەیان هەزاریان لێ ئاوارەکردن و هەزاران ژن-ی ئێزدیان کردە کەنیزەک و کۆیلە و لە شاری رەقە و ناوچەکانی ژێر دەستیان کڕین و فرۆشتنییان پێوە دەکردن، ئەو تاوانەی چەتەکانی داعش لە شەنگال ئەنجامیاندا هێندە قێزەون و نامرۆڤانە بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید ناسرا.

بێجگە لە شەنگال چەتەکانی داعش لە عێراق و سوریا زۆر تاوان و کۆمەڵکوژی دیکەیان ئەنجامدا، تەنها لە هێرشێکیاندا بۆ سەر سەربازگەی سپایکەر لە پارێزگای سەلاحەدین، کە لەساڵی ٢٠١٥ دا ئەنجامیاندا ١٧٠٠ خوێندکاری کۆلێژی سەربازییان کۆمەڵکوژ کرد، بە گشتی ئەو هاوڵاتیانەی لە عێراق لەلایەن چەتەکانی داعشەوە کوژراون بە زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی ئەژمار دەکرێن.



سەرچاوە
Serchawe

### تێکشکانی داعش

هەموو ئەو تاوانکاریانەی داعش ئەنجامی دابوو، ببووە هۆی ئەوەی خۆی وەک درندەیەکی بێ بەزەیی نیشانی هەموان بدات، بۆیە لە عێراق و سوریا بە شێوەیەکی خێرا شار و شارۆچکەکانی داگیر دەکرد، ترسێکێکی وای بڵاو کردبووەوە کە هیچ هێزێک لە بەردەمیدا نەدەوەستایەوە و بەرگری نەدەکرد، ئەوەش لە نمونەی داگیرکردنی شاری موسڵدا دەرکەوت، کە لەماوەی کەمتر لە ١٠ کاتژمێردا دووەم گەورەترین شاری عێراقی داگیر کرد، کە دووەم گەورەترین لیوای سەربازیی سوپای عێراقی لێبوو.

بۆ یەکەم جار شکۆ و خۆفی چەتەکانی داعش لە شارۆچکەی شەنگال شکا، کە لەدوای ئەو هێرشە فراوانەی کردیانە سەر شەنگال، گرووپێک لە شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە توانیان لە شارۆچکەی ڕەبیعە بەر بە هێرشی چەتەکان بگرن دەیان هەزار هاوڵاتی ئێزدی لە دەستی چەتەکان ڕزگار بکەن و ڕێڕەوێکی مرۆیی بۆ ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی ئێزدی بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بکەنەوە، لە چیای شەنگالیش ١٢ گەریلای هەپەگە، توانیان ڕێ لە سەرکەوتنی چەتەکان بگرن بۆ سەر چیاکە و هاوڵاتیانی ئێزدی سەر چیاکەیان لە کۆمەڵکوژیی پاراست، کاتێک چەتەکانی داعش ڕووبەڕووی ئەو بەرگرییە بوونەوە، ئاراستەی هێرشەکەیان بۆ شارۆچکەی جەزعەی ڕۆژئاوای کوردستان برد، دیسان لەوێش ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بوونەوە لەسەر دەستی شەڕڤانان، بۆیە هەموو هێزەکەیان بۆ هێرشکردنە سەر کۆبانێ برد و پاشان شکاندنی جەوهەریی داعش لە کۆبانی پێکهات.

### کۆبانێ، سەرەتای کۆتایی داعش

لەڕۆژی ١٥ ئەیلولی ٢٠١٤ داعش بە هەموو هێزێکی خۆیەوە هێرشی کردە سەر کۆبانێ، هەرچەند هێزێکی کەمی شەڕڤانانی یەپەگە لە کۆبانێ هەبوون، بەڵام بەرگرییەکی بێوێنەیان لە بەرامبەر هێرشی چەتەکانی داعش ئەنجامدا و لە دوای ١٣٤ ڕۆژ لە بەرگری، لە ڕۆژی ٢٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ تەواوی شارۆچکەی کۆبانێ و گوندەکانی دەوروبەریان لە چەتەکانی داعش پاک کردەوە، ئەوەش بووە دووەم شکاندی داعش، ئەوەی دەرخست ئەگەر ئیرادە هەبێت تێکشکاندن و لەناوبردنی چەتەکانی داعش قورس نییە.

لە ئابی ٢٠١٤ دا چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی مەخمور و داگیریان کرد، هەروەها پێشڕەوییان کرد بۆ شارۆچکەی گوێر و مەترسی لەسەر داگیرکردنی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دروست بوو، بەڵام هێزێکی

بەشی شەشەم

گەریلاکانی هەپەگە و بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بە هاوکاری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان توانیان پێشڕەوییەکانی داعش بووەستێنن و ناچار بە کشانەوەی بکەن، ئەمەش بە سێیەمین شکاندنی داعش ئەژمار دەکرێت.

هەر لە هێرشی چەتەکانی داعش بۆ سەر شاری کەرکوک لە ساڵی ٢٠١٤ دا هێزی پێشمەرگە بە هاوکاریی هێزی گەریلاکانی هەپەگە توانییان چەندینجار شکست بە هەوڵی داگیرکردنی شاری کەرکوک بهێنن لەلایەن چەتەکانی داعشەوە.

شکاندنی چەتەکانی داعش لەسەر دەستی هێزەکانی گەریلا و شەڕڤانانی ڕۆژئاوای کوردستان و هێزی پێشمەرگە وایکرد، کە هەموو هێزەکانی دیکەی عێراق و سوریا ئیرادەی شەڕیان بەرامبەر چەتەکانی داعش بۆ دروستببێت، هەر لەو ڕوانگەیەوە پاش دوو ساڵ لە داگیرکردنی شاری موسڵ لە لایەن چەتەکانی داعشەوە، بە فەرمانی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق، سوپای عێراق دەستی بە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری موسڵ کرد، لە ماوەی ١٠ مانگدا و لە ١٠ی تەموزی ٢٠١٧ توانیان چەتەکانی داعش لە شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لەناو ببەن.

لە باکوری سوریاش شەڕی ئازادکردنی شاری ڕەقە-ی پایتەختی چەتەکانی داعش لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتی-قەسەدە، لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦، دەستی پێکرد و لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ پایتەختی خەلافەتەکەی داعش ئازادکرا و کۆتایی بە مەترسییەکانی بۆ سەر جیهان هێندرا.

شەڕی لەناوبردنی داعش لە باکوری سوریا بەردەوام بوو لە لایەن شەڕڤانانی هێزەکانی قەسەدە وە، هەتا دوێنێ، کە لەسەر دەستی شەڕڤانان لە دێرەزۆر دوا هەناسەی دا و کۆتایی بە تارمایی چەتەکانی داعش هات لەسەر جیهان.

ک.ک

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەوریلی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی ٢١



مەریوان نەقشبەندی

بە کوشتنی خەلیفەی سەدەی ٢١ی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ناوچەیەکی سنووری نێوان سووریا و تورکیا کە بە عەمەلی لەژێر دەسەڵاتی ئەو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوانەدایە کە خۆیان ناوناوە سوپای سووریای ئازاد چەند راستییەکی شاراوە ئاشکرا دەبێت و گومانەکانی پەیوەندی چەکدارەکانی داعش بەو گرووپە ئیسلامییانەی لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، دەبێتە یەقین، قاعیدە و داعش دوو بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی توندڕەو بوون و هەریەکەیان بە میکانیزم و تەفسیری شەرعی جیاواز کاریان دەکردن لێرەدا من تەنیا دەمەوێت لەسەر سیاسەتی ئیدارەدان و توانای تەجنیدکردنی ئەم دوو رێکخراوە بدوێم و پێشبینی هەنگاوەکانی دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی 21ی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (ئەبو بەکر بەغدادی)دەخەمەڕوو.

دوو جیاوازی گەورە لە سیاسەت و هەیکەلی رێکخستنی ئەم دوو گرووپە جیهادییە ئیسلامییە توندڕۆیانە هەبوو کە یەکەمیان: رێکخراوی قاعیدە ستراتیژییەت و کردنە ئامانجی (دوژمنە دوورەکان)ی ئیسلامی لە ئەویەویەتی خۆی دانابوو کە زیاتر ئامانجەکانی لە ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژئاوا جێگیر کرد بوو، رەنگە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقیا و چەند وڵاتێکی تر و کردنە ئامانجی کەشتیی سەربازی (کول) لە کەناراوەکانی یەمەن، نموونەی روونی ستراتیژیەتی رێکخراوی قاعیدە بوو، بەڵام دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) پێچەوانەی قاعیدە زیاتر (دوژمنە نزیکەکان)ی کردە ئامانج و زیاتر هێرش و چالاکییەکانی لە سنووری وڵاتانی ئیسلامی و بە تایبەتیش رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چڕکردەوە بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و جموجوڵ و ناڕەزایی جەماوەری سستەمی سیاسی و ئیدارەدانی خراپی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییانە، بۆیە بە هەزاران موسڵمانی بەدڕندانەترین شێواز دەکوشت و زۆربەی دیمەنە خوی و نامرۆڤانەکانی بە ڤیدیۆ تۆمار دەکرد و پەخشی دەکرد بۆ ئەوەی زۆرترین ترس

بخاتە ناو دڵی جیهانی ئیسلامی و سەرنجی ڕۆژئاواش بۆ لای خۆی رابکێشێت. لە بەرانبەردا داعش بە درێژایی بوونی لەناوچەکەدا تەنها یەک ئەمەریکی سەربڕی کە ئەویش ڕۆژنامەنووسێک بوو، ئیتر هیچ چالاکییەکی دژی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا نەبوو.

جیاوازی دووەمی ئەم دوو گرووپە جیهادییە ئیسلامییە لە هەیکەلی ڕێکخستن و چۆنیەتی فەرمان دەرکردن بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکانیان بوو، قاعیدە هەیکەلێکی پەرتوبڵاوی هەبوو، مەودایەکی فراوانی لە جیهانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی بۆ خۆی دانابوو کە دەسەڵاتی دابووە هەر فەرماندەیەکی مەیدانی یان هەر ئەمیرێک لە هەر شوێنێکی دنیادا تا ئەوەی دەیەوێت لە کردەوەی سەربازی نەوعیی ئەنجامی بدات، بەڵام لە لای داعش ئەم پرۆسەیە تەواو پێچەوانەبوو، ئەبوبەکر بەغدادی بڕوای وابوو خاکی بەدەستەوە بێت و ناوچەکانی بە یەکەوە سنووریان هەبێت و دەوڵەتداری بکات و مەرکەزیەتێکی یەکجار سەرسووڕهێنەری لەناو ڕێکخستنی دەوڵەتەکەیدا دانابوو بە جۆرێک هیچ سەرکردەیەکی داعش بەبێ فەرمانی راستەوخۆی خەلیفە نەتوانێت هیچ کردەوەیەک ئەنجامبدات و زۆربەی سەرکردەکانیشی بەردەوام لە دەوری خۆی کۆکردبووە و متمانەی بە هەر کامیان لەق ببووایە دەستبەجێ خۆی گوللەبارانی دەکرد.

دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی سەدەی ٢١ کە بە (داعش) دەناسرێت لەکاتێکدا ئەم کورتکراوەی ناوە لە لای خەلیفە حوکمی کوشتنی بۆ دەرکرابوو بەپێی ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەی لەم چەند ساڵەی رابردوو ئەنجامم داون لە ماوەی حوکمڕانی خۆی لە سووریا و عێراق نزیکەی ٤٥ هەزار چەکداری زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەتی جیهانەوە لە خۆی کۆکردەوە کە نزیکەی ١٥ هەزاریان لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور و ئاسیاوە لە وڵاتە غەیرە ئیسلامییەکانەوە هاتبوون ئەوەی جێگای سەرنجیشە کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) گرنگییەکی ئەوتۆی بە لایەنی دینداری لەلای چەکدارەکانی نەدەدا و تەنها ٥%ی چەکدارانی داعش شارەزایی تەواویان لە ئیسلام هەبووە و نزیکەی ٧٠%یان شتێکی کەمی لە ئیسلام زانیوە و ئەوانی تر مێردمنداڵ بوون و کەمترین زانیاریان لەسەر ئیسلام نەبووە و بۆ خۆتەقاندنەوە و کردەوەی خۆکوژی بەکاردەهێندران.

خەلیفەکەی سەدەی ٢١ شێوازی کاری ئیسلامی لە دینداری زەکات و نوێژ و کۆکردنەوەی بەیتولمال گۆڕی بۆ بازرگانی نەوت و مادەهۆشبەرەکان و باج وەرگرتن و تاڵانکردنی بانکەکان و زۆر شێوازی جیا کە بەهۆیەوە لە سەردەمێکدا داعش خاوەنی چەندین ملیار دۆلار بوو هەر لەناو داعشدا کولتوری کۆیلە و سەبیکردنی کچان و ئافرەتان و بازرگانی پێوەکردنیان گەڕێندرایەوە کە کوردانی ئێزیدی قوربانی هەرە گەورەی ئەم کولتووره ئیسلامیە بوون و تائێستاشی لەگەڵ بێت زیاتر لە هەزار کچ و ژنی ئێزیدی بێ سەروشوێن کراون و ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەزارانی دیکەشیان دوای لە ناوچوونی خەلافەتەکەیان کردووەتە دۆزەخ.

**بەشی شەشەم**

ئێستا خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی سەدەی ٢١ بەو هەموو دەسەڵات و مەرکەزیەوە کۆتایی پێهات و لە کردەوەیەکی نەوعی هەواڵگری و سەربازیدا کوژرا و ژمارەیەک لە سەرکردە مەیدانییەکانیشی لەگەڵدا کوژران، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە ئیلهامی تەکفیر و جیهاد لەناو ژمارەیەکی بەرچاو لە موسڵمانانی دنیا هەر ماوە، بۆیە پێشبینی دوو حاڵەت دەکرێت:

**یەکەم**: خۆپیشاندان و نائارامییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خراپی ئەدای کاری حکومی و گەندەڵی و ناعەدالەتی ناو وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ سەرهەڵدانی تێڕوانینێکی رادیکالیانەی رۆژئاوایی کە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و ئاشتیی جیهانی وەلاناوە و زیاتر گرنگی بەدەستکەوتی ماددی دەدات، دەبێتە هەلێکی گونجاو بۆ سەرهەڵدانەوەی گرووپێکی دیکەی ئیسلامیی جیهادی بە ریتم و رەنگە ناوێکی نوێ. رەنگە ماشێنی شەڕ و پێکدادانیش لەم سنووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا وابکات کە گرووپی هاوشێوەی داعش و حەشدی شەعبی و ئەوەی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی لە سووریا کە لە لایەن تورکیاوە پڕچەک و پشتگیری دەکرێن بۆ وڵاتانی دەوروبەری کوردستان پێویست بێت. بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی خەڵکی شارەزا پلانی رووبەڕووبوونەوەی قۆناغی دوای کوشتنی خەلیفەی سەدەی ٢١ دابنێت و یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بۆ ئەم مەبەستە یەکجار گرنگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات نێت - رێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## چیرۆکی کوشتنی خەلیفەکەی داعش



### ماڵپەری کوردستانی نوێ

### ئەبو بەکر بەغدادی کێیە؟

سەرلەبەیانی یەک شەممە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، میدیاکانی ئەمریکا بڵاویانکردەوە کە سەرۆکی ئەمریکا هەواڵی کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی رادەگەیەنێت.

بە پێی زانیارییەکانی ئەو میدیایانە، بەغدادی لە هێرشێکدا لە شاری ئیدلب لە سوریا لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە کوژراوە.

دوابەدوای ئەوەش، کۆشکی سپی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندبوو «ئەمڕۆ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا پەیامێکی گرنگ بڵاودەکاتەوە».

بە پێی بەیاننامەکە«پەیامەکە تایبەت دەبێت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا».
هەر لەو چوارچێوەیەدا ترەمپ لە تویتەر نووسیبووی «ئێستا شتێکی زۆر گەورە روویدا».
بە پێی سەرچاوەکان«لە پەیامەکەیدا ترەمپ کوژرانی بەغدادی خەلیفەی داعش ڕادەگەیەنێت».

### رووداوەکە لە چاوی میدیاکانەوە

ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا (CIA) ڕۆڵی لە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعشدا هەبووە، لەو بارەیەوە کەناڵی

(CNN)ی ئەمریکایی رایگەیاندبوو «دەزگای (CIA) ڕۆڵی بینیوە لە دیاریکردنی شوێنی ئەبوبەکر بەغدادی و شوێنەکەی دۆزیوەتەوە».

بەپێی سەرچاوەکان لە ئۆپەراسیۆنێکدا بەغدادی لە پارێزگای ئیدلبی سوریا کوژرا.

هەر لەو بارەیەوە، گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمریکایی باس لە وردەکاری کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش کردبوو. گۆڤارەکە بڵاویکردبووەوە، خەلیفەی داعش لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی نهێنیدا لە پارێزگای ئیدلبی سووریا کوژراوە.

بەپێی (نیوزویک) «هێزە ئەمریکاییەکان کردەیەکی تایبەتیان ئەنجامداوە، بەغدادیان کردووەتە ئامانج، لە ئەرکێکدا کە دۆناڵد ترەمپ رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە بەر لە نزیکەی هەفتەیەک لە ڕوودانی».

بەپێی سەرچاوەکە، وەزارەتی بەرگری بە کۆشکی سپی راگەیاندووە، بڕوایان هەیە کە بەغدادی کوژراوە و ئێستا لێکۆڵینەوە دەکەن.

یەکێک لە ئەندامانی تیمی تایبەت بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە رایگەیاندبوو "ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکە لە ژێر چاودێری وورددایە".

کەناڵی (CNN)ی ئەمریکایی بڵاویکردبووەوە «ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش خۆی تەقاندووەتەوە».

چەند سەرچاوەیەکیش بۆ کەناڵە ئەمریکاییەکەیان ئاشکرایانکردبوو کە بەغدادی لەکاتی کردنە ئامانجی لەلایەن هێزە ئەمریکاییەکانەوە، لەڕێی بۆمبێکەوە لەنزیک هێزە ئەمریکاییەکان خۆی تەقاندووەتەوە.

بە گوتەی ئەو سەرچاوانە "بەدڵنیاییەوە بەغدادی کوژراوە، بەڵام ئێستا پشکنینی (DNA) بۆ دەکرێت".

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا رایگەیاندبوو «بەغدادی لە بۆردومانێکی هێزەکانی ئەمریکادا لە باکووری خۆرئاوای ئیدلیب کوژراوە».

بەرپرسێکی ئەمریکایی دەڵێت «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردەیەکی سەربازی بۆ کردنە ئامانجی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش جێبەجێکرد».

بەرپرسەکەی ئەمریکا بۆ ئاژانسی (رۆیتەرز)، وردەکاری ئۆپەراسیۆنەکەی ئاشکرانەکردبوو، ئاستی سەرکەوتنیشی دیارینەکردبوو.

مێدیایی ئەمریکا لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، هەواڵی کوژرانی بەغدادیان بڵاوکردەوە، دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی وڵاتەکەاش لە تویێتەر نوسیبوی "شتێکی زۆر گەورە ئێستا ڕوویداوە".

بەرەبەیانی ٢٧ی تشرینی یەکەم دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لەتویتێکدا لە تویێتەر رایگەیاندبوو "شتێکی زۆر گەورە ئێستا ڕوویداوە".

بە پێی میدیا ئەمریکاییەکان، سەرلەئێوارە دۆناڵد ترەمپ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش رادەگەیەنێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا میدیاکانی ئەمریکا بلاویانکردبووەوە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، کۆشکی سپی ئاگادارکردووە لە کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی لە بۆردومانێکدا لە پارێزگای ئیدلبی سوریا، و ئاماژەیان بە ئەنجامدانی پشکنینی (DNA) کردبوو بۆ تەرمەکە تا لەبلرەی کوژرانی خەلیفەکەی داعشەوە دڵنیابن.

### ترەمپ هەواڵەگەی راگەیاند

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوکانی ئەمریکا سەرلەئێوارەی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی راگەیاند.

دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانی لە لەکۆشکی سپی، شێوازی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی رونکردەوە و سوپاسی حکومەتەکانی عیراق و سوریا و روسیای کرد بۆ هاوکاریکردنیان لەئۆپەراسیۆنی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی، بەتایبەتیش سوپاسی کوردی سوریای کرد کە هاوکارییان کردن لەئۆپەراسیۆنەکەدا.



سەرچاوە
Serchawe

بە گوتەی سەرۆکی ئەمریکا «هەشت هێلیکۆپتەر و دو فڕۆکە لەئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون، مەترسیش هەبووە، بەڵام بەبێ هیچ قوربانییەک لەماوەی تەنها دوو کاتژمێردا توانراوە بەغدادی بکوژن».

ترەمپ رایگەیاندبوو «لەئۆپەراسیۆنەکەدا، توانراوە ١١ منداڵ رزگاربکرێن کە ئێستا لەزیندانەکانی ئەمریکادان، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەغدادی خۆی تەقاندۆتەوە، سێ منداڵی تر لەنێو تونێلەکەدا کوژراون».

سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت «پێشتر و دوو هەفتە زانیارییان هەبووە و ئەوان زۆر بەنهێنی ئۆپەراسیۆنەکەیان ئەنجامداوە، و خەڵکی زۆر بەتوانا لەبواری هەواڵگریی چاودێری جموجوڵەکانی داعش و بەغدادیان کردووە کە چەند شوێنێکی گۆڕیوە و زانیویانە کەویستویەتی شوێنەکەی بگۆڕێت».

دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا ارایگەیاندبوو «پێشتر هێزەکانی روسیایان لەئۆپەراسیۆنەکە ئاگاداركردووەتەوە وپێیانڕاگەیاندوون کە سەرکردەیەکی باڵای داعش دەکوژن».

بە گوتەی ترەمپ «زۆر بەنهێنی هەنگاوەکانیان ناوە، جگەلە هەندێک سەرکردەی باڵای کۆشکی سپی کەسی تر ئاگادا نەبووە، داواشی لەسەرۆکی تیمی ئۆپەراسیۆنەکە کردووە، زۆر بەنهێنی کارەکانیان بکەن».

سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت «بەغدادی دو ژنی لەگەڵ بووە، بەڵام نازانرێت خیزانی بوون یان نا، بەڵام بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکەوە کوژراون، لەچەند رۆژی ئاییندە زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڵاودەکەنەوە».

ترەمپ رایگەیاندبوو «لەئۆپەراسیۆنەکەدا تەنها هێزەکانی ئەمریکا بەشدارییانکرد، بەڵام هەماهەنگییان لەگەڵ لایەنەکانی تر هەبووە، زانیاری هەواڵگری باشیان هەبووە و خەڵکێکی زیاتریش لەوەی کە رزگارکران لەگەڵ بەغدادی کوژران».

ترەمپ دەڵێت «وەزیری بەرگری و سوپاسالاری ئەمریکا ئاگاداری ئۆپەراسیۆنەکە بوون و راستەوخۆ چاودێری رەوشەکەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەهێزەکانیان لەسوریا هێشتۆتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە کێڵگە نەوتییەکان»

هەر لە بارەی ئۆپەراسیۆنەکەوە، ترەمپ رایگەیاندبوو «سەرەتا هەندێک بەرگری هەبووە لەلایەن گروپەکەی بەغدادییەوە، بەڵام ئەوان سەربازی زۆر بەتوانا و لێهاتویان هەبووە و توانراوە لەماوەیەکی کەمدا رەوشەکە کۆنترۆڵ بکەن».



سەرچاوە
Serchawe

### مەزڵوم کۆبانێ: ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بوو

مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) رایگەیاندبوو، لە هەڵمەتێکی سەرکەوتوودا توانراوە ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی"(داعش) بکوژرێت.

مەزلوم کۆبانێ لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، لە تویتێکیدا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (تویتەر) رایگەیاندبوو «لە هەڵمەتێکی سەربازی هاوبەشدا لەگەڵ ئەمریکا ئەبوبەکر بەغدادیان کوشتووە».

ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە پێشتر میدیاکانی ئەمریکا بڵاویان کردبووەوە کە ئەبوبەکر بەغدادی لەلایەن هێزێکی ئەمریکاوە لە پارێزگای ئیدلیب کوژراوە.

### هەڵوێستی ئێران و تورکیا ئیسرائیل

تورکیا و ئێران هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی داعش لە ناوچەیەکی باکووری سوریا لە نزیک ئیدلیب راگەیاندبوو.

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا رایگەیاندبوو، کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی خاڵی وەرچەرخانە لە هەوڵە هاوبەشەکان بۆ بەگژ داچوونەوەی تیرۆر.

بە گوتەی ئەردۆغان «تورکیا بەردەوام دەبێت لە پشتگیری هەوڵەکان بۆ بەگژداچوونەوەی داعش».

لای خۆیەوە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندبوو»کوژرانی بەغدادی شتێکی هێندە گرنگ نییە و بە واتای کۆتایی هاتنی داعش نییە».

محەمەد جەواد ئازاری جەهرومی، وەزیری پەیوەندییەکانی ئێرانیش لەرێی تۆڕی کۆمەڵایەتی (تویتەر)ەوە سەبارەت بە کوژرانی بەغدادی نووسیبوی "شتێکی زۆر گرنگ و جیاواز نەکراوە، تەنها کەسێکتان کوشتوو، کە خۆتان دروستتان کردبوو".

پێشتر دوو بەرپرسی باڵای ئێرانی بە (رۆیتەرز)یان راگەیاندبوو، سەرچاوە سورییابییەکان پێیانڕاگەیاندوون کە ئەبو بەکر بەغدادی خەلیفەی داعش کوژراوە.

بە گوتەی یەکێک لەو بەرپرسانە «دەسەڵاتدارانی سوریا لە دوای کۆکردنەوەی زانیاریی بە ئێرانیان راگەیاندووە کە بەغدادی کوژراوە».

بە هەمان شێوە بەرپرسێکی تری ئێرانیش، جەختی لەسەر راستی هەواڵەکە کردبووەوە.

لەبارەی هەڵوێستی ئیسرائیلیش، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل سەبارەت بە کوشتنی سەرکردەی رێکخراوی داعش، پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی کرد و پرۆسەکەی بە «دەستکەوتێکی ناوازە» لە جەنگی دژ بە تیرۆر ناوزەندکردبوو.

بێنیامین نەتانیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە تویتێکیدا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (تویتەر) نوسیبوی «دەمەوێت پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بکەم سەبارەت بەو دەستکەوتە ناوازەیەی لە کوشتنی بەغدادی، سەرکردەی داعش بەدەستیهێنا».

نەتانیاهو رایگەیاندبوو «ئەو پرۆسەیە رەنگدانەوەی هەوڵە هاوبەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئازادە، لە رووبەڕووبوونەوەیان دژ بە رێکخراوە تیرۆریستییەکان و وڵاتانی تیرۆریست، ئەو دەستکەوتە مەزنەش گرنگە، بەڵام هێشتا ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوامن».

### ئەبو بەکر بەغدادی کێیە

ئەبوبەکر بەغدادی ناوی "ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم عەلی سامەرایی"یە و لە سامەرا لە عیراق لەدایکبووە.

لەدوای داگیرکردنی شاری موسڵ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، بەغدادیخۆی وەکو خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ڕاگەیاند و دواتر بووە هۆی کوژرانی هەزارانهاووڵاتی سڤیل لە عیراق و سوریا.

پێشتر ئەمریکا بۆ کوشتن یان دەستگیرکردنی بەغدادی ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی خەڵاتی دیاریکردووە، بەڵام تاکو ئەمرۆ


سەرچاوە
Serchawe

هیچ کەسێک نەیتوانی ببێتە خاوەنی خەلاتەکە.

### وردەکاری ژیانی بەغدادی:

لە ساڵی ١٩٧١ ئەبوبەکر بەغدادی لەدایک بووە.

لە ساڵی ١٩٨٩ بەشی زانستە ئیسلامییەکانی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٠ لە ئەفغانستان بووە و هاوکاری ئەیمەن زەواهیری بووەو بە کەسی دووەمی عاقیدە دانراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عیراق دەستی کردووە بە چالاکییەکانی.

لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دەستگیر کرا.

لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەمریکا لە زیندانەکانی خۆی ئازادی کرد.

لە ساڵی ٢٠١٠ وەک فەرماندەی ڕێکخراوی داعش دەرکەوتەوە.

لە ساڵی ٢٠١١ گەیشتە سوریا و لەوێ دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ناسراو بە (داعش) دامەزراند.

لە ساڵی ٢٠١٤ هێرشی کردەسەر عیراق و موسڵی داگیرکرد و لەوێوە بە فەرمی ناونیشانی خەلیفەی وەرگرت.

لە ساڵی ٢٠١٧ بەغدادی لە عیراقەوە بەرەو سوریا هەڵهات، ئەوکات داعش ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە عیراق لەدەستدا و ڕووی لە لاوازی کرد.

لە ساڵی ٢٠١٩ دوای پێنج ساڵ لە دیارنەمانی، بەغدادی تۆمارێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، ئەمەش لەکاتێکدابوو داعش لە عیراق و بەشێکی زۆری سوریا وەدەرنرابوو.

لە ٢٧ - ١٠ - ٢٠١٩ کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی لە سوریا ڕاگەیەنرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## داهاتووی داعش و تیرۆر دوای کوشتنی بەغدادی



کاردۆ عوسمان هەورامی

وەک بینیمان بەغدادی ئەمیری رێکخراوی داعش لە ئۆپراسیۆنێکی تایبەتی ئەمریکادا کوژرا، کوژرانی بەغدادی ئەو پرسیارەی هێناوەتە کایەوە، کە ئاخۆ چارەنووسی داعش چۆن دەبێت و بەردەوامی رێکخراوەکە پەیوەست دەبێت بە چییەوە؟ لەم راپۆرتە شیکارییەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە و چەند لایەنێکی نهێنی رێکخراوە تیرۆرستییەکە و داهاتووی تیرۆر باس بدەینەوە:

رێکخراوە تیرۆرستییەکان وەک سروشتی خۆیان ماوەیەکی زۆر لە گەشەی بەردەوامدا دەبن و دواتر چەندین کردەی تیرۆرستی ئەنجام دەدەن، بە کوشتنی سەرکردەکەشیان بۆ ماوەیەک تووشی نائومێدیی دەبنەوە، بەڵام دواتر یان بە ناوێکی دیکەوە درێژە بە کردەوەکانیان دەدەن، یان لەژێر سەرپەرشتی ئەمیرێکی نوێدا بەردەوام دەبن.

کوژرانی سەرکردەکانی رێکخراوەکان ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە، بۆ نموونە کاتێک ئوسامە بن لادن سەرکردەی قاعیدە کوژرا، تا ماوەیەکی دیاریکراو رێکخراوەکە هیچ کردەیەکی تیرۆرستی نەکرد، بەڵام دواتر خۆی رێکخستەوە و ئێستاش دەبینین، لە لیبیا و یەمەن و میسر و چەندین وڵاتی دیکەدا کردەوەی تیرۆرستی دەکات.

بەڵام چاودێرانی سیاسی و شارەزایان لەبواری تیرۆردا بۆ کوشتنی بەغدادی بۆچوونی جیاوازتریان هەیە، هێشتا ناتوانن داهاتووەکەی بە تەواوی روون بکەنەوە، د.غیدۆ شتاینبیرگ لە پەیمانگای ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئەمنی دەڵێت:» بەغدادی کەسێکی زۆر گرنگی داعش بوو، ئەو کاتێک رێکخراوەکەی دامەزراند، کەمتر لە هەزار چەکداری هەبوو، بەڵام دوای چوار ساڵ بینیمان کە شێوە دەوڵەتێکی لە سوریا و عیراق دروست کرد، بۆیە زەحمەت دەبێت بۆ ماوەی چەند

مانگێک یان ساڵێک کەسێک بدۆزرێتەوە کە جێگای ئەو بگرێتەوە، لە ڕووی ئەو حەماسەت و ئەو توندوتیژییەی پەیڕەوی دەکرد، بۆیە بێگومان ڕێکخراوەکە هەر لەسەر سوریا و عیراق نا، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا لاواز دەبێت."

لە وتەی ئەو شرۆڤەکارەوە دەتوانین بڵێین: "کوژرانی بەغدادی راستە کاریگەری دەبێت، بەڵام ئەمە تەنها هۆکار نییە بۆ زانینی داهاتووی ڕێکخراوەکە، چونکە بوونی ڕێکخراوەکە پەیوەست دەبێت بە سیاسەتی دەوڵەتانی جیهان و ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان تیایاندا گەشەی کردووە، ئەمە جگە لەوەی لایەنی ئابووریی ڕێکخراوەکە و شێوازی ڕێکخستەوەیان کاریگەریی دەبێت."

هەرچی پەیوەستیشە بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە سەرپەرشتی جەنگی دژی تیرۆر دەکەن،ئەو وڵاتانە هۆکارێکن بۆ دروستبوونی ڕێکخراوەکان و گەشە و لاوازکردنیان، هەندێک جاریش بە مەبەست هاوکاریی ڕێکخراوێک دەکەن و پاشان لە کۆنترۆڵیان دەردەچن، بۆیە ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی گەشەی تیرۆر، بۆ چارەسەری ئەمەش باشترین هۆکار بۆ لاوازکردنی ڕێکخراوەکان ئەوەیە، کە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کۆتایی تیرۆر بدۆزرێتەوە و چیتر پشت بە سیاسەتی ئەو وڵاتانە نەبەستن، کە ئێستا سیاسەتێکی ناڕوونیان هەیە، بە تایبەت دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا، بۆیە چارەسەری هەمیشەیی بەوە دێتە دی، کە ئەو وڵاتانەی تیرۆر تیایدا گەشەی کردووە،وەک عیراق و سوریا و ئەفغانستان و لیبیا، بەهێز بکرێن، بە شێوەیەک خۆیان تواناى ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریان هەبێت.

هۆکارێکی دیکەی بەردەوامی داعش، پەیوەستە بە کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە، کێشەی سەرەکی ئەمریکا ئێستا ئەوەیە کە کرداری دژبەیەک دەکات، بۆ نموونە لەلایەک پابەندی خۆی بە کشانەوەی وڵاتەکەی و لەلایەکیش پابەندیی خۆی بە جەنگی دژی داعش ڕادەگەیەنێت، ئەمە بێگومان کاریگەریی نەرێنی دەبێت،چونکە کشانەوەی بە تایبەت لە سوریا کێشەی بۆشایی ئەمنی جێدەهێڵێت، بەتایبەت کە ئێستا بەشار ئەسەد سەرۆک کۆماری سوریا راستە براوەی جەنگی ناوخۆی وڵاتەکەیەتی، بەڵام پێویستی بە چەند ساڵێکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوی وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە، بۆیە لەو جەنگەی سوریادا داعش کارەکتەرێکی سەرەکی دەبێت.

هۆکارێکی دیکە کە کار لە داهاتووی داعش دەکات،پەیوەستە بە لایەنی دارایی ئەو ڕێکخراوەوە، بۆیە هەتا تواناى دارایی باش بێت، ئەوا ڕێکخراوەکە کۆتایی نایەت، چونکە چەکدارەکانی بەغدادی خاوەن فیکرێکی توندڕەون و بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو فیکرەیان نابن،تەنها پێوستیان بە کەمێک ڕێکخستنەوە و لایەنی دارایی هەیە،بۆ ڕێکخستەوەشیان ئەوان ئەنجومەنی شورایان هەیە کە لە نۆ ئەندام پێکدێت ، کاری ئەم ئەنجومەنە دیاری کردنی جێگرەوەیەک دەبێت بۆ



سەرچاوە
Serchawe

بەشی شەشەم

بەغدادی،ئەم کارە ئەستەم نییە و تا ئێستا پێنج کەس دیاری کراون کە جێگاکەی بگرنەوە دیارترینیان (عبدالله قرداش،ابو حسن المهاجر،حجی عبد النصر)ن، کە وەک دەوترێت لەسەر قارداش یەکلایی بوونەتەوەو وەک ئەمیری نوێ رایانگەیاندووە.

هۆکارێکی دیکە کەچارەنوسی داعش و رێکخراوەکە دیاری دەکات، ئەو وڵاتانە کە بەهۆی شکستخواردوویان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ژینگەیەکی لەباریان بۆ تیرۆر خوڵقاندووە، لە نموونەی عیراق و ئەفغانستان و سوریا و یەمەن و چەند وڵاتێکی دیکە، ئەم وڵاتانە هێشتا لەناو گێژاوی قەیرانی سیاسی و شەڕی ناو خۆ و گەندەڵیدان و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نیە بۆ کۆتایی هاتنی قەیرانەکانیان، بۆیە هێشتا ژینگەیەکی لەبارن بۆ گەشەی تیرۆر و مانەوەی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان.

## دەرئەنجام و کۆتایی:

بە خوێندنەوەی دۆخی وڵاتانی ئیقلیمی و سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئێستای ڕێکخراوەکە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێشتا ناتوانرێت باس لە کۆتایی داعش بکرێت، چونکە سیاسەتی وڵاتانی زلهێز هاندەری مانەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکانن، هەروەها ئەو وڵاتانەشی کە داعش و گروپەکانی دیکەی تێدا گەشە کردووە، هێشتا توانای ڕوبەڕو بوونەوەی ئەو گروپانەیان نییە، چونکە خۆیان گیرۆدەی شەڕی ناوخۆ و گەندەڵی و دەستوەردانی دەرەکین، کە ئەم هۆکارانە دەبنە ژینگەیەکی لەبار بۆ مانەوەی داعش.

هەرچی پەیوەستە بە خودی داعشیشەوە، ڕاستە ڕەمزەکەیان کە بەغدادیە و توانایەکی زۆری لە گەشەی ڕێکخراوەکەدا هەبوو ئێستا کوژراوە، بەڵام کوژرانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، کە کۆتایی بە ڕێکخراوەکە بهێنێت، چونکە داعش لەسەر ئەرزی واقیع کۆتایی هاتووە، بەڵام هێشتا مەترسییەکانی کۆتایی نەهاتووە، واتە ئەگەر ڕێکخراوەکە خۆی ڕێکبخاتەوە و ئەنجومەنی شوراکەیان ئەمیرێک هەڵبژێرێت، ئەوا زۆر ئاسان دەبێت گەشە بکەنەوە یان لەژێر ناوێکی دیکەدا دەست بە کردەوە تیرۆرستیەکانیان بکەنەوە، بۆیە مەترسییەکانی داعش و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بەردەوامی دەبێت، بەردەوامییەکەش بەهۆی ژینگەی لەباری خۆرهەڵاتەوەیە بۆ تیرۆر نەک کوژرانی سەرکردەیەکی ڕێکخراوێک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## چارەنووسی داعش دوای کوژرانی ئەبو بەکر بەغدادی



**شاناز هیرانی**

بە پێی هەموو سەرچاوەو بۆچونی چاودێرانی سیاسیش، رێکخراوە تیرۆریستیەکان زۆر کاریگەر نابن بە کوشتنی سەرکردەیەکیان، رەنگە توشی جۆرێک لە بێ ئومێدی ببن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەڵام زۆر نابات خۆیان رێک دەخەنەوە و زۆر بەخێرایی خۆیان کۆدەکەنەوە. بۆ نمونە بینیمان چۆن قاعیدە بەنەمانی ئوسامە بن لادنیش هەر بەردەوام بوم و تا ئێستاش شانەکانیان چالاکن لە وڵاتانی وەک لیبیا و یەمەن و میسر.. تاد.

هەرچەندە ئەبو بەکر بەغدادی کەسێکی گرنگ بوو بۆ داعش، ناوبراو هەر لەساڵی ٢٠١٠ەوە لەترۆپکی سەرجەم کردەوە و سەرکەوتنەکانی داعش بوو. بەڵام هەر زوو جێگرەوەیەکی بۆ دیاریکراو، رەنگە جێگرەوەکەشی بەهەمان جۆش و خرۆش و توندرەویە بێت.

پێدەچێت رێکخراوی داعش دوای ئەو شکستە گەورانە و کوشتنی سەرکردە هەر دیارەکەشیان هێشتا لەخۆ رێکخستنەوە و بەهێزکردنەوەی خۆیان دابن. بۆیە هەر بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە مانگی هەشتی ئەمساڵ بڵاویکردۆتەوە، بەڕوونی ئاشکرای دەکات کە ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی داعش هێشتا لەناو عێراق و سوریا بونیان هەیە. جگە لەوەش ژمارەیەک سەرکردە سەرەکیەکانی ئەو ڕیکخراوە بەرەو ئەفغانستان دەڕۆن و خەریکی خۆ رێکخستنەوە و پیتاک کۆکردنەوەن بۆ رێکخراوەکە.

هێزە کوردیەکانیش لە سوریا ئاشکرایان کردووە کە زیاتر لە ١٠٠٠ چەکداری داعشیان لایە، ئەوانەی هەڵگری ڕەگەزنامەی

بیانین و ناسنامەی نزیکەی ٤٤ دەوڵەتیان پێیە. کە بونەتە مایەی بارگرانی بۆ ئەو هێزانە و داوایان کردووە ئەو وڵاتانە وەریان بگرنەوە.

هەر بە پێی هەواڵی چەندین ڕۆژنامەی ئەڵمانی و ئەمەریکی و بەریتانیش، سەرکردەکانی داعش دوای شکستی یەکجارەکیان لە سوریا، فەرمانیان بەو چەکدارە بیانیانە کردووە بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان و لەوێ دەست بەکار بن. ئەمەش وڵاتانی ئەوروپای نیگەران کردووە و ترسێکی زۆریان لە گەڕانەوە و دزە کردنی ئەو چەکدارانە هەیە لەکاتی ئێستادا.

داعشیش لەلای خۆیەوە پێگەیەکی لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت دروست کردووە بەتایبەت بۆ ئەو چەکدارانە و ڕێنمایان دەکات لەوێوە کە مەزندە دەکرێت ژمارەیان بگاتە نزیکەی (٤٠) چل هەزار چەکداری بیانی. بۆیە لەکاتی ئێستادا وڵاتانی ئەوروپا ترسی ئەوەیان هەیە ئەو توندڕەوانە بگەڕێنەوە یان لە زیندانەکان ئازاد بکرێن و ئەوروپا بخەنە بەر شەپۆلێکی فراوانی کاری تیرۆریستی و توندوتیژی، کە دواتر کۆنترۆڵی کردنی هیچ ئاسان نابێت.

زۆربەی زۆری چاودێرانی سیاسی ئەوروپیش پێیان وایە کە یەکێتی ئەوروپا لەدواجاردا ڕووبەرووی ئەو کێشە دەبێتەوە چونکە هیچ ئامادەییەکی نەبووە لە سوریا لەکاتی جەنگەکاندا.

### سیاسەتی ترەمپ و بەرنگاربونەوەی تیرۆر

ئەو ناوچەیەی ئەبو بەکری بەغدادی تێدا کوژرا، تا ئێستاش پڕە لەپشێوی و نمایش کردنی هێزە ئیقلیمیەکان و دەوڵەتی تورکیا و روسیا و ئەمەریکاش خۆی. ئەم دیمەنەش ئەوەندەی تر نەخشەی سوریای ئاڵۆز کردووە. بە سەدان چەکداری داعشیش، ئەوانەی کە لای هێزە کوردسەکان دیل بون، ڕایانکردووە پاش هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای سوریا، ئەمەش یەکەم لێکەوتەی بڕیارەکەی واشنتۆن دەردەخات بە پاشەکشەکردنی لەسوریا، کە لەسەر حسابی هەسەدەی هاوپەیمانی بوو.

بۆیە تا ئێستا روون نیە چۆن مامەڵە لەگەڵ پاشماوەی ڕێکخراوی داعش دەکرێت لە سوریا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا. زۆربەی چاودێرانیش پێیان وایە بونی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بونی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانە و وەک پاساوێکیش بەکاری دەهێنن بۆ بەرپابونی شەڕ لەو ناوچانە. ڕەنگە تاکە چارەسەریش بۆ ئەو تەنگەژەیە ئەوەیە، واشنتۆن تا کۆتایی بەردەوام بێت لەو هەڵمەتەی دژی تیرۆر دەستی داوەتێ، یان حوکەتی بەهێز لەو وڵات و

ناوچانە دروست ببن و کۆتایی بێنن بە داعش و گروپەکانی هاوشێوەی داعش. ئەویش بە وەستانەوە دژە ئایدیۆلۆژیەت و ئەو فاکتەرانەی هۆکارن بۆ چونی ژمارەیەکی زۆری گەنجان بۆ ناو ئەو گروپانە، وەک باشتر کردنی بژێو و گوزەرانی خەڵک لەو وڵاتانە و سەپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کۆتای هێنان بەو پشێویانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## هەڕەشەی بەردەوامی هەردوو رێکخراوی داعش‌و ئەلقاعیدە



**ئێدمۆند فیتۆن براون**

**و: کوردەوان محەمەد سەعید**

نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەی تایبەتی هەیە بۆ چاودێری کردن‌و بەدواداچوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش‌و ئەلقاعیدەو هەموو ئەو گروپو لایەنانەش کە سەر بەو رێکخراوانەن یان پەیوەندییان پێیانەوە هەیە. ئێدمۆند فیتۆن براون رێکخەری تیمی تایبەت بە شیکاری‌و چاودێری کردنی سزاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتێکی پیشکەشی پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی خواروو کردووەو تیایدا باس لە شێوازی کاری لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات دژی ترۆرو هەروەها باس لەو مەترسیانەش دەکات کە تا ئێستاو بەردەوام رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەسەر جیهانی دروستی دەکەن. ئەمەی خوارەوە پوختەیەکە لە راپۆرتەکەی ئێدمۆند.

ئێدمۆند لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ: تیمی پشتیوانی شیکاری‌و چاودێری کردنی تایبەت بە رێکخراوی ئەلقاعیدە پێکهاتووە لە ١٠ پسپۆڕ لە ١٠ وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بارەگاو شوێنی کاری تیمەکەش لە نیویۆرکە، ئەم تیمە یارمەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات لە رێگەی:

هەڵسەنگاندنی ئەو هەڕەشانەی هەردوو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی‌و ئەلقاعیدە لەسەر جیهان دروستی دەکەن‌و شەش مانگ جارێک راپۆرتی خۆیان بەرز دەکەنەوە، ساڵی جارێکیش راپۆرت لە بارەی بزوتنەوەی تاڵیبانەوە بەرز دەکاتەوە. کۆکردنەوەی زانیاری ورد لە وڵاتانی ئەندامەوە لە بارەی کەس‌و لایەنەکانی سەر بە ئەلقاعیدە.



سەرچاوە
Serchawe

ئامادەکردنو پێشکەش کردنی راسپاردەی پێویست بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاوی تایبەت بە سەپاندنی سزا بەسەر ئەو لایەنانەدا، سزاکانیش سیانن، تەجمید کردنی قەواڵە بانکییەکان، قەدەغە کردنی سەفەرو رێگرتن لە کڕینی چەک. بۆ بەهێز کردنو باشتر بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانە تیمی پشتیوانی شیکاریو چاودێری کردن هەماهەنگیو هاوکاری دەبێت لەگەڵ وڵاتانی ئەندامو نێردراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک ئینتەرپۆل، رێکخراوی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی مەدەنیو رێکخراوەی گومرگی جیهانی. جگە لەوەش تیمەکە دەستکراوەیەو دەتوانێ راوێژ لەگەڵ دەزگا هەواڵگریو ئەمنییەکانی وڵاتانی ئەندام بکات، تیمەکە هاوکاری دەزگاکانی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بەشدار لە ستراتیژی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکات.

هەروەها تیمی پشتیوانی شیکاریو چاودێری کردن ناوبەناوو بە شێوەی وەرزی کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەو بەڕێوەبەرانی دەزگا هەواڵگرییەکانو دەزگاکانی ئاسایشی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە وڵاتانی جیاجیا دەکات، ئەوەش وەک بەشێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو بەهێز کردنی هاوکاری نێوان هەموو ئەو لایەنانەی بەشداری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا دەکەن.

گرنگترین رووداوو گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە پەیوەستە بە تێکشکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە رووی سەربازییەوە، کە لە مانگی ئاداری ٢٠١٩ گەیشتە دوا قۆناغو ئەنجامی ئەو هەموو شەڕو پێکدادانەش ژمارەیەکی زۆر خەڵک ئاوارە بوونو کەوتنە ناو ئۆردوگاکانەوە، لەبەر ئەوە هەنگاوی گرنگی دواتر گرنگیدان بوو بە ئاستەنگو کێشە مرۆییەکان. رووداوێکی دیکەی گرنگی ئەم دواییانە تەقینەوەکانی سریلانکا بوو لە رۆژی جەژنی مەسیحییەکاندا، تەقینەوەکان سێ کەنیسەو سێ هۆتێلی گرانبەهایان لە کۆڵۆمبۆی پایتەخت کردە ئامانجو چەند تەقینەوەیەکی بچووکی دیکەش بە دوایاندا هاتو سەرەنجام ٢٥٩ کەس کوژران کە ٢٥ کەسیان بیانی بوون، ئەم رووداوە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی رێکخراوی داعش لە هەیکەلی خۆیدا لە مەرکەزیەت دەردەچێت، چونکە رێکخراوەکانی دەرەوە کە هەمان ئایدیۆلۆژیایان هەیەو سەرسامن بە داعشو لە ناوخۆی سریلانکا دروست بوون کارەکەیان ئەنجام داوەو پێشتر داعش ئاگاداری کردەوە تیرۆریستییەکە نەبووە.

### مەترسی تیرۆر لە عیراقو سوریا

راستە لە رووی سەربازییەوە داعش لە عیراقو سوریا تێکشکاوە، بەڵام هێشتا کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی ئەمنی لەو دوو



سەرچاوە
Serchawe

وڵاتە بە تەواوی سەری نەگرتووەو پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی دوای شەڕو وێرانکارییەکانیش زۆر بە شێنەیی بەڕێوە دەچێت. ئەوەش زانراوە کە داعش لە دوای ئەو تێکشکانەی لە سوریا هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنێتو لەسەر ئاستی پارێزگاکان ژێر بە ژێر کار بۆ ئەوە دەکات، لە نزیکترین دەرفەتدا دووبارە سەر هەڵبداتەوە، بە تایبەت ناوچەکانی باکووری خۆرئاوای سوریا خەڵکی پەڕگیرو توندڕەوی زۆر تێدایە، راپۆرتیکیش باس لەوە دەکات لە کۆی ٤٠ هەزار چەکداری رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی زیاتر لە نیوەیان هێشتا ماونو نەکوژراون.

هەر لە سوریا هەردوو گروپی دەستەی رزگاری شامو پاسەوانانی دین کە هاوپەیمانی رێکخراوی ئەلقاعیدەن، هێشتا چالاکن، ئەوانیش کەم نین، چونکە بە تەنیا دەستەی تەحریری شام ١٢ بۆ ١٥ هەزار چەکداری هەیەو شەڕی سەرەکیشیان دژی هێزەکانی حکومەتی سوریایە، گروپی پاسەوانانی دینیش ژمارەی چەکدارەکانیان بە نزیکەی سێ هەزارو ٥٠٠ بۆ پێنج هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێت، کە لە ئیدلبو دەوروبەی خۆیان قایم کردووە. کێشەی سەرەکی عیراقو شام لەوەدایە، لە رووی سیاسییەوە ناجێگیرو نائارامەو رێکخراوە تیرۆریستییەکانیش ئەو بۆشاییە وەک هەلێک دەقۆزنەوە.

مەترسییەکی دیکەی داعش ئەوەیە ئەگەر بتوانێ خۆی رێک بخاتەوە، رەنگە هێرشەکانی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەو لە هەندێک شوێن کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدات، پێشبینی نەکراوو چاوەڕوان نەکراو بێت، چونکە پێشتریش رەفتاری لەم جۆرە لە داعشو لە ئەلقاعیدەش بینراوە، بۆ ئەنجامدانی کردەوەی لەو جۆرەش لە وڵاتانی جیاجیا، داعش سەرچاوەی دارایی هەیەو مەزەندە دەکرێت دارایی داعش لە نێوان ١٠٠ بۆ ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بێت، جگە لەوەش رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق وەبەرهێنانی هەیەو هەندێک پرۆژەی ئابووریو بازرگانی هەیەو سوودیان لێ وەردەگرێت، وەک کۆمپانیاکانی ئاڵۆگۆڕی دراو. رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوخۆیدا، کێشەی جێگرەوەی خەلیفە کوژراوەکەیان هەیە، هەرچەندە لە دوای کوشتنی ئەلبەغدادییەوە رایانگەیاند، ئەبو ئیبراهیم ئەلقرشی جێگەی دەگرێتەوەو دەبێتە خەلیفەی داعش، دوای دەستنیشان کردنی ئەلقرشی وەک خەلیفە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی رێکخست گوایە کۆمەڵێکی زۆر کە لە سیناو سۆماڵو بەنگلادیشو پاکستانو یەمەن ویلایەتی خوراسانن بەیعەتیان داوەتە خەلیفەی تازە.

## مەترسییەکانی ئەلقاعیدە

هەواڵی کوژرانی حەمزەی کوڕی ئوسامە بن لادن لە مانگی ئۆکتۆبەری رابردوودا بڵاو بۆوە، ئێستاش سەرکردەی رێکخراوی ئەلقاعیدە کە ئەیمەن زەواهیرییە تەندروستی باش نییە، ئەم دوو رووداوە دەمانگەیەنێت بەو رایەی پێشبینی بکەین کە ئەبو محەمەد ئەلمیسری جێگەی ئەیمەن زەواهری بگرێتەوەو ببێتە سەرکردەی رێکخراوی ئەلقاعیدە. بابەتێکی گرنگیش هەیە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە رێکخراوی ئەلقاعیدە بە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنی داراییدا دەکاتو

دارایی زیاتر بۆ كاروباری ئیداریو كرێ خەرج دەكات، بەڵام گروپی دیكە هەن كە سەر بەم رێكخراوەن وەک پاسەوانانی دین لە ئیدلبی سوریا، مەیلیان هەیە بۆ ئەنجامدانی كردەوەی تیرۆریستی لە دەرەوە، واتە لە وڵاتانی جیاجیا، بەڵام ئەم گروپەش ئێستا دەستی گیراوەو بەهۆی فشاری سەربازییەوە جموجوڵی بۆ ناكرێت.

یەكێک لەو وڵاتانەی تا ئێستاش مەترسی زۆری تیرۆری لەسەرەو جێگەی نیگەرانییە، ئەفغانستانە كە تا ئێستاش رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی كردەوەی تیرۆریستی تێدا ئەنجام دەداتو هەموو قورساییەكیشیان لە ویلایەتی خوراسانی ئەفغانستانە، ئەم گروپە جیا لە داعشەكەی عیراقو سوریا كار دەكاتو كاریگەریشیان زۆرە، تەنانەت لە قوتابخانەو زانكۆكانی كابوڵیش رێكلامو پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەكەن.

پێشتر ئەو گروپە لە ویلایەتی نانگەهار تووشی شكستێكی گەورە بوو، بنكەو بارەگاكانیان لەو ویلایەتە لەدەست دا، ئێستاش ئەو رێكخراوە مەزەندە دەكرێت تەنیا دوو هەزارو ٥٠٠ چەكداری هەبێت، زۆربەشیان لە ویلایەتی كونار جێگیرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر جێگەی مەترسینو بەردەوامیش خەڵكی تازە رادەكێشنە ناو رێكخراوەكەیانەوە، رەنگە تواناكانی خۆی پەرە پێ بداتو رۆژێک وای لێ بێت لە دەرەوەی ئەفغانستانیش كردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدات.

هەر لە ئەفغانستان گروپی پەڕگیری زۆر هەن كە هاوپەیمانی ئەلقاعیدەو تاڵیبانن، جگە لەوەش رێكخراوی ئەلقاعیدەو بزوتنەوەی تاڵیبان تا ئێستاش پەیوەندییەكی پتەویان هەیەو پێكەوە كار دەكەن، ئەلقاعیدە دارایی بۆ تاڵیبان فەراهەم دەكاتو لەبەرامبەریشدا تاڵیبان ئەلقاعیدە دەپارێزێت، وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستانیش لەوە دەترسن مەترسی ئەو گروپو رێكخراوانە سنوورەكان تێپەڕێنن.

### مەترسی تیرۆر لە خۆرئاوای ئەفریقا

گروپی نوسرەت ئەلئیسلام وئەلموسلمین كە هاوپەیمانی رێكخراوی ئەلقاعیدەیە، گەورەترین مەترسی لە ناوچەی خۆرئاوای ئەفریقادا دروست كردووەو هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو وڵاتانەی لاوازن، ئەم گروپە خۆی لە بەشداری كردن لە شەڕەكاندا دەپارێزێتو زیاتر هاوكاری گروپەكانی دیكەی ناوچەكە دەكات، وەک رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە بیابانی گەورە لە مالیو نەیجەر، هەروەها گروپی ئەنسارولئیسلام لە بۆركینا فاسۆ. ئەم گروپانەو ئەندامەكانیان مەترسییان بۆ سەر وڵاتانی ئەوروپاش كردووە، چونكە زۆربەی وڵاتان تووشی كێشە دەبن كاتێک تیرۆریستێكی بیانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتە ئەوروپاییەی لێی دادەنیشێتو لەو وڵاتەدا كردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدات، وەک هێرشانەی لەم دواییانەدا عوسمان خانو سودیش عەمان لە بریتانیا ئەنجامیان دا، ژمارەیەكی زۆریش لەو تیرۆریستە بیانیانەی گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتانی

ئەوروپا، بە بڕیاری دادگا بۆ ماوەیەکی کەم زیندانی کراونو هێندە نابات ئازاد دەکرێن، لە دوای ئازاد کردنیشیان کێشەکان زیاتر دەبنو زۆر وڵات کێشەکەی بۆ چارەسەر ناکرێت.

لە کۆتاییدا هەردوو رووداوی تێکشکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیو کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی دڵخۆشکەرن، بەڵام دوای ئەوە کۆمەڵێک کێشەی دیکە سەر هەڵدەدەن کە رەنگە مامەڵە کردن لە تەکیان ئاسان نەبێت، یەک لەو کێشانە باس لەوە دەکات کە ٢٥ هەزار چەکداری بیانی کە لە وڵاتانی جیاجیاوە چوونەتە ناو داعشەوەو شەڕیان بۆ کردووە، تا ئێستاش ماون، سەرباری ئەوە خێزانی ئەو چەکدارانەش دیسان کێشەیەکی دیکەیە. لەبەر ئەوە کۆمەڵی نێودەوڵەتی رووبەڕووی مەترسی دەبێتە لەسەر ئاستی کورت مەوداو مەودای مامناوەندو درێژ مەوداش، ئەگەر هەڵەیەک بکرێت لە مامەڵە کردن لەگەڵ بابەتەکەدا، چونکە بارودۆخەکە لە بارە بۆ تەشەنە کردنی دیاردەی پەرگیریو توندڕەویو بڵاوبوونەوەی زیاتری فیکری جیهادی.

معهد واشنطن لسیاسە الشرق الادنی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

# داعش و قاعیدە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەفریقا



ئیدریس جەبار

## چالاکییەکانیان دەگوازنەوە

۱

### داعش چالاکییەکانی گواستۆتەوە کیشوەری ئەفریقا

لەم ماوەیەی دواییدا، ۳۰۰ سەربازی بەریتانی گەیشتنە کۆماری مالی کە دەکەوێتە خۆرئاوای کیشوەری ئەفریقاوە و ئاڵۆزی بەخۆوە دەبینێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پێدەچێت ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش)، چەقی چالاکییەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو نێوجەرگەی کیشوەری ئەفریقا گواستبێتەوە.

ئەو سەربازانە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنیکی سەربازی بە ناوی «نیوکەمپ»دا بڵاوەیان پێدەکرێت کە سێ ساڵ درێژە دەکێشێت و دەچنە پاڵ هێزە فرە نەژادەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ۱۵ هەزار سەرباز پێکدێن و لەلایەن فەرەنساوە سەرکردایەتی دەکرێن بۆ زامنکردنی سەقامگیریی لە ناوچەکانی باشووری بیابانی گەورە کە بە هەمان شێوە بە ناوچەی کەنارەکان ناودەبرێت.

مالیکی یەکێکە لەو وڵاتانەی لەئێستادا تەنگژەی و ئاڵۆزی بەخۆوەدەبینێت بەهۆی هەڵکشانی چالاکی جیهادییەکان، ڕووبەڕی کاری توندوتیژیش لە وڵاتەکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە.



سەرچاوە Serchawe

بە پێی بڵاوکراوەی «دەستەواژەی تیرۆری جیهانی» کە لە مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا بڵاوکرایەوە، رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چەقی قورسایی خۆی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ کیشوەری ئەفریقا و باشووری کیشوەری ئاسیا بە ئەندازەیەکی کەمتر گواستۆتەوە، بەجۆرێک ناوچەی کەنارەکان لەم ساڵدا زیادبونێکی بەرچاوی کاریی کوشتنی بەخۆوەبینی و بەرێژەی لەسەدا ٦٧ بەراورد بە ساڵی پێشوو، ڕووی لە زیادبوون کرد».

## زیادبوونی کاری تیرۆریستی

هەر لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە «گەشەکردنی گروپە ئیسلامییەکانی پەیوەست بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەی کەنارەکان لە ئەفریقا، بۆتە مایەی هەڵکشان و زیادبوونی کارە تیرۆریستییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە»، حەوت وڵات لەو دە وڵاتەی زیادبوونی کاریی تیرۆریستییان بەخۆوە بینوە، دەکەونە باشووری بیابانی گەورە و لە بۆرکینافاسۆ و مۆزەمبیق و کۆماری کۆنگۆی دیموکرات و مالی و نەیجەر و کامیرۆن و ئەسیوپیا پێکدێن.

بە پێی بڵاوەکراوەکە، لە ساڵی ٢٠١٩ دا وڵاتانی باشووری بیابانی گەورە، گەورەترین رێژەی زیادبوونی کاریی کوشتن و برینیان بەخۆوەبینیوە کە لەسەر دەستی گروپەکانی پەیوەست بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بووە و کۆی گشتی حاڵەتەکانیش ٩٨٢ حاڵەتی کوشتن بووە، ئەمەش لەسەدا ٤١ی کۆی گشتی کارەکانی کوشتن پێکدەهێنێت.

## ئەزموونێکی لە مێژینەییە

گروپە توندوتڕەوەکان لە کیشوەری ئەفریقا، ماوەیەکی دوورودرێژە بوونیان هەیە، ئوسامە بن لادن سەرکردەی پێشووی رێکخراوی قاعیدە، بارەگای سەرکردایەتییەکەی لە سودان دانا بەر لەوەی لە ساڵی ١٩٩٦ دا بگەڕێتەوە بۆ ئەفغانستان.

لە نەیجیریا پێشتر گروپی بۆکۆ حەرام، دەستپێکردنی کارە «جیهادییەکانی» لە ساڵی ٢٠١٠ دا رایگەیاندبوو، ئەمەش بە ماوەیەی زۆر بەر لەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ دا سەدان کچە خوێندکار لە شارۆچکەی چیبوک بڕفێنێت.

ناوچەکە لە ئێستادا زیادبوونی کارە تیرۆریستییەکان بەخۆوە دەبینێت، ئەمەش بەهۆی کێبڕکێی نێوان گروپە جیهادییەکان.

باڵیۆز ناتان سلز رێکخەری بەگژداچوونەوەی تیرۆر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەو بارەیەوە دەڵێت، قاعیدە و رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، ناوەندی قورسایی خۆیان لە ناوچە تەقلیدییەکانی سوریا و عیراقەوە گواستۆتەوە بۆ ئەو

گروپانەی پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەیە لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی کیشوەری ئەفریقاوە بۆ ئەفغانستان.

سلز پێیوایە، گۆڕەپانی شەڕی سەرەکی داهاتوو دژ بەو گروپە تیرۆریستیانە لە کیشوەری ئەفریقا بێت. بەڵام شەڕەکە تەنیا لەنێوان حکومەتەکانی ناوچە لەلایەک و گروپە جیهادییەکاندا نابێت لەلایەکی ترەوە، بەڵکو ململانێکە خوێناوی دەبێت لەنێوان قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی بەهۆی کێبڕکێی نێوانیان.

ئەو ململانێیە زیاتر توندتر دەبێتەوە بە بۆچوونی، ئۆڵیڤێ غیبتا پسپۆڕ لە کاروباری گروپە جیهادییەکان لە دامەزراوەی گلۆباڵ سترات بۆ مەترسییە ئەمنییەکان و راوێژکاریی، بۆیە لەو بارەیەوە دەڵێت «ئەفریقا لە بری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا، دەبێتە گۆڕەپانی جیهادی جیهانی».

هەرچەندە ئەو دوو گروپە لە رقلێبوونەوە لە فەرمانڕەواکانی ناوچە کە لەلایەن خۆرئاواوە پشتیوانیان لێدەکرێت، یەکدەگرنەوە و بە کافری تۆمەتبارییان دەکەن، بەڵام جیاوازییەکی جەوهەریی هەیە بەراورد بە

لێکنزیکبوونەوەی دیدەگا و بیری ئەو دوو گروپە. دەوڵەتی ئیسلامی کە بەوە ناسراوە سڵ ناکاتەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژترین شێواز و تۆقێنەرترین هەڵسوکەوت لە هێرش و پەلامارەکانی، وەک کاریی سەربڕین و بڵاوکردنەوەی لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، ئەو گروپە وێڕای ئەوەی سەرکەوتووبووە لە راکێشانی لادەر و تاوانبارەکان بۆ نێو ریزەکانی لەڕێی ئەو هەڵسوکەوتانەوە، بەڵام ئەوە بۆتە مایەی خۆپارێزی و رقلێبوونەوەی زۆرینەی هەرە زۆری مسوڵمانان.

لەکاتێکدا رێکخراوی قاعیدە، زیاتر پەنا بۆ شێوازە پراگماتییەکان دەبات، وەک پەیداکردنی متمانەی دانیشتوانی ناوچە کە بڕوایان بە حکومەتەکان و هێزە ئەمنییە حکومییەکان نییە، لەگەڵ قۆستەوە ستەمدیدەیی ئیقلیمی و نەژادی.

## مالی و ناوچەی کەنار

ناوچەی باشووری بیابانی گەورە کە بە ناوی ناوچەی کەنار یان کەنارەکان دەناسرێت، هەژارترین دەوڵەتی جیهان لەخۆدەگرێت، وەک دەوڵەتەکانی مالی و نەیجەر و چاد و بۆرکینافاسۆ و مۆریتانیا کە هەموویان هێرشی چەکداریی و کاریی یاخیبونیان بەخۆوەبینیوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشێکی فراوانی ئەو ناوچەیە بەدەست نەداریی و هەژاریی و بێکاریی و گەندەڵییەوە دەناڵێنن، وێڕای ئەوەش ناوچەیەکی بەرین لەو وڵاتانەدا لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتەکانن.

بە بۆچوونی باڵیۆز سلز، ناوچەی خۆرئاوای ئەفریقا، ژینگەیەکی لەبارە بۆ چالاکی گروپە جیهادییەکان بەهۆی «شکستی حکومەتەکان لە کۆنترۆڵکردنی خاکەکانیان و پێشێلکاریی هێزە حکومییەکان بەرانبەر بە دانیشتوان و ئاسانی پەیڕنەوە لە سنوری نێوان دەوڵەتەکان».

ئەو گروپە جیهادیانەی هەژموونیان لە ناوچەکەدا هەیە، بریتین لە «گروپی نوسرەی ئیسلام و مسوڵمانان» کە سەر بە قاعیدەیە و کێبڕکێ دەکات لەگەڵ گروپی «دەوڵەتی ئیسلامی لە بیابانی گەورە» کە سەر بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییە، چەندان شەڕ لەنێوان هەردوو گروپدا ڕوویداوە لەماوەی ئەمساڵ، بەڵام ئەو شەڕانە نەبوونەتە مایەی ڕووبەڕووبوونەوەی فراوان.
نەیجیریا زیاتر لە وڵاتەکانی تر، بەدەست توندوتیژی ئەو گروپە توندڕەوانەوە دەناڵێنێت، بەجۆرێک کە هێزە حکومییەکان بە قورسی دەتوانن دەست بەسەر ناوچەکانی باکووری وڵاتدا بگرن کە گروپی بۆکۆ حەرام چالاکی تێیاندا هەیە.
بە پێی «دەستەواژەی تیرۆری جیهانی»، بۆکۆ حەرام بەرپرسە لە کوژرانی ٣٧٥٠٠ هەزار کەس و زیاتر لە ١٩ هەزار حاڵەتی کوشتنی تر بەهۆی کارە تیرۆریستییەکان لە ساڵی ٢٠١١ لە نەیجیریا بەشێوەیەکی سەرەکی و لە وڵاتانی دەوروبەر.

لە ساڵی ٢٠١٥، لقێک لە بۆکۆ حەرام بەیعەتی دا بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و لەدوای ئەوەش ناوی «ویلایەتی خۆرئاوای ئەفریقای دەوڵەتی ئیسلامی» بۆخۆی هەڵبژارد، چەکدارانی گروپەکە لە ساڵی ٢٠١٨دا توانیان سنورەکان ببەزێنن و دەستبەسەر بنکەیەکی هێزە فرەنەژادەکاندا بگرن لە ڕۆخی دەریاچەی چاد، لەو دەمەشەوە دەوڵەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی زیاتر ریکلام بۆ ئەو لقەی دەکات.

**٢**



بۆکۆ حەرام تائێستا هێرش و پەلاماری تۆقێنەر لە باکووری وڵاتەکە ئەنجام دەدات، لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠، بەرپرسیارێتی کوشتنی دەیان جوتیاری لە ویلایەتی بورنو بە بیانووی هەماهەنگییان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لەئەستۆگرت.

هێزە خۆرئاواییەکان دوودڵن لە پێشکەشکردنی پشتیوانی سەربازی و هەواڵگری فراوان بۆ هێزە حکومییەکانی نەیجیریا، بەهۆی ئەو گەندەڵییە بەربڵاوەی هەیە، بەوپێیەی سوپای نەیجیریا تۆمارێکی خراپی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا تۆمارکردووە، ئەمەش بە ووتەی دیپلۆماتکارە خۆرئاواییەکان.

ئەم رەوشە زۆر یارمەتی گروپی بۆکۆ حەرام و گروپە ئیسلامییەکانی تری داوە، تا لایەنگر و پشتیوانی زیاتر لە باکووری وڵاتەکە بۆخۆیان پەیدا بکەن.

**باکووری ئەفریقا**

قاعیدە لە باکووری ئەفریقا و لە جەزائیرەوە دەستیپێکرد، بۆیە سەیر نییە سەرکردەی نوێی قاعیدە لە »مەغریبی ئیسلامی« جەزائیری بێت، بەجۆرێک کە ئەبو عوبەیدەی عەنابی تەمەن ٥١ ساڵ کە خاوەنی ریشێکی سپییە، جێگەی عەبدولمەلیک رۆرکدالی گرتەوە کە لەئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی فەرەنسادا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوودا لە مالی کوژرا.

دەستنیشانکردنی سەرکردەیەکی نوێ بۆ قاعیدە لە مەغریب، ناکۆکییەکانی لەنێوان قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامیدا دەرخست، بەجۆرێک کە لایەنگرانی قاعیدە خۆشحاڵییان بەرامبەر بە هەنگاوەکە دەربڕی، لایەنگرانی دەوڵەتی ئیسلامی گومانیان بەرامبەر بە مێژووی جیهادی سەرکردە نوێیەکە وروژاند.

لەولاوە تونس رووبەڕووی مەترسی کاریی تیرۆریستی دەبێتەوە بەهۆی بێکاریی زۆر لەنێو لاوانی وڵاتدا، ئەمەش بۆ لیبیای دراوسێی بە هەمان شێوەیە. تونسییەکان گەورەترین رێژەی چەکداریی بیانیان پێکدەهێنا لە ریزەکانی داعشدا کرد لە سوریا لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٨، بەجۆرێک بوو ژمارەیان گەیشتە نێوان ١٥ بۆ ١٨ هەزار چەکدار.

لیبیا لە کاتی روخانی حوکمڕانی قەزافییەوە لە ساڵی ٢٠١١، حاڵەتێکی پشێوی و کەلێنی ئەمنی و نەمانی یاسا بەخۆوە دەبینێت، ئەم رەوشە هەر بە تەنیا نەبووە مایەی ئەوەی هەزاران تەن لە تەقەمەنی و چەک و چۆڵ لە گەنجینەکانی سوپای لیبیادا بگەنە دەستی مەدەنییەکان، بەڵکو گەیشتنە وڵاتەکانی کەنار و بگرە رێگەشی بۆ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی خۆشکرد، بنکەیەک بۆخۆی لە خۆرهەڵاتی وڵاتەکە دابمەزرێنێت.

## سۆماڵ

بزوتنەوەی لاوانی سۆماڵ لە دێرینترین و بەهێزترین گروپە جیهادییەکانی کیشوەری ئەفریقایە، ئەمەش بە بۆچوونی سلز کە پێیوایە، بزوتنەوەکە خۆی بە باشترین گروپی لایەنگری قاعیدە دادەنێت.

هەموو هەڵمەتە سەربازییەکان کە لەلایەن هێزە فرەنەژادەکانەوە بۆ لەناوبردنی گروپەکە ئەنجام دراون دووچاری شکست بوون کە توانیویەتی بەشێوەیەکی بەهێز لە کینیا و ئۆگەندا هێرش و پەلامارەکان و لە مەقادیشۆی پایتەختیش تەقینەوەی خوێناوی ئەنجام بدات.

هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لەڕێی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە کە لە دەوڵەتی جیبۆتییەوە دەردەچوون، سەرکەوتووبوون لە کوشتنی زۆرێک لە سەرکردەکانی گروپەکە، بەڵام گروپەکە لە هەموو جارەکاندا توانی قەرەبوویان بکاتەوە و خۆی لەسەر پێ رابگرێتەوە.

هەروەها بزوتنەوەکە توانی رێگە لە دەوڵەتی ئیسلامیش بگرێت بۆ دۆزینەوەی جێ پێگە لە سۆماڵ، بەجۆرێک کە تەنیا لە رووبەرێکی بەرتەسکدا لە باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتەکە خۆی دەبینێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

### مۆزەمبیق

ئەو شوێنەی کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ناوچەی کابو دلگادۆ بۆخۆی دایبرپیوە، ناوی لێناوە »میرنشینی ناوەڕاستی ئەفریقای دەوڵەتی ئیسلامی«، ئەمەش بەرجەستەبوونێکی تەواوەتی یاخیبوون لە دەوڵەت دەخاتەڕوو، لەڕووی جیاکردنەوەی ناوچەیەک کە تەنیا لەڕێی ئینتەرنێتەوە.

بەرپرسانی دژە تیرۆر پێیانوایە، ئەو چەکدارانەی لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە غاز لە مۆزەمبیق چالاکییان هەیە، چوونە ریزی ڕێکخراوەکە بەهۆی ریکلامەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت و هاوکاریی توندڕەوەکان لە تەنزانیای دراوسێ، ئەمەش بەبێ ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی هیچ گروپێکی لە سوریا یان لە عیراقەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە رەوانە بکات.

لەم ماوەیەی دواییدا چەند ڕاپۆرتێکی دژ بە یەک لەسەر کارە توندوتیژییە تۆقێنەکان لە هەرێمی کابو دلگادۆ بڵاوکرانەوە، دوایین ئەو ڕاپۆرتانەش لەسەر کوشتارگەیەک بوو کە تێیدا ٥٠ گوندنشین بوونە قوربانی و لە یاریگایەکی تۆپی پێدا گوللەباران کران.

واپێدەچێت چەکدارە ئیسلامییەکانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی لە مۆزەمبیق، دەستی باڵایان هەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە حکومییەکان و «بە ئازادیش لە وڵاتەکەدا هاتووچۆ بکەن، بەبێ ئەوەی مقاومە بکرێن»، ئەمەش بە بۆچوونی ئۆلیڤێ غییتا.

### وەرگرتنی پارە بەرامبەر بە بارمتەکان

ئەمە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و هەستیارە. لە ساڵی ٢٠١٣ دا سەرکردەکانی گروپی حەوت لە کۆبوونەوەکەیاندا ئیمزایان لەسەر بەڵێننامەیەک کرد کە لێوەی پابەندەبن بە پارەنەدان بەو گروپانەی لە خانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا پۆلێنکراون.

دوای ئیمزاکردنی ئەو بەڵێننامەیە، دوو بە بارمتەگیراوی ئەوروپایی ئازاکران کە لەلایەن گروپە تیرۆریستەکانەوە رفێنرابوون لەبەرامبەر بڕێک پارەی زۆر کە کەس نازانێت بڕەکەی چەند بووە، لە هەمان کاتدا دوو هاووڵاتی تری ئەمریکایی و بەریتانی گوللەباران کران، بەو هۆیەی حکومەتەکانیان رەتیانکردووە دانوستان لەگەڵ رفێنەرەکاندا بکەن.

لەم ماوەیەی دواییدا ژمارەیەک لە بەبارمتەگیراوە فەرەنسایییە دەستبەسەرکراوەکان لەلایەن گروپە تیرۆریستەکانەوە لە ناوچەی باشووری بیابانی گەورە ئازادکران، لەبەرامبەر ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لە جیهادییە مەترسیدارەکان کە لە گرتوخانەکانی مالیدا لە زینداندا بوون.

شارەزایان کۆی گشتی ئەو پارەیەی دراوە بە جیهادییەکان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەبەرامبەر ئازادکردی بەبارمتەگیراوە خۆرئاواییەکان، بە نزیکەی ١٢٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکەن.

توندڕەوەکان ئەو پارەیە بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێل و ئامێری بینینی شەو و ئامێری پەیوەندییەکان و بەسەربازکردنی ژمارەیەکی زیاتری لایەنگران و بۆ بەرتیلیدان بە بەرپرسان، بەکاردەهێنن.

## رێگەچارەکان ئاسان نین

ئایا کیشوەری ئەفریقا دەبێتە گۆڕەپانی سەرەکی چالاکی و کاریی گروپە جیهادییەکان لە بری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک هەندێک پێشبینی دەکەن؟ ئەمە بەندە لەسەر زۆرێک لە فاکتەرەکان، لە بنەڕەتیشدا بەندە بە جۆری حوکمڕانی لەو ناوچەیە.

رێگەچارەی کۆتایی بۆ رێگرتن و نەهێشتنی توندوتیژی گروپە جیهادییەکان و ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی دروستیان کردووە، تەنیا لەڕێی پتەوکردنی ئاسایش و سەپاندنی چاودێری بەسەر سنورەکانەوە نایەتەدی، بەڵکو لە سەرەتاوە بەندە بە فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ خەڵک و هێنانەدی سەقامگیریی سیاسی کە دەبنە مایەی ئەوەی توندوتیژی بۆ هاووڵاتیان کەمتر ڕەونەقدار و سەرنجڕاکێش بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ و ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## پەروەردەی داعشەکان




**حەسەن یاسین**

پێشتر چەند جارێک جەختمان لەوە کردۆتەوە، کە داعش، سەرەڕای تێکشکانی سەربازی و لەدەستدانی پانتاییەکی بەرفراوانی جوگرافی و نەمانی خەلافەتەکەی، بەڵام هەر ماوە و چەکدارەکانی، لێرەو لەوێ، هەر بەردەوامن لەسەر چالاکییە تیرۆریستییەکانیان و شانە نوستووەکانیشیان، چ لەنێو پانتایی دنیای ئەلیکترۆنی بێت، یان لەسەر زەمینی واقیع و بەردەوامن لەسەر هەوڵدان بۆ راکێشانی ئەوانەی دەتوانن بەرەو بیری توندڕەوی و ئەندامێتی لە رێکخراوەکەیان رایبکێشن!.

لایەنێکی تری داعش، کە کەمتر ئاماژەی بۆ دەکرێ و زۆر مەترسیداریشە، مەسەلەی پەروەردەکردنی داعشەکانە لەلایەن سەرکردەکانی رێکخراوی داعشەوە. هەرچەندە مانگێک پێش ئێستا بوو هەواڵێک بڵاوبووەوە لەبارەی کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنیی گەورە و نهێنیی سەر بە رێکخراوی داعش، کە هەزاران کتێب و بەڵگەنامە و فیلم و وێنەی تێدایە و هەر ئەو کاتەش شارەزایانی بواری تیرۆر هەواڵەکەیان پشتڕاستکردەوە!، بەڵام ئایا تائێستا توانراوە زەفەر بەم کتێبخانەیە ببرێ و رێگریی بکرێ لەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پەروەردەکردنی ئەندامانی داعش، بڕواناکەم و گومانم هەیە!.
هەڵبەت رێکخراوی داعش بەگشتی و سەرکردەکانیشی بەتایبەت، سەرەڕای بایەخی زۆریان بە پەروەردەی سەربازیی ئەندامانیان، کەچی گرنگییەکی زۆریش دەدەن بە پەروەردەکردنیان لەڕووی دینی و عەقیدەییەوە، کە ئەمەش واتا پەروەردەیەکی حزبی بەپێی ئەو پرۆگرام و کتێبانەی کە دەبنەهۆی ئامادەکردنی ئەندامانیان لەڕووی عەقیدەییەوە و لەلایەن سەرکردەکانیانەوە ئەو پرۆگرامە دادەندرێ و کتێبەکانیش دیاریدەکرێن.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی بوونی ئەو کتێبخانە ئەلیکترۆنییە گەورەیەی داعش، بەڵگەیە کە سەرانی داعش لە عیراق و ناوچەکە و جیهان، بایەخێکی زۆر بە چەکدارکردنی داعشەکان لەڕووی عەقیدەیی و فیقهییەوە لەڕێگەی کتێب و وێنەو



سەرچاوە Serchawe

ڤیدیۆوە، دەدەن!.

پێشتر چەند جارێک جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە شکاندنی داعش تەنیا لەڕێگەی جەنگ و بەرەنگاربوونەوەی سەربازییەوە نابێ، بەڵکو لەمە گرنگتر، تێکشکاندنیەتی لەڕێگەی شەڕی فیکرییەوە، لەڕێگەی بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانەوە کە بوونەتە زەمینەیەک بۆ گەشەکردنی داعش، لەڕێگەی لەناوبردنی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە کە داعش لێی سوودمەندە و دەبێتەهۆی گەشەکردنی، بەڵام ئایا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەم هەڵمەتە گرنگە نراوە؟ ئەویش هەر لێی بەگومانم و ئەگەر هەوڵیش لەوبارەیەوە درابێت، ئەوا دڵنیام لەو ئاستەدا نەبووە کە لەسەر زەمینی واقیعدا کاریگەریی بەکردەوەی هەبووبێت. گروپە تیرۆریستییەکان، بەداخەوە، هەوڵیانداوە و هەوڵیشدەدەن ئەو تاکانەی کۆمەڵ بقۆزنەوە کە گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی و بژێوی و تەنانەت بۆشایی فیکریشیان هەیە و پاش ماوەیەک پەروەردەکردن و سەرمەستکردن بە بەدەستهێنانی بەهەشتی ئەو دنیا و پوچیی ژیانی ئەم دنیایە لەخشتەیان دەبەن و ئامادەیان دەکەن بۆ کاری تیرۆریستیی نامرۆڤانە، هەڵبەت ئەمەش لەڕێگەی شوشتنەوەی مێشکیانەوە، کە کتێب و وێنە و ڤیدیۆی نێو کتێبخانەی ناوبراو، بەدڵنیاییەوە یارمەتیدەری بنەڕەتییانە بۆ ئەم پەروەردەیەی ئەندامان، کە باوەڕیان پێهێنراوە، ئەو تاوانەی ئەوان بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان دەیکەن، واجبێکی شەرعییە و لەپێناوی سەرخستنی دینی ئیسلامە!.

چەتەکانی داعش تائێستا لەڕێگەی ئەندامانی پەروەردەکراویانەوە توانیویانە گەلێک تاوانی ڤێزەونی نامرۆڤانە بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان بکەن لە بن چەتری بیانووی شەرعی و فیقهییەوە و بەردەوامبوونیان لەسەر ئەم پەروەردەکردنەی ئەندامانیان لەڕووی دینی و عەقیدەییەوە، بەردەوامبوون و درێژەدانە بە رشتنی خوێنی خەڵکی بێتاوان، لەهەمان کاتیشدا چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە ژینگەی یارمەتیدەری گەشەکردنی داعش، وەک باشکردنی بژێویی خەڵک، نەهێشتنی قەیرانەکانی ئابووری و سیاسی و... هتد، زامنکردنی ژیانێکی ئارامە بۆ خەڵک!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠٢١

---

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢١ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

